# مۆرفیمە

# ڕێزمانیەکانی کار

نامەیەکە

عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردە - ئیبن ڕوشد - ی
زانکۆی بەغدای کردوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی
پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا / ڕێزمان

١٤١٦ك ١٩٩٥ز

مَكتب
القيثارة
أختام
باجات
قرطاسية
طبع مراي
خدمات طباعية
بلاستك * نحاس * كلائش
بغداد - شارع المتنبي - مجمع الزوراء ط/١
ALKITHARA

# مۆرفیمە
# ڕێزمانیەکانی کار

نامەیەکە

**عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول**

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردە - ئیبن ڕوشد - ی
زانکۆی بەغدای کردوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی
پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا / ڕێزمان

سەرپەرشتی کردنی

**پرۆفیسور د. نەسرین محەمەد فەخری**

١٩٩٥ز

١٤١٦ك

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی بەغدا ئامادە
کراوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە
زمانی کوردیدا/ ڕێزمان .

پرۆفیسۆر د . نەسرین محەمەد فەخری
مێژو : ١٩/ ١٠ / ١٩٩٥

بە پێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە
لێژنەی هەڵسەنگاندن ئەکەم.

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین
مێژو : ٢٠/ ١٠ / ١٩٩٥

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لـــە گەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان دەربـــارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تـــری کـــرد و بڕیارمان دا کە شایانی ئەوەیە بە پلـــەی (        ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی (ڕێزمان) پێ بدرێ .

ناو : د. امين علي سعيد عوراتي
سەرۆکی لیژنە :
مێژو : ١٩٩٥/١١/١٩

ناو :
ئەندام پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین
مێژو : ١٩٩٥/١٠/١٩

ناو : د. ئیحسان فوئاد عەبدولکەریم
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
مێژو : ١٩٩٥/١١/١٩

ناو : د. نەوورەحمانی حاجی مارف
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
مێژو : ١٩٩٥/١١/١٩

ناو :
ئەندام
مێژو : ١٩٩٥/١١/١٩

ناو: د . نەسرین محەمەد فەخری
ئەندام : (سەرپەرشتکار)
مێژو : ١٩٩٥/١١/١٩

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد-ی زانکۆی بەغدا پەسەند کرا .

ناو: د . مالك ئیبراهیم سالح
عەمیدی کۆلێجی پەروەردە
زانکۆی بەغدا
مێژو : ١٩٩٥/١١/٢٢

پێشکەشە

بە وانەی فێریان کردم

و

ئەوانەی فێریان ئەکەم

# سوپاسنامە

# سوپاس بۆ

١- د . نەسرین محەمەد فەخری کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی .

٢ - هاورێی خۆشەویستم د.مەولود حەمەد نەبی کە هەردەم وەك برایەکی دڵسۆز درێغی نەکردوە لە یارمەتی دانم .

# ناوەڕۆک

# ناوەرۆك

بابەت | لاپەڕە


**پێشەكی** ١

**بەشی یەكەم** ٤

بەندی یەكەم : كارەكانی پێشتر ٥

بەندی دوەم : هەڵسەنگاندنی تێكڕا ٥٩

**بەشی دوەم : سیستەمی مۆرفیمە ڕێزمانیەكان** ٦١

بەندی یەكەم : وشە ٦٢

بەندی دوەم : مۆرفیم ٧١

جۆرەكانی مۆرفیم : ٧٤

یەكەم : دەركەوتن ٧٤

دوەم : پابەندی ٧٦

سێیەم : ئەرك ٧٧

چەمكی گشتی و تایبەتی ٧٩

١ - دروست كردنی وشە ٨٠

٢ - بانگ كردن ٨١

٣ - ناساندن ٨٢

بەندی سێیەم : ناوبڕ ٨٤

١ - ناوبڕی (ی) ٨٥

٢ - ناوبڕی (ت) ٨٨

٣ - ناوبڕی (ر) ٩٠

بەندی چوارەم : هێز ٩٠

**بەشی سێیەم : مۆرفیمەکانی کات :** ٩٥

بەندی یەکەم مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو : ٩٧

١ - مۆرفیمی (١) ٩٩

٢ - مۆرفیمەکانی (ت) ، (د) : ١٠٣

أ - مۆرفیمی (ت) . ١٠٤

ب - مۆرفیمی (د). ١٠٧

٣ - مۆرفیمەکانی (ی) ، (و) : ١١٠

أ - مۆرفیمی (ی) . ١١١

ب - مۆرفیمی (و) ١١٢

بەندی دوەم - مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا . ١١٣

بەندی سێیەم - مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو . ١١٦

بەندی چوارەم - لێکدانی مۆرفیمەکانی کات . ١١٩

١ - کاتی ڕانەبوردو . ١١٨

٢ - ڕابوردوی بەردەوام . ١٢١

٣ - ڕابوردوی دور . ١٢٣

٤ - ڕابوردوی تەواو . ١٢٤

٥ - ڕابوردوی خۆزگەیی . ١٢٥

**بەشی چوارەم - مۆرفیمەکانی ئەرك :** ١٢٨

بەندی یەکەم - تێپەڕاندن . ١٣٠

بەندی دوەم - دوپاتی. ١٣٨

بەندی سێیەم - ئاوەڵناوی کراو . ١٤٥

بەندی چوارەم - پەیوەندی . ١٥٦

بەندی پێنجەم - بکەر نادیار . ١٦٦
بەندی شەشەم - ئارایی . ١٧٢
بەندی حەوتەم - ناکردن . ١٧٩
**بەشی پێنجەم - ڕاناوە لکاوەکان .** ١٨٥
بەندی یەکەم - ڕاناوەکانی ڕێککەوتن . ١٨٩
بەندی دوەم - ڕاناوەکانی خاوەنی . ١٩٨
بەندی سێیەم - لێکدانی ڕاناوەکان . ٢٠٤
**ئەنجامەکان.** ٢١١
**سەرچاوەکان.** ٢٢٠
**کورتەی لێکۆڵینەوە بە عەرەبی (ملخص البحث) .** ٢٣٣
**کورتەی لێکۆڵینەوە بە ئینگلیزی (Abstract) .** ٢٣٥

# پێشه‌كی

# پێشەکی

مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار ، کەرەسەی ڕێزمانی نامۆ و پەراوێزی نین ، بەڵکو کەرەسەی سەرەکی و گرنگن لە ڕێزمانی کوردیدا و ناتوانرێ فەرامۆش بکرێن. هیچ کارێك بە پێی پێویست بە بێ ئەمانە دروست نابێ و هەمو کارێکیش ڕستەیە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا،(▲) ئەگەر بە تەنیا دەرکەوێ، بۆیە بە پێویستم زانی یەکەم نامەی دکتۆرا بە زمانی کوردی دەربارەی ئەم کەرەسانە بنوسرێ کە کەرەسەی بنجی و تەوەرەیی ڕستەی کوردین .

لە بەر ئەوەی دۆزینەوە و دەست نیشان کردنی مۆرفیمەکان ئەکەوێتە بەر ئاستی وشەسازی و دەست نیشان کردنی ئەرکە ڕێزمانیەکان ئەکەوێتە بەر ئاستی ڕستەسازی ، بۆیە لێکۆڵینەوەکە ڕێزمانی واتە (وشەڕستەسازی - Morphosyntactic) دەرەچێ .

(ئەم زاراوەیە لە زمانەوانیدا بۆ ئاماژەی پۆلە ڕێزمانیەکان بە کار هاتوە ، یان بۆ ئەو تایبەتەندیانەی کە دەستنیشانی پێوانەی وشەسازی و ڕستەسازی ئەکەن)[1] .

لە بەر گرنگی بابەتەکە کەم ڕێزمان زان هەیە ، زۆر یا کەم ، باسی هەندێ لەم کەرەسانەی نەکردبێ ، بەڵام بە زۆری لێکۆڵینەوەکان گشتین و بە قوڵی بە ناخی کەرەسەکاندا نەچونەتە خوارەوە و لە چوارچێوەی واتای گشتی وشە یا ئامراز بە یەکەوە باس کراون و جیا نەکراونەتەوە . جگە لە هەندێ مۆرفیم کە لەم ساڵانەی دواییدا تا ڕادەیەك خراونەتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە .

---

(1) David Crystal,1985 , P 201

(▲) لە دیالێکتی باکوردا کاری ڕابوردوی تێپەڕ نابێتە ڕستە، چونکە لەبەر نەبوونی ڕاناوی لکاوی خاوەنی ناتوانێ بە تەنیا دەرکەوێ.

لەم نامەیەدا هەوڵم داوە هەمو مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار کۆبکەمەوە و یەکە یەکە دەریان بخەم و لێیان بکۆڵمەوە و بە پێی تایبەتمەندی ئەرکیان پۆلینیان بکەم . بۆ ئەم مەبەستەش بابەتەکەم کردوەتە پێنج بەش :

لە بەشی یەکەمدا بە سەر هەندێ لەو کارانەدا چومەتەوە کە پێشتر ڕێزمان زانەکان باسیان کردوە و هەندێ لەو خاڵانەم دەست نیشان کردوە کە لاریم لە گەڵیاندا هەیە . لە دواییشدا تێکڕا بە گشتی لە چەند خاڵێکدا هەڵم سەنگاندون .

لە بەشی دوەمدا : باسی سیستەمی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانم کردوە و ئەو شتانەم خستۆتە ڕو کە بناغەی بابەتەکەمانن و لە بەشەکانی تر دوچاریان ئەبین و لای ڕێزمان زانە دێرینەکان ئاشکرا و سنوردار نەبون و هەوڵم داوە پێناسەیان بکەم و لە یەکیان جیا بکەمەوە ،وەك: وشە ، مۆرفیم ، ناوبڕ ، هێز .

لە بەشی سێیەمدا : لە بەر گرنگی و هەمیشە بەکارهێنانیان باسی ئەو مۆرفیمانەم کردوە کە تایبەتمەندن بە دەرخستنی چەمکی (کات) و بە پێی کاتەکان (ڕابوردو ، ئێستا و داهاتو) پۆلینم کردون و ئنجا باسی لێکدان و تێکەڵ بونیانم کردوە .

لە بەشی چوارەمدا : هەرچەندە هەمو مۆرفیمە ڕێزمانیەکان ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە ، بەلام ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەی بە پێی پێوستی و مەبەست لەگەڵ کاردا بەکاردێن ، لەم بەشەدا کۆ کراونەتەوە و بە پێی ئەرك (تێپەڕاندن ، دوپاتی ، ئاوەڵناوی کراو ، پەیوەندی، بکەرنادیار ، ئارایی ، ناکردن) یەکە یەکە خراونەتە بەر

لێکۆڵینەوە .

لە بەشی پێنجەمدا : لەبەرئەوەی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار ، تەنیا بەندەکان ئەگرنەوە ، لەم بەشەدا باسی ڕاناوە لکاوەکان کراوە و چونکە ڕستە بەبێ ئەمانە دروست نابێ ، دابەشم کردون بۆ دو بەش : ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن و ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی .

لە دواییشدا ئەنجامەکان و کورتەی عەرەبی و ئینگلیزی و سەرچاوەکانم خستۆتەڕو .

# بەشی یەکەم

# به شی یه که م

# کاره کانی پێشتر

- بەندی یەکەم - هەڵسەنگاندنی تایبەتی
- بەندی دوەم - هەڵسەنکاندنی گشتی

# (بەشی یەکەم)
# کارەکانی پێشتر

## بەندی یەکەم – هەڵسەنگاندنی تایبەتی :

ئەو لێکۆڵینەوە و کارانەی پێشتر دەربارەی ڕێزمانی کوردی کراون، ڕاژەیەکی زۆری زمانی کوردییان کردوە و هەرچەندە باسەکان لە سەرەتادا گشتی و هەمەلایەن بون ، بەلاّم وەك هەر زانستێك لە ئەنجامی پێشکەوتن و فراوان بون ، بەرە بەرە بابەتە ڕێزمانیەکانیش وردتر و تایبەتی تر بون .

ئەم نامەیەش (مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار) وەکو بەرهەمێکی تایبەت و سەربەخۆ ، لە دەست نیشان کردن و پۆلێن کردن و ئەرکەکانی ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانە ئەکۆڵێتەوە ، کە بە کارەوە ئەلکێن . لە بەر فراوانی ئەم بابەتە ،، کەم بەرهەم هەیە توخنی نەکەوتبێ ، ئنجا چ لە ڕوی باس کردنی چۆنیەتی داڕشتنی کارەکان بێ ، یان کاتی کارەکان ، یان ئەرکی هەندێ لە پێشگر و پاشگرەکان و باسی ڕاناوە لکاوەکان .. بەرهەمەکانی پێشتر زۆرتر لایەنی وشەسازیان گرتوە و کەمتر دەست نیشانی ئەم مۆرفیمانە کراوە لە ڕوی ڕستەسازیەوە .

هەرچەندە لە بەشەکانی تری ئەم نامەیەدا لایەنی ڕێککەوتن و جیاییمان بە ڕاشکاوی لەگەڵ ئەم بەرهەمانەدا دەرەکەوێ ، بەلاّم بە پێویستم زانی لەم بەشەدا بەپێی (یەکەم پیتی ناوی نوسەر) بەسەر هەندێ لەو کارانەدا بچمەوە و بەپێی توانا و بۆچونم ڕای خۆم دەربارەیان دەرببڕم :

• ئەحمەد حەسەن ئەحمەد[١] ، لە ژێر ناوی پێشگر و پاشگر ، مۆرفیمە ڕێزمانی و نارێزمانیەکان تێکەڵ ئەکا ، وەك تێکەڵ کردنی (هەڵ ، دا ، ڕا ، بە ، لە ، ەوە ، اند) .

ئەگەرچی بە ڕای من کاری سادە نیە ، بەڵام ، ئەو ئەڵێ : (کاری سادەش یەك وتەیە کە پیتی نوهۆك و پیتی فەرمان دەچنە سەری)[٢] ، هەستی بەوەش نەکردوە کە هەندێ مۆرفیمی وەکو مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) هەندێ جار ئەبێتە پێشگر ، وەك : (ئەمخوارد) و هەندێ جار ئەبێتە پاشگر : (خواردومە) و ئەڵێ : (لەوەدا جیاوازن کە پێشگر هەمیشە پێش یاریکار دەکەوێ و پاشگری هەمیشە بە یاریکارەوە دەلکێ)[٣] .

نوسەر مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) تێکەڵ ئەکا لە گەڵ مۆرفیمەکانی تر (ن ، یت ، م ، ین) و لەسەر لاسایی ڕێزمانی عەرەبی بە (پیت) ناویان ئەبا[٤] ، جگە لەمە کاری (فەرمان)[٥] یش بە کاتێکی زمانی کوردی دائەنێ .

• ئەوڕحمانی حاجی مارف ، ئەگەرچی لە چەند وتارێکدا باسی ڕاناوەکانی لکاوی کردوە ، بەڵام لە دواییدا هەمو وتارەکانی لە بەرهەمێکی سەربەخۆ پەرەپێداوە .

نوسەر ئەڵێ : (ئەم جێناوانە ئەگەرچی بە شێوەیەکی سەرەکی دەچنە سەر کرداری ڕابوردووی تێپەڕ ، بەڵام بە زۆر بەشە ئاخاوتنی

---

(١) عەمید ئەحمەد حەسەن ، ١٩٧٥، ل ٣١٩

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل . ٣٢

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢١

(٤) احمد حسن احمد ، ٩٧٦ ، ل٦٩

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل٥

تریشەوە دەلکێن)[١] . ئەم ڕاناوانە لە بنجدا ناچنە سەر کار بەڵکو ئەچنە سەر هەمو بەشەکانی تری ئاخاوتن ، تەنانەت لە کارە تێپەڕەکانی ڕابوردوش ، کە بەرکار کەسی سێیەمی تاك بێ ، بە ڕواڵەت وا دیارە کە چونەتە سەر کار ، بەڵام لە بنجدا چونەتە سەر ڕاناوی بەرکار کە مۆرفیمی (سفر / ∅) ە ، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك بەرکارەکە دەست نیشان کرا ، ڕاناوەکە ئەگەڕێتەوە شوێنە سەرەکیەکەی :

خوارد ∅ م / خواردم .

* سێو خواردم .

سێوم خوارد .

نوسەر لەگەڵ ئەوەشدا (پێ ، لێ ، تێ ، وێ ... ) بە (پریپۆزیشن) دانانێ ، لە هەمان کاتدا ئەیانخاتە ڕیزی پێشگرەکانی وەك (دا ، هەڵ ، ڕا)[٢] ، کە ئەمانەش مۆرفیمی ناڕێزمانی و واتاگۆڕن . ئەم (لێ) یەش پێکهاتوە لە (ە) ی کۆتایی پریپۆزیشنەکانی (ب ، ل ، د ، و ...) لەگەڵ (ی) مۆرفیمی بەستندا .

ە + ی ← ێ

بە + ی ← بێ ← پێ

دە + ی ← دێ ← تێ

وە + ی ← وێ

(١) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ ، ل ١١ .

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٤ - ١١٥

له + ی ← لیٚ

نوسەر مۆڕفیمی (ە) ی کاتی ئیٚستای بە ڕاناو داناوە و ئەڵیٚ : (من وای بۆ دەچم (ە) جیٚناوی لکاوی کەسی سیٚیەمی تاکی دەستەی دووەمە)[١] ، بەڵام ئەم مۆڕفیمە لە کاتی ڕابوردو و ڕانەبوردودا نامیٚنیٚ و بە پیٚی کاتەکان ئەگۆڕیٚ (ڕابوردو / و ، داهاتو / یٚ) ، بەڵام ئەوانی تر ئەمیٚنن :

| | | |
|---|---|---|
| من کورد∅ م . | من کورد بـــوم | من ئەبم بە کورد |
| تۆ کورد ∅ ی . | تۆ کورد بـــوی | تۆ ئەبی بە کورد |
| ئەو کوردە ∅ . | ئەو کورد بـو∅ | ئەو ئەبیٚ∅ بە کورد |

لەم نمونانەدا (ە) مۆڕفیمی کاتی ئیٚستا و (و) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و (یٚ) مۆڕفیمی کاتی داهاتوە . مۆڕفیمی کاتی ئیٚستا (ە)، لەگەڵ مۆڕفیمی کاتی داهاتو (یٚ) ، دەمکاتی ڕانەبوردو پیشان ئەدەن (ە + یٚ ← دەمکاتی ڕانەبوردو) ، ئەگەرچی نوسەر ئەم (یٚ) یە بە (زیادەی گەردانی)[٢] دائەنیٚ .

هەروەها دەربارەی بە یەکەوە هاتنی هەردو دەستە ڕاناوەکان ، هەرچەندە لە ئاخاوتندا کەم بەکاردیٚ ، بەڵام نوسەر یاساکەی پیٚچەوانە دەست نیشان کردوە[٣] ، کە لە بنجدا بەم شیٚوەیە :

کاری تیٚپەڕی ڕابوردو + بەرکار (ڕاناوی لکاوی ڕیٚککەوتن) + بکەر (ڕاناوی لکاوی خاوەنی):

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٦

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٤

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٦

خوارد + ∅ + مان ← خواردمان

خوارد + ن + مان ← خواردنمان

خوارد + م + ی ← خواردمی

ناردنمـــان ← ئێمە ئەوانمان نارد

ناردینیـــان ← ئەوان ئێمەیان نارد

فرۆشتمتـان ← ئێوە منتان فرۆشت

فرۆشتنـــم ← من ئێوەم / ئەوانم فرۆشت

بەڵام ئەشێ پێچەوانەش بە کار بێن ، چونکە لەم دەمکاتەدا (تێپەڕی ڕابوردو) ، ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن هەردەم بەرکارن و ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی هەردەم بکەرن ، جگە لەمە بە یەکەوە هاتنی دو ڕاناوی لکاوی خاوەنی (دوو جێناوی دەستەی یەکەم...)[١] بە دوای کاردا ، دیاردەیەکی ئاسایی نیە ، مەگەر لە شێوەی هەڵەی باوی هەندێ کەس یا ناوچە نەبێ :

* ناردمانت ، * ناردمانتان ، * ناردمانیان ...

لە زمانی کوردیدا کاری سادە لە ئارادا نیە ، چونکە هەردەم کار مۆڕفیمی کات و مۆڕفیمێکی کەسی (بەلای کەمەوە)[٭] لەگەڵدایە ، بەڵام لەم بەرهەمە و لە بەرهەمی تریشدا[٢] ، نوسەر کاری دابەش کردوە بۆ (کاری سادە و ناسادە)[٣] .

هەروەها کاری فەرمـان ئاڕاستـەی کەسی دوەم ئەکـرێ ، بۆیـە دیاردەیەکـــی ئاسایـــیە لـــە تاکـدا ڕانـــاوی لکـــاو

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٦

(٢) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٧ ، ل ٧٣

(٣) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧، ل ١٧٦ - ٨٤ ، ل ٢١٨ - ٢٢٣

(٭) جگە لە ڕابوردوی تێپەڕ ، گەر بکەر و بەرکارەکەی لەگەڵدا دەرکەوت تەنیا مۆڕفیمی کاتی لەگەڵدا ئەبێ .

دەرنەکەوێ[١] ، بەڵام وەکو مۆرفیمی (سفر /∅ ) هەیە و لە کەسی دووەمی کۆدا ، مۆرفیمی (ن) دەرەکەوێ : (برۆ ∅ - برۆن ، مەڕۆ ∅ - مەڕۆن) . نوسەر ئەڵێ (ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بوو لە باری فەرمانی ئاساییدا یان لە باری فەرمانی نەهی صەریحدا بوو جێناوی کەسی لکاو وەرناگرێ)[٢] .

● ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، لە هەوڵێکیدا بۆ دەرخستنی (گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو)[٣] دا ، ئەڵێ : [(م ، ت، ی ، . . ، ین ، ن ، ن .....) ڕاناو نین و نابێ ناویان لێ بندرێت ڕاناو ... بەڵکو ئەمانە کۆتایی فرمانەکان و دەتوانن لەوێدا ببنە نیشانەی کەس و ژمارە و خۆیان لەگەڵ فاعیلی ڕستە لەم ڕووەوە ڕێك دەخەن][٤] . ئەمانەی نوسەر باسیان ئەکا ، ئەرکە سەرەکیەکانی ڕاناون، بەڵام ئەوەی ڕون نەکردۆتەوە ، مەبەست چیە لە کۆتایی فرمان و چ چەمك و واتایەك ئەبەخشێ ؟ ، هەروەها ڕونی نەکردۆتەوە ، ئەم (ت)ەش بۆ هاتۆتە ڕیزی ڕاناوەکان ؟ جێگەی پرسیاریشە ، بۆ ئەمانەی هەمو بە ڕاناو دانەناوە و تەنیا (ێ)[٥]ی بە ڕاناو داناوە ؟ کە پێچەوانەی ڕاستیە ، بەڵام نوسەر بۆ ئەوە چوە کە ئەم دەستەیە تەنیا بە کارەوە ئەلکێن .

---

(١) زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ... لەم بارەیەوە لە یەك ئەچن

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٩.

(٣) ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٢، ل ٤٥.

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٥٣ - ٤٥٤

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٥٥

نوسەر لەگەڵ ئەوەشدا ڕاناوەکانی سەرەوە بە ڕاناو دانانێ، بەڵام لە کەسی یەکەمدا لێی تێکەڵ ئەبێ و لەم نمونەی خوارەوەدا بە ڕاناوی دائەنێ :

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم گوت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم[١]

ئەگەرچی ڕاناوی ئاوەڵکار نیە ، نوسەر ئەڵێ : [ئەگەر ڕاناوی لکاو ئاوەڵکاری ڕستە بوو هەر بە فاعیلی ڕستەکە دەلکێت][٢] .

هەروەها نوسەر دان بە بونی کاری سادەدا ئەنێ[٣] ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کاری سادە لە زمانی کوردیدا نیە .

دەربارەی [ ئامرازی فرمانی - فعل - ی][٤] ، ئەڵێ : [ ئامرازی - دە - ئەگەر کەوتە پێش ڕەگی کاتی ئێستا ، کاتی ئێستای فرمان دروست دەکات][٥] ، کە لە ڕاستیدا خۆی مۆرفیمی کاتی ئێستایە و کاریش تەنیا ڕەگێکی هەیە . هەروەها ئەڵێ : [ئامرازی - ێ - دەچێتە سەر ڕەگی فرمانی - فعل - تێپەڕو فۆرمی پەسیڤی-مجهول - بۆ کاتی ئێستا دروست دەکات][٦] ، مۆرفیمی (ێ) خۆی نیشانەی داهاتوەو فۆرمی پەسیڤی - بکەرنادیار - دروست ناکا . یان ئەڵێ : [ئامرازی - ڕاو - ئامرازێکی تایبەتە بۆ دروست کردنی

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٧٧

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٨٥

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٨٦

(٤) دوکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٣٦٧ ئێرانی / ١٩٨٨ ، ل ٢٤.

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل٢٥

(٦) هەمان سەرچاوە ، ل٢٦

ناوی بەرکار][١] ، تەنیا مۆرفیمی (و) ئەم فۆرمە دروست ئەکا . کەمی وردبینی نوسەر وای کردوە ، توشی ڕوکەشی و ئالۆزی زۆر ببیٚ ، بۆ نمونە ، مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئیٚستای ناو ناوە (وشە) ، ئەڵیٚ : [ئەم ڕستەیە لە دوو ووشە پیٚك هاتووە ( هەرا+ە) .

وە هەروەها نموونەیەکی تریشی هەیە ( دیارە) ئەویش پیٚك هاتووە لە ( دیار + ە)][٢] . لە هەندیٚ شویٚنی تردا ئەم مۆرفیمە ناو ئەنیٚ ( ئامراز)[٣] ، بیٚ ئەوەی دیاری بکا ڕۆڵی چیە ؟ ، ڕەنگە هەر ئەم مۆرفیمە بیٚ لەگەڵ (و ) دا یەك بگریٚ و ببیٚ بە (ۆ) ، وەك لە (بچوە - بچۆ ...)[٤] ، نوسەر ئەم (ۆ) یەش بە ئامراز دائەنیٚ[٥] .

نوسەر یاسایەکی چەوت و ناڕیٚك بۆ دروست کردنی ناوی بکەر دەست نیشان ئەکا و ئەڵیٚ : [ ناوی فاعیل بە یارمەتی ئامرازی (ب) دروست دەبیٚت ، کە دەکەویٚتە پیٚش ڕەگی فرمانی تیٚپەڕ)[٦] . لە هەمان شویٚندا ئەڵیٚ : [ ناوی فاعیل بە ئامرازی (ە،وو) دروست دەبیٚت )[٧] ، وەك [کوشتە ، چوو ، ماوو ...] ، کە لە بنەڕەتدا مۆرفیمی (ە) بۆ کاتی ئیٚستایە و (و) مۆرفیمی دروست کردنی ئاوەڵناوی کراو ە .

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧

(٢) دکتور ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، تشرینی یەکەم ، ١٩٨٣ ، ل٣

(٣) د . ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٣ (٢) ، ل١٨

(٤) ئەم (ۆ) یە لە هەندیٚ ڕەگیشدا هەر لە (و + ە) پەیدابوە ، (خواردن ، ڕۆیشتن) لە بنەڕەتدا (خوەردن ، ڕەوتن) بون و ڕەگەکانیان بوەتە (خوە ← خۆ ، ڕوە ← ڕۆ) .

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل١٨

(٦) ، (٧) هەمان سەرچاوە ، ل٥٥

شایانی باسە ، کۆمەڵێك وشەی کۆکردۆتەوە بە ناوی ( ناوی فرمان) کە گوایا هیچیان کار نین : [ ئەم واژە و ناوانەن ، کە لە بریتی و شوێنی فرمان بە کار دێن ] ، کە ئەمانەن : [ ئۆف ، ئاسمان و ڕیسمان ، وس ،کرِی ، بیَ دەنگی ، ئامین ، ئای ، وای، لە سەرتانە ، پەلەپەل ، نزیکە ، ئامادەین ، بۆپێشەوە ، لەو وایە ، دابنیشە ، هەیهای ، بەسە ، جێگات ، فەرموو ، پیاح ، هێواش ، ئۆی ، یالْلاْ][1] ، کە زۆربەی وشەکان یان وشەی هەست دەربڕین و سەرسوڕمانن ، یان کاری داخوازی ...

• ئێرنست ، ن ، مەکارەس ، ڕستەی (چەند بیَ ئینسافی ت)[2] بە ڕستە دانانیَ و بە دەستەواژەی دائەنیَ . کەچی لە بنجدا ڕستەیەکی تەواوە و کارەکەی مۆرفیمی سفرە (∅) و لە ئاستی سەرەوەدا دەرناکەویَ ، چونکە ڕەگی کاری (بو) لە دەمکاتی ئێستادا دەرناکەویَ ، ئەگەر (ب) دەرکەویَ : کارەکە ئەگۆڕیَ بۆ نیازداری (داخوازی ، فەرماندان) .

لە هەمان کاتدا ڕستەی (بیَ ئینسافە)[3] بە ڕستە (دەستەواژەی کاری) دائەنیَ و (ە) بە کاری ڕستەکە دائەنیَ ، کە لە بنەڕەتدا (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستایە و کار نیە ، دیسان کارەکە لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوتوە چونکە ڕستەکە لە دەمکاتی ئێستادایە .

نوسەر ناڕاستەوخۆ دان بە بونی بکەری شارراوە ئەنیَ و کار بە ڕستەیەکی سادە (لاڕستە) دائەنیَ و ئەڵیَ : (بکەر لەوانەیە لە ناو

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٨ .

(٢) Ernest N . Mccarus, 1958 , P. 94

(٣) Ibid , P 95

کارەکەدا بە هۆی پاشگری کەس ، ژمارە دەربڕێ . (بکەری دەرکەوتو، یان دەرنەکەوتو) وەك لە (هات)دا ئەبینرێ . بەم جۆرە کار خۆی لاڕستە دروست ئەکا)[1] .

نوسەر ئەڵێ : (ئەشێ بکەر .... ئامرازی پەیوەست ، پەیوەندی ... بێ ، لە (ئەوە کە هات باز بو) «کە» تێیدا بکەرە)[2] . لەم ڕستەیەدا هەرگیز (کە) بکەر نیە و ئەم جۆرە مۆرفیمانە (ئامرازی پەیوەست ، پەیوەندی) نابنە بکەری ڕستە .

● بائیز عومەر ئەحمەد ، وەکو نوسەرانی تر ئەڵێ : [(را) لە زمانی کوردی دا وەکو نیشانەی کاتی ڕابوردووی فرمانی بکەری شاراوە (پاسیڤ - مبنی للمجهول) دێت][3] و جیای نەکردۆتەوە کە تەنیا مۆرفیمی (ر) نیشانەی بکەرنادیارە و پیتی (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە ( وەکو : دروون-دروورا ، گروون - گروورا)[4] ، بە ڕای من تەنیا یەك ڕەگی کار هەیە لە زمانی کوردیدا و کاتەکان بە هۆی مۆرفیمی تایبەت بە کات ، دەست نیشان ئەکرێن ، کە (درو ، گرو، سو ، هەنو ، فەرمو ..) ڕەگن بۆ ئەم چاوگانە (دروون ، گروون ، سوون ، هەنوون ، فەرموون ....) .

● تۆفیق وەهبیش لەو باوەڕەدایە ، چاوگی سادە و کاری سادە هەن ، وەك : (پەڕین ، پەڕیو)[5] ، لە ڕاستیدا چاوگی سادە و کاری سادە لە کوردیدا نین ، لە دواییشدا تێکەڵیەك لە دابەش کردنەکەی ئەبینرێ ، ئەم فۆڕمانە : [کوژراوی چا ، گورگان خواردوو ، پیاو

---

(١) Ibid , P 96.
(٢) Ibid , P 96 - 97
(٣) بائیز عمر احمد ، تشرینی یەکەم ١٩٨٣ ، ل٢١
(٤) هەمان سەرچاوە ، ل٢١
(٥) توفیق وهبی ، ١٩٥٦، ل ٨١

خۆر ، سەرکەوتوو] ناو ئەنێ : (گرێی چاوگی) و (ڕۆیشتنی خێرا ، دانان) ناو ئەنێ (گرێی کاری)[(١)] .

سادەترین ڕستە لای ئەو ئەبێ بە ئاشکرا فرێزی ناوی و فرێزی کاری تیادا دەرکەون ، (هەڵ هات ، دڕاوە) ، لای ئەو نابن بە ڕستە ئەگەر فرێزێکی ناوی وەك : [ڕۆژ ، کەواکەی] لە گەڵدا نەبێ و سادەترین ڕستەیان ئەبێتە : (ڕۆژ هەڵهات ، کەواکەی دڕاوە)[(٢)] . دیارە ئاستی ژێرەوە لای ئەو لە ئارادا نیە و ئەبێ هەمو بەشەکانی ڕستە لە ئاستی سەرەوە دەرکەون .

لەگەڵ ئەوەدا ئەم دو ڕستەیە هاوشێوەن ، بەڵام نوسەر ڕستەی (کەواکەی خلە دڕاوە) بە ڕستەی بچوك و (خلە کەواکەی دڕاوە)[(٣)] بە ڕستەی گەورە دائەنێ .

● جگەر خوێن ، پێناسەیەکی درشتی کاری کردوە ، تیایدا کەس و کات دەست نیشان ئەکا : (- کرن - گۆتنەکە سەر ب خوە داخوازێ ددی زانین و دەم و کرۆك ژی رە گەرەکن)[(٤)] . تەنیا لە دو خاڵدا لاریمان لە گەڵی هەیە :

١ - ئەگەر وشەی (داخواز)ی بگۆڕیبایە بە وشەیەکی لە بارتری وەك ، (ڕوداو ... ) پێناسەکە ڕێك تر ئەبو ، چونکە مەرج نیە هەمو دەم کار (داخواز) بێ .

٢ - کاری تێپەڕ جگە لە بکەر (کرۆك) پێویستی بە بەرکاریشە (پێکراو) ، هەروەها کاری تێنەپەڕی بەرکاری لە جیاتی بکەر

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٣
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل٨٥
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٥
(٤) جگر خوین ، ١٩٦١ ، ل ١٢٦

پێویستی بە بەرکارە .

ئەویش بە هەمان شێوە باوەڕی بە بونی کاری سادە هەیە ، وەك ئەڵێ : [ - کرنا سادە - ئەوە کۆ سادە و سەر ب خوە داخوازێ بدی زانین)[1] ، ئەگەرچی لە کرمانجی ژوروشدا بە لای کەمەوە کار پێـك هاتوە لە مۆرفیمی ڕوداو و کات .

نوسەر لە دەست نیشان کردن و ناونانی دەمکاتەکاندا زۆر سەرکەوتو نەبوە ، بۆ نمونە هەرچەندە هەمو کارێکی ڕابوردو ڕوی داوە و بینراوە ، کەچی ئەو هەندێکی ناو ناون : بینراو ، وەك : (نێز بۆری دیتی)[2] ڕابوردوی سادە و ، [کرنا چیرۆکی نێز بۆری - دیتی)[3] ڕابوردوی بەردەوام . هەندێکیشی ناو ناون : نەبیزاو ، وەك ، (کرنا دور بۆری نەدیتی)[4] ڕابوردوی تەواو و [کرنا چیرۆکی دور بۆری نەدیتی)[5] ڕابوردوی دور ، ئەمەش ڕەنگە لە (ماضي الشهودي و غیر الشهودي) عەرەبی وەرگرتبێ .

نوسەر هەوڵی داوە دەمکاتەکان بە پێی مۆرفیمەکانی کات (نیشانە) جیا بکاتەوە ، بەڵام دوچاری ئاڵۆزی بوە ، وەك لە جیا کردنەوەی ڕابوردوی بەردەوامدا ئەڵێ : [نیشانا کرنا (د) د پێشیا وێ دە تێ] (٦) ، لە هەمان کاتدا بۆ جیا کردنەوەی کاری ڕانەبوردو، کە بە کاتی ئێستای دائەنێ ، ئەڵێ :[نیشانا کرنا ناکا ئەوە کۆ (د) دپێشیا وێ دە بێ)[7] .

نوسەر ڕاناوە لکاوەکان بە ڕاناو دانانێ ، ئەڵێ : (دەما بەرناف دگەل کرنێ بن (٦) پەرچەنە : ... لێ دەما بێ بەرناف بن (٣)

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٧
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٤
(٣) هەمان سورچاوە ، ل ١٤٧
(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٩
(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٦
(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٧
(٧) هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٨

پەرچەن : چوم ، چون ، چو)[١] .

بە ڕای ئەو سێ مۆرفیمی ناکردن لە ئارادان : (تیپی ماندەلا (٣) نە (نە - نا - نۆ)][٢] ، لە بنجدا تەنیا (ن) مۆرفیمی ناکردنە و دەنگی (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستایە و دەنگی (١) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە . بەلاّم (نۆ) - تیپ - نیە و وشەی ناکردنە ، وەك : (نەء، نەخێر ....) .

● ڕەئووف ئەحمەد ئالانی ، دەربارەی ئەلۆمۆرفەکان ئەلێ : (تاقە مۆرفێمێك بە چەندان قالب لە زمانی قسەدا دەردەبڕدرێ تەنها قالبێکیان دایکەیە و لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە تۆکم و تەواوە ، تەنها دەسەلاّتمان هەر ئەوەندەیە کە ئەو ڕێژگە ڕەسەنە لە زمانە ئەدەبیەکەدا بچەسپێنین)[٣] ، بەلاّم نەیتوانیوە ئەو مۆرفیمە ڕەسەنانە دەست نیشان بکا ، بۆنمونە ، لە (تێ چوون - تێدا چووم)[٤] دا ، مۆرفیمی (تێ) بە تۆکمە و ڕەسەن دائەنێ ، کە ڕەنگە دوا هەنگاوی گۆڕانکاریەکە بێ :

(دەناوچون ، دەیداچون ، تەیداچـون ، تیاچـون ، تێداچـون ، تێ چون ...) .

هەروەها سەرباری بەرهەمێکی[٥] سەربەخۆ ، لە چەند شوێنێکی

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٠.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦١

(٣) ڕؤوف احمد ئالانی ، تەمموزی ١٩٧٩ ، ل ٢٢

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل٢٣

(٥) ڕؤوف احمد ئالانی ، ١٩٨١، ل ١٤١

تردا (وه) به نیشانەی ڕابوردوی تەواو دائەنێ و ناوی ناوه [ڕابوردووی نزیك][1] و ئەڵێ : (وه : نیشانەی ڕابووردووی نزیکه)[2] و (بووه – کاری ڕابووردووی نزیکه)[3] ، کەچی له بنجدا (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوه ، (ه) ش مۆرفیمی کاتی ئێستایه ، یاساکەش بەم شێوەیه :

ڕابوردوی ساده (ئاسایی)+ و← ئاوڵناوی کراو+ه← ڕابوردوی تەواو

مرد + و← مردو +ه← مردوه

هەرچەنده زاراوەی (ڕابوردوی نزیك و تەواو) ڕاست نین ، بۆ ئەم جۆره ڕابوردوه ، چونکه ڕابوردوێکه تا ئێستا کاریگەری ماوه و بەردەوامه و تەواو نەبوه ، بەڵام لەبەرئەوەی زاراوەی (تەواو)ی پتر بۆ به کار هاتوه ، وەکو خۆی به کارم هێناوه .

نوسەر هەردەم کاری (بو) به ناتەواو و بێ هێز دائەنێ ، ئەڵێ : (چاوگی – بوون – له توخمی کاره یاریدەدەرەکانه و بــێ هێـز و تێ نەپەڕه ... به قەد و ڕەگیەوه دەکەوێته گەردان ، وەك (بوو ، دەبێ ، ببه ... هتد)[4] . ئەگەر کارێك به قەد و ڕەگیەوه گەردان بکرێ بۆ بێ هێزه ؟ یان بۆ ناتەواوه؟ هەروەك ئەڵێ :

---

(١) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ .

(٢) رؤوف احمد ئالانی ، ئاب ١٩٧٨ ، ل ٣٥

(٣) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، مایسی ١٩٨٠ ، ل١٤

(٤) هەمان سەرچاوه ، ل ١٣

[كاری (بوو) ناتەواوە و ... پێی دەبێژرێ کاری ناتەواوی یاریدەدەر و زەمانیشی بە زەقی تێدا دیاری کراوە ][١] . بە ڕای من کاری (بو) یەکێکە لە کارە هەرە چالاکەکان و بەهێزەکان ، بەلام لە ڕوی تایبەتی و گشتی، زۆر گشتیە و بە زۆری پێویستی بە دەرخەرێك[٢] هەیە بۆ تایبەتی کردنی ڕوداوەکە ، بۆ نمونە ڕەگی (ب) لەم ڕستانەدا ، ڕەگێکی سەرەکی کاری ڕستەکەیە و هەر وشەیەکی تری سەر بەم ڕەگە (ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ...) دەرخەری ئەم کارەیە بۆ ئەوەی ڕوداوە گشتیەکە پتر ڕون بکاتەوە و تابیەتی بکا :

| | | |
|---|---|---|
| | خوێندکار | |
| منداڵەکە | جـــوان | بو . بێ ، بە |
| | بـــــەر | |
| | لە دایـك | |

هەروەها هەندێ پێشگریش ئەتوانن ، ببنە دەرخەری ئەم کارە و لە گشتی بیگۆڕن بۆ تایبەتی ، وەك :-

| | |
|---|---|
| ڕا | |
| هەل | |
| هە | |
| لێ | بو ، بێ ، بە |
| تێ | |
| وێ | |
| پێ | |

---

(١) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، شوباتی ١٩٨٥ ، ل١٥.

(٢) مەبەست لە (دەرخەر) ڕون کەرەوە و تایبەتی کەرە ، بۆ جیا کردنەوە لە دیارخەر (نعت) .

ئنجا لەبەر زۆری ڕادەی گشتێتی و بە پێی جۆری دەرخەرەکان و شێوازی بەکارهێنانیان ، زۆر ئەرك ئەبینێ ، وەك ( کاری ئاسایی، داخوازی ،نیازداری ، یاریدە ....)کە ئەشێ لە کاتی ڕابوردو یان ڕانەبوردو یان ئێستا یان تێکەڵ بن . لەو کاتانەدا ، کە ڕەگی ئەم کارە (ب) لە گەڵ کاتی ئێستا بە کار ئەهێنرێ (ب +ە) ، وەك: (زیرەك بە)چەمکی فەرماندان ئەبەخشێ ، بۆیە ئەگەر بیەوێ چەمکی کاتی ئێستای ئاسایی ( هەواڵدان / اخباري ) دەربڕێ ، خۆی لە ئاستی سەرەوەدا دەرناکەوێ و وەك مۆرفیمێکی (سفر / ∅) ڕەفتار ئەکا (زیرەك +∅ +ە - زیرەکە) .

بەلام نوسەر هۆی بێ‌هێزی و ناتەواوی ئەم ڕستانەی ڕون نەکردۆتەوە :-

منداڵەکە

چایەکە

میوەکە بو / بوە / ئەبو / بو بو / ئەبێ

ئیشەکە

ئەشێ بە پێی بۆچونی نوێ وا لێکی بدەینەوە کە بەشی دەرخەری ئەم کارە لە ئاستی سەرەوەدا دەرناکەوێ و بە پێی جۆری فرێزە ناویەکە ، دەرخەرەکە لە ئاستی ژێرەوەدا ڕون و ئاشکرایە و ڕستەکان لەئاستی ژێرەوەدا ئەتوانرێ بەم شێوەیە لێك بدرێنەوە :-

| | | |
|---|---|---|
| منداڵەکە | لە دایك | |
| چایەکە | خۆش | بو / بوە / ئەبو / بوبو / ئەبێ |
| میوەکە | هەراش | |
| ئیشەکە | جێ‌بەجێ | |

به ڕای نوسەر کاری ناکراوی (نیە) پێك هاتوە لە [نی +ەی ڕاناو = نیە][1] ، بە ڕای من ئەم (ە) یە ڕاناو نیە و مۆرفیمی کاتی ئێستایە و کارەکەش بەم جۆرە پەیدا بوە :

( نە +∅+ی + ∅ + ە ← نە + ی + ە ← نـ + ی + ە ← نیە ) ئەم (ی) یەش پێویستیەکی دەنگسازی (ناوبڕ) ە و ئەکەوێتە نێوان دو (ە) ، ڕەگی کار و ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك مۆرفیمی (سفر /∅) ن .

هەروەها دەربارەی [کێشەی - نووسینی ڕاناوی لکاو][2] ئەڵێ :

[ئەو ڕاناوانەی کە بۆ کەسی دوەم و سێیەمی تاك بن و دەلکێن بەو کارانەوە کە کۆتایی قەدەکەی بە «ی» بزوێنە ، لەگەڵیدا نابنە یەك بڕگە و سەربەخۆ دەبن ، وەك (کڕین ، زانین ) چاوگن و قەدەکەیان دەبێتە : ( کڕی ، زانی + هەمان ڕاناوی پێشوو دەبنە : (ئەکڕی + ی = ئەکڕی ی . تۆ دەکڕی ی ...) ... بەڵام زوربەی نووسەران بە یەك (ی) دەقیان پێ گرتوە][3] ، لەم خاڵانەدا یەك ناگرینەوە :-

١- ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك لە لیستی خاوەنی تەنیا (ت) ە ، کە ئەبێتە (کڕیت ، زانیت ...) ،

٢- کاری ڕانەبوردو پێك دێ لە ( مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو + ڕاناو ) ، کەئەبێتە ( ئەکڕێ ، ئەزانێ . تۆ دەکڕی ، دەزانی ..) .

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل .٢ .

(٢) ڕەئوف ئەحمەد ئالانی ، کانونی یەکەمی ١٩٨١ ، ل٧٢

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٣ .

٣- مەرج نیە(ی) ەکان سەربەخۆ بنوسرێن و ئەشێ بنوسرێ (ئەو کرپی ، زانیی ...)

نوسەر وەك هەمو نوسەرانی تر لە لەو باوەڕە دایە کە فۆڕمی (اندن) بە گشتی مۆرفیمی تێپە ڕاندنە : [برژان - ن برژا رەگی رابووردوو + اندن = برژاندن . بە تێ چوونی « ١ »ی «اندن» نەك « ١ »ی «برژا» ][(١)] ، لە ڕاستیدا لە چاوگی (١) یی تەنیا (ن)ێکی چاوگی تری ئەخرێتە سەر و دەنگی (د) پێویستی دەنگسازی (ناوبڕ) ە و ئەو چاوگانەی (١) یي نین ، ئەکرێنە (١) یی و ئنجا بەهەمان شێوە ئەکرێنە تێپەڕ .

● سەعید سدقی ، لەو باوەڕەدایە کە (و) ئەبێتە هۆی دروست بونی ناوی بکەر لە تێنەپەڕ و ، ناوی کراو لە تێپەڕ : [بنای اسم فاعل لە مصدر لازم بە فری دان نون مصدری و دانان (و) لە جیگای نونەکە درست دەبی ][(٢)] ، بە ڕای من ئەم فۆڕمە ئەبێتە هۆی دروست کردنی ئاوەڵناو بۆ ئەو توخمەی کـــــارەکەی بە سەردا هاتوە ، ڕەنگە هەندێ جار خۆشیان بکەرەکە بن ، وەك لە - تێنەپەڕی بکەری - (هاتو ، دانیشتو ، وەستاو ...) ، بەلاٚم بە زۆری بکەریان دیار نیە ، وەك لە - تێنەپەڕی بەرکاری - (سوتاو ، مردو ، خنکاو ..) هەر بۆیە بە زۆی لە تێپەڕدا لە فۆڕمی نادیار دروست ئەکرێ ( کراو ، خوراو ، براو ..) بەلاٚم ئەگەر بکەرەکەی دیار بو پێویست ناکا لەفۆڕمی نادیار بێ ( بابردو ، گورگان خواردو ، ژنان کوشتو ..) ، لە دواییدا تێکەڵی ئەکا لە گەڵ ڕابوردوی تەواو و ئەڵێ : [اگر مصدر لازم واوی تنیا بوو بە فری دان نون مصدری و سردار کردن

---

(١) رؤوف احمد ئالائی ، ١٩٨١ ، ل ١٨

(٢) سعید صدقي ، ١٩٢٨ ، ل ١٧

واوەکە بە (هـ) دەبیتە اسم فاعل وکو (بوه ، چوه)][١] .

نوسەر دەربارەی ڕاناوە لکاوەکان ، (١) ی کۆتایی هەندێ ڕەگی بە ڕاناوی لکاو داناوە : [(یت ، ین ، الف ، ن ) قسمێکی ترن هر بە فعلەوە دەنوسین . وکو (دەخویت ، دەخوین ، دەخوا ، دەخون ، بخون )][٢] . بە ڕای من ئەم (١) یە درێژکراوەی (ه) ی ڕەسەنی کۆتایی هەندێ ڕەگە ، وەك ( کردن - کە ، بردن - بە ، دان - دە)، ئەم ڕەگانەی ئێستا دەنگی (ه) یان پێوە دیار نەماوە ، لەگەڵ (و)ەکە لێکیان داوە و بوە بە (ۆ) ، وەك (خواردن - خوە ← خۆ ، شوشتن/ شوەردن ← شوە ← شۆ، ڕۆیشتن / ڕەوتن - ڕوە ← ڕۆ..) . نوسەر دەربارەی کاری تێنەپەڕ ئەڵێ : [ لازم - فعلێکە دەبێ لازم فاعلەکەی بێ و لێ ی جوێ نەبێتەوە و محتاج بە مفعول بە نەبێ][٣]. بە ڕای من تێنەپەڕ دو جۆرە :-

١- تێنەپەڕی بکەری :- ئەو کارەیە بکەری هەیە و بەرکاری نیە، وەك ( هاتن ، ڕۆیشتن ، نوستن ، چون ، خەوتن ، دانیشتن ، وەستان ، ...هتد) . لەم کارانەدا کار کردنەکە خۆ ویستە و بکەر ئەتوانێ بیکا یا نەیکا ، یا بە ئارەزوی خۆی کردویەتی .

٢- تێنەپەڕی بەرکاری :- ئەو کارەیە بەرکاری هەیە و بکەری نیە، کارەکە بەبێ هۆ ، یا بە هەر هۆیەکی نەزانراو ڕویداوە یا ڕو ئەدا و تەنیا بەرکارەکەی دیارە ، وەك زۆربەی کارە تێنەپەڕە-

(١) ییەکان و هەندێکی تر : ( سوتان ، خنکان ، برژان ،

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل.٨

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل٢٨

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل٤٤

دڕان، بڕان ، پسان ، شکان ... کەوتن ، مردن ..) ، لێرەدا ڕودانی کارەکە لەژێر خواستی بەرکارەکەدا نیە و دەسەڵاتی بەسەردا ناڕوا .

نوسەر (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا بە (سەر) و بە (پەیوەست) دائەنێ : [(ھ) - حرف املایە دەبیتە سر بو حرفەکەی پیشی . وکو - ( ورە دەرەوە کەوە بکرە ) وھم دەبیتە رابطە لە بین مبتدا وخبرا و بە آخر حرف خبروە دەنوسی . وکو - (احمد عاقلە ، علی زیرەکە)[2] .

• شێخ محەممەدی خاڵ ، چاوگ دابەش ئەکا بۆ [(چاووگی سادە و لێکدراو ) ، سادە : ئەوەیە کە تەنیا وتەیەك بێ][3] ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕونی نەکردۆتەوە کە مەبەست لە (وتە) چیە ؟ بەڵام چاوگی سادە لە کوردیدا نیە و ھەمو ئەو چاوگانەی ئەو بە سادەیان دائەنێ ، پێك ھاتون لە (ڕەگی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + نونی چاوگ) . نونی چاوگیش نونێکی کۆی بێ لایەنە ، واتە : ناگەڕێتەوە بۆ کەس و شت ، لە بەر بێ لایەنی ، ئەم نونە لە ناو فۆرمەکەدا ئەتوێتەوە، چونکە ئەگەر لایەنێك ( بکەر ، بەرکار ) نەبێ کار ڕونادا ، بۆیە فۆرمەکە چەمکی بێ لایەنی وەرئەگرێ و ئەبیتە ناوێك بۆ سەرجەم ڕوداوەکانی لەم بابەتە ، بۆ نمونە (خنکان) ناوە بۆ ھەمو جۆرە ڕوداوێکی (مردن) بە ھۆی بڕانی ھەوا لە سیەکان . بەڵام ئەو ئەڵێ : [ئەم نوونە پێی ئەڵێن : ئامراز (أداە) ی چاووگ ][4] ، بێ ئەوەی

(١) ھەمان سەرچاوە ، ل ٤٤

(٢) ھەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ - ٦٦

(٣) شێخ محەممەدی خاڵ ، ١٩٧٤ ، ل ٢٥٩

(٤) ھەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٨

ڕونی بکاتەوە ، بۆ ئامرازی چاوگە و ڕۆڵی چیە ؟

• عەبدوڵلا نەقشبەندیش ، لەو باوەڕەدایە ، کە کاری تێنەپەڕ [پاشکۆی - اندن - ی پێوە دە چەسپێنێت ، دەمودەست چاوگەیێکی بناغەی دوو کار پەیدا دەبی ][1] ، مەبەستی لە دوکار ئەو کارە تێپەڕانەیە کەبە هۆی (اندن)ەوە پەیدا ئەبن . بە ڕای من : کاری تێنەپەڕ بە هۆی (اندن)ەوە نابێتە تێپەڕ ، بەڵکو ئەگەر چاوگەکە (ا)یی نەبێ ، ئەکرێتەچاوگێکی (ا) یی و (ن) یکی چاوگی تری ئەخرێتە سەر بۆ ئەوەی چاوگە تێنەپەڕەکە وەکو ناوی ڕوداوێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ :-

سوتان ← سوتانن

مـــردن ← مـــران ← مرانن

خەوتــن ← خـەوان ← خەوانن

گەوزین ← گەوزان ← گەوزانن

بەڵام بۆ سوکی دەربڕین دەنگێکی (د) کەوتۆتە نێوان هەردو (ن)ەکە و بۆتە (سوتاندن ، مراندن ، خەواندن ، گەوزاندن ...) . لێرەدا (ن)ی یەکەم نونێکی کۆی بێ پایان و دەستنیشان نەکراوە بۆ هەمو ئەو بەرکارانەی ڕوداوەکەیان بەسەردا دێ و نونی دوەم ، نونێکی کۆی بێ پایان و دەست نیشان نەکراوە بۆهەمو ئەو بکەرانەی کارەکە ئەنجام ئەدەن ، واتە ، نونی یەکەم کارەکەی بەسەردا دێ و نونی دوەم کارەکە ئەنجام ئەدا ، هەر بۆیە نوسەر ئەم جۆرە کارانەی بە

---

(١) د . عەبدوللا نەقشبەندی ، ١٩٧٣ ، ل ١٢١

(دووکار)[١] داناوە، کە ئەمەش ڕەوشتی هەمو کارێکی تێپەڕە . ئەم پیتی (د)ەش هەندێ جار لە نێوان دو پیتی (ر)ی مۆرفیمی بکەرنادیار و (ر)ی ڕەسەنی کۆتایی هەندێ ڕەگ سەر هەڵ - ئەداتەوە : کڕین← کڕ +را / رێ← کڕرا / رێ ← کڕد را / رێ

بڕین ← بڕ + را / رێ← بڕرا / رێ ← بڕد را / رێ

ڕەنگە هەندێ جار ببێتە (ت) :-

گرتن← گر ← گررا ← گرترا / ئەگرترێ (گیرا / ئەگیرێ)

● غازی فاتح وەیس ، بە تەنیا زاراوەی [بڕگە][٢]ی بەرامبەر مۆرفیم بەکار هێناوە ، کە چی مۆرفیم ( الوحدة الدلالية / Morpheme و بڕگە ( المقطع Syllable) دوشتی ئاشکرا و جیاوازن وەك ، ئەڵێ : [مۆرفۆلۆژی ( Morphology) = دەستوورەکانی چۆنیەتی دروست کردنی بڕگە ئەگرێتەوە ][٣] .

نوسەر سنوری دەستنیشان کردنی مۆرفیم ئەبەزێنێ و مۆرفیمە - ڕێزمانیەکان دو جار ئەژمێرێ ، جارێك لە ئاستی وشەسازی و جارێك لە ئاستی ڕستەسازی ، ، بۆ نمونە لەم ڕستەیەدا (منالەکانیان خوارد ) ، (٩) مۆرفیم دەستنیشان ئەکا ، کەخۆی (٧) مۆرفیمە بەم جۆرە :[( منالْ + ەکە + ان + کۆ + نان + یان + کەسی سێیەمی کۆ + خوارد + رابردووی تەواو) . لێرەدا ژمارەی مۆرفیمەکانی ئەو ڕستەیە بوو بە نۆ مۆرفیم و لە نێو هەموویاندا (کۆ) + (کەسی سێیەمی کۆ) + (رابودووی تەواو)* هاوبەشیان هەیە لە سنووری سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا)[٤] .

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٧

(٢) غازی فاتح وەیس ، ١٩٨٢ ، ل . ١٠

(٣) غازی فاتح وەیس ، کانونی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل١٧

* مەبەستی نوسەر لە (رابوردوی تەواو) ڕابوردوی ئاسایی (ڕوت ، سادە) یە .

(٤) غازی فاتح وەیس ، تشرین دەومی ١٩٨٥ ، ل ١١

نوسەر لەو باوەڕەدایە [ وشە هەیە واتا نابەخشێ ][1] ، بەلاّم ئەمە لە ڕاستی دورە ، چونکە وشە دروست نابێ ئەگەر واتای ( فەرهەنگی یا نافەرهەنگی ) نەبێ . هەر وشەیەك وەکو دراو دو ڕوی هەیە : ڕویەکی هێمایە (دەنگەکان یا پیتەکانی وشە) و ڕویەکی واتایە (خودی شتەکە) ، کەواتە ئەگەر واتا نەبێ ، ئایا هێمایەکە بۆچی دانراوە؟ .

نوسەر دەربارەی مۆڕفیمیش ئەڵێ : ( ئەوپێناسەیە هەڵەیە کە ئەڵێ مۆڕفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە و پێناسەی راستی مۆرفیم بەم جۆرەیە : -

١- یان ئەبێ واتادار بێ .

٢- یان ئەبێ دەوری ڕێزمانی ببینێ .

٣- یان ئەبێ وشەی پێ دابڕێژرێ ][2] .

بەلاّم ئایا ئەگەر مۆڕفیم واتای نەبێ چۆن دەست نیشان ئەکرێ و چۆن ڕۆڵی ڕێزمانی ئەبینێ یان وشەی پێ دائەڕێژرێ ؟ .

هەروەها دەست نیشان کردنی واتا بەر ئاستی وشەسازی و دەست نیشان کردنی ئەرك بەر ئاستی ڕستەسازی ئەکەوێ .

● ك . ك . کوردۆیێق ، لە زۆر شوێندا باسی دو مۆرفیمی گرنگی کوردی ( و / ی ، ە ) ئەکا و جۆرەها ئەرك و ناویان بۆ ئەدۆزێتەوە؛ وەك : [ لە لێکدانی نیشانەی ناوی بکەر (ـی) لە گەڵ کاری یارمەتیدەری کەسی سێیەمی تاك بۆ کاتی ڕانەبردوو (ـە) :

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل١١

من كرییه ← كری + ە ، ئەوی ئانییه ← ئەوی ئانی + ە ..)[١] ، [لەنێوان ناوی كۆتایی هاتوو بە بزوێن و نیشانەی ناسیاری (-ە) : ئەم مامۆستایه ← مامۆستا + ە ..][٢] ، [ بەیەكگەیشتنی ناوی بكەری كاری رابردوو لەگەڵ كاری یارمەتی دەری كەسی سێیەمی تاك (-ە) : هاتووە وەیا هاتوویه ← هاتوو + ە ، زیندوویه - زیندوو + ە..][٣] .

بەڕای من مۆرفیمی (و) ، [لەهەندێ ناوچەدا ، وەكو باكور و موكری ... ئەبێتە (ی) ، واته (و ، ی) ئەلۆمۆرفی یەكترن] بە گشتی چەمكی (دوری) ئەگرێته خۆ و مۆرفیمی (ە) چەمكی (نزیكی) ئەگرێته خۆ . لە ئەنجامی هاوكاریان لەگەڵ مۆرفیمی تردا و بە پێی شوێنیان واتای تایبەتی و جۆراوجۆر دروست ئەكەن ، بۆ نمونه :

١ - (ئەو / و)[٤] : ڕاناوی كەسیه بۆ كەسێكی دور له من و تۆ.

٢ - (ئەوە ) : (دور + نزیك) ڕاناوی نیشانەیه بۆ شتێكی نزیك.

ئەگەر بەراوردی ئەو دو ڕستەیه بكەی هەست بە دوری یەكەم و نزیكی دوەم ئەكەی : ( ئەو هات / گەیشت ..) ، ( ئەوە هات /

---

(١) پرۆفیسۆر ك . ك . كوردۆییف ، ١٩٨٤ ، ل٥٤

(٢) هەمان سەرچاوه ، ل٥٥

(٣) هەمان سەرچاوه ، ل ٥٥ ، ٥٨

(٤) له هەندێ ناوچەی وەك ، باكوری ڕۆژهەڵاتی هەولێر ، له بری (تان) ڕاناوی (و) بەكاردێ

گەیشت ..) .

٣- ئەگەر (ە) بۆ نیشاندانی کات بە کار بێ ، چەمکی نزیکترین کات ئەبەخشێ ، کە کاتی ئێستایە ، وەك : پیاو بو / ڕابوردو ، پیاوە / ئێستا ، پیاو ئەبێ / ڕانەبوردو .

٤- ئەگەر (و) بۆ نیشاندانی کات بەکارهات ، چەمکی دوری کاتەکە (لە ئێستا دورتر ) دەرەبڕێ ، واتە : ڕابوردو :-

أ- ڕەگ + و / ی ← ڕابوردوی سادە

بـ +و / ی ← بو / بی

چـ +و / ی ← چو / چی

ب - ڕابوردوی سادە + و / ی ← ئاوەڵناوی کراو

مرد +و / ی ← مردو / مردی

هات +و/ی ← هاتو / هاتی

بو +و / ی ← بوو / بوی

٥ - (و) ئەبێتە نیشانە بۆ کارێك یا شتێکی دور تر و (ە) بۆ نزیکتر ، لەم بارەدا چەمکی بەیەکەوە بەستنی دو کارەکە یا شتەکان ئەدەن :- ئازاد وە نەوزاد ، هاتن وە ڕۆیشتن .

هەندێ جاریش پێویست بە درکاندنی (ە) ناکات ، چونکە یەکیان هەر دورتر ئەبێ لەدوەمیان :

ئازاد و نەوزاد ، هاتن و ڕۆیشتن .

٦- (ە) نیشانەی نزیکیە و هەمو شتێکی نزیکتر پتر ناسراوە ، بۆیە وەکو ، نیشانەی ناساندن بەکاردێ : ( کوڕە هات ...) ، بەڵام ئەم چەمکە بەهێزتر ئەبێ ، ئەگەر ئەو شتەی نزیك بوە ( واتا لە ناو

بیر و هۆشماندا تۆمار کراوە) دو بارە بێتەوە نزیک ( واتا جارێکی تر هەمان نزیکی دەربخەینەوە) ، هاوکێشەکە بەم جۆرە ئەبێ :-

شت + نزیکی (ناسراو)+ ك (ناوبڕ)+ نزیکی (ناسینەوە)← شتەکە

کوڕ + ە + ك + ە ← کوڕەکە

٧- هەندێ جار کارێك یا کەسێك لەنزیکی دور ئەکەوێتەوە و دیسان نزیك ئەبێتەوە ، لێرەدا چەمکی دوبارەیی ئەبەخشێ ،وەك :

کاری ڕابوردو + بکەر + ە/ نزیکی+ و/ دوریی + ە / نزیکی← دوبارە

هات + م + ە +و + ە ← هاتمەوە

کاری ڕانەبوردو+ بکەر + ە/ نزیکی + و /دوری +ە / نزیکی ← دوبارە

دیێ + م + ە +و + ە ← دیمەوە

٨- ( ی) مۆرفیمی کەس یا شتێکی دورە ( سێیەم) ، کاتێك ئەکەوێتە نێوان ناوێك و: ناوێك ، ڕاناوێك ، ئاوەڵناوێك ... ، چەمکی خاوەنێتی ئەبەخشێ ، لە هەندێکیان چەمکی خاوەنێتیەکە کاڵ ئەبێتەوە بۆ پەیوەندی :

کوڕ هی / ئی / ی ئازادە

کوڕ ی ئەوە

کوڕ ی چاك

ڕەنگە لەم بارەدا لە ئەنجامی نەدرکاندنی مۆرفیمی هەیی (ھ) تەنیا (ی) چەمکی خاوەنێتی دەربڕێ ، هەر ئەوەشە بوەتە ڕاناوی لکاوی خاوەنی بۆ کەسی سێیەم .

٩- لەئەنجامی نزیك کردنەوەی کۆتایی هەر وشەیەك (ناو ، کار) بە هۆی مۆرفیمی (ە) و بە دوادا هاتنی وشەیەکی تر ، چەمکی

بەیەکەوە بەستنەوەی هەردو وشەکە ئەبەخشیٚ ، وەك : کوڕە کورد شێرەسوار ، مێرگەسور ، یان لە کاردا وەك : هاتە ئێرە ، چوومە هەولێر ، ئەبێتە مامۆستا ... هتد . تەنانەت لەئامرازە پەیوەندیەکانی وەك : بـ + ە ← بە ، د + ە ← دە ، ل + ە ← لە، و + ە ← وە ... هەمان ڕۆڵ ئەگێڕیٚ.

. ١- لە ئەنجامی لیٚکدانی نیشانەی نزیکی (ە) کە ئەچێتە سەر ئامرازی پەیوەندی (ب ، د ، ل ، و ..) لە گەڵ (ی) دوری ، مۆرفیمێکی تری نویێ بە چەمکی گواستنەوە ، وەکو پردیٚك لە نزیك بۆ دور یاخود لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر دروست ئەکا : ( ە + ی ← یٚ) ، وەك :

من ( نزیك) (ب + مۆرفیمی نزیکی (ە)) تۆ (دور) ئەگەم

من (بە ) (ی + ت) ئەگەم

من (بەیت ← پێت ) ئەگەم

یان ئەگەم بە تۆ ← ئە گەم بەیت ← ئەگەم پێت ← ئەتگەمیٚ لەبەر بونی چەمکی گواستنەوە ئەتوانریٚ ( ئامرازی پەیوەندی ) ش هەڵگیریٚ .

● کوردستان موکریانی ، سنوری وشەسازی و ڕستەسازی تیٚکەڵ ئەکا و ئەڵیٚ : [ تایبەتێتی سینتاکسی ووشە وەنەبێت هەر لەنێوان ڕستەدا بەدیار بکەوێت ، بەڵکو لە نێو داڕشتنی لە رستە تە سکتریش دا هەر دەبێت ، کە ئەویش ووشەی لیٚکدراوە ، کە بە پێی یاسایەکی

ڕێزمانی دادەڕێژرێت و واتاش دەبەخشێت و لێرەدا دەتواندرێت بگوترێت ، کەوا ووشەی لێکدراویش وەکو ڕستە بەر جیهانی سینتاکسی دەکەوێت ][1] . لێرەدا نوسەر ئەوەی فەرامۆش کردوە کە - هەر زانستێك لە پێکهاتی کەرەستەکانی و پەیوەندی نێوانیان ئەکۆڵێتەوە - کاری وشەسازی لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکانی وشە ، مۆرفیم و پەیوەندی نێوانیانە و کاری ڕستەسازیش لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکانی ڕستە ( کار ، بکەر ، بەرکار ، ...) وپەیوەندی نێوانیانە ، واتە ڕۆڵ و ئەرکی ئەم وشانە لە ناو ڕستەدا دەست نیشان ئەکا ، لاریش لەوەدا نیە کە ڕستە هەیە لە شێوەی وشەدایە ، وەك (دەیانبینم) ، بەلام ئەم فۆرمە لە وشەسازیدا ناوی وشەیە و پێکهاتوە لە ( پێشگر ، ڕاناوی لکاو ، کار و ڕاناوی لکاو ) ، بەلام لە ڕستەسازیدا ناوی ڕستەیە و پێکهاتوە لە (مۆرفیمی کاتی ئێستا ، بەرکار ، کارێکی ڕانەبوردو ، بکەر ) ، بە شێوەیەکی گشتیش بونی کار مەرجێکی سەرەکیە لەم فۆرمەدا . بەلام وشە لێکدراوەکانی تر کە نوسەر باسیان ئەکا بەر ئاستی ڕستەسازی ناکەون ، وەك ئەڵێ :

[ سینتاکسی ووشەی لێکدراو تایبەتێتیی دانە ووشەیەك و ڕێککەوتنی لەگەڵ ووشەی دیدا بە دیار دەخات و دەستورێکیش بۆ لێکدانیان دادەنێت ، ئەم دەستورە لە ژێر ڕکێفی نیشانەی ڕێزمانی دا وەکو بەشێکی ئاخاوتن سنووردار دەبێت . لەم بارەدا توانای ووشەی

(١) د . کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦ ، ل٥

لێکدراوی چەشنی (بەفری سپی ) بە هۆی تایبەتێتی ڕێزمانێوە داڕێژراوە و بەر ووشەی لێکدراوی نێوی دەکەوێت..)[١] . ئەگەرچی نامەی دکتۆراکەی[٢] نوسەر بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەم جۆرە پەیوەندیانەیە ، بەلاٚم لە شوێنی تریشدا پێی لەسەر ئەم ڕایە دائەگرێ و ئەم جۆرە فۆڕمانە بە ڕستە دائەنێ و ئەڵێ : [ ووشەی لێکدراوی دیارخەری ( خانووی بەتاڵ) بەهۆی هێزەوە دەتواندرێت دوو جۆرە رستەی سادەی لێ دابڕێژرێت ، بێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێك و جێ گۆرگێك بە ووشە کان بکرێت ( خانووی بەتاڵ !) لێرەدا سەرسورمان و هەی هۆلانی پێکهێنا . ( خانووی بەتاڵ؟) رستەی پرسیارکردنی رۆهێنا ][٣] . ، ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە ڕستانە لەخۆیانەوە بەم شێوەیە دروست نابن ، بەڵکو ئەبێ دوای ڕستەیەکی تر هاتبن ، کە لە (خانووی بەتاڵ )دوا بێ و لە دواییدا ، کار و بکەرەکە چونکە ناویان هێنراوە ، ئەشێ دوبارە نەکرێنەوە و لە ئاستی ژێرەوەدا زانیاریمان دەربارەیان هەیە و بەشداری ڕستەکە ئەکەن . جگە لەمەش ئاوازە ڕۆڵی سەرەکی تر ئەبینێ لە هێز ، بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی هەواڵی ، پرسیاری و سەرسوڕمان .

نوسەر ڕستە دابەش ئەکاتە سەر دو جۆر : (أ - رستەی ئەرێ . ب - رستەی نەرێ ..)[٤] ، بە ڕای من ڕستەی ئەرێ و نەرێ لە ئارادا نیە ، تەنیا ئەو وشانەی مۆرفیمی ناکردنیان لەپێشە،ناکراون ،

(١) هەمان سەرچاوە ، ل٦

(٢) کوردستان عەبدولڕەحمان لەتیف ، ١٩٧٦

(٣) د . کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦ ، ل٣٩

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤

تەنانەت لە کاردا تەنیا ڕەگی کارەکە ناکراوە و کاریگەری ناکردنەکە ناچێتە سەر مۆرفیمەکانی تر .

بە ڕای نوسەر ئەشێ ئاوەڵناو ببێتە بەرکار ، کە ئەمەش شتێکی نەشیاوە ، وەك ئەڵێ : (لەوانەیە بەرکار برێتی بێت لە ئاوەڵنێو نە هەر نێو و جێنێو ، وەك (لالە جلەکانی تەڕ کرد) لێرەدا (تەڕ) سەبارەت بە بەشەکانی ئاخافتن ئاوەڵنێوە ، بەلاّم لەم ڕستەیەدا دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆی گێڕاوە)[1] . بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانرێ بەرکار بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر بکرێ ، بەلاّم هەرگیز ئاوەڵناو بە ڕاناوی لکاو جێگیر ناکرێ . نوسەر پێ لەسەر ئەم ڕایەی دائەگرێ و ئەڵێ : (ئاوەڵنێو وەکو نێو و جێ نێو و چاوگە دەوری بەرکار دەگێڕێت لە ڕستەدا ... شوێنی ئەو بەرکارەی ، کە برێتیە لە ئاوەڵنێو هەمیشە دەکەوێتە پێش گوزارەوە و لە دۆخی ڕاستەوخۆش دا دەبێت)[2] .

● محەمەد ئەمین هەورامانی ، بە ڕاشکاوی دان بە بونی ناوگردا ئەنێ ، لەگەڵ ئەوەشدا زمانەوانەکانمان دان بە بون و نەبونیدا نانێن ، بەلاّم ناوبراو بە هەڵە چوە لە دەست نیشان کردنی مۆرفیمی ناوگر ، ئەڵێ : (مۆرفیمی ناوبەند (Infixes) ، .. دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشی (فرمانی لێکدراوە) وە)[3] ، بەلاّم ناوگر ئەو مورفیمە بەندەیە کە ڕەگی کار ئەسمێ ، وەك : ناردن ← ن ( ا / ێ)ر ، پیتی (ا) لە بنجدا نیشانەی کاتی ڕابوردوە ، (ئێستاش لە

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٩ .
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٥
(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ١٩٧٣ ، ل ١٢٤

دیالێکتی باکوردا ئەم ڕۆڵەی هەرماوە) ، ئەگەرچی ئێستا (د) جێگەی گرتۆتەوە (لە دیالێکتی ناوەڕاستدا) ، بەڵام لە داهاتودا مۆرفیمی (یٚ) بەکار دێ :

ژماردن ← ژمـ (١ / یٚ) ر

بژاردن ← بژ (١ / یٚ) ر

شاردنەوە ← شـ (١ / یٚ) ر ... ەوە

سپاردن ← سپـ (١ / یٚ) ر

نوسەر لە دابەش کردنی مۆرفیمە بەندەکان جگە لە (پێشگر ، ناوگر و پاشگر) دو جۆری تریشی دەست نیشان کردوە : [ ٤ - گۆڕان، ٥ - هێز ][1] ، دەربارەی مۆرفیمی (بەندی گۆڕان) ئەڵێ : (لەم جێگایانەی خوارەوەدا دەردەکەون : أ - گۆڕانی هەندێ (پێش بەند) بە (پێش بەندی) تر ،لە زارێکەوە بۆ یەکێکی کە ، بەبێ گۆڕانی مانا . ب - یان بە گۆڕانی (پاش بەندێ) لە زارێکا ، بە (پێش بەندێ) لە زارێکی تردا لەگەڵ مانەوەیان لەسەر یەك (واتـا) جـ - یان بە فرێ دانی دەنگێ یا زیاتر لە دەنگێ)[2] .

لە ڕاستیدا ئەمانە مۆرفیمی نوێ ، یان بەشێکی تر نین لە مۆرفیمە بەندەکان ، بەڵکو ئەمانە شێوەی جیا جیای مۆرفیمن کە بە ئەلۆمۆرف (Allomorphe) ناو ئەبرێن . هەمان شتیش ڕاستە دەربارەی بەشی پێنجەم[3] ، واتە مۆرفیمی (بەندی هێز

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٢

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٥ - ١٢٦

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٦

(Superfixes))[١] له ئارادا نیه ، بەڵکو ئەو گۆڕانکاریە دەنگیەیە کە ئەخرێتە سەر ئەو مۆرفیمەی مەبەستمانە و ئەمانەوێ پێی لە سەر دابگرین .

نوسەر فریزی ناوی بە بەشی سەرەکی ڕستە دائەنێ و فریزی کاری بە تەواوکەری ڕستە : (هەموو ، ڕستەیەکی نووسراو ، دوو بەشە ، هەروەك لە پێشەوە وتمان ! بەشی یەکەمیان وشەیەك یاخود شتێکی سەرەیە وە بە شتێکی سەرەکی ئەژمێررێت لە رستەکەدا ، بەڵام بەشی دووەم بریتی یە لە هەواڵدەر یاخود تەواوکەری بەشی یەکەم)[٢] ، کە بەڕای من بۆچونەکە پێچەوانەیە و کار بەشی سەرەکی ڕستەیە و هەرکارێك ڕستەیەکە و ڕستە بێ کار نابێ (لە ئاستی سەرەوەدا دەرکەوێ یا دەرنەکەوێ) ، لای من ، ڕستە : بریتیە لە کار و پێویستیەکانی .پێویستیەکانی کاریش دو جۆرن ، یەکەم : پێویستی سەرەکی . دوەم : پێویستی لاوەکی . پێویستی سەرەکی بۆ کاری تێنەپەڕ : بکەر یان بەرکارە ، بۆ تێپەڕ ، بکەر و بەرکارن . هەمو بەشەکانی دی ڕۆڵی دەرخستن ئەبینن و پێویستی لاوەکین .

● محەمەد مەعروف فەتاح ، وتارێکی زانستیانەی دەربارەی ڕاناوە کەسیە لکاوەکان بەگشتی و ڕاناوەکانی خاوەنی بەتایبەتی نوسیوە و لە چەند خاڵێکدا سەرنجمان جیایە :

١ - (یَ ، یَت ، ئا ، ئات)[٣] ڕاناوی کەسی سێیەم نین ، (یَ) مۆرفیمی کاتی داهاتوە و پیتی (ت) ناوبڕە لە نێوان بزوێنەکانی کۆتایی ڕەگ (یَ ، ١ ...) و پیتە بزوێنی (ە)ی ئامرازی پەیوەندی

---

(١) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ١٩٨١ ، ل ١٧٥

(٢) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ٩٧٣ ، ل ١٣٤

(٣) محەمەد مەعروف فەتاح ، .١٩٨ ، ل ١٧٤

، (ئەکاتە ، ئەبێتە ، ئەخواتەوە ، ئەچێتەوە ...) ، (١)ش درێژکراوەی (ە)ی کۆتایی ڕەگەکانە . بەڵگەش ئەوەیە ئەتوانرێ (ت) لاببرێ بێ ئەوەی واتا بگۆڕێ .

٢ - نوسەر ئەڵێ : (نارێکی یەکە تەنیا لە کەسی سێیەمدا دیارە، چونکە نازانین (ی) لە چی یەوە هاتووە)[١] ، ڕەنگە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بکرێ ، بگەینە ئەوەی (ئەو / و) لە کوردی و (هو) لە عەرەبی و (Who) لە ئینگلیزی ، هەروەها (هی / ئی / ی) لە کوردی و (هي) لە عەرەبی و (He) لە ئینگلیزی ، هەموویان بچنەوە سەر بنجێك و پێکهاتەکانی ئەویشە لە کوردیدا بەکار دێن: بۆ نیشانە وەك (ئەوە ، ئەیە ، ئەوجا، ئینجا ...)و بۆ خاوەنێتی (هی، ئی ، یا یێ ، ئێ ..) و پەیوەندی ( - ی - ) و بۆ ئاوەڵناوی کراو (هەستاو / هەستای ، سوتاو / سوتای ، مردو / مردی ، کەوتو / کەوتی ...) .

٣ - نوسەر ئەڵێ : ڕاناوەکانی خاوەنی (هەندێ جار هەر بۆ دەربڕینی خۆیەتی بە کردارەوە دەلکێن)[٢] ، ئەم ڕاناوانە لە بنجدا بە کارەوە نالکێن و تا بۆیان بلوێ بە هەر بەشێکی تری ڕستەوە ئەلکێن تەنیا کار نەبێ ، بۆ نمونە لە کاتی ڕانەبوردو و ڕابوردوی بەردەوامیدا، بە مۆرفیمی کاتی ئێستاوە ئەلکێن (ئەتانکوژین ، ئەتانکوشتین ...)، لە ڕابوردوی سادەشدا لە بنجدا بەم شێوەیە بوە (کوشتمتان ، کوشتیتیان ...) بەڵام لەبەر ئاسانی دەربڕین و جیایی

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٤

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل١٧٥

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٥

هەردو لیستەکە و تێکەڵ نەبونیان ، شیاوە بە پێچەوانەش بەکاربێن (کوشتتانم ، کوشتیانی ...) . ئاڵ وگۆڕ کردنیان واتا ناگۆڕێ ، نەگۆڕانی واتاش ئەگەڕێتەوە بۆ دو هۆ :

یەکەم : ئەم ڕاناوانە (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) هەردەم بۆ خاوەنێن ، هەر کاتێك توانیان خاوەنێتی بەرکار بگۆڕن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، ئەوا ئەبنە بکەری ڕستە و دەستەکەی تر (م ، ی ، ∅ ، ین، ن ، ن) ئەبنە بەرکار :

(سێوەکانمان ئەخۆن / ئەیانخۆن) : هێشتا خاوەنێتی سێوەکانیان نەگۆڕیوە بۆ خۆیان .

(سێوەکانمان خواردتان / خواردنتان) : لێرەدا خاوەنێتی سێوەکانیان گۆڕی بۆ خۆیان .

لێرەدا چونکە (تان) خاوەنێتی سێوەکانی بۆ خۆی گۆڕی ، کەواتە خاوەنی بەرکارەکەیە و خاوەنی گۆڕینەکەشە ، ئیتر پێش و پاش کردنی واتا ناگۆڕێ : (خواردنتان / خواردتانن) .

دوەم : لیستی دوەمی ڕاناوە کەسیەکان (ڕاناوەکانی ڕێککەوتن) هەرگیز ڕۆڵی خاوەنێتی نابینن ، - تەنیا کەسی یەکەمی تاك (م) لە هەردو لیستدا وەك یەکە - ، بەڵام نوسەر کەسی دوەمی تاکیشی - ت -[1] وەك یەك داناوە . بۆیە ئەگەر بکەر نەبن بەرکارن و هەردەم بە کارەوە ئەلکێن ، هەر لەبەر ئەوە ئەبینین ئەم جێ گۆڕکێیە ڕوئەدا : سێوەکانتان خواردین ، سێوەکانیان خواردی .

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٤

نوسەر دەربارەی ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ئەڵێ : (لەگەڵ کرداری ڕانەبوردوو و کرداری ڕابوردووی تێنەپەڕدا دەبنە نیشانەی بکەر)[١]، بە ڕای من لەگەڵ تێنەپەڕی بکەری ئەبنە بکەر ، وەك نمونەکانی خۆی: ڕۆیشتم ، ڕۆیشتی ، ڕۆیشتن . بەلاّم لەگەڵ تێنەپەڕی بەرکاری ئەبنە بەرکار ، وەك : سوتام ، ئەسوتێم ، شکا ، ئەشکێ ، خنکای، ئەخنکێی ... هتد .

● مەسعود محەمەد ، ژیربێژیانە بۆ ڕاناوەکان چوە و بە قوڵی باسی ڕاناوە لکاوەکانی کردوە و بە بەشی هەرە سەرەکی داناون ، ئەڵێ : (دەوجا کە بەشێکی ئاخاوتن ئەوەبێ ڕستەی واتاداری تەواو بێ ئەو پێك نەیێ ، چۆن ڕەوایە تێکەڵ بە شتی تر بکرێ کە دەگونجێ هەبێ و نەبێ لە ڕستەدا ؟)[٢] ، وەك ئەوەی لە یاد چوبێ ، کە ئەم ڕاناوانە نوێنەری ئەو شتانەن (بکەر ، بەرکار ...) کە دەرەکەون یان دەرناکەون .

نوسەر چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە دەربارەی گۆڕانی (بە ، لە ، دە، وە) بۆ (پێ ، لێ ، تێ ، وێ) ، کاتێك بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەبێتە ڕاناوی لکاو (لە دارا فکریم ← تێ فکریم ، لە برزوو دوام ← لێ دوام)[٣] ، بەلاّم تەنیا باسی (لە) ئەکا و وای بۆ ئەچێ کە هەر چواریان (پێ ، لێ ، تێ ، وێ) لەمەوە پەیدا ئەبن و ڕونی نەکردۆتەوە کە گۆڕانکاریەکە بەم شێوەیە :

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٥

(٢) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٤ ، ل ٢١ - ٢٢

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٧١

| | | |
|---|---|---|
| به دارەكەدا هەڵگەڕام | دە دارا فكريم | لە برزوو دوام |
| بەی دا هەڵگـــــەڕام | دەی فكريــم | لـــە ی دوام |
| بێدا هــەڵگـــــەڕام | دێ فكريــم | لـــێ دوام |
| پێدا هـــــەڵگـــەڕام ↓ | تێ فكريــم ↓ | |

وە ئازادم دا ← وە ئەوم دا ← وەيم دا ← وێمدا .

نوسەر وردكارانە بۆ ئەوە چوە كە لە كاردا دو ڕەگەز هەيە ، (كات و ڕودان) ، دوايی ئەڵێ : (هەرچی فيعلی جيهان هەيە بيانهێنەوە بە نموونەی دەمەتەقە ، تاكێكيان بێ ئەم دوو رەگەزە نيە و ئيمكانيش نيە هەبێ)[1] ، بەلاّم ڕونی نەكردۆتەوە ئەو وشانەی تەنيا بەشێك لەم دو ڕەگەزەی تيادا دەرەكەوێ ، چييان پێ بلێين ؟ يان ئەمانە چين ؟ وەك دەركەوتنی ڕەگی كاری (بو) كە ئەبێتە (بـ) ، يان دەرنەكەوتنی ئەم ڕەگە و دەركەوتنی (ە)ی مۆرفيمی كاتی ئێستا لە هەندێ فۆڕمدا بە تەنيا . وەك ، لە نموونەكەی خۆيدا (دارا مەردە) .

نوسەر زۆر وردبينانە بۆ ئەوە چوە [لە رستەی وەك (منداڵەكە نە دەچێتە مەكتەب و نە دەبێتە شاگرديش لای دارتاش) . لەم رستەيەدا هەردوو فيعلی (دەچێ و دەبێ) فيعلی «مضارع»ن ، كەچی نەچوون، نەبوونەكە لێرە بە پێشەوە مەعلووم كراوە و ڕووداوی تێپەڕيون][2] ، بەلاّم هۆيەكەی داوەتە پاڵ (حاڵ و ڕێكەوت) ، كەچی بيری بۆ ئەوە نەچوە هۆی بڕيارەكە ئەگەڕێتەوە بۆ فۆڕمی (نە) ، چونكە پێكهاتوە لە (ن)ی مۆرفيمی نەرێ لە گەڵ (ە)ی مۆرفيمی كاتی ئێستا ، كە پێ لەسەر ئەوە دائەگرێ ، كە ئێستا كارەكە ڕونادا .هەمان چەمكی

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١١

(٢) هەرمان سەرچاوە ، ل ١١٧

بە پێچەوانەیی لە ڕستەی دواییدا لێی تێك چوە (هەر کەسێ زا بە ناعەلاجی مرد)[1] ، کارەکان ڕابوردون ، بەلاّم فۆڕمی (نا)ش ڕابوردوە و پێك هاتوە لە (ن)ی مۆڕفیمی نەرێ و (ا)ی مۆڕفیمی ڕابوردو و بڕیاری ناکردنەکە زو دراوە .

نوسەر (دە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا ، لە ڕانەبوردو جیا ئەکاتەوە لە هەمان مۆڕفیم لە ڕابوردوی بەردەوامدا ، ئەڵێ : [لە رابردووی بەردەوامدا چونکە کارەکە ئایندە نییە و رابردوە ، نیشانەکەی (دە) سروشتی خۆی دۆڕاندوە و لەوە دەرچوە نیشانەی ئایندە بێ][2] .

نوسەر بۆ ئەوە نەچوە کە کرداری تێپەڕاندن ، بریتیە لە گۆڕینی چاوگە نائەلفیەکان بۆ ئەلفی و خستنەسەری نونێکی تری چاوگ و ئەم (د)ی (اندن)ە لە ئەنجامی بە دوای یەکدا هاتنی دو (ن)ی وەك یەك هاتوە . لێرەدا هەرچەندە (ا) بە مۆڕفیمی ڕابوردو و (ێ) بە مۆڕفیمی داهاتو دانانێ ، بەڵکو بە پاشگریان دائەنێ ، بەلاّم دەری خستوە کە (ا) لە داهاتودا ئەبێتە (ێ)[3] .

نوسەر ئەگەرچی دان بەوەدا نانێ هەندێ جار پاشگری (وە) واتای دوبارە کردنەوە ئەدا ، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەڵێ : (دووبارە کردنەوەیێکی پێچەوانەیی فیعلی یەکەم ڕادەگەیەنێت ، لە هەمووانیشدا ئەگەر فیعلی یەکەم نەبێت هی دوەم نابێت : چووم و هاتمەوە ، کەوتم و هەڵستامەوە)[4] ، لێرەدا پێویستە بڵێین ئەو

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٨

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٨

(٣) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٦ ، ل ٣٧

(٤) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٧ ، ل ١٥٢

نمونانەی نوسەر کردویەتیە بەڵگە ، هەمویان پێچەوانەی یەکترن کە لە دواییدا هەمان ئەنجام دەرەچێ ، کە ئەو لاری لیٚ ئەکا .

• نوری عەلی ئەمین ، بەم جۆرە پێناسەی کار ئەکا . (ئەو ، وشەیەیە کە دەلالەت لەسەر کارێك ئەکا ، کە لە تافێکا رووی دابیٚ)[1] ، چەند خاڵێك دەربارەی ئەم پێناسەی نوسەر تێبینی ئەکریٚ:

١ - کار بە کار پێناسە ئەکا و بە ڕای من چەمکی کار ئەگەڕێتەوە بۆ تاقە مۆرفیمێك کە ڕەگی کارە ، نەك بۆ هەمو وشەکە.

٢ - چەمکی کاتیش ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمێك یان پتر لە ناو فۆرمەکەدا .

٣ - جگە لە چەمکی کار و کات لەم وشانەدا ئەتوانریٚ کەسێك[٭] یان پتر دەست نیشان بکریٚ (ڕاناوی لکاو) ، کە بکەر یان بەرکار یان هەردوکیان دیارەکا .

٤ - ئەم جۆرە فۆڕمانە لە ئاستی وشەسازیدا (وشە)ن و لە ئاستی ڕستەسازیدا (ڕستە)ن ، هەرچەندە بە ڕای نوسەر ڕستەی یەك وشەیی نیە : (ڕست : ئەو ئاخاوتنەیە کە لە دوو ووشە یا پتر پەیدا ئەبی و مەبەستێك ئەدا بە دەستەوە)[2] و جۆری وشەکانیش دەست نیشان ناکا ، چونکە لای ئەو بونی کار لە ڕستەدا مەرج نیە : (ڕستی ناتەواو : ئـەو رستەیە کـە مەعنایەکی تـــەواو نابەخشیٚ ، وەك : أ - کاڵەك هاوین .... ب - ئازاری باڵندە...)[3] .

---

(١) نوری علی أمین ، ١٩٥٦ ، ل ١ ، ١٤

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١١

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل١٢

(٭) جگە لە ڕابوردوی تێنەپەڕ کە بەرکار دەرکەویٚ .

نوسەر دەربارەی ڕابوردوی تەواو ئەڵێ : (فرمانی ڕابوردووی نقلی ئەو فرمانەیە کە لە فرمانی رابوردوی شهودی وەرئەگیرێ ، بە دانانی پیتی (وە) لە دواییەکەیەوە . وە دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکا کە فرمانەکە لە ڕابوردوویەکی نە زۆر دوور و نە زۆر نزیکدا ڕوی داوە)[١] ، بەڵام ئەم فۆرمە لە (ئاوەڵناوی کراو) و (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دروست ئەکرێ ، دور و نزیکی کاتە ڕابوردوەکەش دیار نیە ، چونکە ئاوەڵناوی کراو پێك دێ لە (ڕابوردوی سادە + و) ئەم (و)ەش هێمایەکی نادیارە بۆ خاوەنی ئاوەڵناوەکە (هەڵگری ڕوخسارەکە) ، کەواتە چەمکی ڕابوردو ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمی ڕابوردو لە کاری ڕابوردوی سادە ، چەمکی ئێستاش ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمی (ە) ، سەرەنجام واتای ئەوە ئەدا کە ڕوداوەکە لە ڕابوردو بەسەر هەڵگرەکەدا هاتوە و تا ئێستا بەردەوامە . ئەم (ە)یە ناگەڕێتەوە بۆ : (صیغەی مفردی غائب)[٢] ، یان (پیتی (ە) کە نیشانەی ناوی فاعلیە)[٣] ، یان (فرمانی یاریدەدەری (ە)ی بوون لە شێوەی کەسی سێیەمدا)[٤] .

نوسەر کاری (بو) بە (فرمانی (بوو)ی یاریدەدەر)[٥] دائەنێ ، کەچی کاری بو لە هەمو بارێکدا یاریدەدەر نیە ، تەنیا لەو دۆخانەدا نەبێ کە کارێکی سەرەکی لە ڕستەدا هەیە و (بو) تەنیا چەمکی ڕابوردو ئەبەخشێ .

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٣

(٤) نوری عەلی ئەمین . ئاداری ١٩٨٦ ، ل . ٢٣

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٨

هەروەها ئەڵێ : (ڕەگی دەمی ئێستای فرمانی بوونی یاریدەدەر (ب)ە)[١] ، کە لە ڕاستیدا هەمو کارێك تەنیا یەك ڕەگی هەیە و ڕەگی کاری (بویش (ب)ە ، یان دەرەکەوێ ، یان دەرناکەوێ . جگە لەمە نوسەر لەو باوەڕەدایە کە مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا (فرمانی (ە)ی یاریدەدەر)[٢] ە .

● نەسرین محەمەد فەخری ، جگە لەوە کە (اندن) بە پاشگری تێپەڕاندن دائەنێ ، چاوگی دەنگە سروشتیەکانیش جیا ئەکاتەوە و بە تێنەپەڕیان دائەنێ ، (ئەوەی پێویستە لێرەدا بیزانین تێکەڵ نەکردنی ناوی دەنگە سروشتی یەکانە ، یان بە پێچەوانە ئەو چاوگانەی کە (ئاندن) کردوونی بە تێنەپەڕ - وەك چاوگ و فرمان ، کە ئەمانە سروشتی یان وایە - بۆیە دەبن بە تێنەپەڕ)[٣] . لە بنەڕەتدا (اندن) تێنەپەڕ ناکا بە تێپەڕ ، بەڵکو هەر دەنگێك ڕۆڵێکی تایبەتی خۆی هەیە :

١ - دەنگی (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و مۆرفیمێکە ئەخرێتە سەر (چاوگە نائەلفیەکان و ئەو چاوگانەی لە ناوی دەنگ ، ئاوەڵناو ... دروست ئەکرێن) ، ئەیانکاتە چاوگی ئەلفی .

٢ - دەنگی (ن) ، نونێکی کۆی بێ لایەنە و مۆرفیمی دروست کردنی چاوگە و بەشداری ئەکا لە دروست کردنی چاوگێکی تێنەپەڕ لە فۆرمەکانی خاڵی یەکەم .

٣ - دەنگی (د) مۆرفیم نیە ، بەڵکو پێویستیەکی دەنگسازی (ناوبڕە) و هەردو (ن)ەکە لە یەك جیا ئەکاتەوە و لەبەر گرانی

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٦

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٤٢

(٣) دوکتۆر نەسرین فەخری ، ١٩٧٣ ، ل٩١

دەربڕین نەبێ ئەشێ لاببرێ .

(٤) دەنگی (ن)ی دوەم هەمان مۆرفیمی دروست کردنی چاوگە ، بەڵام (ن)ی یەکەم چاوگی تێنەپەڕی دروست کرد و (ن)ی دوەم ئەم چاوگە تێنەپەڕە ئەکاتە تێپەڕ . هۆیەکەشی ئەوەیە زۆربەی چاوگە ئەلفیە تێنەپەڕەکان بەرکار وەرئەگرن و بکەر وەرناگرن ، بۆیە (ن)ی یەکەم شوێنی بەرکار دابین ئەکا ، بەڵام (ن)ی دوەم شوێنی بکەر دابین ئەکا .

تەق / تەقە ← تەقین / تەقیم ← تەقان / تەقام ← تەقان (د)ن / تەقان (د)م . بەڵام ئەتوانین دو جیاوازی گرنگ لە نێوان تێپەڕ و تێنەپەڕ دەست نیشان بکەین :

(١) تێپەڕەکان پێویستیان بە دو هاوکاری (پێویستی) سەرەکیە (بکەر و بەرکار) ، ئەرکی ڕاناوەکانی خاوەنیش (م ، ت ، ی ، مان، تان ، یان) پەیوەست کردنی بکەر و بەرکارە ، بۆیە هەردەم ئەم ڕاناوانە بە بەرکاری ئەم کارانەوە ئەلکێن ، بەڵام ئەگەر بەرکار دەرنەکەوت بە مۆرفیمی (سفر / ∅ )ەوە ئەلکێن کە ڕۆڵی بەرکار ئەبینێ :

من زۆرم خوارد / خوارد ∅ م . خواردنێکم خوارد .

من زۆرم چریکان (د) / چریکان (د) م چریکەیەکم چریکان (د)

تۆ زۆرت ناڵان (د) / ناڵان (د) ت . ناڵەیەکت ناڵان (د) .

ئەو زۆری هاڕان (د) / هاڕان (د) ی . هاڕەیەکی هاڕان (د) .

(٢) لە تێپەڕدا هاوکاری یەکەم (بکەر) بە زۆری بە بەشێك لە لەشی بەشداری ئەکا (دەست ، چاو ، گوێ ، پێ ، لوت ، دەم...)

واته هەمو (تەن)ەکە بەشداری ڕاپەڕاندنی کارەکە ناکا ، بەڵام هاوکاری دوەم (بەرکار) بە زۆری هەمو -تەن-ەکە بەگشتی تێکڕا بەشداری ئەنجامدانی کارەکە ئەکا.

لە کاری تێنەپەڕدا هاوکارەکەی (بکەر بێ یا بەرکار) هەمو تەنەکە بەگشتی بەشداری ئەنجامدانی کارەکە ئەکا ، بۆ نمونە :

| ڕستە | جۆری کارەکە | بکەر | بەرکار |
|---|---|---|---|
| نان ئەخۆم | تێپەڕ | دەم | نان |
| ئازادت بینی | تێپەڕ | چاو | ئازاد |
| زۆری قیژان (د) | تێپەڕ | دەم | زۆر |
| ئێمە هاتین | تێنەپەڕی بکەری | ئێمە | – |
| ئێوە نوستن | تێنەپەڕی بکەری | ئێوە | – |
| ئەوان ئەچن | تێنەپەڕی بکەری | ئەوان | – |
| من کەوتم | تێنەپەڕی بەرکاری | – | من |
| تۆ سوتای | تێنەپەڕی بەرکاری | – | تۆ |
| ئەو مرد | تێنەپەڕی بەرکاری | – | ئەو |

لێرەدا جیاوازی نێوان تێپەڕی دەنگە سروشتیەکان و ئەوانی تر ئەوەیە ، کە بەرکاری ئەم کارانە ، یان دەرناکەوێ ، چونکە ناوی بەرکارەکە لە ڕەگەکەدایە ، یان ئەبێتە ڕستەیەك و شوێنی ئاسایی خۆی ئەگۆڕێ و ئەکەوێتە دوای کارەکە :

من (وتەیەکم) وت . وتم ، ....

تۆ (قیژەیەکت) قیژان (د) قیژان (د) ت ، ...

باڵندە (چریکە) ئەچریکێنێ . ئەچریکێنێ ، ...

بەلاٌم ئەگەر دەنگەکە سروشتی نەبیٚ و بە دەم دروست نەکریٚ ، ئەوا وەك تیٚپەڕیٚکی ئاسایی ڕەفتار ئەکا : (منداڵەکە تۆپیٚکی تەقان/ تەقانی . میٚزەکەم خشان / خشانم) گۆڕینی بەرکارەکەش لە خودی ڕەگەکە خۆی ، بۆتە هۆی ئەوەی چاوگەکە جگە لە واتای دەنگە سروشتیەکە واتای نویٚ وەربگریٚ .

نوسەر بە پیٚی جۆری ڕاناوە لکاوەکان ، جاریٚك چاوگی (بون / هەبون) بە تیٚنەپەڕ و جاریٚك بە تیٚپەڕی دائەنیٚ : [(لە یەکەم دا – (هەبوون – وجود) فرمانەکە تیٚنەپەڕە و بەڵگەش واتا و وەرگرتنی کۆمەڵی یەکەمە لە ڕاناوە لکاوەکان (م – یت – یە – ین – ن – ن). لە دووەم دا (هەبوون – وجود) – تیٚپەڕە و ڕاناوی کۆمەڵی دوەم وەردەگریٚت – لە هەردوو شیٚوەکەی دا – (م – ت – ی – مان – تان – یان)] [(١)] ، بەر لە هەمو شتیٚك (یە) ڕاناوی لکاوی کەسی سیٚیەمی تاك نیە ، ئەم ڕاناوە دەرناکەویٚ و مۆڕفیمی (سفر / ∅)ە، دەنگی (ی) ناوبرە ، لە نیٚوان دو دەنگە بزویٚنی (هەیە)دا .

دەنگی (ە) ، مۆڕفیمی کاتی ئیٚستایە ، لەم کارەشدا (هە) مۆڕفیمیٚکی پیٚشگرە و چەمکی (ئەریٚ / اثبات) ئەدا و ئەبیٚتە پەناگەیەك بۆ ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی ، چونکە ئەم ڕاناوانە لە بنەڕەتدا بە ڕەگی کارەوە نالکیٚن .

دەربارەی (بوون)یش لە بنچینەدا چاوگیٚکی تیٚنەپەڕی بەرکاریە ، وەك (سوتان ، کەوتن ، مردن ...) چونکە هاوکارەکەی هیچ توانا و ویست و دەسەلاٌتی بەسەر کارەکەدا نیە و ئەبیٚتە بەرکار ، نەك بکەر،

---

(١) د. نەسرین فەخری ، ١٩٩٢ ، ل ١٧٢

(من سوتام / ئەسوتێم . کەوتم / ئەکەوم ، مردم / ئەمرم ، بووم / ئەبم) . بەڵام جیاوازی (بون) لەگەڵ ئەوانی دی ئەوەیە ، کە ڕەگی کاری -بو - (ب) زۆر گشتیە و پێویستی بە دەرخەرێك هەیە دیاری بخات و چەمکی کارەکە تایبەت بکا بە جۆرە ڕوداوێکەوە :

[من (لەدایك) / (خوێندکار) / (لاواز) / (نوست) / (نوسی) / (هە / نە) / ... بوم] لێرەدا جۆری ڕەگەکە بە پێی ئەو کارە ئەگۆڕێ کە ئەبێتە دەرخەری و وەکو ئەو ڕەفتار ئەکا ، بەڵام کاتێ دەرخەری لەگەڵدا نەبێ ڕەگێکی تینەپەڕی بەرکاریە و ڕەفتاری ئاسایی خۆی ئەکا ، (من بوم) و لێرەدا (من) بەرکارە نەك بکەر ، چونکە دەسەڵاتم بەسەر ئەم (بون)ەدا نەبوە ئەم بەرکارەش وەکو هەر بەرکارێك ئەشێ خاوەندار بێ و ببێتە فرێزی ناوی :

خنکا

سوتا

دایك و باوکەکە کوڕێکیان        بو

کوژرا

مرد

لە هەمو ڕستەکاندا (کوڕ)ەکە بەرکارە ، بەڵام لە سێ ڕستەی یەکەمدا بکەر هێمای نیە و لە چوارەمدا (ر) هێمای بکەرێکی نادیارە و لە هەمویاندا (دایك و باوکەکە) خاوەنێتی ئەنوێنن ، بەڵام لە ڕستەی (دایك و باوکەکە کوڕێکیان کوشت / گرت ....) دا ، (دایك و باوکەکە) جگە لە خاوەنێتی ئەبنە بکەری ڕستەکەش ، چونکە کارەکە بە خواستی خۆیان ئەنجام دراوە .

• وريا عومەر ئەمین ، لە سەرەتادا ڕای وابو کە ، (کاری تێنەپەڕ کارێکە بەرکار وەرناگرێ)[١] ، بەڵام لە دواییدا ڕایەکەی پێچەوانە ئەبێتەوە و ئەڵێ : (تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە)[٢] ، لە ڕاستیدا کارە تێنەپەڕەکان دو جۆرن : (بکەری) و (بەرکاری) . یەکەمیان : ئەو کارانەن کە فرێزە ناویەکەیان ڕۆڵی کردن و ڕاپەڕاندنی کارەکە ئەبینێ و ئەرکەکەی خۆویست و ئەنقەستە و ئەتوانێ نەیکا ، وەك : چون ، هاتن ، نوستن ، ڕاکردن ، دانیشتن،... دوەمیان : ئەو کارانەن کە فرێزە ناویەکەیان ڕۆڵی بەرکاری ئەگێڕن و کاریگەری و دەرەنجامی کارەکەیان ئەکەوێتە سەر، وەك ، زۆربەی چاوگە تێنەپەڕە (١)ییەکان : شکان ، ڕژان ، دڕان ، پسان ، سوتان ، خنکان ..و مردن ، کەوتن ... بە زۆریش فرێزی ناوی لە ئەنجامی جۆری یەکەم سودمەند و لە دوەمدا زیانمەند ئەبێ .

بەڵام جیاوازی تێنەپەڕ و بکەرنادیار لە دو خاڵدا دەرەکەوێ :

١ - بکەرنادیار لە کاری تێپەڕەوە دروست ئەکرێ ، واتە ؛ بکەر و بەرکاری هەبوە و کردارەکە بەسەر بکەردا دێ و لە جێگەی دیار کردنی، هێمایەکی بۆ دائەنرێ و مۆرفیمی (ر) چەمکی بکەرەکە دەرەخا. بەڵام لە تێنەپەڕی بەرکاریدا هیچ هێمایەك و چەمکێك بۆ بکەر نیە .

٢ - لە بکەر نادیاردا یەکسەر بیرت بۆ بکەرەکە (ناسراو / نەناسراو) ئەچێ ، بەڵام لە تێنەپەڕی بەرکاریدا بیرت بۆ بکەرەکە

---

(١) Waria omar Amin , 1976, P12

(٢) وریا عمر امین ، ئەیلولی ١٩٨٥ ، ل ١٩٦


ناچیٚ ، بەڵکو بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ یاخود (ئامێر / وسیلة) ئەچیٚ، وەك .

پوشەکە سوتێنرا . (یەکێك ....)

پوشەکە سوتا (ئاگر ...) .

بۆ پاسادان و لە سەنگ دانی ئەم جۆرە تێنەپەڕانە ، وا باشترە لەگەڵ کەسەکان تاقیان بکەینەوە ، نەك لەگەڵ ناوە بیٚ گیانەکان ، چونکە بیٚ گیان هەڵوێستی خۆکردی تێدا نیە و بە زۆری هەر ڕۆڵی بەرکاری لیٚ ڕەچاو ئەکریٚ .

نوسەر ئەڵیٚ : (ڕەگەکان لە جۆری مۆڕفیمی (سەربەست)ن ، مۆرفیم و جۆرەکانی لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە)[١] .




بە ڕای من ڕەگی کاریش مۆڕفیمی بەندە ، بەلاّم ئەفێکس نیە و مۆڕفیمێکی تەوەرەییە ، مۆڕفیمە (ئیشتیقاقیەکان)یش ئەفێکسن . بەلاّم ڕێزمانیەکان مەرج نیە هەمویان ئەفێکس بن .

هەروەها بەڕای ئەو ، ناوگر لە زمانی کوردیدا نیە : (ناوگر ئەو ئەفێکسەیە کە لە ناو ڕەگدا دەرئەکەویٚ لە زمانی کوردیدا ئەمجۆرە ئەفێکسە نی یە)[٢] . ناوگر لە زمانی کوردیشدا هەیە ، وەك مۆڕفیمی (یٚ) بۆ کاتی داهاتو . بۆنمونە :

ڕشتم ← ئەڕێژم

بژاردم ← ئەبژێرم

---

(١) وریا عمر امین ، تشرینی دوەمی ١٩٨٢، ل ٨٩

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٨ .

نــــاردم ← ئەنێرم

ناشـــــتم ← ئەنێژم

داشـــــتم ← ئەدێرم

هاڕیـــــم ← ئەهێڕم

شاردمەوە ← ئەشێرمەوە

ژمـــاردم ← ئەژمێرم

لە ڕاستیدا ئەگەر مۆرفیمێکی تر بۆ هەمان کات هاتە ئارا ، هیچ لە کاتەکە ناگۆڕێ ، چونکە هەردوکیان هەمان ڕۆڵ ئەبینن بۆ نمونە : مۆرفیمی (١) چەمکی کاتی ڕابوردو ئەبەخشێ و هاتنی هەر مۆرفیمێکی تری ڕابوردو (د / ت / ی / ...) لەگەڵ هەمان ڕەگدا هیچ لە کاتەکە ناگۆڕێ . هەروەها لە کەسی سێیەمی تاکدا ، چونکە ڕاناوی لکاو (سفر/∅ )ە و لە کاتی ڕانەبوردودا دەرناکەوێ، (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو لە هەمو کارێکدا دروست ئەبێ ، بێ ئەوەی هەڵوێست بگۆڕێ لەم کارانەی سەرەوەدا .

لە هەمان کاتدا نوسەر ، دان بە بونی دو ڕەگی کاردا ئەنێ : (دوو ڕەگی جیاوار بۆ فرمان دەست نیشان کراون ئەوانەن کە پێیان ئەووترێ (ڕەگی کاتی داهاتوو) و (ڕەگی کاتی ڕابردوو))[١] ، (ڕێزمانی کوردی پەیوەندیی مۆرفۆلوجی نێوان ڕەگی ڕابردوو و داهاتووی دەست نیشان نەکردووە ، واتا ئەو یاسایانەی نەخستۆتە ڕوو کە بە هۆیانەوە ڕەگی داهاتووی فرمان وەردەگیرێ)[٢] لە بنەڕەتدا

---

(١) د . وریا عمر امین، شوباتی ، ١٩٨٤ ، ل ٧٨

(٢) وریا عمر امین ، ئاداری ، ١٩٨٦ ، ل ٢٥٨

- کار- تەنیا یەك ڕەگی هەیە (نەڕابوردو ، نەداهاتو)ە ، بەلاّم بە پێی مۆڕفیمەکانی کات تافەکەی ئەگۆڕێ . مۆڕفیمەکانی کاتیش سێ جۆرن : بۆ ڕابوردو هەمو ئەو پیتانەی کە ناونراوان بە نیشانەی چاوگ (پیتەکانی پێش نونی چاوگ) ، کە ژمارەیان پێنجە (ا ، ت، د ، ی، و ) . مۆڕفیمەکانی کاتی ئێستا: ( ∅ ، ە) ن و کاتێ هیچ نیشانەیەکی کات نەبێ کاتی ئێستایە ، بەلاّم لە کەسی سێیەمدا چونکە ڕاناوەکە (سفر /∅)ە دەرناکەوێ ، لە جێی ئەو (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ بۆ کاتی داهاتوش: دو مۆڕفیم هەیە (ێ ، ∅ ) ، لە کەسی سێیەمدا چونکە ڕاناوی لکاو دەرناکەوێ مۆڕفیمی کات (ێ) دەرەکەوێ ، بەلاّم لەکەسەکانی تر ڕاناوی لکاو هەیە و مۆڕفیمی کاتی داهاتو دەرناکەوێ و (سفر / ∅) ە .

کاتی ڕانەبوردوش پێـك دێ : لە کاتی ئێستا لە گەڵ کاتی داهاتو . وەك :

| ڕابوردو | ڕانەبوردو | |
|---|---|---|
| | ئێستا | داهاتو |
| سوتا ، کێلاّ ، شکا | خوێندکار ∅ م | ئەسوتێم |
| هات ، کەوت ، گرت | مامۆستا ∅ ی | ئەکەو ∅ ی |
| مرد ، برد ، خوارد | کرێکار ە ∅ | ئەمرێ ∅ |
| نوسی ، دڕی ، خزی | هەژار ∅ ین | ئەخز ∅ ین |
| بو ، چو | کورد ∅ ن | ئەبـ ∅ ن |
| | مەرد ∅ ن | ئەخۆ ∅ ن |

جیاوازیش له نێوان مۆرفیمی (سفر / ∅ ) بۆ کاتی ئێستا و بۆ کاتی داهاتو ئەوەیە:له ئێستادا هیچ مۆرفیمێکی کات دەرناکەوێ[١] .
بەلاّم له ڕانەبوردودا کاتی ئێستا (ە) هەیە و دوەم ئەبێتە(∅) داهاتو کەواتە تەنیا یەك ڕەگی کار هەیە ، بەلاّم ڕەنگە هەندێ جار ڕەگی کار گۆڕانی بە سەردا هاتبێ و ئەلۆمۆرفی تری بۆ پەیدا بوبێ ، لە هۆیە گرنگەکانی ئەم گۆڕانەش .

١ - هۆی دەنگسازی :

کوشتن ← کوش ← کوژ

خواستن ← خواس ← خواز

٢ - هۆی مێژویی و دیالێکتەکان :

خواردن (خوەردن)← خوەر← خۆر← خۆ

شوەردن (شۆردن / شۆرین / شوشتن ← شوەر / شوش ←

شۆر ← شۆ

دەربارەی بکەرنادیاریش ئەڵێ : (ڕەگی داهاتووی فرمانەکە وەرئەگیرێت و گەر کاتەکە رابوردوو بوو (را)ی وەك پاشگرێ ئەخرێتە سەر ، گەر کاتەکە داهاتوو بوو (رێ))[٢] . لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ کە ڕەگی کار وەرەگیرێ ، نەك ڕەگی داهاتو ، ئجا ئەم ڕەگە ، ئەشێ مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو یا ڕانەبوردوی پێوەبێ ، چونکە لە بکەر نادیاردا مۆرفیمی (ێ) ، چەمکی کاتی داهاتو و مۆرفیمی (١) چەمکی کاتی ڕابوردو ئەبەخشن ، وەك :

---

(١) تەنیا لەکەسی سێیەمدانەبێ
(١) دکتۆر وریا عمر امین ، ئاب و ئەیلولی ١٩٧٢، ل ٣٤

نارد - نێر ئەنار (د) رێ/ئەنێر (د) رێ، ئەنار(د) را/ ئەنێر (د)را
کوشت - کوژ ئەکوشترێ / ئەکوژرێ ، ئەکوشترا / ئەکوژرا
خوارد - خۆ ئەخواردرێ / ئەخورێ ، ئەخواردرا / ئەخورا

لە هەمان کات پیتی (ر) جێگەی بکەر ئەگرێتەوە ، وەك مۆرفیمێکی گشتی نادیار ، نەك بەرکار ، وەك نوسەر ئەڵێ : (بەرکار دێتە خوار و جێ ی بکەر ئەگرێ)[1] ، چونکە بەرکار هەر بەرکارە و گۆڕانی بەسەردا نایێ .

نوسەر چەندین وتاری بۆ ڕاناوە لکاوەکان تەرخان کردوە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسیان ئەکا و هەنگاوێکی باشی بەرەو پێشەوە ناوە و زۆر لە ڕاستیەکانی دەست نیشان کردوە . بە شێوەیەکی گشتی هەمویان هەمان کرۆکیان هەیە و چەند سەرنجێك ئەیانگرێتەوە :

یەکەم : دەربارەی کەسی سێیەمی تاك ( ∅ ، ێت ، ات) ، لە لیستی دوەمدا ، تەنیا مۆرفیمی (∅) ڕاناوە و ئەوانی تر ڕاناو نین ، چونکە :

أ - دەنگی (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتوە ، وەك (ئەنوێ ، ئەدوێ...).

ب - دەنگی (١) لە بنجدا دەنگی (ە) یە ، وەك : ( دکە (ت) ، دبە (ت) ، دخوە (ت) ... ) .

لەکوردی باکور وکوردی ناوەڕاستدا بە پێویستی دەنگسازی درێژکراوەتەو و بوە بە (دەکا(ت) ، دەبا (ت) ، دەخوا(ت)[2] ..).

---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٤

(٢) (ۆ)ی ئەم جوزە ڕەگانە لە بنجدا (و + ە) یان (ە + و ) بوە ، وەك : خوەردن ، شوەردن ڕەوتن ..

جـ - دەنگی (ت) لە کەسی دوەم و سێیەمی تاکدا لە لیستی دوەم (ڕێککەوتن)ی ڕاناوە لکاوەکان ، دەنگێکی ڕاناو نیە و ناوبڕە و ماوەتەوە ، ئەم دەنگە لە نێوان بزوێنەکانی دواوەی کار و دەنگی بزوێنی (ە) دێ ، کە بە زۆری ڕۆڵی پەیوەندی (بەستن) ئەبینێ . وەك : ئەکاتە ، ئەبێتە ، ئەخواتەوە ، بردویەتی ، کردومەتە ، ئەچێتە، ئەشواتەوە . بویتە ، چویتەوە ، ئەبیتە ، ئەخۆیتەوە ... ئەم دەنگە لە هەندێ باردا دەرناکەوێ ، وەك : (چو ، هات ، ئەنوێ ، ئەبم ..) دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی هیچ لە واتا ناگۆڕێ ، کەواتە هیچ ڕۆڵێکی نیە و مۆرفیم و ڕاناو نیە .

دوەم : ڕاناوەکان دو جۆرن ، جۆرێکیان ڕۆڵی (ڕێککەوتن) ئەبینن کە ئەمانەن (م ، ی ، ∅ ، ین ، ن ، ن) جۆرەکەی تر ڕۆڵی (خاوەنی) ئەبینن ، لە دیالێکتی ژورودا ڕاناوی جیان (من ، تە ، وی / ێ ، مە ، وە ، وان) و لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ڕاناوی لکاون (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) .

سێیەم : لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا[1] ڕاناوەکانی خاوەنێتی دەرناکەون، چونکە بکەر و بەرکار (واتە شت و خاوەن) بە یەکەوە نایەن - واتە نابنە مۆرفیمی بە کار لکاو . بەڵام لە تێپەڕدا دەرەکەون و پەیوەندی خاوەنێتی لە نێوان بکەر و بەرکار دەرەخەن ، بۆ نمونە :

(ئێمە (سێوەکەی ئێوە) ئەخۆین / سێوەکەتان ئەخۆین) ، لەم ڕستەیەدا کارەکەی ڕانەبوردوە ، واتە هێشتا هیچ شتێك ڕوی نەداوە

(١) تەنیا کاری بو بە پێی دەرخەرەکەی ئەگۆڕێ

(ئێمە سێوەکەمان نەخواردوە) ، لە بەر ئەوە هێشتا (ئێوە) خاوەنی (سێوەکە)ن و وتراوە (سێوەکەتان) . بەڵام (ین) ڕۆڵی ڕێککەوتن ئەبینیٚ لەگەڵ بکەردا (ئێمە) .

کەچی لە ڕستەی (ئێمە (سێوەکەی ئێوە) مان خوارد) دا ، ئێمە بوینە خاوەنی (سێوەکە) و کەوتە ژێر دەسەلاتی ئێمە و (ئێمە) لەگەڵ ئەوەشدا کە بکەری ڕستەکەین ، بوین بە خاوەنی (بەرکار)یش کە فرێزێکی ناویە (سێوەکەی ئێوە) . ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی لە ڕانەبوردودا ڕۆڵی بەرکاری و لە ڕابوردودا ڕۆڵی بکەری ببینن .

چوارەم : ڕاناوەکانی خاوەنی ، تا بۆیان بلویٚ بەو شتانەوە ئەلکێن کە ئەبنە خاوەنیان (سێوەکەی ئێوە / سێوەکەتان) ، کاتێك (ئێمە) بوین بە خاوەنی بەرکار - فرێزی (سێوەکەتان) - ، ڕستەکە ئەبێتە (سێوەکەتانمان خوارد) ، ئەگەر بەرکار (سێوەکەتان) نەما ، بەو ڕاناوە ئەلکێن کە ڕۆڵی ئەو ئەبینن - (خوارد ∅ مان) ، بۆ نمونە ئەگەر (سێوەکان) کۆ بن ، ئەبێتە (خواردنمان) ، واتە ، ڕاناوەکانی ڕێککەوتن بە ڕەگی کارەوە ئەلکێن و ڕاناوەکانی خاوەنی تا بۆیان بلویٚ بە ڕەگی کارەوە نالکێن . بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دو کۆمەڵەیە دیار و جیاوازن ، هەندیٚ جار بەپێی ئاسانی دەربرین ، بەپێچەوانەی ئەم دەستورە یان بە هەردو دەستورەکە لە دەمکاتی ڕابوردودا ئەبێژرێن ، بیٚ ئەوەی کار لە واتا بکا ، وەك : (خواردنمان / خواردمانن ، ناسیمتان / ناسیتانم ، خواردمیان / خواردیانم ..) بەپێی ئەوەی ڕاناوەکانی ڕێککەوتن لە بنەڕەتدا بە ڕەگی کارەوە ئەلکێن و ڕاناوەکانی خاوەنی دوا بە دوای ئەوان دێن ، هەندیٚ جار

بۆ ئاسانی دەربڕین هەردوکیان لە جۆری خاوەنی ئەبێژرێن ، وەك (ناسیینی← ناسیمانی ، بینینی ← بینیمانی) .

بەلاّم- بەپێچەوانەی ڕای نوسەر - دو ڕاناوی ڕێککەوتن بە دوای یەکدا نایەن (ناردنیت[١] ، ناردنین)[٢] . هەر ئەم هۆیەشە ، واتە لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕاناوەکانی خاوەنی تەنیا بەو وشانەوە (ناو ، ڕاناو...) ئەلکێن کە ئەبنە خاوەنیان و بە بەشەکانی تری ناو ڕستەوە نالکێن ، بۆیە لە کاتێکدا بە ناچاری بە ئامرازەکانی پەیوەندیەوە لکان ، دەنگێکی (ی) ئەخەنە نێوان خۆیان و ئامرازەکە و لە ئەنجامی لێکدانی لە گەڵ دەنگی (ە)ی کۆتایی ئامرازەکە ئەبێتە (یٚ)[٣] :

لە منـــی دا ← لـــە یمی دا ← لێمی دا

بە تـــۆی دا ← بەیتـــی دا← پێتی دا

دە ئەوی کرد ← دەی ی کرد ← تێی کرد

ناوبراو : هێز لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا گەمارۆ ئەدا و ئەڵێ (هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجی یە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ)[٤] ، لە ڕاستیدا هێز نەك هەر ئاستی مۆرفۆلۆجی ، هەمو ئاستەکان ئەگرێتەوە . بەر لە هەمو شتێـك چونکە (هێز بریتیە لە گۆڕانکاریەکی دەنگی ، ئەخرێتە سەر ئەو مۆرفیمەی مەبەستە)[٥] ئاستی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و واتاسازیش

(١) د . وریا عمر امین ، ١٩٨٣ ، ل ٢٦٦
(٢) وریا عمر امین ، ١٩٨٦ ، (٢) ، ل٢٢
(٣) د . وریا عمر امین ، ١٩٨٦ ، ل٨٨
(٤) پرۆفیسۆر وریا عمر امین ، ١٩٩٤ ، ل١٣-١٤
(٥) بڕوانە - بەشی دوەم ، بەندی چوارەم .

ئەگرێتەوە ، چونکە ، ئەگەر هەر لە ئاستی مۆرفۆلۆجی گەمارۆی بدەین ئەوە تەنیا ڕۆڵی دیارکردنی مۆرفیمەکانی ئەکەوێتە ئەستۆ و هەمیشە ئەکەوێتە سەر دوا بزوێنی مۆرفیمەکە. بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا ڕۆڵی یەکجار زۆرترە چونکە داکۆکی لە سەر ئەو مۆرفیمانە ئەکا، کە ئەمانەوێ پێیان لەسەر دابگرین و لەڕستەدا دەریان بخەین و بیانکەین بە تەوەرەی مەبەست . هەڵبەتە لە هەموشیان چەمك و واتا ئەگۆڕێ و ئەچێتە ئاستی واتاسازی .

نوسەر (هێز وەك نیشانەی کات)[1] دائەنێ ، بەڵام لە ڕاستیدا هێز نیشانەی کات نیە ، بەڵکو نیشانەی داکۆکی (تأكيد) کردنە لەسەر ئەو مۆرفیمەی ئەکەوێتە سەری ، چونکە نیشانەی کات ، واتە (مۆرفیمی کات) هەروەك نوسەر خۆی بە نیشانە[2] ناویان ئەبا ، هەرگیز ناشێ هێز مۆرفیم بێ ، چونکە فرەواتا ئەبێ ، لە نمونەکەیدا (درەختەکە سەوز بوو) ، ئەگە هێز کەوتە سەر (سەوز) داکۆکی لەسەر ئەکا و فشاری واتایی ڕستەکەی ئەکەوێتە سەر و سەرنج بۆ ئەو ڕەنگە ڕائەکێشێ و بە پێی دەمکاتی ڕستەکە (بو/ئەبێ / ە ..) گۆڕانەکە نیشان ئەدرێ . بەڵام کاتێ هێز ئەکەوێتە سەر کارەکە (بو) ، هێز داکۆکی لە ڕەگی کارەکە (بـ / ∅ ) ئەکا ، سەرنج بۆ واتای (هاتنە ئارایی ) چڕ ئەکاتەوە ، ئەم ڕەگەش گشتیە بە پێی دەرخەرەکەی واتای تایبەتی ئەبێ (سەوز / شین ...) و واتە : (هاتە ئارا) .

لە دیارکردنی (نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا)[3] مۆرفیمی


---

(١) پرۆفیسۆر وریا عمر امین ، ١٩٩٤ ، ل ١٥ .

(٢) وریا عمر امین ، ١٩٩١ ، ل ٨٨

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٨

کاتی ئێستای دەست نیشان نەکردوە و ڕانەبوردو و داهاتوی جیا نەکردۆتەوە.




| ڕابوردو | کاتی ئێستا | کاتی داهاتو |
|---|---|---|
| -١ ، و ، د ، ت ، ی | - ∅ / - ە | - ∅ / - یٚ (-) |
| سوتا ، ڕژا ، کێلاٚ | کورد ∅ م . (د) ە | چـ ∅ م |
| بو ، چو | کورد ∅ ی (د) ە | کێلٚ یٚ ∅ |
| مەرد ، کرد ، برد | کورد ە ∅ . (د) ە | نـ یٚ ر م |

## بەندی دوەم – هەڵسەنگاندنی گشتی :

١ – ئەگەرچی کار لە کوردیدا یان دارێژراو یان لێکدراوە ، زۆربەی زمانەوانان[١] لەو باوەڕەدان (کاری سادە) هەیە .

٢ – کار لە کوردیدا یەك ڕەگی هەیە بەڵام هەمو زمانەوانان دو ڕەگ بۆ کار دەست نیشان ئەکەن : (ڕابوردو و ڕانەبوردو) .

٣ – مۆرفیمی (ر) کاری بکەر نادیار و ناوی بکەر دروست ئەکا ، بەڵام زمانەوانان چەندین فۆرمی تریان دەست نیشان کردوە ، وەك : (را ، ریٚ ، ەر) .

٤ – مۆرفیمی (و)[٢] ئاوەڵناوی کراو دروست ئەکا ، بەڵام

---

(١) جگە لە محەمەد مەعروف فەتاح

(٢) لە هەندێ ناوچەدا ئەبێتە (ی)

زمانەوانان کوت ومت دەست نیشانیان نەکردوە ، یان کردویانە بە ناوی بکەر (اسم فاعل) یان ناوی بەرکار (اسم مفعول) .

٥ - هیچ زمانەوانێك هەمو مۆرفیەکانی کاتی (ڕابوردو ، ئێستا ، داهاتو و ڕانەبوردو)ی بە وردی دەست نیشان نەکردوە .

٦ - تێپەڕاندن بە هۆی پترکردنی (ن) ێکی تری چاوگە ، کەچی هەمو زمانەوانان (اندن)یان بە ئامرازی تێپەڕاندن داناوە .

٧ - مۆرفیمی (ب) ڕەگی کاری (بو )ە ، بەلاّم زمانەوانان بیریان بۆ ئەمە نەچوە و تەنیا ڕۆڵەکەیان دەست نیشان کردوە ، کە بە نیشانەی فەرمانیان داناوە .

٨ - هەرچەندە کاری تێنەپەڕ دو جۆرە (تێنەپەری بکەری)و (تێنەپەری بەرکاری) ، بەلاّم هەمو نوسەران هەردو جۆرەکەیان تێکەڵ کردوە و بە تێنەپەری بکەریان داناوە .

٩ - هەندێ لە نوسەران کاری فەرمانیش بە دەمکاتێك دائەنێن .

# بەشی دوەم

## بەشی دووەم :

# سیستەمی مۆرفیمە ڕێزمانیەکان

- بەندی یەکەم : وشە
- بەندی دووەم : مۆرفیم
- بەندی سێیەم : ناوبڕ
- بەندی چوارەم : هێز

# (بەشی دوەم)

## بەندی یەکەم - وشە :

زمانەوانەکانی دێرین ، لــە زوەوە کەرەسەکانــی ئاخاوتنیان دەست نیشان کردوە و پۆلینیان کردون[١] . تا ئێستاش پۆلینەکەیان بە هەنگاوی سەرەکی دائەنرێ لەم ڕوەوە . وشە هێما بوە بۆ هەر شتێکی بەرجەستە یا واتایی لە ناو مێشکی قسەکەردا ، هەر شتێك لە مێشکدا نەبێ هێمای نیە ، ئەگەر لە ئاراشدا هەبێ .

وشە ، واتای پێکهاتێکی بەرجەستە یا واتایی بەخشیوە . بۆ نمونە (گوڵ) هێمای پێکهاتێك و (باخ) هێمای پێکهاتێك بون ، لە کاتێکدا ئەم دو وشانە لێك بدەین ، ئەبن بە (گوڵباخ) ، کە هێمایە بۆ پێکهاتێکی دی نوێ . کەواتە ، ئەمەش وشەیە وەکو ئەوانی دیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دو وشە پێك هاتوە ، ناویان ناوە : (وشەی لێکدراو) . بۆیە ، ئەو فۆرمانەی واتای بونێکی ناو مێشکیان نەگەیاندبێ ، بە وشە دانەنراون . (وشەی سادە) بچوکترین دانەی واتادار بوە لای زمانەوانە دێرینەکان ، کە ئێستا پێی ئەوترێ (مۆرفیمی سەربەست) . کەواتە ( وشە ، بچوکترین پێکهاتی سەربەخۆیە لەزماندا )[٢] .


ئەگەر وشەی سادە هێما بێ بۆ هەر بونێکی سەربەخۆی ناو مێشك، ئەوا هەر شتێك لە گەردوندا مرۆڤ هەستی پێ کردبێ ، بە دو لایەن (ڕو) دەست نیشان ئەکرێ : یەکێکیان - خودی شتەکە .

---

(١) د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٩ ، ل ٦ - ١٢

(٢) Bloom feld , 1933. p.178

دوەمیان - ئەو هێما دەنگیەی بۆی بەکار هاتوە . پەیوەندی نێوان هەردو لایەنەکەش پەیوەندیەکی ڕێکەوت و لە خۆوەیە (اعتباطي) :




هێما دەنگیەکەش مەرج نیە ، لە ڕوی پڕاکتیکەوە جێ بەجێ بکرێ و دەنگەکە دەربچێ . چونکە ئێمە ئەتوانین لە دەرونی خۆمان بدوێین ، یان هەڵبەستێك بهۆنینەوە ، بێ ئەوەی لێوەکانمان بجوڵێنین. دەرەنجام : هەمو کۆمەڵە پیتێك ، وشە نین ، تەنیا ئەوانە وشەن کە چەمکێك (واتایەك) دەرئەبڕن .


ئەگەر واتا ـ یان چەمك،نەبێ ، پێویست بە فۆرم ناکا و ئەمە نەبونی شتەکە ئەگەیەنێ ، بەڵام کە واتا هەبو ئەبێ هێماش هەبێ ، بە پێچەوانەش ڕاستە .. مەرج نیە ئەم هێمایەش - وەکو ئەڵێن[1] - قاڵبدار (شێوەدار) بێ ، واتە ؛ (دەنگ یا پیت)ی هەبێ . بۆ نمونە: هەندێ جار نەبونی هیچ هێمایەك ئەبێتە هێما بۆ واتاکە . وەك ، لە ڕاناوەکانی ڕێککەوتن بۆ کەسی سێیەمی تاك ڕو ئەدا .

زۆر وشە لە زماندا هەن ، هێما نین بۆ بونێکی بەرجەستە و سەلماندنی بونیان لە ڕوی زانستیەوە کارێکی ئاسان نیە ، (بۆ نمونە : هیچ شتێکی بنەڕەت و پتەو لە مێشکا نیە ، وشەکانی (زیرەك) و

(١) د . وریا عمر امین ، تشرینی دوەمی ١٩٨٢ ، ل ٨٦

(باش) هێمایان بۆ بکەن)[١] ، بەڵام هەمو وشەیەك هەر دەبێ هێما بێ بۆ واتایەك لە مێشکا - ئەم واتایە بونێکی بەرجەستە و ماددی بنوێنێ یان بونێکی واتایی - ڕەنگە هەندێ وشە هێما بن بۆ شتێك کە لە ئارادا نین ، وەك : (دیۆ و درنج) . یان سەلماندنی بونیان لە تواناندا نیە ، وەك : (فریشتە ، جنۆکە ، شەیتان ...) ، کەچی لە مێشکی مرۆڤدا وێنە و بونی بەرجەستەیان هەیە .

هەر وشەیەك سێ هۆ ئەگرێتە خۆ : هۆی یەکەم - هێما (Symbol)، کە بریتیە لە زنجیرە دەنگێکی تایبەتی ڕێکخراو - کە ڕەنگە هەندێ جار لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوێ - بۆ نمونە ، وەك وشەی (گوڵ) . هۆی دوەم - ئەو ناوەڕۆکە هۆشەکیەی کە لە بیری گوێگر ئامادە ئەبێ ، کاتێك وشەی (گوڵ) ئەبیسێ . ئەو ناوەڕۆکە هۆشەکیەش ڕەنگە وێنەیەکی دیدەیی بێ ، یان وێنەیەکی لەرزۆك و نەچەسپاو بێ، یان ڕەنگە هەر تەنیا کردارێکی پێکەوە بەستنی هۆشەکی بێ ، بە پێی دۆخێکی دیارکراو . ئەمەش پێی ئەوترێ (بیرۆکە - Thought) یان (بەستنی هۆشەکی Reference) . لە کۆتاییدا شتەکە خۆی بە پەیوەستێکی هۆشەکی بەشتێکی تر ئەبەسترێتەوە[٢] :




(١)جون لاینز ، ١٩٨٠ ، ص٤٤

(٢) ستیڤن أولمان ، ٩٧٣ ، ص٦٢ .

بەم پێیە لە نێوان وشە و چەمکدا پەیوەندیەکی ئاڵ وگۆڕ هەیە هەر یەکەیان ئەتوانی داوای ئەوەی تر بکا .

یەکێ لە کۆسپەکانی بابەتی وشە،(ئامراز)ەکانە و چەند پرسیارێك ئەهێننە ئارا . وەك :

ئەگەر (دار ، بەرد ، گوڵ ... هتد) وشە بن ، ئایا (لە ، بۆ ، بە، تێ ... هتد)ش وشەن یا شتێکی ترن ؟ .

ئەگەر وشەی سادە هێمایەك بێ بۆ شتێك ، ئەمانە هێمای چین ؟ ئەگەر بە وشە دانەنرێن ، بە چی دائەنرێن ؟

ئایا سنور و پێوانەی وشە چیە ؟

چەندین پرسیاری لەم شێوەیە ، پاڵی بە زمانەوانەکان ناوە ، هەوڵی پۆلین کردنی وشە بدەن ، وەك - دابەش کردنیان بۆ (وشەی تەواو - Full words) و (ئامراز Form words)[1] . ئەم ئامرازانە ئەو وردە فۆرمانە ئەگرێتەوە ، کە ئاماژە بۆ پێکهاتێکی هەست پێ کراوی زەق و ئاشکرا ناکەن . هەندێکیان وشەی (ڕون - شفاف) و وشەی (تارێك - معتم) یان دەست نیشان کردوە (وشەی ڕون ئەوەیە کە واتاکەی لە واتای پارچەکانی دەست نیشان ئەکرێ و ئەم کردارە لەگەڵ وشەی تاریکدا ناکرێ) ، لە زمانی کوردیدا وشەکان زۆربەی (ڕون)ن و وشەی تارێك دەگمەنە . وەك (ئەیانسوتێنن ← ئە - یان - سوت - ێ - ن - ین) .

وشە بەوە جیا ئەکرێتەوە کە ئەتوانێ سەربەخۆ واتا بدا و ڕەفتار بکا .

---

(١) أف . آر ، بالمر ، ١٩٨١ ، ص٤٤

ئەو فۆڕمانەی ناتوانن سەربەخۆ واتا بدەن ، وشە نین ، بەلاّم کە سەربەخۆ واتا نادەن ئەوە ناگەیێنیٚ کە واتایان نیە . هەر یەکە واتایەکی وردی تایبەتـی هەیـە ، لـە میانـی ڕۆلّ و شـوێنەکەی دەست نیشان ئەکریٚ . لەبەرئەوە ناوی جۆراجۆریان بۆ داناون : (ئامراز ، نیشانە ، گیرەك .... هتد) . ئەتوانین ئەمانەش بە ئاسانی لە وشە جیا بکەینەوە ، کاتێك بە ڕستەیەکی پرسیاری پاسادانیان بکەین ، ئەگەر لە وەلاّمدا تاقە فۆڕمێك توانی لە ئاستی سەرەوە دەرکەویٚ و هەمو بەشەکانی ڕستە لە ژێر خۆی مەلاّس بدا و لە ئاستی سەرەوە دەرنەکەون ، ئەو فۆڕمە وشەیە . ئەگەر نەیتوانی ئەوە وشە نیە[1] . وەك :

پ : چی بە سەر هات ؟ و : سوتا . ڕۆیشت . مرد . ڕایکرد..

پ : کیٚ سوتا ؟ و : ئازاد . خانو . کتێب . پوش..

پ : کەی سوتا ؟ و : ئەمرۆ . دوێنیٚ . پێرار . ئێستا ..

فۆڕمی (بۆ) ئەگەر ئامرازی پەیوەندی بیٚ ، بە وشە دانانریٚ ، چونکە ناتوانیٚ سەربەخۆ ڕەفتار بکا . بەلاّم ئەگەر بۆ پرس بەکار بیٚ (بۆ ؟) ئەبێتە وشە :

- زۆر ڕقم لێتە .

- بۆ ؟

زانینی هەر زمانێکیش بریتیە لە زانینی پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتای وشەکانی .

---

(١) تەنیا لە بارێکدا ئەتوانن کە پرسیارێکی تایبەتی دەربارەی خودی خۆیان بکەی ، وەك : لە (ئەچم)دا ، کامە پێشگرە ؟ . و : (ئە) .

پەیوەندی لە خۆوە (یان نەبونی پەیوەندیەکی ژیر بیژی) لە نیوان هێما و واتای وشە ، وای کردوە ، هەر نەتەوەیەك هێمایەکی جیاواز بۆ هەمان واتا دابنێ و ئەمەش بوەتە هۆی جیاوازی زمانەکان . بۆ نمونە : هێمای ئەو ماددە شلەیەی دەریا و ڕوبارەکانی پڕکردوە ، لە کوردیدا (ئاو)ە و لە عەرەبیدا (ماء)ە و لە ئینگلیزیدا (Water)ە و لە تورکیدا (سو / SU)ە و لە فارسیدا (اب)ە ... هتد .

لێرەدا ئەگەر هێمای (ئاو) چەمکێك ببەخشێ ، ئایا فۆڕمی (ئاوەکە ، ئاوەکانی ، ئاوەڕۆ ، ئاودێر .. هتد) هەمان چەمك ئەبەخشن ؟ ئەگەر هەمان چەمك نابەخشن ؟ ئایا پیتە زیادەکان چین ؟ :

ئاو (چەمکی شت) ← ئاوەکە (چەمکی شت + ناسراو) .

کەواتە : ئاوەکە - ئاو = ەکە (چەمکی ناسراو) .

ئیتر بەم پێیە ئەگەر بە وشەکانی تردا بچینە خوار ، ڕەنگە بتوانین چەندین چەمك دەست نیشان بکەین . بۆنمونە :

ئاوەڕۆ


ئاو     ە     ڕۆ

چەمکی شت   چەمکی بەستن   چەمکی ڕۆیشتن

وشەی (ئاوەڕۆ) ئەگەرچی بەرامبەر چەمکی - ڕۆیشتنی ئاو (مجری) - بەکار هاتوە ، بەڵام سێ چەمکی تری گرتۆتە خۆی . لێرەدا ، شتێك لە سێ شت پێك هاتوە (ش = ٣ ش) ، ئەمەش لەگەڵ یاسا و ژیربیژی ناگونجێ . نابێ وشەیەك پێك بێ لە سێ

وشەی وەکو خۆی ، (ئەو شتانەی یەکسان بن بە شتێك لە نێوان خۆشیان یەکسان ئەبن)[1] . کەواتە ، ئەم سێ فۆڕمە (ئاو ، ە ، ڕۆ)، تەنیا (ئاو) وشەیە ، چونکە بە پێی یاساکەی سنوری وشە ، پاسادان ئەکرێ و ئەتوانێ سەربەخۆ بە کار بێ . فۆڕمەکانی (ە ، ڕۆ) ئەگەرچی هەڵگری واتان بەڵام وشە نین ، چونکە ناتوانن سەربەخۆ ڕەفتار بکەن . ئەگەر وشە نەبن چین ؟ ئەشێ پێیان بوترێ : وردە واتا ، بچوکترین واتا ، یان وەکو زمانەوانیی هاوچەرخ ناویان بنێین (مۆڕفیم) . لێرەدا ئەگەر بەراوردێکی ئەم مۆڕفیمانە لەگەڵ وشەی ئاو بکەین ، ئەبینین ، وشەی (ئاو)یش واتایەکی وردە و لە خۆی بچوکتر ناکرێتەوە ، کەواتە ئەویش (مۆڕفیم)ە . لە ئەنجامدا دەرەکەوێ کە چەمکی (ئاوەڕۆ) چەمکێکی لێکدراوە لە سێ چەمکی وردو سادە .

ئەم دەرەنجامە لەگەڵ وشەیەکی وەك (ئەیانسوتێنم)دا بەراورد ئەکەین :




لەم وشەی سەرەوەدا توانرا (٧) مۆڕفیم (دانە واتای بچوك) دەست نیشان بکەین ، کە هیچیان وشەی سەربەخۆ نین ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێکیان هاوواتا (Allomorphe)ی سەربەخۆیان هەیە،

---

(١) نعوم چومسکی ، ١٩٨٥ ، ص٦٨

وەك (یان / ئەوان) ، (م / من) . لێرەدا ئایا وشەی (ئەیانسوتێنم) سادەیە ، داڕێژراوە یان لێکدراوە ؟ .

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەتوانین شیکارێکی ئەندازەیی بکەین ، وەك لەم هەنگاوانەی خوارەوەدا دەرئەکەوێ :

مۆرفیمی سەربەخۆ = وشەی سادە ...

لە بەر ئەوە : م = من، یان = ئەوان ، ئە = ئێستا ... لە ڕوی واتاوە لە ئاستی ناوەوە.

کەواتە :مۆرفیمی بەند = مۆرفیمی سەربەخۆ...لە ئاستی ناوەوە..بە خستنە بری یەکتر :

وشەی لێکدراو = وشەی سادە + وشەی سادە + ....

= مۆرفیمی سەربەخۆ + مۆرفیمی سەربەخۆ + ....

= مۆرفیمی بەند + مۆرفیمی بەند + ....

دەرەنجام ئەگەینە ئەوەی ، کە وشەی داڕێژراو لە ئاستی ناوەوەدا[1] نیە و وشەکان یان سادەن یان لێکدراو ، واتە هەر وشەیەك لە چەمکێك یان پتر پێك دێ .

بەڵام لە ئاستی سەرەوەدا هەندێ جار فۆڕمەکە سەربەخۆ دەرناکەوێ و ئەبێ بەند بێ ، لە بەر ئەوە سێ جۆر وشەمان بۆ دروست ئەبێ :

سادە : مۆرفیمێکی سەربەخۆ .

داڕێژراو : پتر لە مۆرفیمێکی بەند ..

لێکدراو : دو مۆرفیمی سەربەخۆ یا پتر ..

---

(١) لەم بارەوا ئاستی ناوەوە ، هاوئاستی (واتاسازی) ئەبێ .

له ئەنجامی بەراورددا دەرەکەوێ هەندێ مۆرفیم هەن ، (وەك ئامرازەکانی پەیوەندی ...) له ڕوی فۆرمەوە سەربەخۆ به کار دێن ، بەلاّم له ڕوی واتاوە ، واتای سەربەخۆیان دەرناکەوێ ، له میانی ڕستەدا نەبێ . هەندێ مۆرفیمیش هەن (وەك ڕاناوەکانی خاوەنی) به پێچەوانە ، فۆرمی بەندیان هەیە و واتای سەربەخۆ ئەبەخشن :

پێنوسەکەم = پێنوسەکەی من .

ماڵەکەتـان = ماڵەکەی ئێوە .

کارەکانیان = کارەکانی ئەوان .

بۆ چارەسەری ئەم ئاڵۆزیانە ، وا باشترە وشە دابەش بکەین بۆ دو جۆر : وشەی سادە وشەی تێکەڵ (ناسادە)[1] . ئەمەش هیچ له ڕاستیەکان ناگۆڕێ و وردکردنەوەشی سودێکی ئەوتۆ نابەخشێ .

ئەگەر وشەی (ئەیانسوتێنم) له ئاستی وشەسازیدا لێك بدەینەوە: وشەیەکی تێکەڵە و پێك هاتوە له مۆرفیمەکانی (کاتی ئێستا + ئەوان + کاری سوتان + کاتی داهاتو + من) .

بەلاّم ئەگەر له ئاستی ڕستەسازیدا لێکی بدەینەوە : ڕستەیەکە پێك هاتوە له (بەرکار (ئەوان) + کارێکی ڕانەبوردوی تێپەڕێنراو (ئەسوتێن) + بکەر (من) ) ، واتە له ئاستی ڕستەسازیدا ئەم فۆرمە پێی ئەوترێ (ڕستە) بەلاّم له ئاستی وشەسازیدا پێی ئەوترێ (وشە)ی تێکەڵ .

ئەرکی وشەسازی دیارکردنی فۆرم (قالب)ەکان و واتاکانیانە ،

---

(١) لیژنەی (زمان و زانستەکانی) کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٥ ، ل ٤٠١ .

بەڵام ئەرکی ڕستەسازی دیارکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکانیانە . بۆیە وشە لە ڕوانگەی هەر ئاستێك جیاوازە و ڕەنگە هەندێ جار هەمان فۆرم لە ئاستی وشەسازیدا وشە بێ و لە ئاستی ڕستەسازیدا ڕستە بێ . کەواتە ، وشە : بریتیە لە هەر فۆرمێکی سەربەخۆ (سادە یا تێکەڵ) لە ئاستی وشەسازیدا .

زمانەوانیی هاوچەرخ توانی هەمو ناوەکانی (وشەی سادە ، ئامراز ، گیرەك ... هتد) لە زاراوەیەکی وەك (مۆرفیم - Morpheme) کۆ بکاتەوە ، کە وشەیەکی گریکیە و چەمکی فۆرم ئەدا[١] .

## بەندی دوەم : مۆرفیم :

زمان دیاردەیەکە ئەرکی سەرەکی گواستنەوەی بیر و واتاکانە لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی تر ، بە هۆی هێماکانەوە[٢] بیریش لەو شتانەیە کە ناژمێررێن (Uncounted) ، واتە یەکەیەکی پێوان (وحدة قیاس)ی نیە . بۆ ئەوەی بتوانین بیهێنینە ژێر باری لێکۆڵینەوە ئەبێ بە دوای وردترین کەرەستەکانیدا بگەڕێین ، بەڵام چونکە واتا لە کەرەستەش پێك نەهاتوە ، ئەبێ بە دوای ئەو کەرەستانەدا بگەڕێین کە هەڵگری واتان و وردەکانیان دەست نیشان بکەین . لە سەرەتادا لەو باوەڕەدا بون کە وشەی سادە وردترین کەرەستەی هەڵگری واتایە ،

---

(١) غازی فاتح وەیس ، تشرینی دووەمی ٩٨٥ ، ل١١

(٢) فردیناند دی سوسیر ، ١٩٨٥ ، ل . ٤

بەلاّم دوای بەراورد و لێکۆڵینەوە دەرکەوت ، هەندێ وشە پتر لە واتایەك ئەگەیەنن ، وەك : ئەگەر وشەی (سەر) واتایەك بدا ، ئەوا لە فۆرمی (سەرناکەوین)دا ، ئەتوانین ئەم واتایانە دەربخەین :

(سەر (ناو) + نـ (نەرێ) + ا (ڕابوردو) + کەو (کار) + ین (ئێمە) + ئێستا + داهاتو) کەواتە (٧) واتا لەم فۆرمەدا هەیە . ئنجا ئەگەر فۆرمی (سەرناکەوین) بە وشە دابنێین ، چونکە فۆرمێکی سەربەخۆیە لە ئاستی وشەسازیدا ، ئەی پارچەکانی ، کە هەریەکە واتایەك ئەدا بە چی دابنێین ؟ هێمای (مۆرفیم) بۆ ئەم واتا بچوکانە هەڵبژێرا ، کەواتە : (ژمارەی مۆرفیمەکان تەریبە لەگەڵ ژمارەی وردە واتاکان)[1] . واتە : (مۆرفیم ، بچوکترین دانەی واتاداری زمانە)[2] . بەم جۆرە ئەو فۆرمانەی سادەترین چەمك و کورتترین واتا دەرئەبڕن ، کەرت ناکرێن و لە خۆیان بچوکتر ناکرێنەوە ، کران بە یەکە بۆ پێوان و جیا کردنەوەی واتاکان . بە هەر یەکێك لەم فۆرمانەی هەڵگری بچوکترین واتا ، ئەڵێین : (مۆرفیم) . لێرەدا فۆرمی (دار ، بەرد ، ئاو ، سەر ...) ئەمانەش بچوکترین واتا هەڵئەگرن و لە خۆیان بچوکتر ناکرێنەوە ، کەواتە : مۆرفیمن . بەلاّم لە هەمات کاتدا وشەی سادەشن ، دەرەنجام : هەمو وشەیەکی سادە

---

(١) د . میشال زکریا ، ١٩٨٣، ص . ٢٠

(٢) Bloom field , 1933, P 178

مۆرفیمە ، بەڵام هەمو مۆرفیمێك وشە نیە و ئەتوانرێ (بە بچوکترین یەکەی ئەرك دابنرێ لە رۆنانی وشەدا)[١] .

دۆزینەوەی مۆرفیم دەسکەوتێکی گەورە بو بۆ زمان ، بەوەی زمانەوانانی هان دا بۆ گەڕان بە دوای وردە واتاکان و دەست نیشان کردنی پیتەکانی هەڵگری ئەم واتایانە . لە ئەنجامدا گەلێ مۆرفیمی وردتر لە وشەو ئامرازیان دۆزیەوە ، وەك مۆرفیمەکانی : کات[٢] ، دوری ، نزیکی[٣] .. هتد .

هەروەها ئەم دۆزینەوەیە نەبوە هۆی (مردنی ووشە)[٤] بەڵکو هەڵوێستی بونی وشەی بەهێزتر کرد ، چونکە مۆرفیمی لێکدراو نیە و بە زۆری پتر لە مۆرفیمێك لە فۆرمەکاندا کۆ ئەبنەوە ، کە زاراوەی (وشە) کۆیان ئەکاتەوە . ئەمەش بو ، وای لە زمانەوانان کرد بە دوای یەکەیەکی وردتر لە وشەدا بگەڕێن و کەم وکوڕیەکانی ئەو پێناسەیە پڕ بکەنەوە کە ئەڵێ : (وشە دانەیەکی واتادارە)[٥] لە شی کردنەوەی رێزمان بەردەوام بون تا گەیشتنە دوا کەرەستە پێکهێنەرەکان[٦] ، کە مۆرفیمە .

---

(١) David Crystal, 1985. P198

(٢) بروانە : بەشی سێیەم.

(٣) بروانە : بەشی چوارەم ، بەندی - دوەم

(٤) وریا عمر امین ، حوزەیرانی ١٩٨٦ ، ل٨ .

(٥) David crystal , 1971, P 189

(٦) Bloom field , 1933 , P 161

# جۆرەکانی مۆرفیم :

هەرچەندە مۆرفیم بچوکترین دانەی واتادارە ، بەلاّم بڕی واتاکە و فۆرمە هەڵگرەکانی سنوردار (محدد) نین و جۆراوجۆرن ، بۆیە پۆلین کردنیان کردارێکی ئاسایی نیە و ئەتوانرێ لە چەن ڕویەکەوە دابەش بکرێن :

***یەکەم - دەرکەوتن*** : هەرچەندە هەندێ زمانەوان[١] دەرکەوتنی فیزیاوی مۆرفیم دەکەن بە مەرج (قاڵبێکی فیزیاوی - فۆنێمەکانی - لە فۆنێمێ یا زیاتر پێك دێ)[٢] ، بەلاّم لە ڕوی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی فۆرمە هەڵگرەکانی واتا ، مۆرفیمەکان ئەکرێن بە سێ بەشەوە :

١ - دەرکەوتو : ئەو مۆرفیمانەن کە هەردەم فۆرمێکی دیاری فیزیاویان هەیە و ئەو (پیت/دەنگ) انەی واتا هەڵئەگرن ، بە ئاشکرا لە هەمو بار و دۆخێکدا دەرەکەون ، وەك : باش ، ئە - ، خۆ - ، م ... هتد .

٢ - دەرنەکەوتو : ئەو مۆرفیمانەن کە هەردەم فۆرمێکی دیاری فیزیاویان نیە و ئەو (پیت/دەنگ)انەی واتـــا هەڵەگرن ، هەرگیـــز بە ئاشکرا دەرناکەون .

---

(١) F.R. Palmener , 1971 , P 112

(٢) Ibid, P 10

نەبونی قاڵبی فیزیاوی بۆ ئەمانە بوەتە فۆڕم و قاڵب ، ئەمانەش ئەبێ لە کۆمەڵەیەکی داخراو بن و هەمو ئەندامان دەرکەون ، تەنیا یەکیان نەبێ ، بەوە ئەناسرێتەوە ، بۆ نمونە : لە شەش ڕاناوە لکاوەکەی ڕێککەوتن (م ، ی ، ∅ ، ین ، ن ، ن) هەمویان دەرەکەون تەنیا کەسی سێیەمی تاك نەبێ ، نەبونی قاڵب بوەتە قاڵبی ناسینەوەی . وەك : هاتم ، هاتی ، هات ، هاتین ، هاتن ..

٣ – نیمچە دیار : ئەو مۆرفیمانەن کە هەندێك جار فۆڕمی فیزیاویان دەرەکەوێ و هەندێ جار دەرناکەوێ ، وەك :

– مۆرفیمی کات (ە) لە کاتی ئێستادا دەرناکەوێ تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ : کورد ∅ م ، کورد ∅ ی ، کوردە ، کورد∅ ین، کورد ∅ ن ، کورد ∅ ن .

– مۆرفیمی داهاتو (ێ) لە هەندێ باردا دەرەکەوێ و لە هەندێکیان دەرناکەوێ :

ئەسوتێم ، ئەخنکێی ، ئەمێنم . ئەکەوێ ، ئەکوژرێ، ئەکەو∅م ، ئەمر ∅ ی ، ئەچ ∅ ین .

– ڕەگی کاری – بون – (ب) لە هەمو بارێکدا دەرەکەوێ ، تەنیا لە کاتی ئێستادا نەبێ : مامۆستا بـــوم ، ئەبمە مامۆستا ، مامۆستا ∅ م .

مەبەست لە دەرنەکەوتن نەبونی مۆرفیمەکە نیە ، بەڵکو لە ئاستی ناوەوە (Deep strectuer) هەیە و هەست بە بونی ئەکرێ ، بەڵام فۆڕمێکی فیزیـــاوی (پیت / دەنگ) لـــە ئاستی ســەرەوەدا (Surfec structuer) نیە .

***دوەم - پابەندی :***مۆرفیمەکان لە ڕوی سەربەخۆیی و بەندی ، ڕەفتاریان ، واتە : بەکارهاتنیان وەك وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕوی فۆرم و واتاوە - ئەکرێن بە دو بەش :

١ - مۆرفیمی سەربەخۆ Free Morpheme : ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕوی فۆرم و واتاوە ئەتوانن سەربەخۆ ڕەفتار بکەن و لە ناو ڕستەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن ، وەك : (زەوی ، ئازا ، تۆ ، ....) ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ وشەی سادەدا یەك ئەگرنەوە .

٢ - مۆرفیمی بەند - Bound Morpheme : ئەو مۆرفیمانەن کە پابەندی مۆرفیمێکی ترن . لە ناو فۆرمی مۆرفیمە بەندەکان ، مۆرفێمێك ئەبێتە (تەوەرە)[١] و ڕۆڵی سەرەکی وەرەگرێ ، مۆرفیمی (تەوەرە) بە زۆری یەکێکە لە مۆرفیمە سەربەخۆکان ، بەلاّم لە کاردا مۆرفیمی (تەوەرە)ش بەندە ، چونکە ڕەگی کار ئەبێتە مۆرفیمی (تەوەرە) . ڕەگی کاریش هەردەم مۆرفیمێکی بەندە .

مۆرفیمە بەندەکانیش لە ناو خۆیاندا ئەبنە سێ بەش :

أ - پێشگر (Prefixes) : ئەو مۆرفیمانەن کە ئەکەونە پێش مۆرفیمی تەوەرە . وەك : ئـەچم ، ڕامـکێشا ، هـەڵـیـانـگرت .

ب - ناوگر (Infixes) : ئەو مۆرفیمانەن کە بتوانن مۆرفیمی تەوەرە بسمن ، زمانەوانان[٢] دانیان بە بونی ئەم مۆرفیمانە نەناوە لە زمانی کوردیدا ، بەلاّم ئەم مۆرفیمانە لە زمانی کوردیشدا هەن ، وەك : مۆرفیمی کاتی داهاتو(ێ) لە هەندێ کاردا :

---

(١) Ernest N. Mccarus, 1958 , P 45

(٢) د . وریا عمر امین ، تشرینی دوەمی ١٩٨٢ ، ل٨٨

ڕشتم ← ئەڕێژم ، نـــاردم ← ئەنێرم ، ســـپاردم ← ئەسپێرم

هاڕیـــم ← ئەهێرم ، شاردمەوە ← ئەشێرمەوە، بژاردم ← ئەبژێرم

ژماردم ← ئەژمێرم ، ناشـــتم ← ئەنێژم ... هتد .

جـ - پاشگر (Suffixes) : ئەو مۆرفیمانەن کە دوای تەوەرە دێن وەك :

سوتـا ، ئەگەڕێـینەوە ، چوم ، خواردتـان ... هتد .

**٣ - نیمچە سەربەست :**

مۆرفیمەکانی نیمچە سەربەست ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕوی فۆرمەوە سەربەخۆن و دەتوانن بە تەنیا دەرکەون ، بەلاٚم لە ڕوی واتاوە هەردەم پابەندن و ناتوانن سەربەخۆ واتا ببەخشن ، وەك : مۆرفیمەکانی پەیوەندی و بەستن .. (و ، لە ، بە ، بۆ ، بەلاٚم ، چونکە ... هتد ) : (هاتن و ڕۆیشتن ، ئازاد بە پێ چو ، ئەچم بۆ هەولێر ، نەهات چونکە نەخۆشە) . ئەم مۆرفیمانە لە ڕوی واتاوە ناتوانن وەکو سەربەخۆکان ڕەفتار بکەن ، ئەگەر بڕیاری بەندیان بۆ بدرێ ئەبێ تەوەرەیان هەبێ و بە یەکەوە بلکێن . لە ئاستی ڕستەسازیدا دەرەکەون و ئەترنجێنە نێوان بەشەکانی ڕستەوە .

***سێیەم - ئەرك :***

مۆرفیمەکان لە ڕوی ئەرکەوە دو جۆرن :

**١ - مۆرفیمی وشەسازی (داڕشتن) :**

ئەو مۆرفیمانەن ، کاتێك ئەچنە سەر مۆرفیمێك یان وشەیەکی تر ، واتایەکی نوێ بەم وشەیە ئەدەن . ئەرکیان تەنیا لە ئاستی وشەسازی و فەرهەنگی دایە ، وەك : (هەڵ-کردن ، ڕا - کردن ، دا - کردن

... هتد) ، بەلاّم مەرج نیە -وەك ئەڵێن[١] - ئەم مۆڕفیمانە هەردەم لە جۆری بەند بن ، مۆڕفیمە سەربەخۆکانیش ئەم ڕۆڵە ئەبینن : (سەر - کردن ، دەر - کردن ، سەیر - کردن ... هتد) هەروەها مۆڕفیمە نیمچە سەربەستەکانیش ئەم ڕۆڵە ئەبینن : (بۆ چون ، لە ناو چون ، دە ناو چون ، تێ چون ، بە ناودا چون ... هتد) .

**٢- مۆڕفیمی ڕێزمانی**[٢] :

ئەو مۆڕفیمانەن ، جگە لە واتای سەرەکی خۆیان ، پەیوەندیەکی ڕێزمانیش دەرەخەن لەگەڵ وشەکانی دی ناو ڕستە . کۆڵەکەی سەرەکی ڕستەش (کار)ە ، هەمو کارێکیش لە کوردیدا ڕستەیە ،کەبەتەنیا ەرکەوێ ، چونکە (ڕستە ، بریتیە لە کار و پێویستیەکانی) . پێویستیەکانی کاریش دو جۆن : سەرەکی و ناسەرەکی. پێویستی سەرەکی لە کاری تێنەپەڕدا ، یا بکەرە (هاتم ، چوم ...) یا بەرکارە[٣] (سوتام ، مردم ...) پێویستی سەرەکیش لە کاری تێپەڕدا ، بکەر و بەرکارە (گرتمی ، کوشتمیان ..) .

پێویستیە ناسەرەکیەکانیش ، ئەوانەن کە ئەتوانرێن لاببرێن ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ، بەرکاری ناڕستەوخۆ ... هتد .

---

(١) کەوسەر عەزیز ئەحمەد ، . ١٩٩ ، ل٢٨

(٢) د . وریا عمر امین ، تشرینی دوەمی ١٩٨٢ ، ل ٨٨

(٣) تینەپەڕ ، وەك پاڵپشتێك (مسند) دو جۆر پاڵدراو (مسند الیە)ی هەیە ، یان بکەر وەرەگرێ یان بەرکار . بکەر ئەو کەسەیە کە بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام ئەدا و بە بەشێك لە لەشەکەی بەشداری کارەکە ئەکا . وەك (ئەچم) بە قاچەکانی ، (نوستم) بە مێشکی ... هتد . بەلاّم بەرکار بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ناکا و بە هەمو لەشەوە ئەکەوێتە بەر کارەکە و توانای کردن و نەکردنی لە دەست خۆیدا نیە ، وەك : (سوتام) ، (ئەمرم) ، (ئەکەوم) .. هتد جیاوازی تینەپەڕ لەگەڵ بکەر نادیار ئەوەیە لە بکەرنادیاردا بکەر و بەرکار هەن ، بەلاّم بکەردیار نیە و مۆڕفیمی (ر) هێمای بۆ ئەکا، بەلاّم تینەپەڕ یا بکەری نیە یا بەرکار .

ئەمەش وای کردوە ، زۆربەی مۆرفیمە ڕێزمانیەکان سەر بە کار بن، وەك مۆرفیمەکانی : تێپەڕاندن ، دوپاتی ، ئاوەڵناوی کراو ، پەیوەندی ، بکەرنادیار ، نەریٚ ، فەرماندان ، کاتەکان و ڕاناوە لکاوەکان ، کە لە بەشەکانی داهاتوی ئەم نامەیە لێیان ئەدوێین .

***چەمکی گشتی و تایبەتی :***

هەمو وشەیەك واتایەکی گشتی فەرهەنگی هەیە ، بەلاٚم زۆر جار ئەم واتایە بە پێی ڕەوتی ئاخاوتن (سیاق – Context) دەگۆڕیٚ ، بۆ نمونە : کاری (بو)واتای (هاتە ئارا) ئەدا ، بەلاٚم بە پێی ئەم ڕستانە واتای ئەگۆڕیٚ :

منالەکـــە بو . (لە دایك بو) .

چایەکـــە بو . (کولاٚ) .

هەنجیرەکە بو . (پیٚ گەیشت) .

کارەکـــە بو . (جیٚ بەجیٚ بو) .

(واتا پاشەکەوت کراوەکانی وشەکان لەمێشکی قسەکەروگوێگران، بە وردی و سنوردار دەست نیشان ناکریٚ ، تاکو ڕۆنانە بنچینەییەکان نەیانگرێتە خۆ)[١] .

ئەم دیاردەیە هەندیٚ جار بەسەر مۆرفیمەکانیشدا دیٚ ، و لەڕوی چالاکی جوڵەوە توانایەکی باشیان هەیە ، (وشە بچوکترین دانەیە کە بتوانیٚ بجولیٚ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر)[٢] بەلاٚم مەیدانی جوڵەی مۆرفیم تەسکترەو بەزۆری هەرلەسنوری وشەو ڕستەکاندا

---

(١) ستیفن أولمان ، ١٩٧٣ ، ص٥٥ .

(٢) David Crystal, 1981, P.190

دەرەکەوێ . بۆنمونە : مۆرفیمی (ە) واتایەکی گشتی هەیەو چەمکی (نزیکی) ئەدا . بەلاّم مۆرفیمی (و)[1] واتاگشتیەکەی چەمکی (دوری) ئەدا . ئەم دو مۆرفیمە لەزمانی کوردیدا زۆر بەکاردێن و رۆلی گرنگ ئەبینن و چەندین مۆرفیمی تایبەتیان لێ دروست ئەبێ .

مۆرفیمی (ە) هێمایە بۆ هەر شتێکی نزیك ، بەبێ دەست نیشان کردن (دون التحدید). مۆرفیمی (و)ش هێمایە بۆ هەر شتێکی دور، بێ دەست نیشان کردن ، دوریش واتە ؛ نە من ، نە تۆ . لە من و تۆ بترازێ هەمو شتێك لە گەردوندا دورە ، ئەگەر ماوەی نێوانمان هەرچەندێك بێ .

مۆرفیمی (و) ئەلۆمۆرف (هاوشێوە)ی مۆرفیمی (ی)ە و لە هەندێ بار و دۆخ و ناوچەدا ئالوگۆر ئەبن ، ئەم دو مۆرفیمە بنجی و رەسەنن و لە سەرەتادا هێما بون بۆ هەر شتێکی دور ، (و) بۆ نێر و (ی) بۆ مێ ئەشێ هاونژاد بن لەگەلْ (هُوَ ، هِيَ) لە عەرەبی و , He) Who) لە ئینگلیزی . بەلاّم بە لاواز بونی چەمکی نێر و مێ و هاوشان بونیان ، ئەم دو مۆرفیمەش تا رادەیەك هاوشان بون ، لە رۆلە هەرە گرنگ و باوەکانی ئەم مۆرفیمانە :

١ - دروست کردنی وشە :


ئەم دو مۆرفیمە بەشداری ئەکەن لە دروست کردنی وشەیەکی ، وەکو : (ئەو) . مۆرفیمی (و) پەنجە بۆ هەر شتێك یا کەسێکی دور رائەکێشێ بێ دەست نیشان کردن ، کە ئەم کەسە لەزماندا نە منم و نە تۆی ، بە کەسی سێیەم یا نائامادە (غائب - Absent) دانراوە .

---

(١) ئەم مۆرفیمەلەکرمانجی ژوروودا ، هەندێ جار ئەبێتە (ی) و هەندێ جار ئەبێتە (ڤ) ئەگەرنەبزوێن بێ .

(٢) تەوفیق وەهبی ، ٣٦١ ئیرانی ٩٨٢ ز ، ل٢٣

بەلام مۆرفیمی (ە) ئەم شتە یا کەسە دورە،نزیك ئەکاتەوە دەست نیشانی ئەکا لە ناو سەرجەم شتە دورەکان واتە نزیکی ئەکاتەوە و ئەیهێنێتەوە سەر شاشەی کەمپیوتەری مێشك وەك شتێکی بەرجەستە . لە ئەنجامی یەککگرتنیان (ەو) دروست ئەبێ کە ڕاناوی جیایە بۆ کەسی سێیەمی تاك . وەك لەم وێنەیەدا دیارە :




ئەتوانرێ ئەو شتەی کە نە منم ، نە تۆی و دەست نیشان کراوە ، نزیکتریشی بکەینەوە ، بە هۆی خستنە سەری (ە)ی مۆرفیمی نزیکی و ئەبێتە (ەوە)[1] .

٢ - بانگ کردن :

کاتی بانگی مرۆڤێکی دور ئەکرێ ، ئەگەر نێر بێ بە (و) هێمای بۆ ئەکرێ و ئەگەر مێ بێ بە (ی) . هەردوکیان بە مۆرفیمی (ە) نزیك ئەکرێنەوە .

---

(١) (ئەوە) لە زاری لوڕیدا ئەبێتە (ئەیە / یە) .

أ - نێر : هـ + ە + و ← هۆ[١] .

باب + ە + و ← بابۆ ، برایۆ ، مامۆ ، خالۆ

ب - مێ : هـ + ە + ی ← هێ[٢] .

خوشك + ە + ی ← خوشکێ ، دایکێ ، کیژێ ، ژنێ .

ئەگەر ناوەکە کەوتە کۆتایی فرێز ، هەر بە (ی) دوری هێمای بۆ ئەکرێ :

ئەچمە لای هۆنراوی .

چومە ماڵی هەستیاری .

بەڵام ئەگەر ناوەکە (مێ) بێ ، مۆرفیمی (ی) خۆی لەگەڵ (ە)ی کۆتایی ناوە عەرەبییەکان (تاء التأنیث الساکنة) لێك ئەدا ئەبێتە (ێ) :

ئەچمە لای عەیشێ .

چومە ماڵی فاتمێ .

لە ئەنجامدا ئەم یاسایە پێڕەو کرا بۆ هەمو ناوێکی مێ :

ئەچمە لای نازەنینێ .

چومە ماڵی بێخاڵێ .

٣ - ناساندن :

ئەگەرچی تا ئێستا نیشانەی ناسین (ەکە) بە تاکە مۆرفیمێك

---

(١) لە ئەنجامی لە یەکدانی (-و-) لەگەڵ (- ە - ) ئەبێتە (ۆ): (و + ە ← ۆ) وەك :

ماموەستا ← مامۆستا ، کەوتوەتە ← کەوتۆتە ، کردوەتەوە ← کردۆتەوە

کەون ← کۆن ، جەو ← جۆ ، ئەم شەو ← ئەمشۆ . نەوبەتچی ← نۆبەتچی ، لەومە ← لۆمە .

لە عەرەبیشدا ئەم دیاردەیە هەیە : لەون ← لۆن ، نەوم ← نۆم ، دەوم ← دۆم .

(٢) لە ئەنجامی لەیەکدانی (- ی) لەگەڵ (- ە - ) ئەبێتە ، ێ : (ی + ە ← ێ) وەك :

پەیوەندی ← پێوەندی ، لەیەك دان ← لێکدان ، پەیڕەو ← پێڕەو ، بەی ← بێ

دانراوه ، بەلام لە ڕاستیدا ، بریتیە لە دو مۆڕفیم و ناوبڕێك ، بەم جۆره :

ناو+مۆڕفیمی نزیکی(ە)+ دەنگێکی ناوبڕ(ك)+ مۆڕفیمی نزیکی(ە)

أ - مۆڕفیمی نزیکی ، یەکەم ئەرکی نزیك کردنەوه و هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی ناوەکەی لە ئەستۆدایە ، لە ناو هەمو ناوەکانی تردا هەروەها ئەرکی نزیك کردنەوەی وێنەی کۆن و نوێ ئەبینێ .

واتە : کە وترا (کوڕه) دەست نیشانی کوڕێك ئەکا لە ناو هەمو کوڕەکانا و لە مێشکی قسەکەر و کوێگردا شوێنێکی تایبەتی بۆ دائەنرێ .

ب - مۆڕفیمی نزیکی دوەم : جارێکی تر هەمان شت نزیك ئەکاتەوه و لە شوێنی پاشەکەوت کردنیا دەری ئەهێنێتەوه ، ئەیخاتە بەردەست بۆ کارپێ کردن ، (کوڕەکه) ، واتە : ئەو کوڕەی ئێمە ئەیزانین .

جـ - ئەرکی (ك) لە نێوان ئەم دو بزوێنەدا ، تەنیا لەیەك دابڕینیانە بۆ ئەوەی بە ئاسانی گۆ بکرێن .

٤ - دوپاتکردنەوه - - (ەوه)[١]

٥ - ئاوەڵناوی کراو - (و / ی)[٢]

٦ - پەیوەندی - (ە ، وه ، ی ، یێ)[٣] .

٧ - کاتەکان - (ە ، و ، یێ)[٤]

(١) بڕوانە ، بەشی چوارەم ، بەندی دوەم .

(٢) بڕوانە ، بەشی چوارەم ، بەندی سێیەم .

(٣) بڕوانە ، بەشی چوارەم ، بەندی چوارەم

(٤) بڕوانە ، بەشی سێیەم

نمونەی تری لەم جۆرە مۆرفیمانەش هەیە ، وەکو (ن)[١] ی کۆ .

**بەندی سێیەم : ناوبڕ[٢] – (Inphonic) :**

ناوبڕ ئەو پیتەیە کە ئەکەوێتە نێوان دو پیتی بزوێن ، یان دو پیتی نەبزوێنی هەمان شێوە ، بۆ ئاسان کردنی گۆکردنیان .

زمانەوانان هەستیان بە هەندێکیان نەکردوە ، وەك ، پیتی (د) لە (اندن) دا ، یان بە مۆرفیمیان داناوە ، وەك پیتی (ت) ، لە (ئەکاتە ، ئەخواتەوە ، ئەبێتە ، ئەچیتە ، ئەنوێتەوە ، ناخۆیتەوە ... هتد) و بە زۆری ئەم (ت)یان بە ڕاناوی لکاو داناوە بۆ کەسی دوەم یا سێیەمی تاك لە لیستی دوەم و سێیەمدا (م ، یت ، – / ١ت / ێت ، ین ، ن ، ن)[٣] . یان هەندێ جار بە ئەلۆمۆرفیان داناوە ، وەك : (تەوە) بە ئەلۆرفی (ەوە) دانراوە ، لە (هاتوومەتەوە)[٤] ، هەندێ جاریش بە مۆرفیمی بۆش (empty morpheme)[٥] دانراوە ، وەك: (تی) لە (ئەو برایە – تي) دا .

هەندێکیشیان تەنیا لە نێوان بزوێنەکاندا هەستیان پێ کردوە : (تیپێکی زیادە و بۆیە هاتوە کە دوو بزوینەکە لەیەك نەدەن و آهەنگیان تێك نەچێت . بە تیپێکی وەها دەڵێن enphonic کە دەشێ ئێمەش ناوی بنێین «تیپە آهەنگی»)[٦] .

---

(١) بڕوانە ، (اندن) بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم

(٢) رؤوف احمد ئالانی ، ١٩٨١ ، ل ١٩

(٣) وریا عمر امین ، ١٩٨٦ (٢) ، ل٨ .

(٤) وریا عمر امین ، ئاداری ١٩٨٤ ، ل ٥٢

(٥) وریا عمر امین ، حوزەیرانی ، ١٩٨٦ ، ل١١

(٦) توفیق وەهبی ، ١٩٧٣ ، ل٢٨

**پیتەکانی ناوبڕ :**

مەرج نیە تەنیا پیتێکی وەك (ت) دەست نیشان کراو بێ بۆ ناوبڕی ، بەلاٚم ژمارەی ئەو پیتانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن زۆر کەمن ، ڕەنگە هەندێ جار لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تریش بگۆڕێن .

پیتی ناوبڕ ، یان لە نێوان دو پیتی نەبزوێنی وەك یەك (دوبارە - مکرر)دا دێ بۆ ئاسانی گۆکردنیان ، وەك پیتی (د) لە (اندن)[1]دا ، یان لە نێوان دو پیتی بزوێندا دێ بۆ هەمان مەبەست . چونکە لە پیتە بزوێنەکاندا دەم بە ڕێژەیەك ئەکرێتەوە و هەوای ناو سییەکان بە بەردەوامی دێتە دەرەوە ، بونی ئەم ناوبڕە یارمەتی دەم ئەدا بۆ داخستن و دەست بەسەرا گرتنی (تحکم) هەواکە ، بۆ دروست کردنی پیتەکانی تر نمونەی هەندێ لەو پیتە ناوبڕانە ئەمانەن :.

**ناوبڕی (ی) :**

١- پیتی (ی)[2] ئەبێتە ناوبڕ لە نێوان دو پیتە بزوێندا ، لەم بارەدا خۆی ئەبێتە نەبزوێن ، چونکە پیتی (ی) پیتێکی نیمچە بزوێنە و لە گۆ کردنیدا دەم کەم ئەکرێتەوە ، بۆیە ئەتوانێ وەك بزوێن و نەبزوێن ڕەفتار بکا ، لەم بارەدا ڕێژەی کردنەوەی دەم و ڕادەی هەواکە ئەگۆڕێ ، وەك :

أ - بو بایە / ببوایە

چو بایە / بچوایە

---

(١) برزانە : بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم

(٢) لە بری ئەم پیتە لە لوڕیدا پیتی (س) بەکاردێ

هات بایە / بهاتایە

مرد بایە / بمردایە

لەم بارەدا ئەکەوێتە نێوان (١)ی مۆرفیمی ڕابوردو لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا[1]

ب - لە کاتی ئێستادا مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) دەناکەوێ ، لەبەر ڕاناو لکاوەکانی ڕێککەوتن (م ، ی ، ∅ ، ین ، ن ، ن ) ، تەنیا لە کەسی سێیەمدا نەبێ چونکە ڕاناوی لکاو دەرناکەوێ ، مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) دەرەکەوێ :

(ناو/ ئاوەڵناو) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو = کاتی ئێستا

کورد + ∅ + م ⟵ کوردم

کورد + ∅ + ی ⟵ کوردی

کورد + ە + ∅ ⟵ کوردە

هەمان شت ڕێك ئەکەوێ لەگەڵ (هە) ، کە ئەشێ لەم بارەدا بە مۆرفیمێکی ئارایی دابنرێ :

١ - هە + ∅ + م ⟵ هە (من لە ئارادام)

٢ - هە + ∅ + ی ⟵ هەی (تۆ لە ئارادای) .

٣ - هە + ە + ∅ ⟵ هە ە (ئەو لە ئارادایە)

لە ڕستەی سێیەمدا دەنگی (ی) ئەبێتەناوبڕ لە نێوان هەردو دەنگی (ە)دا ، و ڕستەکە ئەبێتە (هەیە) .

بەڵام کاتێك لیستی (خاوەنی) ڕاناوە لکاوەکان بەکارەهێنین (م ،

---

(١) بروانە : بەشی سێیەم ، بەندی دوەم

ت ، ی ، مان ، تان ، یان) ڕستەکان بەم شێوەیە ئەگۆڕێن :

هە + م + ە ← هەمە (شتێکم هەیە) .

هە + ت + ە ← هەتە (شتێکت هەیە)

هە + ی + ە ← هەیە (شتێکی هەیە) .

ئەگەر بەراوردی ڕستەی سێیەم بکەین لە هەردو کۆمەڵەی دواییدا ، ئەبینین دەرەنجامی هەردوکیان وەك یەکە (هەیە) ، هەر یەکەیان بە واتایەکی جیاواز . هۆیەکەشی ئەوەیە : لە یەکەمدا ، کەسەکە دەرناکەوێ و لە دوەمدا ، شتەکە . ئنجا بۆ جیاکردنەوەی هەردوکیان لە یەکتر لە دوەمدا ڕاناوی خۆیەتی (ی) بازی داوە بۆ کۆتایی ڕستەکەو فۆڕمەکە بەم شێوەی لێ دێ : (هە + ە + ی) ، لە نێوان هەردو بزوێنی (ە)دا ، دەنگی ناوگری (ی) پەیدا بوە : (هە + ی + ە + ی) لە نێوان دەنگی بزوێنی (ە)ی دوەم ، کە مۆرفیمی کاتی ئێستایە ، لەگەڵ دەنگی بزوێنی (ی) کە ڕاناوی خاوەنیە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، دەنگی ناوگری (ت) پەیدا بوە : (هە + ی + ە + ت + ی) و فۆڕمەکە بوە (هەیەتی) .

هە + ی / ناوگر + ە / مۆرفیمی کاتی ئێستا + ت / ناوگر + ی / ڕاناوی لکاوی خاوەنی .

ئەم (تی) یە هەندێ جار بە هەمان شێوە بەسەر ڕابوردوی تەواویشدا ئەیسەپێنن ، وەك ، خواردویەتی ، کردویەتی ، بردویەتی ... لێرەدا ئەگەر بەراوردی ئەم فۆڕمە بکەین لەگەڵ هەمان فۆڕم لە ناوچەی (موکری ، سۆران ، خۆشناو)دا ئەبینین لەم ناوچانەدا لە

جیاتی دەنگی (و) دەنگی (ی) بەکار ئەهێنن بۆ (ئاوەڵناوی کراو)[1] و فۆڕمەکان بەم شێوەیە ئەگۆڕێن : خواردیتی ، کردیتی ، بردیتی.. لەم بارەدا دەنگی (ت) ناوگرە لە نێوان دو پیتی (ی) ، یەکەمیان مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە و دوەمیان مۆرفیمی خاوەنیی کەسی سێیەمی تاکە . هەروەها ئەشێ ئەم (تی) ە لە ئەنجامی تێکەڵی شێوەزارەکان خزابێتە ناوچەکانی تر .

٢ - لە کەسی سێیەمی تاکدا دەنگی (ی) ئەبێتە ناوگر لە نێوان (١)ی مۆرفیمی ڕابوردو و فۆڕمی (ەوە)ی دوپاتی یان (ە)ی مۆرفیمی بەستن ، وەك :

گەڕا + ∅ + ەوە ← گەڕایەوە - گەڕایە دواوە .

شکا + ∅ + ەوە ← شکایەوە

هەستا + ∅ + ەوە ← هەستایەوە - هەستایە سەر پێ .

ئەشێ لەم بارەدا (ە)ی مۆرفیمی بەستن دەرنەکەوێ و وەکو خۆی دەرببڕێ :

گەڕاوە - گەڕا دواوە.

شکاوە

هەستاوە - هەستا سەر پێ

**ناوبڕی (ت) :**

أ - دەنگی ناوبڕی (ت) زۆر جار ئەکەوێتەنێوان دو دەنگی بزوێن و لە یەکیان دائەبڕێ و هەندێ جار لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان دوای نەمانی بزوێنی دوەم هەر ئەمێنێتەوە و زمانەوانان بە مۆرفیمی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکیان داناوە . بۆ نمونە کاتێك ئەکەوێتە نێوان

---

(١) بڕوانە ، بەشی چوارەم ، بەندی سێیەم

(یٚ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی بەستن ، وەك :
ئەچێتە هەولێر ، ئەبێتە ئەندازیار ، ئەشەکێتەوە ، ئەنوێتەوە ..
یان ئەکەوێتە نێوان (۱)ی کۆتایی ڕەگی کارو (ە)ی مۆرفیمی
بەستن، وەك ئەخواتەوە ، ئەکاتە هەڵلا ، ئەڕواتە لادێ ، ئەباتە شار.
ئەگەر بە مێژوی (۱)ی کۆتایی ئەم ڕەگانەشدا بچینە خوارەوە
دەرەکەوێ کە لە بنجدا (ە)ن و چونکە لە کۆتایی کارن پێویستی
دەربڕین درێژی کردونەتەوە :

بەردەن / بـــردن ← بە[1]

کـەردەن / کــردن ← کە

خواردەن / خواردن ← خوە ← خۆ و + ە ← ۆ

شـوەردەن / شوشتن ← شوە ← شۆ و + ە ← ۆ

ڕەوتـــەن / ڕۆیشتن ← ڕەو ← ڕۆ ە + و ← ۆ

دادەن / دان ← دە

تەنانەت لە کرمانجی ژوروشدا هەر ئەڵێن : (دبە ، دکە ، دخۆ ،
دشۆ ، دڕۆ ، ددە) ..

ب - هەندێ جار دەنگی ناوبڕی (ت) ئەکەوێتە نێوان (ی)
مۆرفیمی ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاك (م ، ی ، ∅ ، ین ، ن،
ن) ، لەگەڵ (ە)ی ئامرازی بەستن ، وەك ، ئەچیتە هەولێر ، ئەبیتە
ئەندازیار، ئەچیتەوە ، ئەگەڕێیتەوە.

ئەشێ لەم بارەدا بەبێ (ت)یش گۆ بکرێن ، چونکە دەنگی (ی)
نیمچەبزوێنە وئەتوانێ خۆی ببێتە نەبزوێن : (ئەچیە هەولێر ، ئەبیە
ئەندازیار ، ئەچیەوە ...).

---

(۱) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ۱۹۸۱ ، ل ۱۹۵

لەم بارەشدا هەندێ جار ئەم (ت)ە دوای نەمانی ڕۆڵەکەشی هەر بەکاری ئەهێنن و بە بەشێك لە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاکیان داناوە.

جـ - جاری واش هەیە دەنگی ناوبڕی (ت) ئەکەوێتە نێوان (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە ڕابردوی تەواودا لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی بەستن لە فۆرمی دوپاتی (ەوە) دا :

کردوەتەوە ، هاتومەتەوە ، چەماوەتەوە ... لە هەندێ ناوچەدا دەنگی (و) لەگەڵ (ە) لەیەك ئەدەن و ئەبنە (ۆ) ، (و + ە ← ۆ) :

کردوەتۆ ، هاتومەتۆ ، چەماوەتۆ ..

**ناوبڕی (ر) :**

دەنگی (ر)یش هەندێ جار ئەبێتە ناوبڕی نێوان دو دەنگی بزوێن ، بەتایبەتی لە باری فەرماندا ئەکەوێتەنێوان دەنگی بزوێنی کۆتایی ڕەگ و (ە)ی مۆرفیمی بەستن ، لە هەندێ ناوچەدا ، وەك :

بچۆ دەرەوە ← بچۆرە دەرەوە .

بکـــەوە ← بکەرەوە

بخـــۆوە ← بخۆرەوە

بیدە مـــن ← بیدەرە من

بگە فریام ← بگەرە فریام

## بەندی چوارەم : هێز - نبرة - Stress :

لە زمانی کوردیدا تا ئێستا هێز و شوێنی بە تەواوی دەست نیشان نەکراون ، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ دو هۆ ، یەکەمیان : جیاوازی پێکهاتنی زمانی کوردی لە ڕوی کەرەستە و ڕیزبونیان لە زمانەکانی تر ، کە وای کردوە ، لە لاسایی کردنەوەشدا بە هەڵە بچن.

دووەم : نەدۆزینەوەی هەمو مۆرفیمەکانی زمانی کوردی و دانانی هەندێ چەمك و واتا بە مۆرفیمی تواوە و نادیار ، یان دانانی مۆرفیمێك بە چەمکێکی درشتتر[١] ؛ یان دەست نیشانکردنی چەمکێك بە تۆپەڵە مۆرفیمێك[٢] .

زمانەوانە کوردەکان ، هێز بەپێی بڕگە دەست نیشان ئەکەن[٣] ، وەك (هێز : زیادە وزەییێکی دەنگی یە ئەپڕ لەسەر یەکی لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا )[٤] . لە ڕاستیدا هێز زۆر پەیوەندی بە بڕگەوە نیە. بەڵام چونکە بڕی ئەو گۆڕانکاریە دەنگیەی هێز پیشان ئەدا ، تەنیا لە پیتە بزوێنەکان دەرەکەوێ ، چونکە بە زۆری دەسەڵات بەسەر بزوێنەکان زۆرترە بۆ بەرزکردنەوە و نزم کردنەوە و کورت و درێژی و دەسکاری دەنگەکە . لە بزوێندا دەم بە ڕێژەیەك کراوەیە و بەردەوام هەوا بە ڕێژە دەرەچێ و تاڵە ژێیەکانی دەنگ ئەلەرێنەوە ، ئەتوانین بەردەوامی ئەم کردارەش بە پێی پێویست دەسکاری بکەین . بۆیە هێز لە میانی ئەو گۆڕانکاریە خۆی لە بزوێنەکان ئەنوێنێ ، هەڵبەتە بڕگەش بە زۆری بەپێی بزوێنێکەوە دەست نیشان ئەکرێ ئیتر ئەم دیاردەیە سەری لەزمانەوانان شێواندوە ئەگینا هێز ئەکەوێتە سەر ئەو مۆرفیمەی کە مەبەستمانە و هەردەم لە دوا بزوێنی ئەو مۆرفیمە دەرەکەوێ .

کەواتە ( هێز : گۆڕانکاریەکی تەوژمی دەنگە ئەخرێتە سەر دوا

---

(١) بڕوانە : بەشی چوارەم . بەندی - یەکەم ، دوەم و حەوتەم .

(٢) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی پێنجەم . بەشی یەکەم ، وەڵامی ، ك . ك . کوردۆییف.

(٣) Mohammed Ma,aruf Fatah , 1980, P 184

(٤) پرۆفیسۆر وریا عمر امین ، ١٩٩٤ ، ل٣

بزوێنی ئەو مۆرفیمەی مەبەستمانە) . لەمەدا دەرەکەوێ کە هێز لە ئاستی وشەسازیدا بە زۆری ئەرکی دەست نیشان کردنی وشەکان (سادە ، دارێژراو و لێکدراو ئەگرێتە ئەستۆی خۆی ، وەك :

مردن ، مرد ، مردو ، مردوەکە ، مردوەکان . مردوەکانمان ، برا ، برازا ، براژن ، برایە تیی

مێرگ ، سور ← مێرگەسور ، ڕەش ، با ← ڕەشەبا

پەلك ، زێڕ ، زێڕین ← پەلکەزێڕینە.

بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا بوارەکەی فراوانتر ئەبێ و ئەو مۆرفیمە هەڵەبژێرێ کە ئەمانەوێ داکۆکی (تأکید)ی لەسەر بکەین :

شێت بو : داکۆکی لەسەر (شێت)ە و لەسەر کاری (بو ) نیە . واتە ، ڕەنگە ئێستا جۆرێکی تر بێ ، بۆ نمونە (ژیر) بێ .

شێت بو : داکۆکی لەسەر کارەکەیە واتە ، ئەم کارەی بەسەردا هات .

مردن : چاوگە .

ئـــەو مـــرد . داکۆکی لەسەر (ئەو)ە .

ئـــەو مـرد . داکۆکی لەسەر (کار)ە .

ئەوان مردن . داکۆکی لەسەر (ئەوان)ە.

ئەوان مردن . داکۆکی لەسەر (کار) ە .

لێرەدا ئەگەر ڕاناوی جیا دەرنەکەوێ و بمانەوێ داکۆکی لەسەر بکەین ئەوا هێز ئەکەوێتەوە سەر ئەو بزرۆکەیەی لە نێوان (م ، ر ) ، چونکە :

١ – نزیك ترین بزوێنە لە ڕاناوی دەرنەکەوتو .

٢ - ئەگەر بکەوێتە سەر دوا بزوێن (بزرۆکەی نێوان - د ، ن ) ، فۆرمەکە ئەبێتەوە چاوگ .

لەم نمونانەی خوارەوەدا ، ئەگەر مەبەست (ناو) بێ هێز ، ئەکەوێتە سەر دوا بزوێن ، وەك (سەوزە / خضروات ، کەرە / زبدة ، مەلـە / سباحـة ، بەرە / جبهة ، شێرە / حنفیـة ... هتد) . بەلاّم ئەگەر مەبەست کارەکە بێ ، لەبەرئەوە کارەکە لە ئاستی سەرەوەدا دەرناکەوێ ناوەکان دەرخەری کارەکەن ، واتە ئەبنە جێگری ئەو بۆ وەرگرتنی هێز، بۆیە ئەگەر مەبەست کارەکـە بێ هێز ، بەم شێوەیە جێ گۆڕکێ ئەکا : (سەوزە / ڕەنگی سەوزە ، کەرە / ژیر نیە ، مەلە/ باڵندەیە، بـەرە / بەرهەمە ، شێرە / ئازایە ...) .

لە ڕستەی (ئەتانکوژین) دا ئەتوانین بەم شێوەیە هێز بگوازینەوە :

ئـە تانکوژین . (ئێستا ئەتانکوژین).

ئەتانکوژین . (ئێوە ئەکوژین) .

ئەتانکوژین . (کاری کوشتنتان بەسەردا ئەهێنین) .

ئەتانکوژین . (ئێمە ئەتانکوژین) .

یان لەڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە ئەتوانین شوێنی هێز بە پێی مەبەست لەسەر هەر وشەیەك دابنێین :

من دوێنێ نامەکەم بە بەرید بۆ ئەو نارد .

من دوێنێ نامەکەم بە بەرید بۆ ئەو نارد .

من دوێنێ نامەکەم بە بەرید بۆ ئەو نارد .

من دوێنێ نامەکەم بە بەرید بۆ ئەو نارد .

من دوێنێ نامەکەم بە بەرید بۆ ئەو نارد .

من دوێنێ نامەکەم بە بەرید بۆ ئەو نـارد .

بەلاّم لەبەرئەوەی ئامرازی نەریٚ (نە ، نا،مە) ، ئەرکی پیٚچەوانە یان ناکردنی کاری لە ئەستۆدایە ، ئەگەر لە پیٚش کاردا هەبیٚ ، هیٚزەکە ئەچیٚتە سەری و داکۆکی لە ڕونەدان دەکا :

چو ← نەچو . ئەچیٚ ← ناچیٚ . بچۆ← مەچۆ

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا پتر لە هیٚزیٚك دەست نیشان کراوە ، وەك : هیٚزی (سەرەکی ، ناوەندی ، سیٚیەم ئاست ، لاواز یان بیٚ هیٚز)[1] . بەلاّم ئەوەی ڕۆلّی گرنك ببینیٚ بۆ داکۆکی کردن لەسەر واتا ، بەزۆری هیٚزی سەرەکیە . بۆیە بە پیٚویستم نەزانی باسی هیٚزەکانی تر بکریٚ .

---

(١) Mohammed Ma,arouf fatah, 980 , P. 182

# به شی سێیه م

# بەشی سێیەم

# مۆرفیمەکانی کات

- بەندی یەکەم : مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو
- بەنـــدی دوەم : مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا
- بەندی سێیەم : مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو
- بەندی چوارەم : لێکدانی مۆرفیمەکانی کات

# (بەشی سێیەم)

## مۆرفیمەکانی کات

چەمکی کات لە بنەڕەتدا دابەشی سێ بەشی سەرەکی ئەبێ : کاتی ئێستا ، کاتی ڕابوردو (پێش ئێستا) و کاتی داهاتو (دوای ئێستا). ئاڵۆزی ئەم چەمکە لە ئەنجامی لێکدان و تێکەڵ بونی ئەم بەشانە ڕو ئەدا . (پلەی ئاڵۆزیی سیستەمی کات پەیوەندی بە دەربڕینەوە نی یە . هەچ کاتێك بە هەچ زمانێکی سیستەم ئاڵۆز دەربڕابێ هەچ زمانێکی سیستەم سادەش دەتوانێ بە یارمەتی ئاوەڵکارەوە دەری بڕێ)[1] . بەلاّم مرۆڤ هەردەم هەوڵ ئەدا کەمترین وزە (کەرەستەکانی زمان) خەرج بکا بۆ دەربڕینی زۆرترین واتا ، (دهەمو زمانێ دنیایێ دە سڤکای داخوازەکە تاریخی یە . هەر مرۆڤ ب پێشڤە هەری . گەرەکە زمان ژی هنگاوەکێ ب پێشدە باڤێژی)[2]. بۆیە چەمکی کات پتر بە مۆرفیمی بەندی کورت دەرئەبڕێ و ئەگەر پێویست بو بە ئاوەڵکار پتر ورد و نزیك ئەکرێتەوە:

دوێنێ
ئەگەر ڕێگە هەبوایە ، ئەمـــڕۆ ئەچوم بۆ هەولێر
بەیانی

زمانەوانەکان هەر لە زوەوە باسی کاتەکانیان کردوە لە زمانی کوردیدا ، بەلاّم تا ئەم دواییە کارەکانیان بە پێی کات جیا ئەکردەوە

---

(١) د . وریا عمر امین ، ١٩٩١ ، ل٨٨

(٢) جگر خوین ، ١٩٦١١ ، ل – ن –

(ڕابوردو ، ڕانەبوردو ...) و مۆڕفیمەکانی کاتیان دەست نیشان نەکردبو . لەم بەشدا دوای تەواو کردنی دۆزینەوەی هەمو مۆڕفیمەکانی کات ، دابەشمان کردن بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە :

**بەندی یەکەم - مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو (الماضي) :**

مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو لەگەڵ ئەو کارانەدا بە کار ئەهێنرێن کە پێش ئاخاوتن ڕویان داوە[1] (کەوت ، مرد ، کێڵا ، خزی ، بو...) .

چاوگ لە زمانی کوردیدا پێك هاتوە لە ڕەگی کار و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و (ن)ی چاوگ .

چاوگ ← ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو+ (ن)ی چاوگ:

کەوتن ← کــەو + ت + ن

مــردن ← مــر + د + ن

کێــڵان ← کێــڵ + ا + ن

خزیــن ← خــز + ی + ن

بــون ← ب + و + ن

واتە ، لە هەر چاوگێکدا لە دوای لادانی ڕەگی کار و (ن)ی چاوگ ، ئەو پیتەی ئەمێنێتەوە (ت ، د ، ا ، ی ، و) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە :

مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو← چاوگ - (ڕەگی کار+ (ن)ی چاوگ)

هەرچەندە جاری واش هەیە ، مۆڕفیمی کات ئەبێتە ناوگر و

(١) ئەشێ پابەندی کارێکی فەرماندان بکرێ : (کە / ئەگەر) هات ، بیهێنە . واتە ، لە کاتی ڕودانی کاری دوەم ، کاری یەکەم بە ڕابوردو ئەژمێررێ .

جیاکردنەوەی لە ڕەگی کار کارێکی ئاسان نیە :

ناردن ← نێر، چاندن ← چێن ، پاراستن ← پارێز ، ناشتن ← نێژ ..

زمانەوانەکان بۆ ئەوە چون کە ئەم پیتانە لە ڕانەبوردو نامێنن(١) ، بەلاّم وەکو مۆڕفیمی کات دەست نیشانیان نەکردون ، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی دو ڕەگی کار دیار بکەن ، یەکێکی ڕابوردو و یەکێکی ڕانەبوردو(٢) . کە لە بنجدا هەمو کارێك یەك ڕەگی هەیە (کە هەلْگری واتای کارەکەیە) و مۆڕفیمێکی بەندی تەوەرەییە (stem). هەندێ جار گۆڕانکاری دەنگسازی یا وشەسازی بە سەردا دێ ، وەك:

کــردن ← کــرد ← کر ← کە

بــــردن ← بــرد ← بر ← بە

خواردن ← خوارد ← خوار ← خۆ

سوتــان ← سوتــا ← سوت ← سوت

نـــاردن ← نـارد ← نار ← نێر

لە کوردیدا پێنج ئەلۆمۆڕنی کاتی ڕابوردومان هەیە ، کە تا ڕادەیەك شوێنەکانیان چەسپاوی لە خۆوەیە و هەندێ جار ئالْ وگۆڕیان(٣) بە سەردا ئەهێ :

---

(١) نوری علی امین ، ١٩٥٦ ، ل ٣٠ - ٣١

(٢) وریا عمر امین، ناداری ، ١٩٨٦ ، ل ٢٥٩

(٣) ئەگەر لێکۆلْینەوەیەکی زانستیانەی مێژویی لەم بارەیەوە بکرێ . هۆ و ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکاریانە دەرئەکەوێ . بۆ نمونە : (١)ی مۆرفیمی ڕابوردو لە (سوتان ، ناردن ... ئەبێتە (ی)ی مۆرفیمی داهاتو ... هتد .

(٤) لە ناوچەی خۆشناوەتی و سۆران و موکری .. زۆربەی چاوگە واویەکان ، یائین (دروین ، سوین ، هەنوین ، جوین...)

(٥) پرۆفیسۆر ك.ك کوردۆییف ، ١٩٨٤ ، ل ١٨١ .

دروی (ن)[٤] ← دروت (ن)[٥] ← درووی (ن) .

خـزی (ن) ← خزا (ن) .

گەیـی (ن) ← گەیشت (ن) ← گەیاند (ن) .

ڕشـت (ن) ← ڕژا (ن) ← ڕژاند (ن) .

لە بەر ئەوە (ن)ی چاوگ مۆڕفیمێکی کۆی بێ لایەنە و ئەنجامدانی کارەکە ناداتە پاڵ هیچ توخمێکی دەست نیشان کراو ، ڕۆڵی مۆڕفیمی کات نامێنێ و کپ ئەبێ . ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی زمانەوانەکان بۆ ڕۆڵی ئەم پیتانە نەچون و بە نیشانەی چاوگیان داناون .

کاتی ڕابوردو لە زمانی کوردیدا بەم پێنج ئەلۆمۆڕفە ئاماژەی بۆ ئەکرێ :

**١ - مۆڕفیمی (١) :**

مۆڕفیمی (١) مۆڕفیمێکی ڕەسەنی ڕابوردوە ، (ئەو «١» (a) یە کە لە دوای تەنە ڕابوردوەکانی (the past stems) پەیڕەوی زمانەکەماندا دەبینرێ ، هەر ئەو «١» سرشتییەی (Characteristic) پەیڕەوی زمانەکانی هیندی - ئێرانییەیە کە لە سەردەمەکانی هەرە کۆنیان (ویدەیی - سانسکریتی ، آوێستایی ، فارسی کۆن) و ناوەنجی یانەوە بگرە هەتا ئەم سەردەمە تازانەی ئێستایان ، بە لای ئێمەوە ، لە کوردیدا ، لە کاردان)[١] و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە نیشاندانی کاتی ڕابوردو بە تایبەتی لە کارە تێنەپەڕەکاندا : (کێلا ،

---

(١) تۆفیق وەهبی ، ١٩٧٣ ، ل٢٨ .

مۆرفیمی (١)ی کاتی کاتی ڕابوردو چەند تایبەتیەکی هەیە ، وەك:

١ - لە کاتی تێپەڕاندندا شوێنی مۆرفیمەکانی تری ڕابوردو ئەگری[١] :

خەوتن ← خەوان (د) ن .
خزیــن ← خزان (د) ن .
مـردن ← مران (د) ن .

٢ - هەندێ جار ئاڵ وگۆڕ ئەبێ لەگەڵ ئەلۆمۆرفەکانی خۆی (ی ، و ، ت ...) کارەکەش لە گەڵیدا ئەگۆڕێ بۆ تێنەپەڕ ، ئەم دیاردەیە ڕەنگە لە ئەنجامی سوانی (کرتانی) مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) بوبێ:

... دڕی ← دڕا .
... بـــــڕی ← بڕا .
... گــــۆڕی ← گۆڕا .
... فرۆشــتی ← فرۆشا .
... سوو/ سوی ← سوا .
... درووی/ دروی ← دروا .

٣ - لەگەڵ کاری بکەرنادیاردا هەمان ڕۆڵی کاتی ڕابوردو ئەبینێ[٢] :

کوشتن ← کوژرا .
نوسین ← نوسرا .
کـردن ← کرا

(١) بروانە : بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم (تێپەڕاندن) .
(٢) بروانە : بەشی چوارەم ، بەندی پێنجەم (بکەرنادیار) .

٤ - کاتێك کارەکە گۆڕا بۆ ڕانەبوردو ، ئەم مۆڕفیمەش ئەگۆڕێ بۆ داهاتو (ێ) :

خنکـــام ← ئەخنکێم .

سوتاندم ← ئەسوتێنم .

شـکێنرا ← ئەشکێنرێ .

نـــاردم ← ئەنێرم .

ناشـــتم ← ئەنێژم

٥ - لە هەندێ چاوگی (د)ی و (ت)ی ئەبێتە مۆڕفیمی ناوگر:

ناردن - نێر ، چاندن - چێن ، نواندن - نوێن ، بژاردن - بژێر ، ژماردن - ژمێر ، پژاندن - پژێن ، شاردن - شێر ، ستاندن - ستێن..

پاراستن - پارێز ، گواستن - گوێز ، ناشتن - نێژ ، هاویشتن - هاوێژ - پەنداوتن - پەندێو ، ئاخاوتن - ئاخێو ، ئەنگاوتن - ئەنگێو ، پالأوتن - پالێو ..

ڕەگی کار لە چاوگەکاندا ، بە لادانی (ن)ی چاوگ و مۆڕفیمەکانی کات دروست ئەبێ :

چەسپان ← چەسپا ← ئەچەسپێ ← چەسپ

کوتـــان ← کوتـــا ← ئەکوتـــێ ← کوت

ســوڕان ← ســوڕا ← ئەسوڕێ ← سوڕ

ئەم یاسایە ناوێزەی تێ ناکەوێ تەنیا لە (دان ← دە) و (مان - مێن)دا نەبێ .

هەر کارێك لە کوردیدا یەك ڕەگی هەیە ، بۆ نمونە : لە چاوگە

(١) ییەکاندا مۆرفیمی (١) ئەچێتە سەر ڕەگەکەو واتای ڕابوردو ئەداو مۆرفیمی (یْ) واتای داهاتو ئەدا . بەڵام زمانەوانان ئەم دو مۆرفیمەیان تێکەڵ بە ڕەگی کار کردوە و لە ئەنجامدا دو ڕەگیان بۆ هەر کارێك دەست نیشان کردوە ، ڕەگێکی ڕابوردو و ڕەگیکی ڕانەبوردو : (سوتا - سوتیْ ، گریا - گرییْ ، ترسا - ترسیْ...)[1] .

ئەمەش ئەگەڕێتەوە بە پشت بەستن بەم یاسایە لە دۆزینەوەی ڕەگی کاردا ، کە ئەڵیْ : (بە لابردنی (ن)ی چاووگ ڕەگی رابوردووی فرمان وەردەگیریْ ... بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتوو ، فرمانەکە دەخرێتە سەر کاتی داهاتوو و (دە)ی ئامرازی هەمیشەیی و ڕاناوی لکاو لادەبرێن، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی داهاتووی فرمانەکەیە..)[2] .

ئەمەش ڕەگی زۆربەی چاوگە (١)ییەکانە :

چەسپ ، قەپ ، کرت ، وەست ، ڕوت ... ەوە ، سوت ، کوت ، ترنج ، قنج ، ڕەنج ، گونج ، هەڵێنج ، چەرخ ، گرمخ ، ڕوخ ، دە ، دامەزر ، گوزەر ، وەر ، خور ، تۆر ،شۆر ، وێر ، پاڕ ... ەوە ، بچڕ ، دڕ ، زڕ ، سوڕ . گەڕ ، دۆڕ ، لەوەڕ ، ز ، تراز ، ساز ، کروز ، برژ ، بۆرژ ، ڕژ ، وەرگژ ، کوژ..ەوە ، شڵەژ ، هەژ ، تاس پس ، ترس ، گیرس ، ئاڕس ، ئاوس ، خەس ، خوس ، نوس ، ئایس ، نەخش ، ترش ، ڕش ... ەوە ، کش ، داڕوش ، درەوش ، داوەش ، تلیش ، قلیش ، ئێش ، کێش ، لەق ، شڵەق ، بریق ، تك ، بزرك ، شك ، لك ،دامرك ، خلیسك ، خنک ، تروک ،

---

(١) د . وریا عمر امین ، شوباتی ١٩٨٤ ، ل ٧٩

(٢) وریا عمر امین ،١٩٩٤ ، ل ٨٨

شەك..ەوە ، پەشۆك ، پێك ، كاوە ... ەوە ، پێو ، تو ... ەوە ، دو ، ڕو ، بزو ، شێو ، گو ، گ ، تل ... ەوە ، خول ... ەوە ، شێل ، كول ... ەوە ، گل ، جوڵ . كوڵ ، كێڵ ، هێڵ ، مـ ، ڕم ، پەلم ، ن ، هێن ، ژی ، گری ... هتد .

**٢ - مۆرفیمەكانی (ت) ، (د) :**

(ت) و (د) دو مۆرفیمی تری كاتی ڕابوردون لە زمانی كوردیدا ، ئەكەونە پێش (ن)ی چاوگ و ئەبن بە نیشانەی چاوگ . ڕەنگە جیابونەوەی ئەم دو جۆرە چاوگە لە دوای جیاكردنەوە و دەست نیشان كردنی دەنگە گڕەكان (voiced) و كپەكان (Breathed) بێ ، چونكە هەردوكیان هاوشێوەن و لەیەك شوێن دروست ئەبن ، تەنیا جیاوازی دەنگی (د) گڕە و دەنگی (ت) كپە[١] و تەنانەت (فۆنێمی (د) بە لای كەمەوە لە هەندێ حاڵەتدا بە ئاشكەرا «كپە»)[٢] و لە هەندێ ناوچەدا ئاڵ وگۆڕ ئەبن :

| كوردی ناوەڕاست | كوردی باكور |
| --- | --- |
| ناردن | هنارتن ، نهارتن[٣] |
| سپاردن | ئەسپارتن |
| ژماردن | ژمارتن[٤] |
| شاردنەوە | ڤەشارتن |
| بژاردن | بژارتن |

(١) دكتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٦ ، ل.٤

(٢) فرانك پاركەر ، ١٩٨٣ ، ل ٣٧

(٣) پرۆفیسۆر ، ك . ك. كوردۆییف ، ١٩٨٣ ، ل ١٨٢

(٤) لیژنەی زمانی كوردی كۆڕی زانیاری ، ١٩٨٣ ، ل ٣.١ - ٣.٢

## أ - مۆرفیمی (ت) :

ڕەنگە لە بنجدا دەنگی (ت) لە ئەنجامی پێویستیەکی دەنگسازی لەم شوێنانەدا هاتبێتە ئاراوە ، چونکە بە زۆری ئەکەوێتە نێوان دەنگێکی خشۆك (س ، ش ، و)و دەنگێکی زرینگۆك (ن ، م)[١] . لەگەڵ ڕێککەوتنی هێز لەسەر بزرۆکەی نێوانیاندا . بە بەڵگەی ئەوەی کاتێ دەنگی (ت) لە ڕانەبوردودا نامێنێ ، دەنگە خشۆکەکان بەتایبەتی گفۆکەکان (س ، ش) ئەگۆڕێن لە کپی بۆ گڕ (ز ، ژ) ، یان ئەکەون و نامێنن :

| أ - نمونەی گۆڕان : | ب - نمونەی کەوتن : |
|---|---|
| پاراست (ن / م ..) ← ئە پاریز (ن/ م/..) | خست (ن /م/..) ← ئە خە (ن/م/...) |
| خواست = ← = خواز = | نوست = ← = نو = |
| گواست = ← = گویز = ەوە | ویست = ← = وێ =/(ئەمەوێ..) |
| گەست = ← = گەز = | گەیشت = ← = گە = |
| ناشت = ← = نیژ = | هاژوشت = ← = هاژو = |
| ڕشت = ← = ڕێژ = | شوشت = ← = شو = |
| چەشت = ← = چیژ = | ڕۆیشت = ← = ڕۆ = |
| بینشت = ← = بیژ = | هاویشت = ← = هاوێ= |
| کوشت = ← = کوژ = | |
| کرۆشت = ← = کرۆژ = | |
| لیستەی - أ - | لیستەی - ب - |

هەندێکیشیان لە گۆکردندا ئەگۆڕێن ، بەڵام لە بەر ئەوەی گۆڕانەکەیان بێ هێز ترە ، واتە لە نێوان گڕ و کپ دایە ، بۆیە کەمتر هەستی پێ کراوە و لە نوسیندا تۆمار نەکراوە و دەنگەکە وەکو خۆی

(١) دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٦ ، ل ٤٠.(ئەم زاراوانەی بەکار هێناوە).

ماوەتەوە :

ڕســـت (ن / م / ...) ← ئە ڕێس (ن / م / ...)

بیســـت (ن / م / ...) ← ئە بیس (ن / م / ...)

لێســـت (ن / م / ...) ← ئە لێس (ن / م / ...) ەوە

نیشـت (ن / م / ...) ← ئە نیش (ن / م / ...)

فرۆشت (ن / م / ...) ← ئە فرۆش (ن / م / ...)

لیستەی - جـ -

زمانەوانان ڕەگی ئەم کارانەیان لە ڕوی ڕێنوسی و لە ڕوی گۆ کردندا تێکەڵ کردوە ، (وشەی ڕێنوسی ئەو شێوەیەی وشەیە کە لە نووسیندا دەردەکەوێ ، وشەی فۆنۆلۆجیش شێوەی خوێندنەوە یا گۆ کردنی وشەمان پیشان دەدات ، لە زمانێکی وەك کوردیدا لە هەندێ وشەدا هەردوو جۆرەکە بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ)[١] .

لە هەندێکیشیان پیتی (ت) لە ڕانەبوردودا ناکرتێ ، بۆیە دەنگی (س) ناگۆڕێ :

پەرست (ن / م / ...) ← ئە پەرست (ن / م / ...) .

بەست (ن / م / ...) ← ئە بەست (ن / م / ...)

بیس (ت) ن / م / ...) ← ئە بیس (ت) (ن / م / ....)

لیستەی - د -

بەڵگەیەکی تری ئەوەی (ت) لە بنجدا پێویستیەکی دەنگسازی بوە لە پێشەوەی (ن)ی چاوگ هاتۆتە ئاراوە ، مانەوەی مۆڕفیمی (١)ی کاتی ڕابوردوە لە هەندێ چاوگە (ت)ییەکاندا و هەمان ڕۆڵی

(١) محمد معروف فتاح . ١٩٩٠ . ل ٩١

دەرخستنی کاتی ڕابوردو شان بە شانی مۆرفیمی (ت) دا ئەبینن و لە بری مۆرفیمی (١)ش ، مۆرفیمی (ێ)ی داهاتو بە کار ئەهێنرێ لە ڕانەبوردودا :

پاراست ← پارێز ، گواستەوە ← گوێز ... ناشت ← نێژ ، پەنداوت ← پەندێو ، ئاخاوت ← ئاخێو ، ئەنگاوت ← ئەنگێو ، پالاْوت ← پالْێو ، هات ← هێ ... لە هەندێکی تردا تەنیا (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو دەر ئەکەوێ :

ڕست ← ڕێس ، ویست ← وێ ، ڕشت ← ڕێژ ، چەشت ← چێژ ، هاویشت ← هاوێ ، وت ← لْێ ، ...

جگە لەمەش هەندێ جار ئەشێ پیتی (ت) لە ئارادا بێ و چەمکی کات نەگەیێنی :

ئەڕێسرێ / ئەڕسترێ ، ئەشۆرێ / ئەشوشترێ ، ئەکوژرێ / ئەکوشترێ ، ئەگرترێ - ئەگیرێ .. لەگەڵ ئەوەشدا کە پیتی (ت) پێویستیەکی دەنگسازی لە پێشەوەی (ن)ی چاوگ هێناویەتیە ئارا ، بەلاْم لە هەمان کاتدا بوەتە مۆرفیمێکی کاتی ڕابوردو ، چونکە لە ڕانەبوردودا لە هەمو چاوگە (ت)ییەکان نامێنێ :

ئەخەوتم ← ئەخەوم ، ئەسرەوتی ← ئەسرەوی ، ئەکەوتین ← ئەکەوین ، ئەمفرۆشت ← ئەفرۆشم ..

دەرەنجام ئەگەینە ئەوەی پیتی (ت) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە لە چاوگەکانیدا ، یا بە تەنیا ڕۆڵی کاتی ڕابوردو ئەبینێ (یەك ڕەگەز)، وەك لە چاوگەکانی :

گرتن ، خواستن ، خستن ، ڕستن ، گەستن ، نوستن ، بیستن ،

ویستن ، لێستن ، ڕشتن ، چەشتن ، گەیشتن ، نیشتن ، بێشتن ، هاژوشتن ، شوشتن ، کوشتن ، فرۆشتن ، کرۆشتن ، ڕۆیشتن ، هاویشتن ، وتن ، پشکوتن ، خەوتن ، سرەوتن ، کەوتن .. لەمانەدا تەنیا (پەرستن ، بەستن) ناوێزە دەرئەچن .

- یا لەگەڵ مۆرفیمی (١)ی ڕابوردو هەمان ڕۆڵ ئەبینێ (دو ڕەگەز)، بێ ئەوەی کار لە ئەرك و واتا بکا ، وەك لە چاوگەکانی :

پاراستن ، گواستن ، ناشتن ، پەنداوتن ، ئاخاوتن ، ئەنگاوتن ، پالاوتن ، هاتن ...

ڕەگی چاوگە (ت) ییەکان هەندێ جار لە ڕانەبوردودا لە ئەنجامی نەمانی دەنگی (ت) گۆڕانکاریان بەسەردا دێ و لە کپەوە ئەگۆڕێن بۆ گڕ یان ئەکەون . ئەمەش پتر پشت بە ئاسانی گۆکردن ئەبەستێ ، بۆیە یاسایەکی ڕێك وپێکی نیە ، وەك لەمەوبەر نیشانمان دان[١] . بەلام ئەو ڕەگانەی بە دەنگێکی (گڕ) کۆتاییان هاتوە ، گۆڕانیان بەسەردا ناهێ ، تەنیا لە هەندێکیان مۆرفیمی (١)ی ڕابوردو ئەبێتە (ێ)ی داهاتو ، وەك :

گرتن ← گر ، هاتن ← هێ ، پەنداوتن ← پەندێو ، ئاخاوتن ← ئاخێو ، ئەنگاوتن ← ئەنگێو ، پالاوتن ← پالێو ، پشکوتن ← پشکو ، خەوتن ← خەو ، سرەوتن ← سرەو ، کەوتن – کەو .. لەمانەدا تەنیا (وتن ← لێ) ناوێزەیە .

**ب – مۆرفیمی (د) :**

دەنگی (د)یش لە بنجدا پێویستیەکی دەنگسازیە و وەکو

---

(١) بروانە : لیستەی (أ ، ب ، ج ، د ) .

دەنگێکی ناوبڕ لە نێوان دو دەنگی (ن)دا هاتۆتە ئاراوە ، وەك لە چاوگەکانی :

کەندن ، خوێندن و هەمو ئەو چاوگانەی تێپەڕێنراون[١] وەك : دلۆپاندن ، ستاندن ، ڕەتاندن ، چاندن ، چەراندن ، درکاندن ، تەکاندن ، پنگاندن ، ڕەنگاندن ، سەنگاندن ، خەملاندن ، هەڵماندن، لاواندنەوە ، نواندن ، خایاندن[٢] ... هتد .

یان لە نێوان دو دەنگی (ر)دا هاتۆتە ئاراوە ، کە یەکێکیان بنجیە و یەکێکیان مۆڕفیمی بکەرنادیارە[٣] ، وەك :

بژاردرا - بژێردرا ، شاردرا - شێردرا ، ناردرا ، نێردرا ، خواردرا ، بردرا ، کردرا ، بوردرا ...

لە کرمانجی ژورودا لەبەرئەوەی کرداری بکەرناردیار بە مۆڕفیمی (ر) ناکرێ ، ئەم دەنگە (د) لەم چاوگانەدا نیە : کرن ، برن ، مرن، خوارن ...

هەروەها ئەشێ ئەم دەنگە بمێنێتەوە ، بێ ئەوەی چەمکی ڕابوردو بگەیێنێ :

ئەبژێردرێ ، ئەنێردرێ ، ئەبردرێ ، ئەکردرێ ، هەڵەکەندرێ ، ناخوێندرێ ..

بەڵگەیەکی تریش ئەوەیە لە هەندێ ناوچەی وەکو (شارەزور ، سلێمانی ...) بە بێ گۆکردنی دەنگی (د) چەمکی ڕابوردو هەر لە ئارادایە ، وەك : ستاندم ← ستانم ، درکاندم ← درکانم ، خەملاندم ← خەملانم ، خەواندم ← خەوانم .

(١) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم (تێپەڕاندن) .

(٢) ئەم ژمارەیە لەگەڵ چاوگی دەنگەکان (چریکاندن ، لوراندن ...) کەم وەك تێنەپەڕ دەرئەکەون .

(٣) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی پێنجەم ، (بکەرنادیار) .

جگە لەمەش لە هەندێ چاوگدا مۆرفیمێکی ڕەسەنی کاتی ڕابوردو لە ئارادایە و هەمان ڕۆڵی خۆی ئەبینێ ، وەك لە چاوگەکانی :

بژاردم ← ئەبژێرم ، شاردمەوە ← ئەشێرمەوە ، ژماردم← ئەژمێرم ، ناردم ← ئەنێرم ، هەروەها هەمو ئەو چاوگانەی تێپەڕێنراون :

ستاندم← ئەستێنم ، چاندم ← ئەچێنم ، درکاندم ← ئەدرکێنم ، نواندم← ئەنوێنم .

دەنگی (د) جگە لە پێویستی دەنگسازی وەکو ناوبڕێك ، لە هەمان کاتدا بوە بە مۆرفیمێکی کاتی ڕابوردو ، چونکە لە کاتی ڕابوردودا بە کۆتایی ڕەگەوە ئەلکێ و لە کاتی ڕانەبوردودا ئەکرتێ ، بەمەش بوەتە هێمایەك بۆ کاتی ڕابوردو چەمکی کاتی ڕابوردو ئەگەیێنێ ، بۆ ئەم مەبەستەش یا بە تەنیا ئەم ڕۆڵە ئەبینێ (یەك ڕەگەز) ، وەك لە:

خواردن ، بردن ، کردن ، مردن ، بوردن ، کەندن ، خوێندن ..

یا هاوشان لەگەڵ مۆرفیمی (١)ی ڕابوردو کە لە داهاتودا ئەگۆڕێ بۆ (ێ) ، وەك لە : بژاردن ، شاردنەوە ، ژماردن ، ناردن ... و هەمو ئەو چاوگانەی تێپەڕێنـراون ، وەك : خایاندن ، سوتاندن ، شکاندن ... هتد .

ئەمەش بوەتە هۆی ئاسانی دەست نیشان کردنی ڕەگی چاوگە (د)ییەکان ، تەنیا جیاوازی لە ڕابوردو ر ڕانەبوردا ئەوەیە مۆرفیمی (١)ی ڕابورد و ئەبێتە (ێ)ی داهاتو تەنیا چاوگەکانی (خواردن ← خۆ ، بردن ← بە ، کردن← کە) ناوێزە دەرئەچن ، لەمانەشدا تەنیا

دەنگی (ر) ئەکەوێ ، چونکە لە بنجدا چاوگەکان بەم شێوەیەن (خوەردن ، بەردەن ، کەردەن)[1] :

خوەردن ← خوە ← خۆ (و + ە ← ۆ)

بەردەن ← بە

کەردەن ← کە[2] .

**٣ - مۆرفیمەکانی (ی) ، (و) :**

لە بنجدا مۆرفیمەکانی (ی ، و) هێمای توخمێکی دەست نیشان نەکراوی دورن ، ڕەنگە لە سەرەتادا یەکەمیان بۆ توخمی مێ و دوەمیان بۆ نێر بەکارهاتبن[3] ، کاتی ڕابوردوش توخمێکی دورە ، چونکە نزیکترین کات ، کاتی ئێستایە ، بڕوانە هێڵکاری کات :

| ڕابوردو | ئێستا | داهاتو |
| --- | --- | --- |
| (١ / ت / د / ی / و) | (ە / ∅) | (ێ / ∅) |

لە هەندێ ناوچەدا (کوردی باکور ، لوڕستان) مۆرفیمی (ی) لە بری (و)ش بەکار دێ ، لە ناوچەی (خۆشناوەتی ، سۆران ، موکری) تەنیا لە (بون و چون)دا مۆرفیمی (و)[4] هەیە .

بون ← بین ، چون ← چین ، دروون ← دروین ، گروون ← گروین / گروان ، سوون ← سوین / سوان ، هەنوون ← هەنوین ، فەرموون ← فەرموین[5] .

---

(١) دکتر پرویز ناتل خانلری ، ١٣٤٩ / ئیرانی، ١٩٧. ، ل ٢٣٦

(٢) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ١٩٨١ ، ل ١٩٥

(٣) بڕوانە : بەشی دوەم ، بەندی دوەم ، (چەمکی گشتی و تایبەتی) .

(٤) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی سێیەم ، (ئاوەڵناوەی کراو) .

(٥) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٧ ، ل ١٢٢ - ١٤٦.

### أ - مۆرفیمی (ی) :

دەنگی (ی)ش وەك ئەلۆمۆرفەکانی خۆی چونکە کەوتوەتە پێش (ن)ی چاوگ و هەندێ لە چاوگەکانی پێ ئەناسرێتەوە ، ناونراوە : (نیشانەی چاوگ) ئەم پیتە لەهەمان کاتدا مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و هێما بۆ کاتێکی پێش ئێستا ئەکا . کاتێ کارەکە بگۆڕین بۆ کاتێکی تر ئەم مۆرفیمە نامێنێ :

باری ← ئەبارێ ، کریم ← ئەکرم ، نوسییان ← ئەنوسن ..

هەندێ جار ئەم مۆرفیمە لە زارەکانی تر ئاڵوگۆڕ ئەبێ لەگەڵ ئەلۆمۆرفێکی تر :

بۆ نمونە لە کوردی باکوردا هەندێ جار ئەگۆڕێ بە (١) یان بەپێچەوانە :

تەقین ← تەقان[١] ، لەرزین← لەرزان ، ترسان ← ترسین[٢] ، برژان ← بژرین[٣] هێنان← ئانین[٤] .

هەروەها لە کاتی تێپەڕاندندا :

بارین← باران← بارانن ← باراندن[٥]

وەرین← وەران ← وەرانن ← وەراندن

خزین ← خزان ← خزانن ← خزاندن

هەندێ جار گۆڕینی مۆرفیمی (ی) بۆ (١) ئەبێتە هۆی گۆڕانی

---

(١) ك . ك . کوردۆییڤ ، ١٩٨٤ ، ل١٦٨

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٥

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٧

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٩

(٥) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم ، (تێپەڕاندن) .

چاوگەکە لە تێنەپەڕ بۆتێپەڕ :

گۆڕین ← گۆڕان ، بڕین ← بڕان ، دڕین ← دڕانْ ، زڕین ← زڕان ...

چاوگە (ی)ییەکان پابەندی یاسان و بەبێ ناوێزە دوای کرتاندنی (ن)ی چاوگ و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ، ڕەگی کار ئەمێنێیەوە ، وەك : حەپ ، پەست ، دا - پاچ ، هەڵ - قاچ ، لەوچ ، هەڵ - شاخ ، بار ، لەر - ەوە ، باڕ ، هاڕ ، بڕ ، چڕ ، زەڕ ، سڕ ، فڕ ، کڕ ، پەڕ ، وەڕ ، لێ - خوڕ ، گۆڕ ، ناز ، دز ، خز ، ڕز ، لەرز، بەز ، تەز ، گەوز ، دۆز ، - ەوە ، گرژ - ەوە ، مژ ، تۆژ - ەوە ، ناس ، هەڵ - واس ، پرس ، نوس ، تاش ، خش ، بەخش، دۆش، گوش ، لوش ، پۆش ، کۆش ، نۆش ، گلۆف ، تەق ، چەق ، تۆق، چلەك ، کۆ ك،جەنگ ، ماڵ ، ناڵ ، کۆڵ ، پژم ، سم ، زان ، توان، ڕوان ، ڕن ، پشکن ، چن ، ئاخن ، چەن ، ژەن ، کەن ، گەن، هۆن، بین ... هتد .

**ب - مۆڕفیمی (و) :**

ژمارەی چاوگە (و)ییەکان زۆر کەمە بەرامبەر چاوگەکانی تر ، ئەو چاوگانەش بە زۆری لە کوردی ناوەڕاستدا بەکاردێن و لە زارەکانی تر مۆرفیمی (و) گۆڕاوە بە مۆڕفیمی تر :

بون - بوین - بین

چون - چوین - چین[1]

---

(١) عبدالستار کاظم ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل١٤

جوون - جوین[١] - جوتن -

دروون - دروین / دروان دروتن[٢] -

بە گشتی چاوگە (و)ییەکان بریتین لەمانەی خوارەوە : کە بە پێی یاسا و بێ ناوێزە دوای کرتاندنی (و)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ، ڕەگی کار ئەمێنێتەوە :

(هە) بون ← (هە) بـ

چـــــون ← چ

جـــوون ← جو

دروون ← درو

گـــروون ← گرو

ســـوون ← سو

فەرموون ← فەرمو

هەنـوون ← هەنو

جگە لە چاوگی ((هە) بون ، چون) ، لە چاوگەکانی تردا دو پیتی (و) هەیە ، یەکەمیان دەنگێکی ڕەسەنی ڕەگی کارە و دوەمیان مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە .

**بەندی دوەم - مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا (الحاضر) :**

نزیکترین کات ، دەمی ئاخاوتنە و پێی ئەوترێ کاتی ئێستا ، کە بە مۆرفیمی (ە)[١] ئاماژەی بۆ کراوە ، ئەم مۆرفیمە لە بەر ئەوەی

---

(١) ك . ك . كوردۆییف ، ١٩٨٤ ، ل١٦٤

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨١ - ١٨٢

بزوێنێکی کورت و بێ هێزە کەم بە تەنیا دەرئەکەوێ . بەتایبەتی چونکە کارەکان ، یا مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا / ت / د / ی /و) یا مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ / ∅)یان لە گەڵدایە . بۆیە بواری بە تەنیا دەرکەوتنی لە کاتێکدا ئەبێ ، کە ڕەگی کار لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوێ و وەك مۆرفیمی (∅) خۆی بنوێنێ :

هۆزان جوانە .

هەستیار ژیرە .

هۆنراو زیرەکە .

لەم بارەدا ڕەگی کاری (بون) کە مۆرفیمی (بـ)ە ، دەرنەکەوتوە ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ ڕستەکە ئەگۆڕێ بۆ فەرماندان[٢] :

| کاتی ئێستا | کاتی ڕابوردو | کاتی ڕانەبوردو | کاتی داهاتو | کاری فەرماندان |
|---|---|---|---|---|
| جوان (∅) ە | جوان (بـ) و | جوان ئە (بـ)ێ | جوان (بـ)ێ | جوان (بـ) ە |
| ژیر (∅) ە | ژیر (بـ) و | ژیر ئە (بـ) ێ | ژیر (بـ) ێ | ژیر (بـ) ە |
| زیرەك (∅) ە | زیرەك (بـ) و | زیرەك ئە (بـ)ێ | زیرەك (بـ)ێ | زیرەك (بـ) ە |

دەرنەکەوتنی ڕەگی کار زمانەوانانی دەسخەڕۆ کردوە و بە زۆری (ە)یان بە (فرمانی بێ هێز)[٣] داناوە .

لە بەر کزی دەنگی (ە) کاتێ ڕاناوەکان دەرئەکەون ، ئەم مۆرفیمە تیا ئەچێ و لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێ و ئەبێ بە مۆرفیمی سفر (∅) :

---

(١) بڕوانە : بەشی سێیەم ، بەندی چوارەم ، ناوبڕی (ی)

(٢) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی شەشەم ، (٣ - کاری فەرماندان)

(٣) وریا عمر امین ، ئاداری ١٩٨٤ ، ل ٥٢

کەسی یەکەمی تاك (م)[1] : جوان (∅)م ، ژیر (∅)م ، زیرەك (∅) م
کەسی دووەمی تاك (ی) : جوان (∅)ی ، ژیر (∅)ی ، زیرەك (∅)ی
کەسی سێیەمی تاك (∅) : جوان (ە)∅ ، ژیر (ە)∅ ، زیرەك (ە)∅
کەسی یەکەمی کۆ (ین) : جوان (∅)ین ، ژیر (∅)ین ، زیرەك (∅)ین
کەسی دووەمی کۆ (ن) : جوان (∅)ن ، ژیر (∅)ن ، زیرەك (∅)ن
کەسی سێیەمی کۆ (ن) : جوان (∅)ن ، ژیر (∅)ن ، زیرەك (∅)ن

ئەشێ چاوگیش وەك ناو بەشداری ئەم جۆرە ڕستانە بکا ، وەكێ :

خەریکی نان خواردن (∅) م / ین
خەریکی نان خواردن (∅) ی / ن
خەریکی نان خواردن (ە) ∅ / (ن)

لەگەڵ کاری فەرماندا ، ئەگەرچی مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) بە تەنیا نیە و مۆرفیمی کاتی داهاتو (یَ /∅) ی لە گەڵدا هاتوە . بەڵام لەبەرئەوەی هێز (Stress) لەسەر مۆرفیمی کاتی ئێستایە ڕۆڵی مۆرفیمی داهاتو بێ هێز ئەبێ ، ئەم دیاردەیەش ئاشکراتر لە کەسی دووەمی تاکدا دیارە ، چونکە ڕاناوی لکاو دەرناکەوێ :

بڕ (یَ)ژە (∅) ، بنـ (یَ) ژ (ە) (∅) ، بنوس (∅) (ە) (∅)، بخوێن (∅) (ە) (∅) ئەگەر ڕەگی کارەکە کۆتایی بە بزوێن هاتبو ، مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرناکەوێ :

بنو (ە) ، بخۆ ، بڕۆ ، بشۆ ... ئەشێ ئەم بزوێنە مۆرفیمی کاتی داهاتوش بێ : بدوێ ، بگونجێ ، هەڵ بکشێ .

هەروەها لەبەرئەوەی لە کەسی دووەمی کۆدا ، ڕاناوی لکاو (ن) دەرئەکەوێ ، مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێ

و ئەبێ بە مۆرفیمی سفر (∅) :

بڕ (یێ)ژ (∅) ( ن) ، بن (یێ) ژ (∅) (ن) ، بنوس (∅) (∅) (∅) (ن)

مۆرفیمی کاتی ئێستا جگە لەمانە بەشداری ئەکا لە گەڵ مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو بۆ دروست کردنی ڕابوردوی بەردەوام و تەواو و نیازداری .. هەروەها بەشداری ئەکا لە گەڵ مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو بۆ دروست کردنی کاری ڕانەبوردو[١] .

**بەندی سێیەم-مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو (المستقبل) :**

کاتی داهاتو ، بریتیە لە کاتی دوای کاتی ئێستا ، واتە ئەو کاتەی لە دوای دەمی ئاخاوتن درێژ ئەبێتەوە بەرەو بێ پایان .

مۆرفیمی سەرەکی کاتی داهاتو دەنگی (یێ)یە ، ئەم مۆرفیمەش لەبەر بێ هێزی و نەبونی کاتی داهاتوی هەواڵدەری (اخباري) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا کەم بە تەنیا دەرئەکەوێ تەنیا لە دۆخی داخوازیدا نەبێ کە بەم شێوەیە دروست ئەبێ :

ڕەگی کاری بون (بـ) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو + ڕاناوی لکاو

بـ + خنـك + یێ + م ← بخنکێم .

بـ + سوت + یێ + ی ← بسوتێی .

بـ + رژ + یێ + ∅ ← بڕژێ .

بـ + شـك + یێ + ین ← بشکێین .

بـ + لو + یێ + ن ← بلوێن .

بـ + گونـج + یێ + ن ← بگونجێن .

بەڵام لە زۆربەی ئەو چاوگانەی کە (١)یی نین ، مۆرفیمی کاتی

---

(١) بڕوانە : بەندی چوارەم ، (لێکدانی مۆرفیمەکان)

داهاتو (یْ) لەئاستی سەرەوە دەرناکەویْ و ئەبیْ بە مۆرفیمی سفر (∅) ، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبیْ ، لەبەر ئەوەی ڕاناوی لکاو مۆرفیمی /سفرە و دەرناکەویْ ، مۆرفیمی کاتی داهاتو (یْ) دەرەکەویْ :

بـ + خوێن + ∅ + م ← بخوێنم

بـ + کە + ∅ + ی ← بکەی

بـ + چ + یْ + ∅ ← بچیْ

بـ + نو + ∅ + ین ← بنوین

بـ + ماڵ + ∅ + ن ← بماڵن

بـ + بڕ + ∅ + ن ← ببڕن

تەنانەت چاوگە (١)یە تێپەڕەکانیش هەمان ڕەفتار ئەنوێنن :

بـ + شێل + ∅ + م ← بشێلم

بـ + کێڵ + ∅ + ی ← بکێڵی

بـ + هێن + یْ + ∅ ← بهێنیْ

بـ + کێش + ∅ + ین ← بکێشین

بـ + هێڵ + ∅ + ن ← بهێڵن

بـ + پێو + ∅ + ن ← بپێون

جیاوازی نێوان کاری فەرماندان و (نیازداری)[1] جگە لە ڕەوتی ئاخاوتن (سیاق الکلام) لەم خاڵانەی خوارەوەشدا دەرەکەویْ :

١ - کاری فەرماندان تەنیا ئاڕاستەی کەسی دوەمی تاك و کۆ

(١) فەرماندان = أمر ، داخوازی = طلب

ئەکرێ ، بەڵام کاری داخوازی ئاڕاستەی هەمو کەسەکان ئەکرێ .

٢ - کاری فەرماندان مۆرفیمی کاتی داهاتو و ئێستای تێدایە ، بەڵام کاری داخوازی تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتوی تێدایە .

٣ - کاری فەرماندان و کاری داخوازی لە کەسی دوەمی تاکدا ، بەوە جیا ئەکرێنەوە ، کە لە کاری فەرماندانداا ڕاناوی لکاو وەرناگرێ و لە کاری داخوازیدا ڕاناوی لکاوی (ی) وەرەگرێ :

| کاری فەرماندان | | کاری داخوازی | |
|---|---|---|---|
| نامەکە | بنوسە | نامەکە | بنوسی ... |
| دەرمانەکە | بخۆ | دەرمانەکە | بخۆی ... |
| هەویرەکە | بشێلە | هەویرەکە | بشێلی ... |

بەڵام لە کەسی دوەمی کۆدا پتر لە ڕەوتی ئاخاوتن و بە هۆی هێز و ئاواز لەیەك جیا ئەکرێنەوە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەکە | بڕێژن | ئاوەکە | بڕێژن |
| زەویەکە | بکێڵن | زەویەکە | بکێڵن |
| جلەکان | بشۆن | ئێوە جلەکان | بشۆن |

بۆ نمونە لە ڕستەی سێیەمدا بە هۆی ڕەوتی ئاخاوتن و ئاواز هەردو دۆخەکە جیا ئەکرێنەوە ، چونکە هێز بە ناچاری لە هەمان شوێندا دەرەکەوێ . جگە لەمەش تێبینی ئەوە ئەکرێ کە لە ڕستەی فەرماندانداا ڕاناوی جیا کەم بەکاردێ ، بەڵام لە کاری داخوازیدا بەکارهێنانی ئاساییە .

مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو (ێ ،∅) لەگەڵ کاتی ئێستاش دەرەکەون بۆ دروست کردنی کاری ڕانەبوردو (١) .


(١) بڕوانە : بەندی چوارەم - کاتی ڕانەبوردو .

## بەندی چوارەم - لێکدانی مۆرفیمەکانی کات :

بەیەکەوە هاتنی پتر لە مۆرفیمێکی کاتە سەرەکیەکان (ڕابوردو ، ئێستا ، داهاتو) چەندین کاتی لێکدراومان بۆ دروست ئەکا و زۆربەی پێویستیەکانی کاتی ئێستە پڕ ئەکاتەوە ، وەك : ڕانەبوردو ، ڕابوردوی بەردەوام ، دور ، تەواو ، خۆزگەیی ، ناکردن[١] .

**١ - کاتی ڕانەبوردو[٢] :**

کاتی ڕانەبوردو لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) و مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ /∅) دروست ئەبێ و ماوەی ئەنجامدانی ئێستا بەرەو داهاتوە ، واتا ئەشێ ، ئێستا ڕوبدا ، یا دوای ئێستا بە هەر ماوەیەك بێ . وەك لەم هێڵکاریەدا دەرەکەوێ:




یاسای دروست بونی بەم شێوەیە :

مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ /∅) + ڕاناو

ە + سوت + ێ + م ← ئەسوتێم

ە + جوڵ + ێ + ی ← ئەجوڵێی

ە + کێڵ + ێ + ∅ ← ئەکێڵێ

ە + نوس + ∅ + ین ← ئەنوسین

---

(١) بروانە : بەشی چوارەم ، بەندی حەوتەم (ناکردن ) .

(٢) کاتی ئێستا و کاتی داهاتو و کاری فەرماندان لە ڕوی کاتەوە ڕانەبوردون ، بەڵام لیرەدا مەبەستمان زاراوە باوەکەی کاری ڕانەبوردوە (المضارع - Present) .

ه + خوێن + ∅ + ن ← ئەخوێنن

ئەگەر لەبری (ه)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا ، (یْ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو دابنێین ، ئەوا کارەکە تایبەت ئەبێ بە کاتی داهاتو ، ئەم فۆرمەش لە کرمانجی ژورودا هەیە :

مۆرفیمی کاتی داهاتو(یْ)+ڕەگی کار+مۆرفیمی کاتی داهاتو (یْ(ی)/و+ڕاناوی لکاو

یْ + چ + ∅ +م ← دیْ[1] چم

یْ + هنـ (یْ) ر + ی ← دیْ هنێری

یْ + خۆ + ∅ + ∅ ← دیْ خۆ

یْ + (پسـ (ی) ن + ین ← دیْ پسینین[2]

یْ + (چەر (ی) ن + ن ← دیْ چەرینن

---

(١) ئەوەی شایانی باسە ، کاتێ بزوێنێك ئەکەوێتە سەرەتای وشە ، پێویستی بە هێزێك ئەبێ بۆ گۆکردنی ، چونکە لە بزوێندا دەم بە ڕێژەیەك کراوەیە و هەوا بە بەردەوامی لە سیەکان دێتە دەرەوە و تەلە ژێیەکان ئەلەرێنەوە ، بۆیە پێویست بە دەنگێك ئەکا تا وەك پاسەوانێك زاڵ بێ بەسەر بڕی هەواکە و ڕێکخستنی کۆئەندامی ئاخاوتن . لە هەندێ ناوچەی وەك شارەزور و سۆران و هەورامی و لوڕی دەنگی (ئـ) بۆ ئەم مەبەستە بەکار ئەهێنن ، وەك هەمو هیندۆ ئەوروپیەکان ، ( animal - ئەنیماڵ ، egg - ئێگ ، Indian - ئیندیان ، october ئۆکتۆبەر ... ) بەلاْم لە هەندێ ناوچەی تر وەك کرمانجی ژورو و هەولێر دەنگی (د) لە بری (ئـ) بە کار ئەهێنن ، کە لە بنجدا پەیوەندیان بە کاتەوە نیە ، هەرچەند لە هەندێ ناوچەی کرمانجی ژورودا مۆرفیمی (ه)ی کاتی ئێستا لەبەر بێ هێزی ئەکرتێ و دەنگی (د) شوێنی ئەگرێتەوە (دەچم← دچم ، دەخۆی ← دخۆی..)

٢ - هەندێ جار بەتایبەتی لەو کارانەی تێپەڕێنراون لە بری دەنگی (یْ) بۆ مۆرفیمی کاتی داهاتو دەنگی (ی) بە کار ئەهێنرێ ، ئەمەش ڕەنگە هۆیەکی دەنگسازی بێ .

**٢ - ڕابوردوی بەردەوام :**

ڕابوردوی بەردەوام لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا / د / ت / ی / و ) دروست بوە ، یاسای ڕۆنانی لە کاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە :

مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ڕاناوی لکاو

ە + سوت + ا + م ← ئەسوتام

ە + مر + د + ی ← ئەمردی

ە + کەو + ت + ∅ ← ئەکەوت

ە + بەز + ی + ین ← ئەبەزین

ە + چ + و + ن ← ئەچون

لە چاوگە (ی)یە تێنەپەڕەکاندا تێبینی ئەوە ئەکرێ کە هەندێ جار بە تایبەتی لە کەسی یەکەمی کۆدا ، (ی) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ئەگۆڕێ بە (ا) ، ئەویش بۆ ڕزگار بون لە بەدوای یەکدا هاتنی دو دەنگی (ی) ، وەك : (ئەبەزاین ، ئەخزاین ، ئەجەنگاین ، ئەتەقاین، ئەلەرزاین ، ئەتەزاین ، ئەچەقاین ، هەڵئەوەراین .. هتد) ، هەروەها بۆ تێکەڵ نەبون لە گەڵ کاری ڕانەبوردو .

بەڵام لە کارە تێپەڕەکاندا ڕاناوی لکاو ئەگۆڕێ بۆ دەستەی خاوەنی و ئەچێتە دوای مۆرفیمی کاتی ئێستا[١] (ە) :

---

(١) ئەگەر پێشگرێکی تر هەبێ باز ئەدا بۆ دوای پێشگری یەکەم ، وەك : هەڵمان ئەواسی، داتان ئەگرت ، لێیان ئەدام ، ئەگەر بەرکار هەبێ ئەچێتە دوای بەرکار ، نانیان ئەخوارد.

ه + م + کێڵ + ا ← ئەمکێڵا

ه + ت + خوێن + د ← ئەتخوێند

ه + ی + گر + ت ← ئەیگرت

ه + مان + نوس + ی ← ئەماننوسی

ه + تان + درو + و ← ئەتاندروو

ه + یان + فەرمو + و ← ئەیانفەرموو[1] .

ماوەی ئەنجامدانی کاری ڕابوردوی بەردەوام ، لە ڕابوردووەوە تا کاتی ئێستایە، واتە کارەکە لە ڕودان بەردەوامە تا دەمی ئاخاوتن و لەگەڵ ئاخاوتن بواری ڕودانی تەواو ئەبێ ، وەك لەم هێڵکاریەدا دەرەکەوێ :

داهاتو | ئێستا | ڕابوردو

ا / ت / د / ی / و + ه

بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی بەردەوام

بۆ نمونە ، کە ئەڵێی (ئەچوم) واتە لە ڕابوردویەکی دەست نیشان نەکراو ئەچوم تا ئێستا ، بەڵام لەمەودوا ناچم ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانرێ کاتی ڕابوردوەکە بە ئاوەڵکاری کات دەست نیشان بکرێ :

جاران
پارەکە
تاکو پێرار
کە منالْ بوم/ ی /∅
تائێستا

| ئەچوم ، زۆرت ئەخوێند ، جگەرەی ئەکێشا

(١) فەرموون چاوگێکی تێنەپەڕە ئەگەر بە واتای (میوان بوون) بێ ، بەڵام تێپەڕە ئەگەر بەواتای (وتن) بێ ، وەك : (خوا ئەفەرموێ - ...)

### ٣ - ڕابوردوی دور :

ڕابوردوی دور له ئه‌نجامی به‌یه‌كه‌وه هاتنی دو مۆرفیمی كاتی ڕابوردو یه‌كیان له كاری سه‌ره‌كی و یه‌كیان له كاری یاریده‌ری (بو) دروست ئه‌بێ ، یاسای ڕۆنانی به‌م شێوه‌یه :

ڕه‌گی كار+مۆرفیمی كاتی ڕابوردو+ڕه‌گی كاری- بو - (بـ)+مۆرفیمی كاتی ڕابوردو(و)+ڕاناوی لكاو

كوت + ا + بـ + و + م ← كوتابوم


دا-نیش + ت + بـ + و + ی ← دانیشت بوی

سه‌ن + د + بـ + و + ی ← سه‌ندبوی

كڕ + ی + بـ + و + مان ← كڕی بومان

بـ + و + بـ + و + ن ← بوبون[١]

ڕابوردوی دور واتای ئه‌وه ئه‌دا كه كاره‌كه پێش ڕابوردوی ئاسایی ڕویداوه ، واته بواری ئه‌نجامدانی كاره‌كه له ڕابوردوی ئاسایی به‌ره‌و پێشه‌وه‌یه ، چونكه مۆرفیمێكی كاتی ڕابوردو ، ڕۆڵی ڕابوردوی ئاسایی ئه‌بینێ و مۆرفیمی دوه‌م بواری ئه‌نجام دانه‌كه دور ئه‌خاته‌وه بۆ پێشتر ، وه‌ك له‌م هێڵكاریه‌دا ده‌ره‌كه‌وێ .




---

(١) هه‌ندێ جار بۆ ئاسانی گۆكردن ئه‌بێته (ببون) .

**٤ – ڕابوردوی تەواو :**

ڕابوردوی تەواو پێك هاتوە لە ئاوەڵناوی کراو[١] و مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) .ئاوەڵناوی کراو وەك ئاوەڵناوێکی ئاسایی ڕەفتار لەگەڵ مۆڕفیمی کاتی ئێستا ئەکا[٢] .

مــەردم – وەستاوم ، ئازایــــن – نوستوین

وشیاری – تەزیوی ، ترسنۆکن – مــردون

جوانـــە – چـــووە ، تیـــژن – ســـواون

بەڵام جیاوازی لە نێوان ئاوەڵناوی کراو و ئاسایی ئەوەیە ، کە ئاوەڵناوی کراو پێك هاتوە لە (ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو – و –) ، ئەم ڕەگە چەمکی کار بە ڕوداوەکە ئەبەخشێ و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش چەمکی ڕابوردو ئەبەخشێ و مۆڕفیمی کاتی ئێستە چەمکی ئێستایی ئەبەخشێ ، لە ئەنجامدا فۆڕمەکە واتای ئەوە ئەدا ، کە کارەکە لە ڕابوردودا ڕوی داوە و کاریگەریەکەی تا ئێستا لە ئارادایە . یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە :

لە تێپەڕدا :

ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + ڕاناوی خاوەنی + مۆڕفیمی کاتی ئێستا(ە)

هێن + ا + و + م + ە ← هێناومە – هێناومانە

گر + ت + و + ت + ە ← گرتوتە – گرتوتانە

نوس + ی + و + ی + ە ← نوسیویە / نوسیوەتی(٣) – نوسیویانە

بواری ڕودانی کارەکە ، لە ڕابوردودا ئەنجام دراوە بەڵام تا ئێستا


---

(١) بروانە ، بەشی چوارەم ، بەندی سێیەم (ئاوەڵناوی کراو) .

(٢) بروانە : بەندی دوەم (مۆڕفیمەکانی کاتی ئێستا) .

(٣) بروانە . بەشی پێنجەم ، بەندی یەکەم (ڕاناوەکانی ڕێککەوتن) ، کەسی سێیەمی تاك.

وەکو خۆیەتی و نەبڕاوەتەوە ، واتە کاریگەری هەرماوە ، بۆ نمونە کە ئەڵێ : (نانم خوارد) واتە ، خوراو بڕایەوە و کاریگەری خواردنەکە دیار نیە ، بەڵام کە ئەڵێ (نانم خواردوە) واتە ، هێشتا کاریگەریەکەی (تێری) بەردەوامە . وەك لەم هێڵکاریەدا دەرئەکەوێ:




بواری ڕودانی کاری ڕابوردوی تەواو

**٥ - ڕابوردوی خۆزگەیی :**

ڕابوردوی خۆزگەیی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی چەند ڕەگەزێك جگە لە ڕەگی کار و ڕاناوە لکاوەکان دێتە ئاراوە ، کە ئەمانەن :

١ - مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی کاری (بو) کە چەمکی هاتنە ئارایی ئەدا .

٢ - مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا / ت / د / ی / و ) کە چەمکی ڕابوردویەکی ئاسایی ئەدا .

٣ - مۆرفیمی (١)ی ڕابوردو ، ئەرکی ئەوە ئەبینێ ، کە بواری ئەنجام دانی کارە ڕابوردوەکە بکا بە ڕابوردو و لە ئەنجامدا چەمکی ڕونەدان دێتە ئاراوە و کارەکە هەرگیز ڕونادا . بەتایبەتی چونکە مۆرفیمی (١) جگە لە چەمکی ڕابوردو هێزێکی دروست کردنی کاری خۆنەکردی تیادایە[١] ، لە ئەنجامدا ڕودانی کارەکە لە توانا دەرەچێ .

(١) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم (تێپەڕاندن) .

٤ - مۆرفیمی (ه)[1]ی کاتی ئێستا کە بواری کارە ڕابوردوەکە درێژ ئەکاتەوە تا کاتی ئێستا . واتە ، چەمکی ئەگەری ڕودان تا دەمی ئاخاوتن درێژ ئەکاتەوە .

یاسای دارشتنی ڕابوردوی خۆزگەیی لە کاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە :

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی کاری بو (ب) | + ڕەگی کار | + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن[2] | + مۆرفیمی (١)ی کاتی ڕابوردو | + ناوبڕی (ی) | + مۆرفیمی (ه)ی کاتی ئێستا |

بـ + وەست + ا + م + ا + ی + ه ← بوەستامایە

بـ + کەو + ت + ی + ا + ی + ه ← بکەوتیایە

بـ + بەز + ی + + ا + ی + ه ← ببەزیایە

بـ + مر + د + ین + ا + ی + ه ← بمردینایە

بـ + بـ + و + ن + ا + ی + ه ← ببونایە

بەڵام ئەگەر چاوگەکە (١)یی بێ لە کەسی سێیەمدا پێویست بە دوبارە کردنەوەی مۆرفیمی (١)ی ڕابوردو ناکا ، وەك (بسوتایە ، بچەسپایە ، بتۆرایە ..) ، جیاوازی یاسای کاری تێپەڕ تەنیا لە ڕاناوەکانی خاوەنی دایە کە ڕۆڵی بکەر ئەبینن و ئەکەونە دوای پێشگری (بـ) :

---

(١) لە هەندێ ناوچەدا (هەولێر ، خۆشناوەتی ، سۆران ...) مۆرفیمی کاتی ئێستا بەکار ناهێنن . وەك (کێلاٰبام ، خواردبات ، هاتبای ، نوسیبای ، خنکابا ..) بەمەش بواری کارەکە هەر لە ڕابوردودا ئەبێ .

(٢) بڕوانە : بەشی پێنجەم ، بەندی یەکەم ، (ڕاناوەکانی ڕێککەوتن) .

بـ + م + کێڵ + ا + ∅ + (با) + ی + ە ← بمکێلا (با)[1] یە


بـ + ت + فرۆش + ت + ن + ا + ی + ە ← بتفرۆشتنایە

بـ + ی + نار + د + ی + ا + ی + ە ← بیناردیایە

بـ + مان + ناس + ی + ین + ا + ی + ە ← بیناسیینایە

بـ + تان + درو + و + ∅ + ا + ی + ە ← بتاندروایە

ئەشێ هاوکێشەی مۆرفیمەکانی کات بەم شێوەیە لێك بدرێتەوە : (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ( ا / ت / د / و / ی ) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) ) × مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (١) واتە ، ئەشیا کارەکە لە ڕابوردو ڕویدا تا کاتی ئێستا بەڵام هەمو ماوەکە ڕابورد و تێپەڕی ، ئیتر بواری ڕودانی نەما وەك لەم هێڵکاریەدا دەرئەکەوێ :




بواری کاری ڕابوردوی خۆزگەیی

ئەشێ ئەگەری ڕودانەکە دورتر بخرێتەوە لە ڕابوردودا ، بەهۆی مۆرفیمی (و)ی ڕابوردو کە لەگەڵ کاری (بو)ی یاریدەدەر ئەهێنرێتە ناو فۆرمەکە ، وەك :

بکەوتبوایە / کەوبتوایە ، بمکێلابوایە ، بوبوایە ..) .

---

(١) لە هەندێ شێوەی تردا ، مۆرفیمی (بـ) و (١) دوبارە ئەکرێنەوە ، وەك (بسوتابایە / سوتابایە ، بتۆرابایە / تۆرابایە ، بنوست بایە / نوست بایە ، بکوژرابایە / کوژرابایە ...)، (بمکێلایە / بمکێلابایە ، بتگرتایە / بتگرتبایە ، بیخوێندایە / بیخوێندبایە ..) .

# بەشی چوارەم

## بەشی چوارەم :

# مۆرفیمەکانی ئەرك

- بەندی یەکەم - تێپەڕاندن .
- بەندی دوەم - دوپاتی .
- بەندی سێیەم - ئاوەڵناوی کراو .
- بەندی چوارەم - پەیوەندی .
- بەندی پێنجەم - بکەرنادیار .
- بەندی شەشەم - ئارایی .
- بەندی حەوتەم - ناکردن .

# (بەشی چوارەم)

## مۆرفیمەکانی ئەرك :

هەمو مۆرفیمێـك ئەرکی گەیاندنی واتایەك (بەخشینی چەمکێك)ی لە ئەستۆدایە ، چونکە لە خودی خۆیدا بریتیە لە فۆرمێك یا هێمایەکی هەڵگری واتایەکی بچوك . ئەم ئەرکە واتاییە ئاستی وشەسازی ئەگرێتەوە . بەڵام لە هەندێ مۆرفیمدا ، ئەم ئەرکە بنەڕەتیە ئەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی ئەرکێکی مەزنتر ، ئەویش پەیوەندی واتایی لەگەڵ زۆربەی مۆرفیمەکانی تری ناو ڕستە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریەکەی هەمو بەشەکانی ڕستە ئەگرێتەوە . ئەم ئەرکە ڕستەسازیە بە زۆری ئەرکە وشەسازیەکە ئەگرێتە خۆی و لە ناویدا ئەتوێتەوە . بۆیە بە مۆرفیمی ڕێزمانی ناو ئەبرێن ئەرکی ڕێزمانیش : ئەرکی وشەسازی و ئەرکی ڕستەسازی ئەگرێتەوە .

مۆرفیمەکانی ڕێزمانی بە زۆری ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە بەکارەوە ئەلکێن ، چونکە کار تەوەرەی سەرەکیِ ڕستەیە و (ڕستە : بریتیە لە کار و پێویستیەکانی) ، لە زمانی کوردیدا چەمکی کار تەنیا ڕەگی کار ئەگرێتەوە ، هەمو مۆرفیمەکانی تری ڕستە پێویستی کارەکەن پێویستیەکانیش دو جۆرن : سەرەکی و لاوەکی ، لاوەکیەکان ئەوانەن کە ئەتوانرێ لاببرێن ، وەك (ئاوەڵکار و ئاوەڵناو و دیارخەر و ... هتد) ، بەڵام سەرەکیەکان لانابرێن و ڕاستەوخۆ بە کارەوە ئەلکێن ، یان ئەتوانرێ بلکێنرێن . کەواتە هەمو پێویستیە سەرەکیەکان یان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین ، یان ئەشێ بکرێن بە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ، بۆیە هەمویان بەر ئەرکی ئەم نامەیە ئەکەون . بەڵام لە بەر زۆری ژمارەیان پۆلینم کردن و بە پێی بایەخ و ڕادەی بەکارهێنان

دابەشی سێ بەشمان کردن ، لە بەشی سێیەمدا لەبەر گرنگی زۆری بەکارهێنانیان ، باسی مۆرفیمەکانی کاتمان کرد . لە بەشی دواییدا باسی ڕاناوە لکاوەکان ئەکرێ . ئەم بەشەش لە سەرجەم مۆرفیمەکانی تری ئەرک ئەدوێ .

لەم بەشەدا مۆرفیمەکانمان بە پێی لە یەك نزیکی فۆرمەکان ڕیز کردوە و هەریەکەیان لە بەندێکی تایبەتی باس کراوە . بەندەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

**بەندی یەکەم - تێپەڕاندن :**

کار ، بریتیە لەو مۆرفیمەی کە هێمایە بۆ ڕوداوێك ، تەنیا یەك مۆرفیم چەمکی ڕوداوەکە ئەبەخشێ ، ئەویش ڕەگی کارە ، بەم پێیە هەر کارێك تەنیا یەك ڕەگی هەیە ، بۆ هەر چەمکێکی تر جگە لە خودی ڕوداوەکە مۆرفیمی تایبەتی هەیە .

ڕوداویش یا سروشتی (خۆنەکرد) ئەبێ ، یا دەستکرد (خۆکرد) . ڕوداوی سروشتی ئەوەیە کە بکەری نەبێ . یا لەبەرئەوەی بکەرەکەی سروشتە ، بیرت بۆ بکەر ناچێ . هەرچەندە ئەشێ لێکدانەوەی زانستی یا ژیربێژی بۆ بکرێ ، بەڵام ئەمە ئەرکی زمانەوان نیە ، چونکە بابەتەکە لە زمانەوانی دەرەچێ و لە ئەنجامدا ناو[1] لە ئارادا نامێنێ و هەر ناوێك ئەبێتە هێمای ڕوداوێك بۆ بکەرێکی ژور خۆی.

کەواتە کار لە ڕوی خۆکردی و خۆنەکردی ئەکرێ بەم بەشانە :

١ - *کاری خۆنەکرد (سروشتی)* : ئەو ڕوداوەیە کە بکەری نیە ، لە هەر تافێکدا بێ بیرت بۆ بکەر ناچێ و ئەشێ بیرت بۆ هۆ

---

(١) نعیم علوية ، ١٩٨٤ ، ص٢٦٨

(وسیلة) یا ئامێر[1] بچێ ، وەك : (کەوتن ، پشکوتن ، مردن ، بارین ، خزین ، تەقین ، ... هتد) ، زۆربەی چاوگە (١)ییە تینەپەڕەکان لە زمانی کوردیدا کاری سروشتین : (سوتان ، شکان ، پسان ، خنکان ، دڕان ، بڕان ، ڕژان ، ترسان ، کرتان ، تاسان ، ڕمان ، تکان ، قلیشان ، ترشان ، ڕوخان ، پچڕان ، بزرکان ، دامرکان ، کوژانەوە ، ڕوتانەوە ، توانەوە ... هتد) .

٢ - *کاری خۆکرد* : ئەو کارەیە کە بکەری هەیە خۆی بە خواست و ئارەزوی خۆی ڕوداوەکە ئەنجام ئەدا ، ئەتوانێ بیکا یا نەیکا ، وەك : (هاتن ، چون ، هەڵستان ، دانیشتن ، چەقین ، وەڕین ، ڕۆیشتن ، سوڕانەوە ، پاڕانەوە ، جولانەوە ، جەنگان ، فڕین ، وەستان، تۆران ، ... هتد) .

ئەگەر لەم چاوگانەی سەرەوە (خۆکرد و خۆنەکرد) وردبینەوە و گەردانیان بکەین ، ئەبینین ، هەریەکەیان هێمای ڕوداوێکن و ئەبێ ئەم ڕوداوە بە سەر کەسێك یا شتێکدا ڕوبدا . واتە هەردەم پێویستی بە کەسێك یا شتێکە بۆ ئەوەی کارەکەی بەسەردا ئەنجام بدرێ . ئەگەر پێویستیەکە کارەکەی بە سەردا هاتبێ و خۆی بەسەر خویدا نەهێنا بێ ، ئەو پێویستیە ئەبێتە بەرکاری کارەکە ، چونکە بکەرەکەی هێمای بۆ نەکراوە و لە ئارادا نیە . چونکە وشە یا مۆرفیم هێمان بۆ بونێکی ناو بیری مرۆڤ . بەڵام ئەگەر پێویستیەکە خۆی کارەکەی بەسەر خۆیدا هێنابێ ، ئەو پێویستیە ئەبێتە بکەری کارەکە. بەم دو جۆرە کارە ئەوترێ تینەپەڕ ، چونکە کاریگەری ئەم کارە تەنیا یەك پێویستی ئەگرێتەوە ، بکە بێ یا بەرکار.

---

(١) Fillmore , 1968 , P 24

٣ - *تێکەڵ* : جۆرێکی تر لە کار هەیە ، تێکەڵە لە هەردو جۆری خۆکرد و خۆنەکرد ، واتە دو پێویستی هەیە ، کارەکە بەرامبەر یەکێکیان خۆکردە و ئەم پێویستیە ئەبێتە بکەری کارەکە . بەرامبەر دوەمیان خۆنەکردە و ئەم پێویستیە ئەبێتە بەرکاری کارەکە . بەم جورە کارانە ئەوترێ تێپەڕ ، وەك ( نوسین ، کوشتن ، گرتن ...هتد) کەواتە بە شێوەیەکی گشتی کار دابەشی دو پۆل ئەکرێ :-

*تێنەپەڕ* : ئەو کارەیە کە یەك پێویستی سەرەکی ئەوێ . ئەگەر ئەو پێویستیە خۆی بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام بدا ، بەو کارە ئەوترێ : ( تێنەپەڕی بکەری ) . وەك : ( هاتم ، چوم ، هەڵستای ، دانیشی ، چەقی ، وەڕی ، ڕۆیشتین ، سوڕاینەوە ، ئەپاڕانەوە ، ئەجولانەوە ، ئەجەنگان ، ئەفڕین ، ئەوەستان ، ئەتۆران ...هتد ) . لەمانەدا ڕاناوە لکاوەکان ( م ، ی ، ∅ ، ین ، ن ، ن ) بکەری کارەکەن .

بەڵام ئەگەر پێویستیەکە کارەکەی بە خواست و ئارەزوی خۆی ئەنجام نەدابێ و بە سەریدا هاتبێ ، بەو کارە ئەوترێ : ( تێنەپەڕی بەرکاری) . وەك : ( سوتام ، شکام ، پسای ، خنکای ، دڕا ، بڕا ، ترساین ، تاساین ، بۆرژان ، خوسان ، قلیشان ، ترشان ...هتد). لەمانەدا ڕاناوە لکاوەکان بەرکاری کارەکەن .

*تێپەڕ* : ئەو کارەیە کە دو پێویستیی سەرەکی ئەوێ . یەکێکیان بە خواستی خۆی کارەکە ئەکا ، پێی ئەوترێ بکەر ، دوەمیان خواست و ئارەزوی نیە و یەکەمەکە کارەکەی بەسەدا ئەهێنێ ، پێی ئەوترێ بەرکار . وەك : (ئەینوسم ، ئەتگرین ، ئەیانکوژن ، ئەتانبەن ..هتد) لەم نمونانەدا ، ڕاناوەکانی (ی ، ت ، یان ، تان ...) بەرکارن و

ڕاناوەکانی (م ، ی، ∅ ، ین، ن ، ن ..) بکەرن .

ئەگەر بە وردی بەراوردێکی چاوگە تێنەپەڕەکان بکەین ، ئەبینین بەگشتی پێك هاتون لە [ ڕەگی کار + نیشانە ی چاوگ (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ) + نونی چاوگ ] . لەئەنجامی گەردان کردنیان بۆمان دەرەکەوێ ، کە (ن) ی چاوگ نونێکی کۆی بێ‌لایەنە (واتە ناگەڕێتەوە بۆ هیچ کەس و شتێك) و لە جێی پێویستیەکی سەرەکی هاتوە ، یا بکەر یا بەرکار :

| پێویستی سەرەکی | تێنەپەڕی بکەری | | | تێنەپەڕی بەرکاری | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاناوەکان | هاتن | چون | وەستان | سوتان | کەوتن | مردن |
| من | هاتم | چوم | وەستام | سوتام | کەوتم | مردم |
| تۆ | هاتی | چوی | وەستای | سوتای | کەوتی | مردی |
| ئەو | هات∅ | چو∅ | وەستا∅ | سوتا∅ | کەوت ∅ | مرد∅ |
| ئێمە | هاتین | چوین | وەستاین | سوتاین | کەوتین | مردین |
| ئێوە | هاتن | چون | وەستان | سوتان | کەوتن | مردن |
| ئەوان | هاتن | چون | وەستان | سوتان | کەوتن | مردن |

ڕاناوەکان لە تێنەپەڕی بکەری ئەبنە بکەر و لە تێنەپەڕی بەرکاری ئەبنە بەرکار ، چونکە لە یەکەمدا خۆکردن و لە دوەمدا خۆنەکردن . ڕاناوە لکاوەکان (ن)ی چاوگیان لادا و لە جێگەی (ن) هاتن . کەواتە (ن) ی چاوگ نونێکی کۆی گشتی دەست نیشان نەکراوە ، هەمو ئەو پێویستیە سەرەکیانە ئەگرێتەوە ( بکەر یا بەرکار ) کە کارەکە پێویستی پێیان هەیە ، واتە لە کاری تێنەپەردا (ن) ی چاوگ یا جێگەی پێویستی بکەر ئەگرێ یا پێویستی بەرکار . کاری

تێپەڕیش دو پێویستی سەرەکی هەیە ( بکەر و بەرکار ) . کەواتە لە تێکەڵ کردنی هەردوکیان کارێکی تێپەڕ دروست ئەبێ . واتە ئەگەر (ن) یێکی تر بخەینە سەر چاوگی تێنەپەڕ ئەبێتە دو (ن) ، یەکێکیان جێی بەرکار ئەگرێ و دوەمیان جێی بکەر . وەك :

| | |
|---|---|
| سوتان ← سوتانن | خنکان ← خنکانن |
| سوتام ← سوتانم | خنکام ← خنکانم |
| سوتای ← سوتانت | خنکای ← خنکانت |
| سوتا∅ ← سوتانی | خنکا∅ ← خنکانی |
| سوتاین ← سوتانمان | خنکاین ← خنکانمان |
| سوتان ← سوتانتان | خنکان ← خنکانتان |
| سوتان ← سوتانیان | خنکان ← خنکانیان |

لێرەدا سێ خاڵی گرنگ تێبینی ئەکرێ :-

١- لە ئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی دو پیتی (ن) ، لە ڕوی دەنگسازیەوە کارێکی زۆر ئاسان نیە ، لە بەر ئەوە لە هەندێ ناوچەدا (کوردی ناوەڕاست ) دەنگی (د) ئەبێتە ناوبڕ و کاری گۆکردن ئاسان ئەکا . ئەم دەنگە لە ناوچەکانی تردا ( کوردی ژورو و شارەزور ) کەم بەکار ئەهێنن .

لەو ناوچانەی کە بەکار ئەهێنرێ ئەرکی دەنگی (١) ی کەم کردوە، کە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە . خۆی بوەتە نیشانە ی چاوگ و ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوش ئەبینێ . کەلە ڕاستیدا دەنگی (١) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و دەنگی (د) تەنیا ناوبڕە .

٢- لە بەر ئەوەی زۆربەی چاوگە (١) ییەکان ، تێنەپەڕی بەرکارین و زۆربەی چاوگەکانی تر تێنەپەڕی بکەرین ، بۆیە هەر

چاوگێکی تێنەپەڕ ئەگەر (١)یی نەبێ ، ئەکرێتە (١)یی ، ئنجا (ن)ێکی تری ئەخرێتە سەر . واتە مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (نیشانەی چاوگ) ئەگەر ( ت ، د ، و ، ی) بێ ئەگۆڕێ بە (١)و چاوگەکە ئەکرێتە چاوگێکی تێنەپەڕی بەرکاری ( خۆنەکرد ) و ئنجا (ن) ێکی تێنەپەڕی بکەری ( خۆکرد ) ی ئەخرێتە سەر و ئەبێتە تێپەڕ، وەك :

خەوتن ← خەوان ← خەوانن ← خەواندن

چون ← چوان ← چوانن ← چواندن

فڕین ← فڕان ← فڕانن ← فڕاندن

ئەم یاسایە ئەم چاوگانەش ئەگرێتەوە خۆیان تێنەپەڕی بەرکارین و چاوگی (١)یی نین :-

کەوتن ← کەوان ← کەوانن ← کەواندن

مردن ← مران ← مرانن ← مراندن

خزین ← خزان ← خزانن ← خزاندن

٣- هەر چاوگێك تەنیا یەك (ن)ی چاوگی هەیە ، لەم چاوگە تێپەڕێنراوانەدا دو (ن) هەیە . بۆیە (ن)ی یەکەم لە کار ئەکەوێ و لە ئەرکی (ن) ی چاوگی ئەشۆرێ و ئەبێتە دەنگێکی ئاسایی چاوگەکە .

سوتاندن ← سوتاندم ← سوتانم ← ئەسوتێنم

خەواندن ← خەواندم ← خەوانم ← ئەخەوێنم

مراندن ← مراندی ← مرانی ← ئەمرێنی

کرداری تێپەڕاندن ئەتوانێ هەندێ ناوەکانیش بکاتە چاوگی تێپەڕێنراو :-

تەقە ← تەقـان ← تەقانـن ← تەقاندن

قیـژە ← قیژان ← قیژانـن ← قیژاندن

گرمە ← گرمـان ← گرمانـن ← گرماندن

شیعر ← شیعران ← شیعرانن ← شیعراندن

**گۆڕینی تێپەڕ بۆ تێنەپەر :-**

لەو ڕستانەدا کە کارەکانیان تێپەڕن لە تافی ڕابوردوا ، مۆڕفیمی کاتی ڕابوردویان (ا)[1] نیە ؛ واتە چاوگی (ا)یی نین . ئەگەر ئەو مۆڕفیمە بگۆڕین بۆ(ا). کارەکە لە تێپەڕەوە ئەگۆڕێ بۆ تێنەپەڕێکی بەرکارێ :

نامـەکـــەم دڕی . ← نامەکەم دڕا .

کتێبەکـەی فرۆشـــت . ← کتێبەکەی فرۆشا .

چەقۆکەی سوو / سوی . ← چەقۆکە سوا .

جلەکەی دروو / دروی . ← جلەکە دروا .

قوماشەکەی بڕی . ← قوماشەکە بڕا .

ئەمەش لە ئەنجامی کرتانی مۆڕفیمی (ر)ی[2] بکەرنادیارە و ئەبێتە هۆی نەمانی بکەر و هێمایەکەی . کارەکەش وەك تێنەپەڕی بەرکاری ڕەفتار ئەکا . دەرەنجام ئەگەینە ئەوەی تەنیا (ن)ێك

(١) بڕوانە بەشی سێیەم ، بەندی یەکەم

(٢) بڕوانە بەشی چوارەم ، بەندی شەشەم

مۆرفیمی تێپەڕاندنە. ئەو (اندن)ەی ناویان ناوە نیشانە (یا ئامراز)ی تێپەڕاندن ، پێك دێ لەم بەشانەی خوارەوە :-

١- دەنگی (ا) ، لە چاوگە (ا) ییەکان ، دەنگێکی ڕەسەنە و مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە. ئەگەر چاوگەکە (ا)یی نەبێ بەگۆڕینی ئەم مۆرفیمە (یا نیشانەی چاوگە) ئەکرێ بە (ا) یی . ئەوەی شایانی باسە ، ئەم مۆرفیمە لە ڕانەبوردودا ، ئەبێتە مۆرفیمی کاتی داهاتو(ی) .

واتە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە نەك بە تێنەپەڕ . بەڵام هاتنەکەی لەبەر دو هۆیە : یەکێکیان : زۆربەی چاوگە تێنەپەڕە بەرکاریەکان (ا)یین و زۆربەی چاوگە تێنەپەڕە بکەریەکان (ا)یی نین . بۆیە لە کاتی لێکدانیان ئەکرێن بە چاوگی (ا)یی . دوەم : هۆی دەنگسازیە و دەنگی (ا) لەم بارەدا گۆکردنی ئاسان ترە لە دەنگەکانی تر .

٢- دەنگی (ن)ی یەکەم ، نونی چاوگی (ا)ییە و دەنگێکی ڕەسەنی چاوگەکەیە. یان ئەبێتە دەنگێکی بناغەیی، کاتێ چاوگەکە ئەکرێتە (ا)یی . ئەم دەنگە لە ڕابوردو و ڕانەبوردودا ئەمێنێتەوە و لانادرێ .

٣- دەنگی (ن)ی دوەم ، ئەمەیان مۆرفیمی تێپەڕاندنە و ئەبێتە (ن)ی چاوگە تێپەڕێنراوەکە. لە کاتی گەردان کردنی چاوگەکە نامێنی.

٤- دەنگی (د) مۆرفیم نیە و دەنگێکی ناوگرە ، لە نێوان هەردو (ن)ەکەدا . لە کاتی گۆڕینی (ن)ی چاوگ بە ڕاناو لە تافی ڕابوردو لە هەندێ ناوچەدا ئەمێنێ . بەڵام لەڕانەبوردودا نامێنێ .

## بەندی دوەم - دوپاتی :

بونی چەمکی دوری و نزیکی لە نێوان شتەکانی گەردوندا نکولّیٚ لیٚ ناکریٚ . هەمو شتەکان لە زماندا بە مۆرفیمەکان هێمایان بۆ کراوە و ناو نراون. چەمکی دوری و نزیکیش لە زمانی کوردیدا ، زۆر بە وردی دەست نیشان کراون و هێمایان بۆ دانراوە[١] چەمکی دوری بە هۆی مۆرفیمی (و) نیشان دراوە و چەمکی نزیکی بە هۆی مۆرفیمی (ە)[٢] . بۆنمونە :

أ- لە نێوان دو وشەدا کامەیان پێشتر بوتریٚ ، ئەوەیان لە پێشترە کامەیان دوەم بوتریٚ ئەوەیان نزیك ترە . واتە ؛ کاتیٚ لە دەرگای دەم ئەهێنە دەرەوە ، یەکەمیان نەختێك دور دەکەوێتەوە تا دوەمیان دەرچیٚ ، لە زنجیرەی ڕیز کردنیشیان یەکەم پێش دوەمە . ئنجا بۆ بە یەکەوە بەستنەوەیان هێمای دوری (و) بۆ یەکەم دائەنێن و هێمای نزیکی (ە) بۆ دوەم :

بەهار وە هاوین ، هەستیار وە هۆزان ، من وە تۆ

لە ڕوی ژێربێژیەوە ئەگەر دو وشە هەبن ، یەکیان هەر ئەبیٚ دور بیٚ لە دوەمیان . هەر نەبیٚ بە پێی ڕیز کردن یا دەربڕین ، یەکەمیان پێش ئەکەویٚ . کەواتە : ئەگەر یەکەمیان دور بیٚ ، بیٚگومان دوەمیان نزیکترە . بۆیە ئەشیٚ تەنیا هێمای دوری [مۆرفیمی (و)] دابنریٚ و هەردەم لە ڕوی دەربڕینەوە ، لەگەلّ وشە دورەکە گۆ ئەکریٚ[١] :

بەهار و هاوین . هەستیار و هۆزان . من و تۆ

---

(١) بروانە ، بەشی دوەم ، بەندی دوەم (چەمکی گشتی و تایبەتی)

(٢) ئەم دو دەنگە جگە لەوەی دو دەنگی ئاسایی زمانی کوردین ، لە هەندیٚ شوێن دا ئەبن بە مۆرفیم

Mohammed Ma,arouf Fatak, 1980. P. 194 (٣).

ب - ئەگەر ( فریزێکی ناوی ) دو کار ئەنجام بدا ، هەر ئەبێ یەکیان پێش ئەوی تریان بێ . چونکە هیچ کەسێك ناتوانێ دو کار لە هەمان کاتدا ئەنجام بدا ، ئەگەر ئەنجامیش درا ، هەر ئەبێ لە دەربڕیندا یەکیان پێش ئەوی تریان بکەوێ . دیسان ئەوەی پێشتر (دورتر) بە مۆرفیمی (و) هێمای بۆ ئەکەین و ئەوەی دواتر (نزیکتر)بە مۆرفیمی (ە) هێمای بۆ ئەکەین :-

هاتن و ە چون . بوین و ە ئەمرین . کڕی و ە فرۆشتی

بە هەمان شێوە هەر ئەبێ یەکیان دورتر بێ ، چ لە کاتی ڕودان، چ لە دەربڕیندا . کەواتە ؛ دوەمیان نزیکە و ئەشێ مۆرفیمی نزیکی دەرنەبرین :-

هاتن و چون . بوین و ئەمرین . کڕی و فرۆشتی

لە دوپاتیدا تا ڕادەیەکی زۆر کردارێکی هاوشێوە ڕوئەدا. جیاوازیەکە لەوەدا لە بری دوکار هەمان کار دوجار ڕوئەدا . واتە ؛ هەمان فریزی ناوی کارەکە دو جار ئەنجام ئەدا . لێرەدا هەر ئەبێ جارێکیان ئەنجام دانی کارەکە پێش جاری دوەم بێ . کەواتە ، جاری یەکەم ( ڕابوردو بێ یا ڕانەبوردو) هەر ئەبێتە ڕابوردو بە گوێرەی جاری دوەم . جاری دوەمیش ئەبێتە کارێکی نزیك و جاری یەکەم ئەبێتە کارێکی دور . لە ئەنجامدا ئەتوانین بە مۆرفیمی (و) ئاماژە بۆ کاری یەکەم (جاری یەکەم) بکەین و بە مۆرفیمی (ە) ئاماژە بۆ کاری دوەم (جاری دوەم) بکەین :-

هاتم و ە هاتم . ئەچین و ە ئەچین . سوڕای و ە سوڕای .

بەڵام لە بەر ئەوەی ڕستەکە ( کاروبکەر) لەهەردو جاردا هەمان شتە.

مرۆڤیش لە ئاخاوتندا هەوڵ ئەدا کەمترین وزە بەکاربێنێ و بە کەمترین کەرەستە بیرۆکەکەی ببەخشێ ، بۆیە هەوڵ ئەدا کاری دوەم دوبارە نەکاتەوە ، ئەمەش ئەگونجێ چونکە هەر هەمان کاری یەکەمە و ئاڵۆزی لە چەمکدا پەیدا نابێ و بیرۆکەکە تێك ناچێ . بەڵام گیروگرفتەکە لەوەدایە کەفۆرمی (وە) تا ئێستا خۆی رۆڵی بە یەکەوە بەستنەوەی هەردو ڕستەکەی ئەبینی و ئێستا ڕستەیەکیان بچڕا و نەما و کەوتەوە ڕۆنانی ناوەوە Deep structure بە خۆیشی وشەیەکی سەربەخۆ نیە تا بتوانی بە تەنیا ڕەفتار بکا ، جگە لەمەش ئەگەر ڕستەی یەکەمی لە گەڵدا نەبێ خۆی بە تەنیا واتای نامێنێ ، چونکە هێمای بۆ ئەو کردوە . کەواتە ؛ هەر ئەبێ بە ڕستەی یەکەمەوە بلکێ و ببێتە بەشێك لەو ، بۆیە پێویستی بە پەیوەستێك هەیە بۆ ئەوەی بە ڕستەی پێش خۆی بلکێنێ . لێرەدا دوبارە مۆڕفیمی (ە) ئەرکی نزیکی ئەبینێ و هەردو فۆرمەکە لە یەك نزیك ئەکاتەوە ، تا بە یەکیان ئەلکێنێ . چونکە لە ئەرکەکانی مۆڕفیمی نزیکی (ە) ، نزیك کردنەوەی دو فۆڕمە لە یەکتر و پەیوەستی یەکتریان ئەکا ، وەك: ( گوڵەباخ ، کوڕەکورد ، مێرگە سور ) ، لە ئەنجامدا پێکهاتەکان ئەبنە :

هاتمەوە . ئەچینەوە . سوڕایەوە

مەرج نیە دوبارە کردنەوەی کارێك لە لایەن هەمان فرێزی ناوی بێ و ئەشێ دو فرێزی ناوی جیاواز هەمان کار دوبارە بکەنەوە :-

تۆ کڕیت ، من لێت ئەکڕمەوە .

ئەو بردی ، من لێی ئەبەمەوە .

ئێمە نوسیمان ، ئەوان ئەنوسنەوە .

پێچەوانە کردنەوەی کاریش واتای دوپاتی و گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی یەکەمی :-

ئێوە داتانخست ، ئێمە ئەکەینەوە .

ئێوە نوسیتـــان ، ئێمەئەخوێنینەوە . نوسین: بریتیە لە وێنەکردنی خوێندنەوە)

ئێوە سوتاندتان، ئێمە کوژاندمانەوە.

لە کرمانجی ژورودا پیتی (و)ەکە ، چونکە بزوێنی لە گەڵدا هاتوە ئەبێتە نەبزوێن و ئەگۆڕێ بۆ (ڤ) و پێکهاتەکان بەم شێوەیان لێ دێ:-

هاتمەڤە . دچینەڤە . سوڕاینەڤە

بەلام بە زۆری لە کرمانجی ژورودا ئامرازی دوپاتی ئەکەوێتە پێش کارەکە ، ئەمەش هیچ لە ناوەرۆکەکە ناگۆڕێ ، تەنیا ئەوە نەبێ پێویستی بە (ە)ی مۆرفیمی بەستن نامێنێ :

ڤەهاتم . ڤەچین . ڤەسوڕاین

هەندێ جار ئەم فۆرمە لە کوردی ناوەڕاستیش ئەکەوێتە پێشەوە ، بەلام لە دۆخی داخوازیدا ( فەرماندان) . لەم بارەدا ئەکەوێتە پێش کاری ( کردن) . بۆ نمونە ئەگەر یەکێك کارێکی ناپەسەند بکا ، ئەگەر بمانەوێ دوبارەی نەکاتەوە یان بەردەوام نەبێ ، پێی ئەڵێین : (وەمەکە) ، یا (ئەمجارە وە مەکە ) . بە شێوەی ئاساییش هەیە : (بگەڕێوە ، بدەرەوە ، بکەوە) .

مۆرفیمی (و) هێمایە بۆ کارەکەی پێشتر کە خەریکی بو ، مۆرفیمی (ە)ش هێمایە بۆ هەمان کار کە دوبارە ئەبێتەوە ، ئێمەش ئەمانەوێ دوبارە نەبێتەوە . بەلام ئەگەر کارەکەمان لاپەسەند بو ، ئەشێ بڵێین : (وە بکە) یا ( هەر وە بکە) بۆ ئەوەی دوبارەی

بکاتەوە . ئەشێ ئەم (وە) یە بگێرینەوە و ( ئەوە[١] ، ئاوا ، وا[٢] ، وەها، ئەوها ) ، کە لە بنەڕەتدا هەمویان ئەگەڕێنەوە سەر هەمان بنچە و بنەما ، ئەویش : مۆرفیمی (و) هێمایە بۆ شتە دورەکە و مۆرفیمی (ە)ش هێمایە بۆ شتە نزیکەکە و بە پێی کاریگەری دەنگسازی گۆڕاون و لە ئاستی ناوەوەدا یەکن .

مۆرفیمەکانی (ەوە) لە هەمو کارێکدا هەمان واتا ئەبەخشن ، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم کارانە لە زمانی تردا وشەی سەربەخۆیان بەرامبەر هەبێ ، وەك (خواردنەوە - شرب ، بردنەوە - کسب ، کردنەوە - فتح ، کوشتنەوە - ذبح)[٣] ، ئەمەش یەکێ لە تایبەتێتیەکانی زمانی کوردی دەرەخا و مەرج نیە بە خشت پێژی بێگانە وشە دابڕێژرێ . ڕەنگە لە ئەنجامی کۆنی و لە ناو ڕەوتی ئاخاوتندا چەمکەکەی لاواز بو بێ ،، بەڵام لە بنجدا بەهەمان یاسا داڕێژراوە ، بۆ نمونە :-

خواردنەوە - گێڕانەوەی شلەی دەرچو بۆ گەدە ، بە هۆی ئارەقە کردن و ....

ڕشانەوە - گەڕانەوەی خۆراکی ناو گەدە بۆ دەرەوە .

بردنەوە - گێڕانەوەی پارە بۆ گیرفان،یا گواستنەوەی لە گیرفانێك بۆ یەکی تر

کوشتنەوە - گێڕانەوەی بۆ نەبون (فناء) و بێ سەر کردنەوەی ..

هاتنەوە - گەڕانەوە بۆ هەمان شوێن .

پاڕانەوە - گێڕانەوەی بەزەیی بۆ مێشکی بەرامبەر تاکو ...

توانەوە - گێڕانەوەی دۆخی ڕەقی بۆ شلی .

کولانەوە - گێڕانەوەی کولی ....

---

(١) بڕوانە : (بەشی دوەم ، بەندی دوەم ، چەمکی گشتی و تایبەتی - ١ - دروست کردنی وشە)

(٢) حەسەنی قزلجی ، ١٩٧٧ ، ل ١٢٧

(٣)مەسعود محەمەد ، ١٩٧٧ ، ل ١٥١

دۆزینــەوە – گەڕانەوەی ون بو ....بۆ هەر خاوەنێك

گواستنەوە – گێڕانەوەی ڕاگواستن لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ..

تۆژینــەوە – گێڕانەوەی وردەکەرەستەکان لە ژێرەوە بۆ سەرەوە .

کۆڵینــەوە – گێڕانەوەی ڕاستی ڕوداوەکان لە نادیاری بۆ دیار .

دەرەنجام : مۆڕفیمی (و) هێما بۆ کار یا شت یا بار و دۆخی پێش ئێستا (دور) ئەکا و مۆڕفیمی (ە) هێما بۆ ئێستایان ئەکا.

ئەگەر ئەم هێمایانە بۆ کاتیش بن ، ئەنجامەکە هەر ڕاست دەرەچێ : مۆڕفیمی (و) هێمایە بۆ کاتی دوری دۆخی یەکەم کە بە گوێرەی دۆخی دوەم ئەبێتە ڕابوردو و مۆڕفیمی (ە)ش هێمایە بۆ کاتی نزیکی دۆخی دوەم ، کە نزیکترین کاتیش ، کاتی ئێستایە .

لە هەندێ شێوەزاردا ( وەك دەوروبەری هەولێر تا موکری ) تێبینی ئەوە ئەکرێ ، کە هەردو مۆڕفیمی (ە + و) لێك ئەدەن و ئەبن بە (ۆ) ، لە ئەنجامدا مۆڕفیمی (ە)ی کۆتاییش تیا ئەچێ ، چونکە پیتێکی بزوێنە و کەوتۆتە دوای پیتی بزوێنی (ۆ) :-

خواردمەوە ← خواردمۆ

ئەچینەوە ← ئەچینۆ

کوشتیەوە ← کوشتیۆ

لە کۆتاییدا پرسیارێك دێتە ئارا : ئایا کاری دوپات کراو ، ڕستەیەکی سادەیە یا لێکدراوە ؟ . ئەم ڕستەیە لە ڕۆنانی ناوەوەدا بە لێکدراو مەزەندە ئەکرێ ، بەلاّم لە ڕۆنانی سەرەوەدا ، ڕستەی لێکدراو نیە ، لەبەر ئەم هۆیانە :-

١- مۆڕفیمی (ە)ی کۆتایی ، کەهێمایە بۆ ڕودانی کارەکە لە

جاری دوەم ، هەمو کەرەستەکانی ڕستە (فریزی ناوی و کاری) تیادا دەستنیشان ناکریٚ .

٢- مەرج نیە کاری یەکەم ڕوداویٚکی خۆکردی بکەر بیٚ ، واتە لە ڕوی ڕیٚزمانەوە هەندیٚ جار دۆخی یەکەم بە کار دانانریٚ ، وەك لە:-

ئەهیٚنـەوە : کاری ئامادەبونە لە شویٚنیٚـك و کاری دوەم گیٚڕانەوەی ئەو ئامادەییەیە بۆ شویٚنی خۆی ، نەك دوبارە کردنەوەی (هاتن) .

خواردنەوە : کاری یەکەم بونی شلەیە لە گەدە ، ( ڕەنگە لە شیری دایکەوە دەست پیٚ بکا ، بۆیە ، ئەوتریٚ منالّەکە هیٚشتا شیر ئەخوا ، ناوتریٚ ئەخواتەوە ) ، ئنجا لە دوای دەرچونی ئەم شلەیە لە لەش ، کاری دوەم گیٚڕانەوەی ئەم شلەیە بۆ لەش . بەلاّم زیندەوەر لە سەرەتا بە خواردنی شل دەست پیٚ ئەکا نەكَ ڕەق .

کوژانـەوە : مەرج نیە دوبارە ڕودانی کاری ( کوژان) بیٚ . بەلاّم کاری یەکەم نەبونی ( چرا ، ئاگر ..) ە و کاری دوەم گیٚڕانەوەی ئەم ( چرا ، ئاگر....) ەیە بۆ هەمان دۆخی نەبون.

٣- هەندی لەم کارانە ڕەنگە هیٚندە سوا بن ، نەتوانریٚ بە ئاسانی بیرۆکەی دوپاتیان تیادا دەست نیشان بکریٚ ، وەك : ( شەکانەوە ، هۆنینەوە ، زورانەوە ...) .

ئەوەی پتر یارمەتی دروست بونی ئەم فۆڕمانەی داوە ، نەبونی زاوەی تر بوە کە کوتومت ئەم واتایانە بدا .

**بەندی سێیەم - ئاوەڵناوی کراو :-**

ئاوەڵناوی کراو[١] ، سیمایەکی نوێیە ، بە هۆی کارێـك بە سەر توخمێکی (عنصر) دەستنیشان نەکراودا هاتوە یا بەسەر خۆیدا هێناوە . کارەکە ئەبێتە مۆرفیمی تەوەرە لە وشەی ئاوەڵناوەکەدا و لە تافی ڕابوردوی سادەدا ئەبێ ، چونکە کارەکە پێش ئێستا ڕویداوە.

کاریش دو جۆرە : تێنەپەڕ و تێپەڕ . تێنەپەڕیش دو جۆرە : تێنەپەڕی بەرکاری: ئەو کارەیە کە فرێزە ناویەکەی خۆنەکردە و ئەبێتە بەرکار . وەك ( سوتان ، مردن ، کەوتن ، خزین ) تێنەپەڕی بکەری: ئەو کارەیە کە فرێزە ناویەکەی خۆکردە و ئەبێتە بکەر وەك (هاتن ، چون ، وەستان) . تێپەڕ : ئەو کارەیە کە دو فرێزی ناوی هەیە ، یەکیان خۆکردە ، ئەبێتە بکەر و ئەوەی تریان خۆنەکردە، ئەبێتە بەرکار . وەك ( نوسین ، هێنان ، کوشتن) .

کەواتە فرێزە ناویەکە ئەگەر دەستنیشان کراو بێ ، ئەبێتە بکەر یا بەرکاری کارەکە ، ئەتوانین فرێزە ناویەکانیش بە هۆی ڕاناوە لکاوەکان دەست نیشان بکەین ، وەك ( سوتام ، مردی ، هات ∅ ، چوین ، نوسیتان ، هێنایان ) : بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەتوانرێ توخمێـك ( کەسێك یا شتێك ) لە جێی ئەم ڕاناوە لکاوانە دابنرێ ، بێ ئەوەی دەستنیشان کرا بێ ، بە هۆی مۆرفیمی (و) ، کە هێمایە بۆ هەر توخمێکی دور ، توخمەکە نە (من) م ، نە(تۆ)ی . بەڵام (ئەو) یکی دەست نیشان نەکراوە ، چونکە (ەو - EW )[٢] بە هۆی مۆرفیمی (ە)ی نزیکی دەستنیشان کراوە و نزیـك کراوەتەوە . واتە

---

(١) نوری عەلی ئەمین ، ١٩٦. ، ١٣.

(٢) بڕوانە : بەشی دوەم ، بەندی دوەم ، (١ - دروست کردنی وشە) .

بە لادانی مۆرفیمی (ە) ئەبێتە توخمێکی سێیەمی دوری دەستنیشان نەکراو . وەك لەم خشتەیەدا[١] :-

مرد / ئازاد /
هات / پیاو / ەکە
سوتا / ئەو
وەستا / و /

لەم خشتەیەدا بەراوردی کەسە دەستنیشان کراوەکان لە گەڵ کەسێـك یا شتێکی دەستنیشان نەکراو ئاشکرا تر دیارە : -

| کارەکان | دەستنیشان کراو | دەستنیشان نەکراو |
|---|---|---|
| ١- سوتا | / م / | و |
| ٢- مرد | / ی / | و |
| ٣- کەوت | / ∅ / | و |
| ١- وەستا | / ین / | و |
| ٢- چو | / ن / | و |
| ٣- خەوت | / ن / | و |

لەو کارانەدا کە تێنەپەڕی بەرکارین ، ڕاناوەکان ئەبنە بەرکاری ڕستە ، مۆرفیمی (و) جێگای ئەو بەرکارانە ئەگرێتەوە ، بۆیە هەندێ جار ، ئەم فۆرمەیان ناو ناوە (ناوی بەرکار )[٢] . وەکو سێ نمونەی یەکەم . بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕی بکەری بێ ، ڕاناوە لکاوەکان ئەبنە بکەری ڕستەو مۆرفیمی (و) جێگەی ئەو بکەرانە ئەگرێتەوە ، لە بەر ئەوە هەندێ جاریش ئەم فۆرمەیان ناو ناوە ( ناوی بکەر)[١] .

(١) Geoffrey leech , 1974 , P. 50

(٢) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٦ ، ل ٤٦

(٣) پرۆفیسۆر ك . ك کوردۆییف ، ١٩٨٤ ، ل ٢١٣.

وەکو سێ نمونەکەی دوەم .

لە کاری تێپەڕدا ، کارەکە لەبەر ئەوەی دو فریزی ناوی هەیە (بکەر و بەرکار) دو لایەنی تێ ئەکەوێ ، بۆ نمونە :-

یەکەم : ئەگەر بکەرەکە بە ئاشکرا (دیار) ، یا بە نائاشکرا (نادیار) دەرکەوت ، فۆرمەکە ئەبێتە ئاوەڵناوی بەرکار :

أ- بکەری ئاشکرا :

( بکەر+ ڕەگی کار= مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو) :-

گورکان خواردو ، ماران گەزتو ، ژنانەکوشتو ، بابردو

ب - بکەری نائاشکرا:

(ڕەگی کار+ مۆرفیمی بکەرنادیار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو):

نوسراو ، کوژراو ، براو ، بڕراو . کڕراو ، فرۆشراو ، خوازراو

لەو چاوگە تێنەپەرانەی تێپەڕێنراون بە دو شێوە دروست ئەبێ :

(چاوگی ئەلفی+مۆرفیمی بکەرنادیار+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو)

سوتانراو ، خنکانراو ، شکانراو ، ڕژانراو ، پسانراو ، هەژانراو.

بەلام ئەم یاسایە کەمتر بە کار ئەهێنرێ، هەروەها لەگەڵ ئەو چاوگانەی لە بنەڕەتدا (١)یی نین ، زۆر دەگمەن بە کار ئەهێنرێ .

ئەو یاسایەی باوە و زۆرتر بەکار ئەهێنرێ لە چاوگە تێپەڕێنراوەکان بریتیە لە :

(ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) + نونی چاوگ + مۆرفیمی بکەرنادیار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو) سوتێنراو ، مرێنراو ، خەوێنراو ، خنکێنراو ، شکێنراو ، خزێنراو ، هەژێنراو .

دوەم : ئەگەر بەرکارەکە بە ئاشکرا دەرکەوت و بکەرەکە دەرنەکەوت ، فۆڕمەکە ئەبێتە ئاوەڵناوی بکەر :

(بەرکار + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو)

نوێژکردو ، سوێندخواردو ، دونیادیتو ، شەوەگرتو ، هێرش بردو بۆ یەك خستنی زاراوەکانی : ناوی بکەر (اسم الفاعل) ، ناوی بەرکار (اسم المفعول) ، ناوی کریاو[١] ، ئاوەڵناوی بکەر ، ئاوەڵناوی بەرکار ... هتد) زاراوەی (ئاوەڵناوی کراو)[٢] م هەڵبژارد لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١ - ئەم فۆڕمانە (ئاوەڵناو) ن و هەرگیز (ناو) نین ، چونکە وەکو ئاوەڵناوەکان ئەتوانن ، لە دوای ناوەکان بێن و ببنە دیارخەریان، یا لە شوێنی ئەوان بێن و ناوەکان لە ڕۆنانی سەرەوەدا Surface Structure دەرنەکەون :

خانوە جوانەکە ڕوخا

خانوە سوتاوەکە ڕوخا

نامەی کۆن ناخوێنمەوە

نامەی دڕاو ناخوێنمەوە

پیاوە پیرەکە / گەنجەکە / لاوازەکە / قەڵەوەکە ... ئەناسم

پیاوە مردوەکە / کوژراوەکە / خنکاوەکە / گیراوەکە ... ئەناسم

∅ مردوەکە / کوژراوەکە / خنکاوەکە / گیراوەکە ... ئەناسم

٢ - ئاوەڵناوەکە بەسەر توخمێکی دەست نیشان نەکراودا هاتوە ، کە بە مۆرفیمی (و) هێمای بۆ کراوە . ئنجا ئەم توخمە کارەکەی بە

---

(١) نوری علی امین ، ١٩٥٨ ، ل ٦٩

(٢) زمان و ئەدەبی کوردی ، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، ١٩٨٢ ، ل ٣٤

سەردا هاتبێ ، وەك : (سوتاو ، خنكاو ، رژاو ، دڕاو ، مردو ، كەوتو) .

یا بە سەردا هێنرا بێ ، وەك : (سوتێراو ، خنكێزاو كوژراو ، نوسراو ، كرڕاو) .

یا خۆی بە سەر خۆیدا هێنابێ ، وەك : (هاتو ، چوو ، خەوتو ، وەستاو ، دانیشتو) ..

لە هەرسێ باریشدا كارەكە لە ڕابوردودا ڕویداوە ، بۆیە فۆڕمی بكەرنادیاری ڕابوردو بە ڕاستتر ئەزانین : (ڕەگی كاری (كرد ) + مۆڕفیمی بكەرنادیار (ر) + مۆڕفیمی كاتی ڕابوردو (١) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی كراو (و) ← كراو) و زاراوەكە ئەبێتە (ئاوەڵناوی كراو) . جگە لەمەش ئەم زاراوەیە ، داتاشراوێكی نوێ و نامۆ نیە . هەروەها هەندێ جار كێشەی بكەر و بەركار دو لایەنی تێ ئەكەوێ و ڕەنگە جیاكردنەوەی ئاوەڵناوی بكەر و ئاوەڵناوی بەركار ئاسان نەبێ ، وەك :

(ژن كوشتو ، كارەباگرتو ، ئاوبردو ، خۆكوشتو ، گورگ گرتو ، سەرخواردو ، نەوت سوتاندو ، سەگاوخنكاند و .... هتد) .

هەندێ جار پیتی (د) وەكو ناوبرێك لە گەڵ ئاوەڵناوی كراودا بە كار ئەهێنرێ ، وەك : (سوتاندراو / سوتێندراو ، شكاندراو / شكێندراو ، ڕژاندراو / ڕژێندراو ، نواندراو / نوێندراو ، كڕدراو ، بردراو ، ... هتد) .

لە دیالێكتی كوردی باكور و ئەو ناوچانەی ئەكەوێتە نێوان كوردی باكور و ناوەڕاست (خۆشناو تا موكری) لە بری مۆڕفیمی (و)[1]

(١) لە لوڕیدا پیتی (گ) بەكار ئەهێنن

ئەلۆمۆرفی (ی) بە کار ئەهێنن ، کە هەمان چەمك ئەبەخشێ و هێمایە بۆ هەر توخمێکی دوری دەست نیشان نەکراو .

توخمی سێیەمی دەست نیشان نەکراو ، ئەگەر نێر بو بێ ، بە مۆرفیمی (و) ئاماژەی بۆ کراوە . ئەگەر مێ بو بێ ، بە ئەلۆمۆرفی (ی) ئاماژەی بۆ کراوە[١] . لە کوردی ناوەڕاستدا فۆڕمی ئاوەڵناوی کراو بە مۆرفیمی نێر داڕێژراوە و لە کوردی باکور و هێڵی سنوری نێوان باکور و ناوەڕاست (خۆشناوەتی تا موکری) بە مۆرفیمی مێ بەکار هاتوە (لە کرمانجی) و موکری و بەشە دیالێکتەکانی شێوەی ئاخافتنی سۆرانی ناوی ڕوداو بەر ڕەسەنی مێ دەکەوێت)[٢] .

وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەرەکەوێ[٣] .

| ئاوەڵناوی کراو لە کوردی ناوەڕاست | ئاوەڵناوی کراو لە ناوچەی خۆشناوەتی تا موکری | ئاوەڵناوی کراو لە ناوچەی کوردی باکور |
|---|---|---|
| سوتاو | سۆتای | سۆتی |
| مردو | مردی | مری |
| هاتو | هاتی | هاتی |
| چوو | چوی | چوی / چیی |
| بوو | بوی | بوی / بیی |
| خواردو | خواردی | خاری |
| خنکاو | خنکای | خندقای |
| کوشتو | کوشتی | کوشتی |
| دزراو | دزرای | هاتیە دزین |
| کراو | کرای | هاتیەکرن |
| کردومە | کردیتم | منێ کری |
| بیردوتە | بردیتت | تەیێ بری |
| سوتاوم | سۆتایمە | سۆتیمە |

(١) بروانە : بەشی دوەم ، بەندی دوەم ... چەمکی گشتی و تایبەتی .. (٢ - بانگ کردن).

(٢) پرۆفیسۆر ك.ك. کوردۆییف ، ١٩٨٤ ، ل٢٣

(٣) گۆڕانی پیتی (و) بۆ (ی) لە هەندێ وشەی تریش دەرەکەوێ ، وەك : چونکو / چونکی ، بەڵکو / بەڵکی، وەکو /وەکی چون / چین ، بون / بین ، .. لە کوردی باشوریشدا هەمان دیاردە هەیە.

دەرەنجام : ئاەڵناوی کراو  بە هۆی مۆڕفیمی (و) دروست ئەبێ ، کە ئەخرێتە دوای مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو لە کاری دیار و نادیاردا .

گیروگرفتی نوسینی ئاوەڵناوی کراو :-

تا ئێستا چۆنیەتی نوسینی ئاوەڵناوی کراو ساغ نەکراوەتەوە و هەمو زمانەوانەکان بە هەڵە نوسیویانە ، لە هەڵە هەرە باوەکانیش [پاشگری (و) لەگەڵ ئەو ( قەد) انەدا بەکار دەهێنین کە بە (ا ، ی، و) دووایییان هاتووە و ،پاشگری (وو) دەخەنیە دووای ئەو (قەد) انەی کە بە ( ت ، د) دووایییان هاتووە][١] بەلاّم ئەم بڕیارە پیادە نەکراوە و ناکرێ ، بۆ نمونە :-

دانیشتو  و*  : دانیشتوانی عیراق هەژدە ملیۆنە

مـــردو  و*  : مردوەکان نێژران .

کەوتـــو  و*  : پەك کەوتوەکان فەرامۆش کران .

دەرچو  و* + و : دەرچوو*وەکان خەلاّت کران .

بـــــوو* + و : منالە  بوو* وەکان بە دایەن دران .

ئەگەر یاسای گشتیش پیادە بکەین :

ڕەگی کار+مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو+ مۆڕفیمی(و)← ئاوەڵناوی کراو

بەز + ی      + و      ← بەزیو

کەو + ت      + و      ← کەوتو

هەندێ جار بە هەڵە (وو)[٢] بە مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو دانراوە ، لە ئەنجامدا یاسایەکە بەم شێوەی لێ دێ :

---

(١) زمان و ئەدەبی کوردی ، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، ١٩٨٢ ، ل ٣٥ - ٣٦

(٢) مصطفى محمد زەنگنە ، ١٩٨٩ ، ل ٤٠.

* نیشانەی بەکارهێنانی هەڵەیە

| ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی | مۆرفیمی ئاوەڵناوی | ئاوەڵناوی کراو لە | |
|---|---|---|---|---|
| | ڕابوردو | کراو | ناوەڕاست | کوردی باکور |
| چ | وو | و | چووو | چوی |
| بـ | وو | و | بووو | بوی |
| دروو | وو | و | درووووو | دروی |
| جوو | وو | و | جووووو | جوی |
| گروو[1] | وو | و | گرووووو | گروی |
| سوو | وو | و | سووووو | سوی |
| (هە)نوو | وو | و | (هە)نووووو[2] | (هە)نوی |

لە ئەنجامدا دەرەکەوێ گیروگرفتەکە لە دەست نیشان کردنی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو نیە ، بەڵکو لە چۆنیەتی دانانی هێمایە بۆ ئەم مۆرفیمە ، کە هەندێ جار (لە چاوگی دالی و تایی بە (وو) دانراوە و هەندێ جاری تر ( لە چاوگی ئایی و واوی و یایی ) بە (و) دانراوە . ئەگەر بە ناخی ئەم گرفتەدا بچینە خوارەوە ئەبینین لە ئەنجامی بونی دو هێمایە بۆ ئەلۆفۆنەکانی هەمان پیت . کەواتە گیروگرفتەکە لە نوسینی پیتی (و)دایە ، کە دو نرخی بۆ دانراوە (و) ، (وو) . ئەگەر ئەمانە بە ئەلۆفۆن (هاودەنگ)ی یەکتریان

---

(١) زمان و ئەدەبی کوردی . پۆلی سێیەمی ناوەندی ، ١٩٨٢ ، ل ٤٩

(٢) الدکتور ابراهیم انیس ، ١٩٧٥ ، ص٥٤ : دەربارەی درێژی دەنگەکان ئەڵێ : (پێویست ناکا مرۆڤ ڕادەی خایاندنی کاتی هەمو دەنگێك بزانێ ، بۆ ئەوەی بە ڕاستیی گۆ بکا ، بەڵکو چەندجارەی بیستنەوەی بەسە بۆ چەسپاندنی درێژی ئەو دەنگە، بێ ئەوەی پێویست بە پێوانی ئامێری بکا و درێژی دەنگیش یان سروشتیە یان وەرگیراوە) .

دابنێین و تەنیا یەك هێما (و)[١] هەڵبژێرین ، هەمو گیروگرفتەکان چارەسەر ئەکرێن . کە خۆی لە بنەڕەتدا یەك فۆنێمە و ئەبێ بە یـەك

---

(١) لە بنەڕەتدا پیتی (وو) لە زمانی کوردیدا نیە ، هەردو پیتی (و) ، (وو) ئەلۆفۆنی یەکترن . چونکە ئەم پیتە بە لای کەمەوە دو ئەلۆفۆنی هەیە ، یەکێکیان کورت و یەکێکیان درێژ . یاسای دەرکەوتنی ئەلۆفۆنەکانیش بەم شێوەیە :

یەکەم : کاتێکێ دەنگی (و) بکەوێتە سەرەتای بڕگە ، هەردەم کورتە ، وەکێ (واتا ، وشە ، وەرە ، ویران ، وریا ، وێرگوڵ ، وشیار ، وڵات ، وەستا ، واژە ، وشکێ ، وەرز ، ورچ ، ها / وین ، خا / وێن .. هتد) .

دوەم : ئەگەر کەوتە کۆتایی بڕگە دو جۆرە :

أ- ئەگەر بزوێن بێ ، واتە : هیچ بزوێنی تری لە گەڵدا نەهاتبێ ، درێژە . وەکێ :( بوو ، جوو، چوو ، دوو ، خوو ، موو ، شوو ، ڕوو ، کوو ، ها/توو ، مر ، دوو / کە/ڕوو ، خا / نوو ، موو ، زوو، سوو / ڕان ، جوو / لان ، خوو / لان ، ... جوو(ان) ، شوو (ان) ، دوو(ان) ، گوو(ان)، ڕوو(ان) ....خوو(ێن) ، نوو(ێن) .. .

ب- ئەگەر نەبزوێن بێ ، واتە : بزوێنێکی تری لەگەڵدا هاتبێ (چونکە - و - نیمچە بزوێنە) ، کورتە . وەکێ :( ئەو ، کەو ، خەو ، شەو ، هەتاو ، کڵاو ، ڕوخاو ، سوتاو، بەزیو ، خزیو ..) .

سێیەم : ئەگەر لە ناوەڕاستی بڕگە بێ :

أ - ئەگەر نەبزوێن بێ ، کورتە ، وەکێ ( حەوت ، کەوت ، ڕەوت جوان ، شوان ، دوان ، کوان ، لوان ، خوێن ، نوێن ، ...).

ب - ئەگەر بزوێن بێ : یا کورتە وەکێ : (دوڕ ، کوڕ ، شوڕ ، لوڕ ، گوڵ ، کول ، قوڕ ، کولێرە ، کوتکێ ، کون ، کور/تەکێ ، کورد ، کورت ، بوا ، بوڵ ..هتد ) یادرێژە ، وەکێ :

١- ئەوانەی کۆتاییان هاتوە بە پیتی (ر) :-

ژوور ، سوور، دوور، توور، کوور ، پوور ، بلوور ، ما/ فوور، خا/ بوور ، خا/بوور ، زوور ، سـ/نوور ، شوور ، ...

٢- ئەوانەی کۆتاییان هاتوە بە پیتی (ن) :-

بوون ، چوون ، سوون ، دروون ، گروون ، هە/نوون ، هە/بوون ، خا /توون ، مەیـ/موون ، ڕوون ، سا/بوون ، ...

٣- ئەوانەی کۆتاییان هاتوە بە پیتی (کێ) :-

بووکێ ، نووکێ ، بووکێ ، تووکێ ، چەڵ/ تووکێ ، پەڕ/تووکێ ، خڕ/ نووکێ .

دە/نووکێ ، جا /پووکێ ، بەر/ بووکێ ، کەر/کووکێ ..ئەگەر بەراوردێکی ئەو بڕگانە بکەین کە (وو)ی درێژیان تێدایە ، لە دیالێکتەکانی تردا (باکور و باشور) ئەبینین بە زۆری شێوەی جیاوازیان هەیە . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە (وو) پیتێکی بنجی ڕەسەن نیە لەو وشانەدا و ئەشێ لە ئەنجامی چەمکی نیرو مێ هاتبێ و لە ئەنجامی لاواز

پیت دابنرێ ، کە پیتی (و) ە .

بون و نەمانی ئەم چەمکە شێوەی تیکەڵی وەرگرتبێ :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بوون – بێن | ، سوون – سوین | ، زوور – زویر |
| چوون – چێن | ، هەنوون – هەنوین | ، موو – موی |
| دروون – دروین | ، جوون – جوین | ، مافوور – مافیر |
| گروون – گروین | ، دوور – دویر | ، کەرکووک – کەرکیک |
| فەرموون – فەرموین | ، کووڕ – کویڕ | ، کەڕوو – کەڕی |
| ژوور – ژۆر | ، نوێن – نوون | ، دروێنە – دروونە |
| مووروو – مۆری | ، سوێر – سوور | ، جوێن – جوون |
| سوور – سۆر | ، دژوێن – دژوون | ، ڕۆن – ڕوون |
| ڕوون – ڕۆن | ، شوێن – شوون | ، |

لە ئەنجامی بەراوردیان دەرەکەوێ ، یان پیتی (وو) بەرامبەر پیتێک لە دیالێکتەکەی تر وەستاوە ، یا پیتێکی لە بەرامبەر کەوتوە و پیتی (و) درێژ بوەتەوە.

لە هەموشیاندا ئەگەر لە نوسیندا پیتی (وو) بگۆڕین بۆ (و) هیچ گۆڕانێک لە واتا ڕو نادا . کەواتە : (وو) ، (و) ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیمن . چونکە فۆنیم : بریتیە لە بچوکترین دەنگ کە واتا ئەگۆڕێ . پیتیش وێنەکەیەتی لە نوسیندا .

ئەوەی سەری لە زمانەوانان شێواندوە ، تەنیا وشەی (کووڕ – کوێڕ – محدب) لەگەڵ وشەی (کوڕ– ولد)ە . ئەم دو وشەیە ئەگەر بە ( هاوبێژ – Homonym ) دابنێین و هەردوکیان بە (کوڕ) بنوسین ، گیروگرفتەکەمان چارەسەر ناکا ، چونکە دەربڕینیان جیاوازە . بەڵام نوسینی تەنیا ئەم وشەیە بە دو (و) هەمو گیروگرفتەکان چارەسەر ئەکاو زمانی کوردی لە گێژاوی نوسینی (و) ڕزگار ئەکا ، بەمەش سەرپێچی هیچ ڕاستیەکی زمانەوانیمان نەکردوە و هەڵەکانمان ڕاست کردۆتەوە . چونکە :–

– زۆر وشەمان هەیە پیتێکی دوبارە بوەتەوە . وەک : ( کۆللارە ، کەللە ، کوللە ، بققە ، جززە ، کششە ، ڤڕڕە ، خوڕڕە ، وژژە ، وننە ، هەچچە ، یاللە ، وششە .. هتد.

٢– لەپیتە بزوێنەکانیش جاری وا هەیە پیتێکی بزوێن دوبارە ئەبێتەوە :–

نوسینی و شەکانیش بەم شێوەیە ڕاست ئەکرێنەوە :-

| ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو | ئاوەڵناوی کراو |
|---|---|---|---|
| چـ | و | و | چوو |
| بـ | و | و | بوو |
| درو | و | و | دروووو |
| جـو | و | و | جووو |
| گرو | و | و | گروووو |
| (هە)نو | و | و | (هە)نووو |

دوری ئەوان چەندە ؟ دوریيان چەندە ؟

بۆشاي ئەوان جێ بهێڵە . بۆشاییيان جێ بهێڵە

لە خاڵی یەکەمدا پیتەکان نەبزوێنن ، بۆیە ئەتوانرێ یەکەمیان وەستاو ( ساکن ) بێ و دوەمیان کراوە ( مفتوح ) ، چونکە لە بزوێندا دەسەڵاتت بە سەر گرتن و بەردانی هەواو دەنگی فۆنیمەکەدا ئەڕوا بە تایبەتی لە خشۆکەکاندا و ئەتوانی دو فۆنیمەکە تا ڕادەیەکێ جیا بکەیتەوە . بەڵام لە خاڵی دوەمدا ، پیتەکان بزوێنن و لە بزوێندا ، دەم بە ڕێژەی بزوێنەکە کراوەیە و هەوا بە بەردەوامی لە سییەکان ئەهێتە دەرەوە و ژێیە دەنگیەکان ئەلەرێنەوە . بۆیە جیا کردنەوەی دو پیتی بزوێن ئاسان نیە و تێکەڵ ئەبن ئەم دیاردەیە لە ئینگلیزیشدا هەیە . بۆ نمونە :( booth - کەپرۆکە both – هەردو) ،، boob - گێل ، bob – ڕائەوەشێنێ ) ، ( Loot – تالان ، Lot– بەش بۆ دەرچون ) ، ( loop – گرێ ، lop ئەلەرێتەوە) .. هتد .

لە ئەنجامی ئەم بەراوردە ئەتوانین ، وشەی (کووڕ) بە دو (و) بنوسین . ئەگەر هەر (و)یکێ لابدەین ، واتای وشەکە ئەگۆڕێ ، بەڵام لە سەرجەم وشەکانی تر ئەمە ڕونادا . دەرەنجام لە کوردیدا هەر یەکێ فۆنێم (پیت )ی (و) هەیەو پیتی (وو) لە ئارادا نیە .

بەڵام لە چاوگەکان (سوون ، دروون ، گروون ، جوون ، هەنوون ، فەرموون) ئەبێ بە دو (و) بنوسرێن ، چونکە (و)یکیان پیتێکی بنجیە و لە گەڵ ڕەگی کارەکەدا هەیە (سو، درو ، گرو ، جو ، هەنو ، فەرمو ) و دوەمیان مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە .

دیسان بە دوای یەکدا هاتنی سێ پیتی (و) دیاردەیەکی ئاسایی نیە ، بۆیە کورد چاوگەکە ئەگۆڕێ بۆ (١)یی ، واتە ؛ (و)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ئەگۆڕێ بۆ (١) .

بەمەش چاوگەکە لە تێپەڕ ئەبێتە تێنەپەڕێکی (١)[1]یی :-

درووو ← درواو : کۆچ پۆش (کفن)ی درواو بۆ موسوڵمان نابێ .

جووو ← جواو : بنێشتی زۆر جواو پوخ (هش/fragile ) ئەبێ .

گرووو ← گرواو : پێستەی گرواو ئەکرێتە هەمبان (هەمانە) .

سووو ← سواو : چەقۆی سواو تیژە .

(هە)نووو ← (هە)نواو :دەست و قاچی بوك لە خەنەی هەنواو ئەنرێ .

بەڵام لەسەرجەم وشەکانی تر نوسینی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو بە یەك (و) کارێکی ڕاست و ئاساییە :-

چون ← چوو : لە دوای چووان مەچۆ .

بون ← بوو : کیلۆیەك هەنجیری بووم (بویم)[2] بۆ بێنە .

مەیین ← مەییو : ماستی مەییو خۆشە .

بردن ← بردو : دوای کلاوی بابردو مەکەوە .

مان ← ماو : فرمێسکی قەتیس ماو هەست ئەوروژێنێ .

**بەندی چوارەم - مۆرفیمەکانی پەیوەندی (بەیەکەوەبەستنەوە) :**

لەم بەندەدا لەو مۆرفیمانە ئەدوێین ، کە ئەبنە گیرەکی soffix کار و چەمکی نزیك کردنەوە و بەستنەوەی کار و بەشەکانی تری ڕستە نیشان ئەدەن و ڕۆڵی پەیوەندی ئەگێڕن .ئەو مۆرفیمانەش بریتین لە

(١) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم ، (گۆڕینی تێپەڕ بۆ تێنەپەڕ) .

(٢) بوو / بوی = گەییو

(ە) و(ی) .

**یەکەم : مۆرفیمی پەیوەندی (-ە) :-**

ئەم مۆرفیمە لە بنجدا چەمکی نزیکی ئەبەخشیٚ و بەگشتی ڕۆڵی نزیك کردنەوە ئەبینیٚ[(١)] . ئەم ڕۆڵە گشتیە وای کردوە چەندین[(٢)] ڕۆڵی تایبەتی ببینیٚ ، وەك : پەیوەندی (ربط) .

لە پەیوەستیدا ئەم مۆرفیمە ئەکەوێتە نێوان دو وشە و ئەبێتە پاشگری یەکەم و کێشی ئەکا و نزیکی ئەکاتەوە تا بە وشەی دوای خۆی ئەلکێنیٚ . ئەشیٚ ئەم وشانە ناو بن ، وەك :

کوڕەکورد ، کچەشوان ، بێچوەشێر ، دارەبەن . گەلەگورك ...یان ناو و ئاوەڵناو ، وەك :

مێرگەسور ، شۆڕەژن ، گێلەپیاو ، ڕەشەبا ، شەدەلار ، بزنەکوێر ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بەیەکەوە بەستنەوەی کارە لە گەڵ بەشەکانی تری ڕستە . مۆرفیمی پەیوەندی (ە) ڕاستەوخۆ بە ڕەگی کارەوە نالکیٚ ، یا بە مۆرفیمی کاتەوە ئەلکیٚ ، یا ڕاناوی لکاو ، یا پیتی ناوبڕ

*أ- لە گەڵ مۆرفیمی کات :-*

هۆنراو چوە ڕواندز .

هەستیار نامەکەی بردە بەرید .

هۆزان پەلارێکی گرتە دزەکە .

---

(١) بروانە : بەشی دوەم - بەندی دوەم - (چەمکی گشتی و تایبەتی - ١ ، ٢ ، ٣) .

(٢) وەك : ئاماژە ، بانگ کردن ، ناساندن ، دوپاتی ، کاتی ئێستا ، پەیوەندی .

هەندێ جار ئەم مۆرفیمیە تێکەڵی (ە)[١]ی مۆرفیمی کاتی ئێستا ئەکرێ:-

وەك : هۆنراو چووە ، هاتوە ، وەستاوە ، ...

لەم بارەدا فۆرمەکە پێك دێ لە [ ئاوەڵناوی کراو + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) ] .مۆرفیمی (ە)ی پەیوەستی ئەتوانێ لەگەڵ ئەم فۆرمەشدا بەکار بێ، بەلام بە هۆی دەنگی (ت)ی ناوبڕ لە گەڵ (ە) ی کاتی ئێستا لەیەك دادەبڕێن :-

هۆنراو چووەتە ڕواندز ، هاتوەتە ئێرە ، وەستاوەتە سەر پێ .

ب - *لەگەڵ مۆرفیمی ڕاناوی لکاو :-*

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مـن | چومە | هەولێر | . | بردمە | دهۆك |
| ئێمە | هاتینە | زانکۆ | . | هێنامانە | ئێرە |
| تۆ | کەوتیە | چاڵ | . | کردتە | پیاو . |
| ئێوە | هەستانە | سەرپێ | . | داتانە | قاقای پێکەنین |
| ئەو | بو∅ە | مامۆستا | . | خستیە | گیرفان |
| ئەوان | ڕژانە | کۆلان | . | چەسپاندیانە | سەریان . |

لێرەدا تێبینی ئەوە ئەکرێ کە ئەو کارانەی وشەی تریان بە دوادا ناهێ ، پێویست بەم مۆرفیمە ناکەن : وەك (نوستن ، مردن) . تەنیا لەکاتی دوپاتی[٢] نەبێ . وەك : نوستمەوە ، نوستیەوە ، نوستەوە .
لەم ڕستانەدا مۆرفیمی (ە)ی دوای ڕاناوەکان ڕۆڵی پەیوەندی (بەستنەوە) ئەبینن.

ج - *لە گەڵ پیتی ناوبڕدا :-*

---

(١) بڕوانە : بەشی سێیەم - بەندی دوەم (مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا) .

(٢) بڕوانە : بەشی چوارەم - بەندی دوەم . (دوپاتی) .

لەو کاتانەدا کە کارەکە کۆتایی بە بزوێن هاتبێ ، دەنگی ناوبڕی (ت)[١] ئەکەوێتە نێوان بزوێنەکە و مۆرفیمی پەیوەندی (ە) ، چونکە ئەم مۆرفیمە خۆیشی دەنگێکی بزوێنە . وەك :-

| | | |
|---|---|---|
| هێژا | ئەچێتە | کەرکوك |
| هێڤی | ئەهێتە | بەغدا |
| هەنگاو | ئەڕواتە | دواوە |
| هێرش | ئەگاتە | سلێمانی . |
| هەرێم | پارە | ئەنێتە بانق |
| هیوا | ترومبێل | ئەباتە گەراج |
| هاژە | دەستی | ئەخاتە باخەڵ |
| هێرۆ | هەویر | ئەکاتە نان |

هەروەها لە دوپاتی ئەم کارانەشدا هەمان دیاردەی بە دوای یەکدا هاتنی دەنگی ناوبڕ و مۆرفیمی پەیوەندی ڕوئەدا . وەك : ئەخواتەوە، ئەچێتەوە ، ئەکاتەوە ...هتد  ئەگەر سەرنجێکی نمونەکانی سەرەوە بدەین ، ئەبینین هەمویان ئەگەڕێنەوە بۆ کەسی سێیەمی تاك . چونکە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك سفرە (∅) بۆیە دەنگە بزوێنەکان ئەمێننەوە ، کاتێ بیانگۆڕین بۆ کەسەکانی تر ڕاناوەکان جێی دەنگی ناوبڕی (ت) ئەگرنەوە . ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی زۆربەی زمانەوانەکان (ات ، ێت ) بە ڕاناوی لکاو تێ بگەن بۆ کەسی سێیەمی تاك .

ئەگەر کارەکە کۆتایی هاتبێ بە دەنگی (ی) ، لەبەر ئەوەی ئەم دەنگە نیمچە بزوێنە ، ئەتوانرێ بە بزوێن دابنرێ ، لەو کاتەدا

پێویست بە ناوبڕ ئەکا . ئەشێ لە هەمان کاتدا دەنگی (ی) بە نەبزوێن دابنرێ و پیۆیست بە ناوبڕ ناکا :-

ئەچیتە هەولێر . - ئەچیە هەولێر .

ئەبیتە ئەندازیار . - ئەبیە ئەندازیار .

هاتیتە بەغدا . - هاتیە بەغدا .

دیسان ئەم دیاردەیە وای لە زمانەوانان کردوە (یت) بە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك تێ بگەن ، نەك (ی)بە تەنیا .

ئەگەر کۆتایی کارەکەش بە دەنگی (و) هاتبێ ، ئەمیش نیمچە بزوێنە ، ئەگەر نەبزوێن بێ پێویست بە ناوبڕ ناکا . وەك : بوە مامۆستا ، چوە قوتابخانە .... بەڵام لە کاری ڕابوردوی تەواو (ئاوەڵناوی کراو + (ە) ی کاتی ئێستا ) . کارەکە کۆتایی بە بزوێنی (ە) دێ و پێویست بە ناوبڕ ئەکا :

بووەتە مامۆستا ، چووەتە قوتابخانە ، هاتوەتە کوردستان ، بردوەتە ماڵ ....هەندێ جار لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردو دەنگی (و+ ە) دەنگی (ۆ) دروست ئەبێ ،( و + ە ← ۆ ) ، وەك :

بۆتە مامۆستا ، چۆتە قوتابخانە ، هاتۆتە کوردستان ، بردۆتە ماڵ ... ئەمەش بە زۆری [ لە گەڵ ئەو جۆرە فرمانانە دەرئەکەون کە چەمکی گوێزانەوە ئەگەیەنن Dative case ] [1] .

---

(١) د . وریا عمر امین ، ئاداری ١٩٨٤ ، ل ٥١ .

**واتای تایبەتی :-**

هەندێ زمانەوانان مۆرفیمی (ە)ی پەیوەستی بە کورت کراوەی ئامرازەکانی پەیوەندی (بۆ ، لە ، بە ، وە ، دە ...) ، یا بە هەمان واتای دائەنێن . بۆ نمونە :

[ ئەم پێشپرتکی (ە)یەی ئێستا کە وەك پێشپرتکێکی بنجی شوێنی خۆی گرتووە ، لە بنەڕەتدا پاشماوەی پێشپرتکی (دە)ی سەر بە بەشە زاری موکری بێت ، کە هاو واتای (لە)یە][1] . لە زمانەوانیدا هەرگیز دو مۆرفیم کوتومت هاوواتا نابن ، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش هاوواتا (بن لە دواییدا یا جیا ئەبنەوە یا یەکیان لە ناو ئەچێ . بۆیە مۆرفیمی (ە) هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی هاوئەرك و هاو واتای ئەو ئامرازانەیە ، بەڵام ئەگەر بە وردی بەراوردی ئەم ڕستانە بکەین ، سێ جیاوازی گرنگمان بۆ دەرئەکەوێ :-

| ڕستە | جۆری پەیوەندی | ڕستە | جۆری پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ نارد | | ........ | |
| بۆ تۆ نارد | | ........ | |
| منداڵەکەم بۆ قوتابخانە نارد | ئاڕاستە (اتجاه) | منداڵەکەم ناردە قوتابخانە | دڵنیایی ئەنجام دان |
| نارد بۆ قوتابخانە | | | |
| پارەکەم دا بە ئازاد | بارودۆخ (حالە) | پارەکەم دایە ئازاد . | دڵنیایی ئەنجام دان |
| بە ئازاد نارد | | | |
| چام لە (ژێر ، ناو ، بن ) پیاڵە کرد | دو فریزی ناوی | چام کردە ( ...) پیاڵە | دڵنیایی ئەنجام دان |

١- چەمکی دڵنیایی ئەنجامدانی کارەکە لە ڕستە کانی لیستی دوەم ئاشکرا تر دیارە لە لیستی یەکەم . ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە لە یەکەمدا پەیوەندیەکان بە زۆری لە نێوان ناوەکاندایە ، بەڵام

(١) هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد ، ١٩٩٣ ، ل ٦٢

لەدوەمدا چونکە مۆرفیمی پەیوەندی بە کارەوە بەندە ، ناوەکان و کارەکەش توند بە یەکەوە ئەبەستێتەوە:

منداڵە کەم بۆ قوتابخانە نارد .

منداڵەکەم ناردە قوتابخانە .

ئەرکی سەرەکی مۆرفیمی (ە) نزیك کردنەوە و بەیەك بەستنەوەی وشەکانە ، بەلاّم ئەرکی سەرەکی مۆرفیمی (بۆ) نیشاندانی ئاراستەیە.

٢- مۆرفیمی (ە) ڕستەکە لە ڕوی داڕشتنەوە کورتتر ئەکاتەوە و ئاسانتر گۆ ئەکرێ . بۆیە تا بگونجێ پتر بە کاردێ ، چونکە قسەکەر هەوڵ ئەدا وزەی کەم بەکار بێنێ بۆ گەیاندنی هەر چەمکێك.

٣- مۆرفیمی (ە) لە ڕۆنانی سەرەوە و ناوەوە ( داڕشتن و واتا ) بەندە ، بەلاّم ئامرازەکانی تر لە ڕۆنانی سەرەوە (داڕشتن) سەربەخۆن، بەلاّم لە ڕۆنانی ناوەوە ( لە ڕوی واتاوە) بەندن .

**دوەم : مۆرفیمی پەیوەندی ( -یْ) :-**

مۆرفیمی پەیوەندی (یْ) پێك هاتوە لە دو دەنگی (ە + ی ← یْ). دەنگی (ە) سەرچاوەکەی کۆتایی ئامرازەکانی پەیوەندی ( لە، بە ، دە ، وە ) یە . کە لە بنجدا مۆرفیمی نزیکیە و ڕۆڵێکی هاوبەش ئەبینێ لەگەڵ دەنگەکە پێش خۆی بۆ پەیوەندی وشەکان . بە بەڵگەی ئەوەی مۆرفیمی (ە) زۆر جار بە تەنیاش بە کاردێ بۆ پەیوەندی کردن .هەروەها ئەو ئامرازانەی پەیوەندی (ب، د، ژ، ل)[1] لە دیالێکتی باکوردا بە تەنیا بەکاردێن . بەلاّم دەنگی (ی)[2]

(١) صادق بهاء الدین ئامێدی ، ١٩٨٧ ، ل ٤٢٣

(٢) بڕوانە : بەشی دوەم ، بەندی دوەم (چەمکی گشتی و تایبەتی)

مۆرفیمێکه هێمایه بۆ توخمێکی دەست نیشان نەکراو . له ئەنجامی لەیەکدانیان (ە + ی) ، مۆرفیمی (یْ) دروست ئەکەن که بۆ پەیوەندی دو شـــــــتی نزیك و دور بەکاردێ . چونکه (ە) ئاماژه بۆ نزیکەکه ئەکاو (ی) ئاماژه بۆ دورەکه . ئەمەش وای کردوه هەندێ زمانەوانان (یْ)[1] به ڕاناو دابنێن[2] ، یا جێگر[3]

ئەتوانین هەنگاوەکانی گۆڕان بەم شێوەیه دەست نیشان بکەین :-

**هەنگاوی یەکەم :-**

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ده | | گرت | | | گرته | | | گرتمه | |
| شتێکم | له | شتێك | خست | ← | شتێکم | خسته | شتێك | ← | خستمه | شتێك |
| | به | | کرد | | | کرده | | | کردمه | |
| | وه | | دا | | | دایه | | | دامه | |

شێوه ی(١) شێوه ی(٢) شێوه ی(٣)

لەم هەنگاوەدا مۆرفیمی (ە) ڕۆلێکی گرنگ ئەبینێ له (پەیوەندی) دا ، به بەلگەی ئەوەی ئەتوانین شێوەی یەکەم بگۆڕین بۆ شێوەی دوەم و سێیەم .

**هەنگاوی دوەم :-**

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ته | | گرت | | | گرته | | | گرتمه | |
| شتێکم | له | ی | خست | ← | شتێکم | خسته | ی | ← | خستمه | ی |
| | په | | کرد | | | کرده | | | کردمه | |
| | وه | | دا | | | دایه | | | دامه | |

شێوه ی (١) شێوه ی (٢) شێوه ی (٣)

(٢) دوکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٢ ، ل ٤٥٥

(٣) ك . ك . کوردۆییف ، ١٩٨٤ ، ل٢.٣

(٤) هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد ، ١٩٨٣ ، ل ١.٦

**هه نگاوی سێیەم :-**

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تێ | گرت | | تێم | گرت | | گرتێ | | گرتمێ |
| شتێکم | لێ | خست | ← | لێم | خست | ← شتێکم | خستێ | ← | خستمێ |
| | پێ | کرد | | پێم | کرد | | کردێ | | کردمێ |
| | وێ | دا | | وێم | دا | | دایێ | | دامێ |
| | | شێوەی (١) | | | | | شێوەی (٢) | | شێوەی (٣) |

**تێبینی :-**

١- بەڵگەی بونی هەنگاوی دوەم و گۆڕانی بۆ هەنگاوی سێیەم ئەوەیە ، هەردو هەنگاوەکە تا ئێستا لە زماندا هەن و بەکار دێن :
(تیا ← تێدا ، پیا ← پێدا ، تیایا ← تێدا )[1] .

٢- بەڵگەی گۆڕانی (د) بۆ (ت) و (ب) بۆ (پ) لە شوێنی تریشدا ڕو ئەدا . وەك لە کوردی باکور ( ل دوو گەلەك کەنین گرین تێ / دێ)[2] ، ( بارام تێ کوشتن)[3] یا (بەیەکەوەشاد بون - پێکەوە شاد بون )[4] جگە لەمەش گۆڕانی (د) و(ت) هەروەها (ب) و(پ) کارێکی ئاسانە چونکە لە هەمان شوێنی دەم دروست ئەبن و تەنها جیاوازیان یەکیان گڕە voiced و یەکیان کپەvoiceless[5] .

٣- لە هەنگاوی دوەمدا مۆڕفیمی (ە) هێما بۆ شتی یەکەم و مۆڕفیمی (ی) هێما بۆ شتی دوەم ئەکا :

( شتێکم (د / ل / ب/ و ) ە ی شتێک ..) .

---

(١) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٧ ، ل ٢٩٣

(٢) ك . ك کوردۆییف ، ڕێزمانی کوردی ، ١٩٨٤ ، ل ٢١٣

(٣) جگر خوین ، ١٩٦١ ، ل ١٣٢

(٤) بانیز عمر احمد ، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل ٢٢

(٥) فرانك پارکەر ، ئاداری ١٩٨٣ ، ل ٣٧

کاتێ یەکیان گرت ، ئەبێتە مۆرفیمێکی پەیوەندی ئاسایی نێوان دو شتی نزیك و دور ، بە زۆری شتە دورەکە نائاشکرا ( دەست نیشان نەکراو ) ئەبێ .

٤- گۆڕانی ( ە + ی ) بۆ (ێ) دیاردەیەکی بەڵگە نەویستە لە زمانی کوردیدا و لە زۆر شوێندا ڕو ئەدا ، وەك : ( پەیرەو ← پێرەو، ڕستەیەك ← ڕستەیێك ، یەك ← ێك ، بەی - بێ) لە زاری موکری وسۆراندا ( ئەوەی ← دی ← ئەوێ دی ،پارەی من ← پارێ من ...).

٥ - لە هەنگاوی سێیەمدا ، ڕستەی ( خستمێ ، کردمێ) لە شێوەی دوەم و سێیەمدا . جیاوازیان هەیە لە ڕوی واتاوە لەگەڵ بەرامبەرەکانی لە شێوەی یەکەمدا . ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەمانی ئامرازە پەیوەندیەکانی سەرەکی . هەروەها گۆڕانی هەردو شتەکە لە ئاشکرا بۆ نائاشکرا .

بۆ پاسادان بەراوردیان بکە لە گەڵ هەردو شێوە لە هەنگاوی دوەم و یەکەم . بەم پێیە ئەگەر ئەم جۆرە ڕستانە بە تەنیا بن و لە ڕەوتی ئاخاوتن ( سیاق الکلام ) یان دابڕین ، ئەتوانین بە پێی ئارەزو بە چەندین شێوە لێکیان بدەینەوە :-

| ڕستە | لێکدانەوە |
|---|---|
| گرتمێ | تفەنگێکم گرتە دزەکــە ، بەردێکم گرتە چۆلەکە ، ... |
| لێتدا | دارێکت لە سەگەکــە دا ، شەقێکت لە تۆپەکە دا ، .. |
| کەوتێ | ڕێویەکە کەوتە تەڵەکە ، منداڵەکە کەوتە ڕوبارەکە ... |

هەندێ زمانەوان (ێ)ی [1] ئامرازی پەیوەندی تێکەڵ ئەکەن ، لەگەڵ (ێ) یەکانی تر ، بۆ نمونە :-

(١) دوکتور ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٢ ، ل ٤٥٦

١- کەوتیٚ: (یٚ) ئامرازی پەیوەندیە .(کەوتـە ناو،تیٚ کەوت..).

٢- کەوتە خواریٚ : (یٚ) نیشانەی دۆخە (case)[١] .

٣- ئەکەویٚ : (یٚ) مۆرفیمی کاتی داهاتوە[٢] ، لە ڕانەبوردودا .

**بەندی پێنجەم - بکەر نادیار:-**

مۆرفیمی بکەرنادیار ئەو مۆرفیمەیە کە ئەرکی ئەنجامدانی کارێك ئەداتە پاڵ توخمێکی (کەس یا شت ) دەست نیشان نەکراو . مۆرفیمی ڕەسەنی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا پیتی (ر)ە . ئەم مۆرفیمە ئەتوانیٚ دو ئەرك ئەنجام بدا :

**یەکەم : ئاوەڵناوی بکەر :**

مۆرفیمی (ر)[٣] ئەتوانیٚ ئەرکی ئەنجامدانی کارێك بداتە پاڵ توخمێکی دەست نیشان نەکراو بە شێوەیەکی بەردەوامی . ئەم کارە ئەبێتە ڕۆخسارێك بۆ دەست نیشان کردنی ئەم توخمە . یاسای دارشتنی ئاوەڵناوی بکەریش بەم شێوەیە .

ڕەگی کار + مۆرفیمی بەستنی (ە) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) .

| | | |
|---|---|---|
| نوسین : نوس | + ە + ر | ← نوسەر |
| خوێندن : خوێن | + ە + ر | ← خوێنەر |
| تۆژینەوە : تۆژ - ەوە | + ە + ر | ← تۆژەرەوە |
| بینین : بین | + ە + ر | ← بینەر |

---

(١) هیدایەت عەبدوڵلا محەمەد ، ١٩٩٣ ، ل٦٧

(٢) بڕوانە : بەشی سێیەم ، بەندی سێیەم ، (مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو).

(٣) لەزمانی ئینگلیزیشدا هەمان مۆرفیم بۆ هەمان مەبەست بە کار ئەهێنریٚ : ( Writer - نوسەر ، Lawyer - پارێزەر ، Author - دانەر ، Singer - بێژەر ...) . لە فارسیشدا هەمان مۆرفیم بە کار ئەهێنریٚ : (کوزەکر - گوزەکەر ، نوکر - نۆکەر ، جادوکر - جادوکەر ، دلبر - دڵبەر ، زرگر ، زێرینگەر ...) . ئەوانەی کۆتاییان بە ( - کەر) هاتوە ، هەندیٚ جار لە هەردو زمانەکەدا ئەگۆڕێن بۆ (-گەر) ، وك ( ، جادوگەر ، زێرینگەر ، مسگەر ..) . کە ڕەنگە لە بنجدا لە (کە)ی ڕەگی کاری (کردن) و مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار پێـك هاتبیٚ .

شێوەی بەردەوامیەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ نەبونی نیشانەکانی کات لە ڕەگی کاردا . تەنانەت لەو چاوگانەش کە تێپەڕێنراون ، مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) هەیە ، بەڵام بەهۆی بە دوادا هاتنی (ن)ی چاوگ لە ئەرك کەوتوە ، وەك :

سوتان ← سوتاندن ← سوتێنەر

کرتان ← کرتانـدن ← کرتێنەر

وەستان ← وەستاندن ← وەستێنەر

تۆقین ← تۆقاندن ← تۆقێنەر

ئەو ڕەگانەی کە لە بڕگەیەکی کورت یا دو دەنگ پێك هاتون کەم بە تەنیا بە کاردێن ، ئەبێ بەرکارێکیان وەك دیارخەر لە گەڵدا بە کار بێ :

کردن ← کە ← نوێژکەر ، نان کەر ، کارکەر

دان ← دە ← نان دەر ، ڕەنجدەر ، هان دەر

بردن ← بە ← خوێن بەر ، نامەبەر ، هێرش بەر

ئەو ڕەگانەی کۆتاییان بە دەنگی (ڕ) یا (ر) هاتوە ، زۆرتر وەکو خۆیان بە کار ئەهێنرێن و مۆرفیمی (ر)ی بکەری وەرناگرن ، وەك :

بڕین ← بڕ ← نان بڕ ، سەربڕ ، دۆبڕ

گرتن ← گر ← ڕێگر ، جێگر ، گوێگر

گۆڕان ← گۆڕ ← خۆگۆڕ ، جێگۆڕ ، ڕێگۆڕ

هەندێ جار لەسەر ئەم کێشە ، واتـە (دیارخەر + ڕەگ)، ئاوەڵناوی بکەر لە هەندێ چاوگی تریش دروست ئەکرێ :

کوشتــن ← کوژ ← پیاوکوژ

ماڵیــن ← ماڵ ← بەفرماڵ

خواستن ← خواز← خێرخواز

لەو ڕەگانەشدا کە کۆتاییان بە بزوێن هاتوە ، (ە)ی مۆرفیمی بەستن دەرناکەوێ ، وەك :

خواردن ← خۆ ← نان خۆر

شوشتن ← شۆ ← جل شۆر

کــردن ← کــە← دارکەر

هەندێ جاریش لە بری بەرکارە دیارخەرەکە پیتی (ب) ئەخرێتە پێش فۆرمەکە بۆ دروست کردنی ئاوەڵناوی بکەر :

کردن← کە← کارکەر ، دارکەر ، نان کەر ، نوێژکەر ، (بکەر).

دان ← دە ← نان دەر ، پاڵدەر ، ڕەنجدەر ، هاندەر ، (بدەر).

ئەم پەیڕەوە وەك یاسایەك بەکار هێنراوە ، بۆ دروست کردنی چەندین ئاوەڵناوی بکەری تر ، کە لە بنجدا یاسایەکی گشتی نیە ، بە تایبەتی بۆ ئەوانە بەکار ناهێنرێ کە بە (ر) کۆتاییان نەهاتوە :

کوشتن ← کوژ ← بکوژ . *

نوسین ← نوس ← بنوس . *

خواردن ← خۆ ← بخۆر .

گۆڕین ← گۆڕ ← بگۆڕ .

ئەم فۆرمە لە شێوەی نەرێش بەکار هاتوە :

---

* نیشانەی هەڵەیە .

نەکەر ← کارنەکەر ، گوێ نەکەر
نەخۆر ←ماڵ نەخۆر (ماڵی نەکەر نەخۆری لۆ چەکمە سۆری)[١]
نەگۆڕ ← ڕێژەی نەگۆڕ
مۆرفیمی (ر) ی بکەری، ئەلۆمۆرفی تریشی هەیە ، وەك (یار) : فرۆشیار، کڕیار ، ژمێریار ..... )
لە ئاوەڵناوی بکەردا تێبینی ئەوە ئەکرێ ، کە لە کاری تێنەپەڕدا دروست ناکرێ . چونکە کارەکە ئەبێ بکەر و بەرکاری هەبێ . بە زۆری بکەرەکە بە نادیاری ئەبێتە بکەرێکی بەردەوام و هەمیشەیی بۆ بەرکارەکە .

**دوەم : بکەرنادیار (مبني للمجهول – Passive voice) :**

مۆرفیمی (ر) جگە لە دروست کردنی ئاوەڵناوی بکەر ، ئەتوانێ ڕستەی بکەر نادیاریش دروست بکا ، بەوەی کە ئەرکی ئەنجامدانی کارێك ئەداتە پاڵ توخمێکی دەست نیشان نەکراو شێوەیەکی کاتی کاتەکەش بە پێی مۆرفیمەکانی کات دیار ئەکرێ . یاسای دروست بونی ڕستەی بکەر نادیاریش بەم شێوەیە :
ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەری + مۆرفیمی کات [(ە –) +(–ێ) بۆ ڕانەبوردو ، (–ا) بۆ ڕابوردو] .

| ژ | بکەر | بەرکار | کار | جۆری ڕستە |
|---|---|---|---|---|
| أ ١– | هەستیار | هۆنراوەیەکی | نوسی | بکەر دیار |
| ٢– | ر | هۆنراوەیەك | نوسرا | بکەر نادیار |
| ب ١– | هەستیار | هۆنراوەیەك | ئەنوسێ | بکەر دیار |
| ٢– | ر | هۆنراوەیەك | ئەنوسرێ | بکەر نادیار |

(١) پەندێکی ناوچەی سۆرانە .

تەنیا جیاوازی لە نێوان ڕستەکانی (١) و (٢) دا ، گۆڕانی بکەرە لە کەسێکی دیار و ئاشکرا بۆ توخمێکی نادیار و دەست نیشان نەکراو . واتە ، لە هەردوکیان بکەر هەیە ، بەڵام لە یەکەمدا دەست نیشان کراوە و لە دوەمدا دەست نیشان نەکراوە . شتێکی ئاساییشە کە بکەر - نادیار - بێ ، پێویست بە ڕاناوی لکاو ناکا ، بۆیە ڕاناوی لکاوی (ی) لە ڕستەی (٢ أ) نەما .بەرکاریش وەکو خۆی ، هەر بە بەرکاری ئەمێنێتەوە .

کرداری بکەر نادیاریش وەکو ئاوەڵناوی بکەر لە کارە تێپەڕەکان دروست ئەکرێ ، چونکە ئەبێ ڕستەکە هەردو پێویستی سەرەکی هەبن: (بکەر و بەرکار) ، بۆ ئەوەی کاتێك بکەر ئەبێتە نادیار ، پێویستیەك بە - دیار - ی بمێنێتەوە ، هەروەك ئەبینین ئەگەر بکەر و بەرکار هەمان کەسیش بن ، هەر لەیەك ئەترازێن و لە یەك جیا ئەکرێنەوە ، وەك :

من خۆم گوشی . ← ر خۆم گوشرام

من خۆم ئەگوشم ← ر خۆم ئەگوشرێم

لەم ڕستانەدا دەرەکەوێ ، کە بکەر هەر ماوە بەڵام لە کەسێکی دیارەوە گۆڕا بۆ توخمێکی (کەس ، شت ...) نادیار . واتە ، لە ڕستەکانی دوەمدا (من) بکەر نیە ، بەڵکو توخمێکی نائاشکرایە . کەواتە ئەبێ بکەرو بەرکار هەبن و لە یەك بترازێن . بۆیە ئەم کردارە لە گەڵ تێنەپەڕدا ناکرێ ، چونکە تێنەپەڕ یا بکەری هەیە یابەرکار.

لە کارە تێپەڕێنراوەکاندا ، چاوگە تێنەپەرەکە بە گشتی وەکو ڕەگی

کار ڕەفتار ئەکا ، وەك :

هۆزان پوشەکەی سوتاند . هۆزان پوشەکە ئەسوتێنێ

↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓

ر پوشەکە سوتانرا ر پوشەکە ئەسوتێنرێ

ڕستەی یەکەم ، کە لە تافی ڕابوردودایە ، بە زۆری بەم شێوەیە بە کار ئەهێنرێ :

هۆزان پوشەکەی سوتاند

↓ ↓ ↓ ↓

ر پوشەکە سوتێنرا

ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك :

١ - بە زۆری بۆ وەرگرتنی ڕەگی کار ، کارەکە ئەخەنە کاتی ڕانەبوردو و مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)ی لێ ئەکەنەوە لە گەڵ ڕاناوی لکاو ، ئەوەی ئەمێنێتەوە بە ڕەگی کاری دائەنێن :

(ئە) سوتێن (م) ← سوتێن .

٢ - لە بکەر نادیاردا ، چونکە مۆرفیمی کاتی تایبەتی خۆی هەیە [(ە - ) + ( - ێ) ، ( -١)] و (١ ، ێ) لە دوای مۆرفیمی بکەری (ر) دەرەکەون ، بۆیە مۆرفیمەکانی تری ناو چاوگەکە ڕۆڵیان نامێنێ و کامەیان بە کار بهێنرێ مەبەستەکە لە ڕوی کاتەوە ناگۆڕێ .

٣ - لە ڕوی دەنگسازیەوە ، هەردوکیان گۆ ئەکرێن : (سوتێنرا ، سوتانرا) بەلاّم ئەم دیاردەیە لە ڕانەبوردو ، گۆکردنی ئاسان نیە (ئەسوتێنرێ) ، (ئەسوتانرێ *) .

له هەندێ کاری تێپەڕدا بەتایبەتی تێپەڕە (واویەکان)و (ئەوانەی) ڕەگەکانیان بە دەنگی -ڕ- یا - ر - کۆتایی هاتوە) ، گۆکردنی مۆرفیمی (ر) لە ڕوی دەنگسازیەوە کارێکی ئاسان نیە . گۆنەکردنیشی ئەبێتە هۆی نەمانی بکەر لە ڕستەکەدا . بۆیە لەو کاتەدا کە مۆرفیمی بکەری (ر) گۆ ناکرێت ، کارەکە لە تێپەڕەوە ئەگۆڕێ بۆ تێنەپەرێکی بەرکاری (یا ئەلفی)[١] ، وەك :

یەخەی دڕی ← یەخەی دڕرا ← یەخەی دڕا

ئاوەکەی بڕی ← ئاوەکە بڕرا ← ئاوەکە بڕا

گەنمەکەی فرۆشت ← گەنمەکە فرۆشرا ← گەنمەکە فرۆشا

چەقۆکەی سوو / سوی ← چەقۆکە سورا ← چەقۆکە سوا

جلەکەی دروو / دروی ← جلەکە درورا ← جلەکە دروا

پێستەکەی گروو/ گروی ← پێستەکە گرورا ← پێستەکە گروا

**بەندی شەشەم - ئارایی (بونایەتی) :**

واتای چاوگی (بون) لە هەمو چاوگێك گشتی ترە[٢] و (هاتنە ئارایی) ئەگەیێنێ .

(توخمێك بو) ، واتە : (توخمێك هاتە ئارا) . (توخمێك ئەبێ) ، واتە : (توخمێك) ئەهێتە ئارا) .. هتد . ئەتوانرێ ئەو (توخمە) بە پێی پێویست بە فرێزێکی تر بگۆڕێ :

---

(١) بڕوانە ، بەشی چوارەم ، بەندی یەکەم ، (گۆڕینی تێپەڕ تێنەپەڕ).

(٢) بڕوانە : بەشی دوەم ، بەندی دوەم ، (چەمکی گشتی و تایبەتی) .

| | | | |
|---|---|---|---|
| تو خمێك<br>ئـــــەو<br>چارەسەر<br>ئاڵۆز<br>بێدەنگ<br>جوان<br>پیاو | + بـ + | (-و) ڕابوردو (-و)<br>(-ە) ئێستا (ە-)<br>(-یٚ) داهاتو (-یٚ) | ڕابوردوی بەردەوام<br>ڕانەبوردو |

چەمکی کار بە تەنیا ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی کارەکە ، واتە : چەمکی ئارایی ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمی (بـ) . (هاتنە ئارایی) چەمکێکی درشت و گشتیە ، ئەتوانرێ بە پێی فریزەکە لێك بدرێتەوە واتای تایبەتی دەست نیشان بکرێ . بۆ نمونە :-

منالەکە بو ( لەدایك بو / منالێك هاتە ئارا ).

میوەکە بو ( پێ گەیـــی / میوە یەکی هەراش هاتەئارا ).

چایەکە بو ( کـــولاٚ / چایەکی کولاٚو هاتە ئارا ).

ئەم واتا گشتیەی (هاتنە ئارایی) ، وای لە ڕەگی کاری (بون) کردوە ، چەند ڕۆڵێك ببینێ لە زمانی کوریدا ، وەك :-

*١- کاری ئاسایی :-*

کاتێك (بون) بە تەنیا ئەبێتە فریزی کاری و بەرامبەر فریزێکی ناوی ئەوەستێ ، خۆی ئەبێتە کاری سەرەکی ڕستە و وەکو کارێکی تێنەپەڕی بەرکاری ڕەفتار ئەکا و ئەتوانێ لە هەمو کاتەکاندا[١] ڕستە

(١) بروانە : بەشی چوارەم ، بەندی پێنجەم ، (لێکدانی کاتەکان)

دروست بکا ، بۆ نمونە :-

| | | | |
|---|---|---|---|
| منداڵەکە | ژێر | بو . | (ڕابوردو) |
| منداڵەکە | ژێر | بێ ، بیهێنە . | (داهاتو) |
| منداڵەکە | ژێر | ئەبێ . | (ڕانەبوردو) |
| منداڵەکە | ژێر | ئەبو . | (ڕابوردوی بەردەوام) |
| منداڵەکە | ژێر | ∅ ە . | (کاتی ئێستا) |

لە هەر یەکێك لەم ڕستانەی سەرەوەدا ، هاتنە ئارایی (ژێر بون ) لە کاتێکی دیاری کراودا پیشان ئەدا . بەڵام لە دوا ڕستەدا ، مۆرفیمی ڕەگی کار (بـ ) دەرناکەوێ و وەك مۆرفیمی سفر Zero morpheme ڕەفتار ئەکا . لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :-

١- فریزی ناوی (ژێر ) خۆی لە ئارادایە .

٢- نەبونی هێما بۆ ئەم مۆرفیمە ئەبێتە هێما بۆی .

٣- لە بەر گشتی واتای (بـ) واتاکەی بەئاسانی دەرئەکەوێ .

٤- تاکە ڕەگێکی زمانی کوردیە کە ئەم ڕەفتارەی هەبێ .

٥- بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێ لە گەڵ کاری فەرماندان ( ژێر بە ) .

٢- *کاری یاریدەر* :-

لە کاتێکدا فریزە ناویەکە بە فریزێکی کاری بگۆڕێن . کاری بون ڕوخساری خۆی هەر ئەمێنێ و وەکو کارێك ڕەفتار ئەکا :

( ڕەگی کار + مۆرفیمی کات + ڕاناوی لکاو ) :-

تۆخمێك/ ئەو/جوان / بێدەنگ / چارەسەر/....بو م / ی /∅ ..

چو / نوسی /هات / خوارد/ سەرکەوت/.... بو م/ی /∅ ...

بەڵام ئەبێتە کارێکی یاریدەر ( ناسەرەکی) ، چونکە :-

١- فریزە کاریەکە خۆی کارێکی سەرەکی هەیە . ڕستەش تەنیا

یەك کاری سەرەکی پێویستە .

٢- واتای کارە سەرەکیەکە تایبەتیە و بە لادانی شیرازەی واتای ڕستەکە تێك ئەچێ ، بەلاّم واتای (بون) گشتیە و بە لادانی شیرازەی واتا تێك ناچێ .

٣- هەمو کارێك هاتنە ئارای ڕوداوێك نیشان ئەدا ، بۆیە ڕۆڵی واتایی (بـ) لاواز ئەبێ و ڕۆڵی مۆرفیمی کات (و) پتر دیار ئەبێ . لە ئەنجامی لێکدانی دو مۆرفیمی ڕابوردو ، ڕابوردوی دور دروست ئەبێ .

٣- *کاری فەرماندان :-*

ئەو کارەیە کە قسەکەر ( کەسی یەکەمی تاك یان کۆ ) فەرمان بە گوێگر ( کەسی دوەمی تاك یان کۆ) ئەکا کە گۆڕانێك بێنێتە ئارا ، لە کاتی ئێستادا . ئەتوانین یاساکەی بەم شێوەیە دابڕێژین :-

گۆڕانکاری + هێنانە ئارا + کاتی ئێستا ← فەرمانداندن .

پیاو / جوان /بێدەنگ + بـ + ە ← پیاو / جوان / بێدەنگ ... بە

کاری فەرماندان تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) وەر ئەگرێ ، کاتی ئێستاش خۆی نزیکترین کاتە و وەکو ڕابوردو دور ناکەوێتەوە.

ئێنجا کاتێ فرێزە ناویەکە بە فرێزێکی کاری ئەگۆڕین ، ئەم مۆرفیمە یا ئەبێ بە ڕەگی کاری سەرەکیەوە بلکێ یا بە ڕەگی کاری یاریدەدەر (بـ) ، مۆرفیمی کاتیش بە هەر ڕەگێکەوە بلکێ ڕەگەکەی تر لە کار ئەکەوێ . چونکە ڕەگی کار مۆرفیمی بەندی تەوەرەیە و ئەبێ بەلای کەمەوە مۆرفیمی کاتی پێوە بلکێ ، بێگومان بەپێی ئەو هۆیانەی باس کران بە کاری سەرەکیەوە ئەلکێ . لە ئەنجامدا ڕەگی

(بون) هاوسەنگی تێك ئەچێ و بۆ جێگیر بونی ، ئەبێتە مۆرفیمی ئارایی پێشگر :-

گۆڕانکاری + هێنانە ئارا + کاتی ئێستا ← فەرماندان .

بێدەنگ/ ئازا... + بـ + ە ← بێدەنگ ... بە

واتە یاسایەکە ئەبێتە :

[(هێنانە ئارا (بـ) + گۆڕانگاری ( ڕەگی کار) + کاتی ئێستا (ە)]

نوس / کرِ / خەو .....+ بـ + ە ← بنوسە / بکرِە / بخەوە

لە ڕوی ژیربێژیەوە ، هەردەم فەرمان لە کەسی یەکەمەوە ئاڕاستەی کەسی دوەم ئەکرێ ، بۆیە پێویست بە دەرکەوتنی ڕاناو ناکا لە کەسی دوەمی تاکدا ، لەم بارەدا مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) دەرئەکەوێ ، بەڵام بۆ جیاکردنەوە لە کەسی دوەمی کۆدا (ن) دەرئەکەوێ ، لەم بارەدا مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرناکەوێ ، ئەمەش پتر ئەگەڕێتەوە بۆ بێ هێزی ئەم دەنگە لە ڕوی دەنگسازیەوە :-

بێدەنگ بە، ئازا بە ،بنوسە، بکرِە ← بێدەنگ بن، ئازابن، بنوسن، بکرِن ...

کاتێك ڕەگی کارەکە کۆتایی بە پیتێکی بزوێن بێ، (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا ئەبێتە مۆڕفیمی سفر و دەرناکەوێ: ( بنو(ە)، برِۆ ، بخۆ ، بلێ ..) .

ئەم دیاردەیە ڕەگی چاوگە (۱)ییەکانیش ئەگرێتەوە : ( بدوێ ، بسوتێ ، بخنکێ ..) ئەگەرچی دەنگی (ێ) مۆڕفیمی کاتی داهاتوە ، بەڵام چونکە مۆڕفیمی کاتی ئێستای ڕاستەوخۆ بە دوادا هاتوە ، لە ڕوی کاتەوە ڕۆڵی نامێنێ . لەم بارەدا دو مۆڕفیمی سفر بە دوای

یەکدا دێن :-

ب + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ئێستا (∅) + ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك (∅)

لە هەمو ڕستەکاندا مۆرفیمی (بـ) هەر ڕەگی کاری (بو)ە و واتای ( هاتنە ئارایی) نادۆڕێنێ و لە ڕستەی فەرمانیدا ، واتا : (گۆڕانێك - ڕوداوێك - بهێنە ئارا) . بەلاّم ڕۆڵی کاری نامێنێ ، چونکە مۆرفیمی کات و ڕاناوی پێوە نامێنێ و لە مۆرفیمی تەوەرەیی ئەگۆڕێ بۆ مۆرفیمی پێشگر .

*٤- کار مەرجی :-*

مۆرفیمی هاتنە ئارایی (بـ) ، کاتێك مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (١)ی پێوە ئەلکێ ئەتوانێ وەکو کارێکی سەرەکی ( لەگەڵ فرێزی ناویدا ) یا وەکو کارێکی یاریدەدەر ( لەگەڵ فرێزی کاریدا ) ڕەفتار بکا :-

(ئەگەر) پیاو / جوان / بێدەنگ ... با ، خۆشم ئەویست .

(ئەگەر ) چو / هات / دانیشت با ، ئەمبینی .

(ئەگەر) وانەکەی خوێند / نوسی / کرد ...با ، دەرئەچو

لەم بارەدا بە کاریگەری شێوازی مەرجی ، چونکە کاتەکە ڕابوردوە، ئیتر بواری ڕودانی کارەکە نەماوە .

هەندێ جار مۆرفیمی کاتی ئیستاشی (ە)ئەخرێتە سەر بۆ ئەوەی کاریگەریەکەی تا ئێستا بەردەوام بێ و لە ئەنجامدا چەمکی (خۆزگەیی)ش ئەبەخشێ :-

پیاو / بێدەنگ / جوان .... بایە / بوایە..

چو / هات / دانیشت بایە / بوایە ..

وانەکەی / خوێند / نوسی / کرد .....بایە / بوایە ..

بەلاْم ئەگەر مۆرفیمی کاتی داهاتو (یْ) بەکار بهێنین ، بواری ڕودان و ڕونەدانی کارەکە پەیدا ئەبێ ، بۆیە ڕودانەکە ( گومانداری) تیْ ئەکەوێ :-

(ئەگەر) پیاو / جوان / بێدەنگ ... بیْ ، خۆشم ئەوێ .

( ئەگەر) چو / هات / دانیشت بیْ ، ئەیبینم .

(ئەگەر) وانەکەی/ خوێند / نوسی /کرد بیْ ، دەرئەچیْ .

بەلاْم ئەگەر کاری سەرەکی ڕانەبوردو بیْ ، خۆی مۆرفیمی کاتی داهاتوی پێوە لکاوە :( ئەخوێنیْ ، ئەنوسیْ ، ئەکا∅ ..)بۆیە پێویست بە هەمان مۆرفیم ناکا لەگەلْ ( بـ + یْ ← بیْ)دا ، بە تایبەتی چونکە داهاتوش لە زمانی کوردیدا دورتر ناکرێتەوە ، لە ئەنجامدا مۆرفیمی (یْ) تەنیا بە کاری سەرەکیەوە ئەلکێزیْ و مۆرفیمی ئارایی (بـ) هاوسەنگی تێك ئەچیْ و بە پێشەوەی ڕەگی سەرەکیەوە جێگیر ئەبیْ:

(ئەگەر) وانەکەی بخوێنیْ / بنوسیْ / بکا∅ ... ، دەرئەچیْ .

جیاوازی ئەم فۆرمە لەگەلْ کاری فەرماندان ، لەم دو خالەدا دەرئەکەویْ :-

١- لە کاری فەرماندان تەنیا کاتی ئێستا بە کار دیْ ، لەم فۆرمەدا کاتی داهاتو بە کار ناهیْ.

٢- لە کاری فەرماندان تەنیا کەسی دوەمی ( تاك ، کۆ) بە کار ئەهێنریْ و ڕاناوی کەسی دوەمی تاك مۆرفیمی سفرە و دەرناکەویْ ، ڕاناوی کەسی دوەمی کۆ (ن)ە . بەلاْم لەم فۆرمەدا هەمو ڕاناوەکان (م، ی ، ە ، ین ، ن ، ن) بە کار ئەهێنرێن .

دەرەنجام ئەگەینە ئەوەی کاری مەرجی دو جۆرە :-

أ- مەرجی خۆزگەیی :- ئەو کارەیە کە مۆرفیمی ڕابوردوی لەگەڵدا هاتوە و ، بواری ڕودانی تیادا نەماوە و ڕونادا : وەك :-

(ئەگەر) بێدەنگ/جوان/ وانەکەی/ نوسی.... با / بوا / بوابە ...

ب - مەرجی گوماندارى : ئەو کارەیە کە مۆرفیمی داهاتوی لەگەڵدا هاتوەو ، بواری ڕودان و ڕونەدانی تیادایە . وەك :-

( ئەگەر) بێدەنگ / جوان / .... بێ .....

(ئەگەر) وانەکەی ...... بنوسێ / بخوێنێ / ....

**بەندی حەوتەم - ناکردن :**

( ناکردن : کردەیەکی زمانەوانییە ، ئەرکی سەرەکی جێ بەجێ نەکردن و بەرپەچدانەوەی ڕستەیە)[1] و [ لە کوردیدا چەند نیشانەیەك هەیە بۆ گۆڕینی کارێکی ئەرێ بۆ نەرێ ][2] ، وەك : (ن ، نا ، نە ، نی ، مە ) . لە هەمویاندا مۆرفیمی (ن/م) ئەرکی ناکردن ئەبینێ .

دەنگەکانی تر بە زۆری ماوە و بواری ناکردنەکە دەست نیشان ئەکەن. بۆ نمونە : (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستایە و (١) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە ، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی هەر یەکەیان لە کاتی تایبەتیدا بەکار بێن :-

---

(١) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول ، ١٩٩١ ، ل ٥

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل٢٢

١ - (ن) :-

مۆرفیمی (ن) ، ئەچێتە سەر کاری ڕانەبوردو و کارەکە ئەگۆڕێ بۆ ناکراو :-

| کاری ڕانەبوردو | ← | مۆرفیمی کاتی ئێستا | + | ڕەگی کار | + | مۆرفیمی کاتی داهاتو | + | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەچم | ← | ە | + | چ | + | ∅ | + | م |
| ئەچی | ← | ە | + | چ | + | ∅ | + | ی |
| ئەچێ | ← | ە | + | چ | + | ێ | + | ∅ |

ڕانەبوردوی ناکراو ← ن + کاری ڕانەبوردو .

نەچم ← ن + ئەچم


نەچی ← ن + ئەچی

نەچێ ← ن + ئەچێ

لەم بارەدا چەمکی ناکردن بەهۆی مۆرفیمەکانی کاتەوە ، لە ئێستا بەرە و داهاتو ئەکشێ ، بۆیە واتای جۆرێك لە ( فەرمانی دانەبڕ - ئاسایی)[1] لێ بەدی ئەکرێ و بەتایبەتی چونکە مۆرفیمی نەرێ (ن) بە مۆرفیمی کاتی ئێستاوە لکاوەو پتر هێزی ئەکەوێتە سەر :-

بچم ← نەچم ، بچێ ← نەچێ ، بچینەوە ← نەچینەوە ... هتد .

بواری ناکردنەکە بەم شێوەیە :-




---

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥

٢- (نا) :-

لە زمانی کوردیدا ئەتوانرێ بورای ناکردنی کاری ڕانەبوردو فراوان بکرێ و سنوری ڕابوردوش ببەزێنێ . واتا ناکردنەکە لە ڕابوردووەوە دەست پێ بکا بەرەو داهاتو بڕوا . بە هۆی لێکدانی (ن)ی مۆرفیمی نەرێ لەگەڵ (١)ی مۆرفیمی ڕابوردو .


لەم بارەدا چونکە مۆرفیمی نەرێ داکۆکی لە کاتی ئێستا ناکاو بە یەکەوە نەلکاون ، واتای داخوازی لێ بەدی ناکرێ . بەڵکو واتای ناکردنی کارێکی ڕانەبوردوی ئاسایی لێ بە دی ئەکرێ ، کە بڕیاری ناکردنەکە لە پێشدا (لە ڕابوردودا) درا بێ ، بۆیە زمانەوانان ئەم فۆرمەیان بە (نیشانەی ناکردنی کاری ڕانەبوردو)[١] داناوە:-

ناچم ← ن + ا + ە + چ + ∅ + م

ناچی ← ن + ا + ە + چ + ∅ + ی

ناچێ ← ن + ا + ە + چ + ێ + ∅

لەم بارەدا مۆرفیمی (ە) دەرناکەوێ چونکە بزوێنێکی کورتە و کەوتۆتە دوای بزوێنێکی هاوشێوەی درێژەوە . جگە لەمەش چەمکەکە لە ڕوی واتاوە تێک ناچێ ، چونکە بواری ناکردن لە ڕابوردو بەرەو داهاتو ئەچێ و کاتی ئێستاش لە نێوانیاندایە :-




بەم پێیە ئەشێ ناکردنەکە لە ڕابوردو دەستی پێ کردبێ و بەرەو

---

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣

داهاتو بڕوا ، بۆیە هەندێ جار بە ئاوەڵکاری کات داکۆکی لەسەر سنوری ناکردنەکە ئەکەین :-

لە پێرارەوە ناچم بۆ سەردانیان .

چەندین ساڵە خەوتوین و بێدار نابینەوە .

هەندێ جاریش چەمکی ئەوە ئەدا ، کە بڕیاری ناکردنەکە لە ڕابوردو دراوە ، وەك :-

ئەم ئاگرە ناکوژێتەوە .

گەلەکەمان ناتوێتەوە .


٣- *(نە)* :-

ئەم فۆرمە پێك هاتوە لە (ن)ی مۆرفیمی ناکردن ، لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا ، (ن + ە ← نە) . لە ئەنجامدا جیاوازی نابێ لەگەڵ فۆرمی یەکەم ، تەنیا لەوەدا نەبێ ، کە لە یەکەمدا ئەچێتە سەر کاری ڕانەبوردو و مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا خۆی لە سەرەتای کارەکەدا هەیە . بەڵام ئەمجارە ئەچێتە سەر کاری ڕابوردو و لە سەرەتادا مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا نیە . جگە لەمەش بواری ناکردن لە ئێستا بەرەو ڕابوردو ئەڕوا :-

| ڕابوردوی ناکراو | | مۆرفیمی ناکردن | | مۆرفیمی کاتی ئێستا | | ڕەگی کار | | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەچوم | ← | ن | + | ە | + | چ | + | و | + | م |
| نەچوی | ← | ن | + | ە | + | چ | + | و | + | ی |
| نەچو | ← | ن | + | ە | + | چ | + | و | + | ∅ |

بواری ناکردنی ئەم فۆرمە لە ڕابوردودایە ، بە هۆی مۆرفیمی

ڕابوردوی کارەکە ، تاکو کاتی ئێستا ، بە هۆی مۆرفیمی (ە)ی ئێستا . واتە : کارەکە لە ڕابوردو ناکراوە تا کاتی ئێستا ، ئەشێ هەمان کار لە داهاتودا ڕوبدا :-




چەمکی ڕابوردوی بەردەوام لە بنجدا ئەوەیە ( کە کارەکە لە ڕابوردودا ڕوی ئەدا تا کاتی ئێستا ، بەلاّم ئێستا ڕونادا) . لە کاتی ناکردندا چەمکەکە بەگشتی بەرپەچ ئەدرێتەوە . واتە : ( لە ڕابوردودا تا کاتی ئێستا ڕوی نەئەدا ، بەلاّم ئێستا ڕو ئەدا ) :-

ئەچوم ← نەئەچوم ، ئەچوی ← نەئەچوی ، ئەچو ← نەئەچو

٤- (نی)[١] :-

فۆرمی (نی) پێك هاتوە لە (ن)ی مۆرفیمی ناکردن ، لەگەڵ دەنگی (ی) کەلە بنجدا ناوبڕی نێوان دو بزوێنی (ە) یە :-

(هە / نە) بو ، (هە / نە) بێ ، (هە / نە) یە ← نیە

هەبو ← نە (هە~~ە~~) بو ← نەبو

هەبێ ← نە (هە~~ە~~) بێ ← نەبێ

هەیە ← نە (هە~~ە~~) یە ← نەیە ← نیە

دەنگی (ی) جگە لەوە کە لە بنجدا ناوبڕی نێوان دو بزوێنی (ە)یە. مۆرفیمی دوریشە بۆ توخمێکی دەست نیشان نەکراو[٢] . ئەمەش


---

(١) هەمان سەرچاوە . ل ٢٤

(٢) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی سێیەم (ئاوەڵناوی کراو) ، بەندی چوارەم (پەیوەندی) .

هۆی مانەوەیەتی .

لەم بارەدا تەنیا مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) هەیە ، بۆیە بواری ناکردن لە کاتی ئێستا ناترازێ :-




٥- *(مە) :-*

فۆرمی (مە) پێك هاتوە لە مۆرفیمی (مـ)ی ناکردن - کە پێچەوانەی مۆرفیمی ئاراییە (بـ)[١] . واتە : مۆرفیمی (بـ) فە رمان بە ئەرێ ئەکاو ، مۆرفیمی (مـ) فەرمان بە نەرێ ئەکا ، ( بـ × ن) لەگەڵ مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا . لە ئەنجامدا چەمکی فەرمانی نەرێی لێ بەدی ئەکرێ :-

کاری فەرمانی ناکراو ← مۆرفیمی ناکردن (مـ) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کای ئێستا + ڕاناو

مە نوسە ← مـ + ە + نوس + ە + ∅

مەخۆ ← مـ + ە + خۆ + ∅ + ∅

بواری ناکردنی ئەم فۆرمەش ، هەمان بواری فۆرمەکەی پێشترە (نی) . ئەتوانرێ بە چەندین وشەی تایبەت بوارەکە درێژ بکەینەوە ، وەك :

(چی دی) جگەرە مەکێشە .

(تا ژیانت ماوە) درۆ مەکە .

(ئیتر) مەیدوێنە .

---

(٢) بڕوانە : بەشی چوارەم ، بەندی شەشەم (ئارایی) .

# بەشی پێنجەم

# بەشی پێنجەم
# ڕاناوە لکاوەکان

- بەندی یەکەم : ڕاناوەکانی ڕێککەوتن
- بەندی دوەم : ڕاناوەکانی خاوەنی
- بەندی سێیەم : لێکدانی ڕاناوەلکاوەکان

# (بەشی پێنجەم)

## ڕاناوە لکاوەکان

ڕستە بریتیە لە کارو پێویستیەکانی ، یەکێ لە پێویستیە سەرەکیەکانی کاریش بکەر یان بەرکار یان هەردویانە بە پێی جۆری کارەکە . بکەرو بەرکاریش زۆر جار بە ڕاناو دەست نیشان ئەکرێن ، بە تایبەتی ڕاناوە لکاوەکان ، ( ئەم جۆرە فرێزانە لە سەرەتای قسەدا بەکاردێن و بەرە بەرە کە شت ڕوون بووەوە و گلۆڵەی باسەکە دەرکەوت ، بەکارهێنانی ئەو جۆرە فرێزانە کەم دەبێتەدەو شێوەکانی تر زۆرتر بەکاردێن )[١] . ئەمەش وای کردوە کە کار هەمیشە بەپێی پێویست ڕاناوێکی لکاو یا پتری لەگەڵدا بێ ، چونکە (مرۆڤ بە تەبیعەتی حاڵ ئەیەوێ بە ئاسانترین شێوە و بە کورتترین ماوە ئەو بیرە بگەیەنێ . لەبەر ئەم هۆیە لە قسەکردندا قسەکەر ئەو وشانە بەکار ئەهێنێ کە واتای بیرەکەی بە زۆری کەوتووەتە سەر ، وە ئەو وشانەی کە فڕێ ئەدرێ هیچ لە واتەکە ناگۆڕێ)[٢] ، بۆ نمونە ئەشێ لە بری فرێزێکی درێژ ڕاناوێکی لکاو دابنرێ . وەك :

هەمو وڵاتە هاوپەیمانەکان : ئەمریکا، ڕوسیا ، ئینگلتەرە ، فەرەنسا ، بەڕتیانیا ...

- لەگەڵ هەندێ وڵاتی عەرەبی وەك میسر ، سوریا .... سەرجەمیان پتر لە سی وڵات هێرشیان هێنایە سەر عێراقی ...

ئەتوانرێ لەبری ناوی هەمو وڵاتەکان (کە فرێزی ناویە و بکەری ڕستەیە )ڕاناوی لکاوی (یان) دانبرێ و لەبری ناوی عێراق و

(١) محەمەد مەعروف فەتاح ، ١٩٨٠. ، ل ١٧١

(٢) غازی فاتح وەیس ، ١٩٨٢ ، ل ٩٦

دیارخەرەکانی ڕاناوی لکاوی (ی) دانبرێ :-

هێرشیان هێنایە سەری .

بەم پێیە ئەگەر فریزی ناوی لە چەندین ڕستەی جۆراوجۆر بگۆڕین بۆ ڕاناوی لکاو و بەراوردیان بکەین ، لە ئەنجامدا ئەگەینە ئەوەی لە زمانی کوردیدا[١] ئەم دو دەستە ڕاناوی لکاوە هەیە:-

١- ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن : (م ، ی ، ە ، ین ، ن ، ن ).

٢- ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی : ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان)

[ یەکێك لەو گیروگرفتانەی کە لە چوارچێوەی بیری مۆرفیم دا بە تەواوی لێك نادرێتەوە ئەوەیە کەوا هەست دەکرێ کە هەندێ مۆرفیم ( وەك ڕاناوەکان) زیاتر لەواتایەکی لەناو بۆتەی خۆیدا تواندۆتەوە ، واتە هەندێ مۆرفیم بریتین لە کۆی چەند واتایەك ][٢] ، ئەمەش پێچەوانەی پێناسری مۆرفیمە ، کە بریتیە لە بچوکترین دانەی واتاداری زمان[٣] . چونکە لە ڕواڵەتدا هەر ڕاناوێکی لکاو سێ چەمکی تیادا بەدی ئەکرێ :-

١- چەمکی کەسی : کە جیای ئەکاتەوە لە هەمو ڕاناوەکانی تر : (خۆیی ، نیشانە ، پرسیار ، چەندێتی ، هەیی ، نەفی، هاوبەشی ، دیار و نادیار ، لێکدەر)[٤]

٢- چەمکی ژمارە : دەست نیشانی ژمارەی کەسەکە ئەکا لە ڕیزی کۆمەڵەدا : (یەکەم ، دوەم ، سێیەم) .

٣- چەمکی تاك وکۆ : دەری ئەخا کە کەسەکە تاکە یان کۆیە ،

(١) مەبەست زمانی ئەدەبی کوردستانی عێراقە (دیالێکتی ناوەڕاست) .

(٢) کەوسەر عەزیز ئەحمەد ، ١٩٩٠ ، ل ٥٤

(٣) بڕوانە ، بەشی دوەم بەندی دوەم

(٤) د . نەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ ، ل ٣٠٥

هەرچەندە لـــە دەســـتەی خاوەنی مۆرفیمی کۆ بـــە ئاشکرا دیـــارە ( مان ← م + ان ، تان ← ت + ان ، یان ← ی + ان ) واتە هەریەك لە مانە پێك هاتوە لە دو مۆرفیم . بەلاٌم لە تاکەکاندا چەمکی تاك لە ناو مۆرفیمەکەدا تواوەتەوە و نەبونی نیشانەی کۆ هێمایە بۆ تاکێتی . لە ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ( ین ، ن ، ن) نیشانەی کۆ -ن- هەیە و چەمکەکانی تری لەناو تواوەتەوە . لە گەڵ ئەمەشدا جیاکردنەوەی کەسی دوەم و سێیەمی کۆ (ن) لە ڕستە سەرەکیەکەدا نەبێ کارێکی ئاسان نیە .

لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوی ژێربیژیەوە ناشێ [(ئێمە)بە کۆی (من) و (ئێوە) بە کۆی (تۆ) لە قەڵەم بدرێ . چونکە (من) هەر ئەوەم و هەرگیز نابم بە دوو و سێ تا کۆبکرێمەوە لە (ئێمە)دا ، (من) ئەبمە نوێنەری کۆمەڵە خەڵکێ (من) یەکێکم لەوان . (تۆ) دەبیتە نوێنەری کۆمەڵە خەڵکێ (تۆ) یێکێکی لەوان ..هتد][1] ، بەلاٌم ڕاناوە لکاوەکان زۆربەیان یەك مۆرفیمن و هاوبەشن لە کەرەسە واتاییەکانی ( کەس و ژمارە و چەند ) . دەستەی یەکەم ( ڕاناوەکانی ڕێککەوتن) هەمودیان یەك مۆرفیمن (م ، ی ،∅ ،ین ، ن ، ن) ، دەستەی دوەم ( ڕاناوەکانی خاوەنی) [کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك یەك مۆرفیمن . کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ هەریەکە لە دوو مۆرفیم پێك هاتووە][2] ، (م + ان ← مان ، ت + ان ← تان ، ی + ان ← یان ) .لە خوارەوەوا ڕوخسارە ڕێزمانیەکانی هەر دەستەیەك بە جیا شی ئەکەینەوە :-

(١) د . وریا عمر امین ، ئەیلولی ١٩٨٧ ، ل ١٩٨

(٢) هەمان سەرچاوە

**بەندی یەکەم - ڕاناوەکانی ڕێککەوتن :**

ئەم دەستەیەمان ناو نا ڕاناوەکەنی ڕێککەوتن ، چونکە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ بکەر یا بەکار ڕێك ئەکەون .

أ- لەم دەستەیەدا ئەم ڕوخسارە گشتیانە بەدی ئەکرێن :-

١- ئەم دەستەیە کۆمەڵەیەکی داخراون و پێك هاتون لە (٦) ڕاناو، وەك لەم خشتەیەدا دەرەکەوێ :-

| ژ | کەسەکان | ڕاناوی جیا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|
| ١ | یەکەمی تاك | من | م |
| ٢ | دوەمی تاك | تۆ | ی |
| ٣ | سێیەمی تاك | ئەو | سفر(∅) |
| ٤ | یەکەمی کۆ | ئێمە | ین |
| ٥ | دوەمی کۆ | ئێوە | ن |
| ٦ | سێیەمی کۆ | ئەوان | ن |

٢- هەمیشە ئەبنە مۆرفیمی پاشگری کار[١] . تەنانەت لەو ڕستانەشدا کە ئەکەونە دوای ناو یان ئاوەڵناو ، لە بنجدا پاشگری ڕەگی کاری (بون)ن ، کە لە کاتی ئێستادا سفرەو دەرناکەوێ :

من مرۆڤم . (م)

تۆ کوڕی . (ی)

ئەو کورد∅ ە . (∅)

---

(١) د . وریا عمر امین ، ئایاری ١٩٨٣ ، ل ٧ .

٣- لەگەڵ کاری تێنەپەڕی بکەری[1] ڕێك ئەکەون و کەس و ژمارەی بکەر نیشان ئەدەن :-

بە پێ هاتم / ئەهێم . (م)
ئەمشەو درەنگ نوستی / ئەنوی . (ی)
کەوەکە فڕی / ئەفڕێ . (∅)
ڕۆژانی هەینێ ئەچوینە سەیران / ئەچین (ین)
بەیانی زو لە خەو هەڵستان / هەڵئەستن (ن)

٤- لەگەڵ تێنەپەڕی بەرکاریدا[2] ڕێك ئەکەون و کەس و ژمارەی بەرکار دەست نیشان ئەکەن :-

بەئاگرەکە سوتام / ئەسوتێم (م)
لە ئەسپەکە کەوتی / ئەکەوی (ی)
بە داخەوە مرد / ئەمرێ (∅)
زۆری لێ ترساین / ئەترسێن (ین)
دڵسۆزەکان شەهید بون / ئەبن (ن)

٥- لەگەڵ تێپەڕی ڕانەبوردو ڕێك ئەکەون و کەس و ژمارەی بکەر نیشان ئەدەن :-

من ئێوە ئەبینم / ئەتانبینم (م)
تۆ ئێمە ئەناسی / ئەماnناسی (ی)
ئەو من ئەگرێ / ئەمگرێ (∅)
ئێمە تۆ ئەدوێنین / ئەتدوێنین (ین)
(ئێوە /ئەوان) ئێمە ئەپارێزن / ئەمانپارێزن (ن)

٦- لەگەڵ تێپەڕی ڕابوردو ڕێك ئەکەون و کەس و ژمارەی

---

(١) بکەر ئەو توخمەیە کە بە خواستێك کارەکە ئەنجام ئەدا .

(٢) بەرکار : توخمێکی بەرئەنجامی کارەکەیە و بە خواستی ئەو نیە

بەرکاری ڕاستەوخۆ نیشان ئەدەن :-

ئەو منی کوشت / کوشتمی . (م)

ئێمە تۆمان ئەگرت / ئەمانگرتی . (ی)

ئێوە ئەوتان بینی / بینی ∅ تان . (ە)

ئەوان ئێمەیان سوتاند / سوتاندینیان (ین)

ئەو ( ئێوە / ئەوان ) ی خوارد / خواردنی (ن)

٧- لەگەڵ تێپەڕی ڕابوردو ڕێك ئەکەون و کەس و ژمارەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ نیشان ئەدەن :-

سوێندی پێ خواردم / پێی خواردم (م)

ڕێیان لێ گرتی / لێیان گرتی (ی)

شەڕیان پێ کرد / پێیان کرد (∅)

ئاوتان بۆ هێناین / بۆیان هێناین (ین)

زۆرمان لێ دان / لێمان دان (ن)

ب - جگە لە ڕوخسارە گشتیەکان هەندێ ڕوخساری تایبەتیشیان هەن :-

١ -کەسی یەکەم :-

أ- (م) ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك : ئەم ڕاناوە هاوشێوەی بەرامبەرەکەیەتی لە دەستەی دوەم ( ڕاناوەکانی خاوەنی ) ، بۆیە جیاکردنەوەی کارێکی ئاسان نیە و بە ڕواڵەت دەرناکەوێ .

ب- (ین) ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ :- هەرچەند (ن) مۆرفیمی کۆیە لەم ڕاناوەدا ، بەلاّم جیاکردنەوەی بۆ دو مۆرفیم ( کەسی یەکەمی تاك + کۆ) کارێکی ڕاست نیە ، چونکە (ی)

به تەنیا هێمای ( کەسی یەکەمی تاك) نیە و لە هیچ شوێنێکدا بەم چەمکە بەکار نەهاتوە ، بۆیە وەکو ڕاناوە کانی تری ئەم دەستەیە بە یەك مۆرفیم دائەنرێ .

من وەستام / ئەوەستم . ئێمە وەستاین / ئەوەستین

من ڕۆیشتم / ئەڕۆم . ئێمە ڕۆیشتین / ئەڕۆین

من بوم / ئەبم . ئێمە بوین / ئەبین

من چەقیم / ئەچەقم . ئێمە پژمیین / ئەپژمین

لە ڕابوردوی چاوگە (ی)یەکاندا ، ئەبێ تێبینی ئەوە بکرێ لە کەسی یەکەمی کۆدا دو (ی)مان هەیە ، یەکەمیان مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و دوەمیان بەشێکی ڕاناوە لکاوەکەیە .

٢ - کەسی دوەم :-

أ- (ی) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك : ئەم ڕاناوە تەنیا مۆرفیمی (ی)ە ، بە ڕواڵەت هاوشێوەی ڕاناوی خاوەنی کەسی سێیەمی تاکە لە دەستەی دوەم . هەندێ جار دەنگی (ت)[١] یشی لە گەڵدا بە کار ئەهێنرێ ، [(ت)ی ئەم ڕاناوە لەو جۆرەیە کە لە زانستی زماندا پێی دەوترێ optional واتا (اختیاري) لابردنی لە هەندێ حاڵەت دا کار لە ڕێزمانیەتی و ماناکەی ناکات][٢] . کەواتە ئەم دەنگە بنجی نیە و نابێتە هۆی واتا گۆڕین ، چونکە لە مۆڕفیمدا [لادان یان گۆڕینی هەر بەشێکی ئەبێتە هۆی تێکچونی و هیچ پەیوەندیەکی بە بنجی توخمەکە نامێنێ ][٣] ، ئەشێ ئەو دەنگە

---

(١) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٦ ، ل ٨٨ - ٩١

(٢) د . وریا عمر امین، ئایاری ١٩٨٣ ، ل ١٩٥

(٣) وریا عمر امین ، ایار . ١٩٩ ، ص٢٩

ناوبڕ بێ و لە دوای نەمانی ئەرکی ناوبڕیش هەر مابێتەوە و بە بەشێك لە ڕاناوەکەیان دانابێ ، چونکە دەنگی (ی) نیمچە بزوێنە ، کاتێك دەنگێکی بزوێنی ئەکەوێتە دوا ، دو ئەگەر دروست ئەبن :
یەکەم - ئەگەر (ی) بە نەبزوێن دابنرێ پێویست بە ناوبڕ ناکا .
دوەم - ئەگەر بە بزوێن دابنرێ پێویست بە دەنگێکی ناوبڕ ئەکا و بە زۆری لە کوردیدا دەنگی (ت) بۆ ئەم مەبەستە بەکار ئەهێنرێ ، وەك :-

چویە هەولێر / چویتە هەولێر .

چایەك ناخۆیەوە ؟ / چایەك ناخۆیتەوە ؟

ئەبیە چی ؟ / ئەبیتەچی ؟

یان هەندێ جار ئەبێتە هاوشێوەی کەسی سێیەمی تاك و بۆ جیاکردنەوەی (ی) ناوبڕ لە (ی) ڕاناو ، وا گونجاوترە کە دەنگی (ت) ی ناوبڕ هەبێ :-

گەڕا∅ەوە ← گەڕایەوە (بۆ کەسی سێیەمی تاك)

گەڕایەوە ← گەڕایتەوە ( بۆ کەسی دوەمی تاك)

سوڕا∅ەوە ← سوڕایەوە (بۆ کەسی سێیەمی تاك)

سوڕایەوە ← سوڕایتەوە (بۆ کەسی دوەمی تاك)

لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕاناوی لکاو (سفر)ەو دەنگی (ی) ناوبڕە. بەلاّم لە کەسی سێیەمی تاکدا دەنگی (ی) ڕاناوی لکاوە و دەنگی (ت) ناوبڕە .

جگە لەمەش لە ئاخاوتندا بە تایبەتی لە ناو چینی نەخوێندەوار دەنگی (ت) کەم بەکار ئەهێنرێ . لە گەڵ ئەوەشدا نکوڵی لەوە

ناكرێ کە ئێستا بە تابیەتی لە نوسیندا (ی ، یت) ئەلۆمۆرفی یەکترن . .

ب- (ن) ڕاناوی لکاوی دوەمی کۆ : ئەم ڕاناوە تەنیا (ن)ی مۆرفیمی کۆیە و چەمکی کەس و ژمارەی لە ناودا تواوەتەوە .

تۆ گەڕای / ئەگەڕێی . ئێوە گەڕان / ئەگەڕێن

تۆ گەیشتی / ئەگەی . ئێوە گەیشتن / ئەگەن

تۆ چوی / ئەچی . ئێوە چون / ئەچن

تۆ ڕاچلەکی / ڕانەچڵەکی . ئێوە ڕاچڵەکین / ڕائەچڵەکن

لە ڕابوردوی چاوگە (ی)یەکاندا ، ئەبێ تێبینی ئەوە بکرێ لە کەسی دوەمی تاکدا دو (ی) مان هەیە ، یەکەمیان ڕابوردو و دوەمیان ڕاناوی لکاوە .

٣- کەسی سێیەم :

أ- (سفر / ∅) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك : ئەم ڕاناوە هێمای نیە و (سفر) ە ، کە ئەمەش بوەتە هێما و قاڵبی فیزیاوی ئەو مۆرفیمە . بۆنمونە [ هەندێ جار بکەر لادەبرێ و نیشانەشی نامێنێ . بەلاّم لەم شوێنانەدا بێ نیشانەیی دەبێتە نیشانە بۆ بکەر لەو کاتانەدا کە (سفر) دەبێتە نیشانە بۆ کەسی سێیەمی تاك : ئەو نووست ← نووست ][1] . ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە ، چونکە ژمارەی ڕاناوەکانی ئەم دەستەیە سنوردارە و شەش ڕاناون ، پێنجیان هێمادارن و نیشانەیان هەیە ، نەبونی نیشانە ئەبێتە هێمایەك بۆ ناسینەوەی مۆرفیمی شەشەم ، جگە لەوە (سفر)یش ژمارەیەکە لە ناو کۆمەڵەکەی خۆیدا .

---

(١) یوسف شریف سعید ، ١٩٩٠ ، ل٧٤

جگە لە مۆرفیمی (سفر/∅) زۆر ئەلۆمۆرف بۆ ئەم ڕاناوە دانراون ، وەك (ێت ، ێ ، ات ، ا ، ت)[١] ، بەلاّم لە بنەڕەتدا هیچیان ئەلۆمۆرف نین و پەیوەندی واتاییان بەم ڕاناوەوە نیە . بەر لە هەمو شتێك نكولّی لەو ڕاستیە ناكرێ ، كە دەنگی (ت) ناوبڕە و ئەكەوێتە نێوان دو بزوێن و بە كار هێنانی پێویستیەكی دەنگسازیە:

هاتەوە با بێتەوە ، یارم بەخێر بێتەوە

دۆستی تازەی گرتوە ، منی لەبیر چۆتەوە[٢]

لەم بارەدا ناوبڕی (ت)[٣] كەوتۆتە نێوان (ا، ە) ، (ێ، ە) ، (ۆ، ە) كە هیچیان نیمچە بزوێن نین تا بتوانرێ بە دو شێوە گۆ بكرێ ، وەكو لە كەسی دوەمی تاكدا . دیسان [ ئەگەر (ات) وەیا (ت) كە لە كۆتایی فعلی ئایندەی كەسی سێیەمی تاكدا دێت ڕاناو با دەبو ئەویش وەك ئەوانی تر دەركەوتبایە ][٤] و لەهەمو دەمكاتەكاندا هەمان نیشانەی هەبوایە .

دەنگی (١) كە هەندێ زمانەوانان بە ڕاناوی لكاویان داناوە[٥] - لە بنجدا دەنگی (ە)یە و كاتێ ئەكەوێتە كۆتایی وشە پێویستی دەنگسازی (دەوروبەری فۆنۆلۆجی) درێژی ئەكاتەوە ، وەك لە چاوگەكانی (دان ، خواردن / خوەردن ، بردن / بەردەن ، كردن / كەردەن)[٦] :-

---

(١) نوری عەلی ئەمین ، ١٩٨٦ ، ل ٨

(٢) فۆلكلۆر

(٣) لە دیالێكتی لوڕیدا دەنگی (د) لە بری (ت) بەكار ئەهێنرێ .

(٤) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٦ ، ل٨٩ .

(٥) دكتور ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٣ ، ل٢٦

(٦) بڕوانە : بەشی سێیەم ، بەندی یەكەم ، (ب ، مورفیمی - د -)

دان - ده ← ئەدە ← ئەدا ← ئەداتەوە

خواردن / خوەردن ← خۆ / خوە ← ئەخوە ← ئەخوا← ئەخواتەوە

بردن / بەردەن ← بە ← ئەبە ← ئەبا ← ئەباتەوە

کردن / کەردەن ← کە ← ئەکە ← ئەکا ← ئەکاتەوە

شوشتن / شوەردن ← شۆ / شوە ← ئەشوە ← ئەشوا ← ئەشواتەوە

دەرنەکەوتنی ئـــەم ڕاناوە بوەتـــە یارمەتی دەرێکی دەنگسازی بۆ دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمانەی خوارەوە :-

*١ - مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ)* [١] :-

ئەم مۆرفیمە بە زۆری تەنیا لە چاوگە (١)[٢]ییەکان بە بەردەوامی لەگەڵ هەمو ڕاناوەکانی ڕێککەوتن دەرەکەوێ ، بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکدا لە هەمو چاوگەکان هەردەم لە شوێنی ڕاناوی ڕێککەوتن دەرەکەوێ .، بۆیە هەندێ لە زمانەوانەکان[٣] بە ڕاناویان داناوە :-

سوتان : ئەسوتێم ، ئەسوتێی ، ئەسوتێ ، ئەسوتێین ، ئەسوتێن .

نوستن : ئەنوم ، ئەنوی ، ئەنوێ ، ئەنوین ، ئەنون

بون : ئەبم ، ئەبی ، ئەبێ ، ئەبین ، ئەبن

مردن : ئەمرم ، ئەمری ، ئەمرێ ، ئەمرین ، ئەمرن

تەزین : ئەتەزم ، ئەتەزی ، ئەتەزێ ، ئەتەزین ، ئەتەزن

---

(١) بڕوانە : بەشی سێیەم ، بەندی سێیەم ، (مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو) .

(٢) تێپەڕێنراوەکانیش کراون بە (١) یی .

(٣) نوری عەلی ئەمین ، ١٩٨٦ ، ل ٨

٢- *مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)* [٤١] :-

مۆرفیمی (ە) ی کاتی ئێستاش ئەکەوێتە پێش ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ، لەبەر بێ هێزی ئەم دەنگە لە ڕوی دەنگسازیەوە ، بە زۆری لەم دۆخەدا دەرناکەوێ ، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاک دەرەکەوێ چونکە ئەم ڕاناوە سفرە :-

سوتاوم ، سوتاوی ، ( سوتاوە) ، سوتاوین ، سوتاون ...

نوسەرم ، نوسەری ، ( نوسەرە) ، نوسەرین ، نوسەرن ..

ئەگەر دەنگی پێش خۆی بزوێن بو پێویستی بە ناوبڕی (ی) ئەبێ :-

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| من هەم | ، تـۆ هەی | ، ( ئەو هەیە ) | ، ئێمە هەبن | ، ئێوە / ئەوان هەن |
| هەروەکو خۆم | ، هەروەکو خۆی | ، (هەروەکو خۆیە) | ، هەروەکو خۆین | ، هەروەکو خۆن ... |
| ئامۆزام | ، ئامـۆزای | ، (ئامۆزایە) | ، ئامۆزاین | ، ئامۆزان .. |

دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمە لە هەمان شوێنی ڕاناوە لکاوەکان ، وای لە هەندێ زمانەوانان کردوە بە ئەندامێکی ئەو دەستەیەی دابنێن[١]

ب- (ن) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ :

ئەم ڕاناوەش تەنیا (ن)ی مۆرفیمی کۆیە و چەمکی کەس و ژمارەی لەناودا تواوەتەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو | خنکا | / ئەخنکێ | ئەوان خنکان / ئەخنکێن |
| ئەو | کەوت | / ئەکەوێ | ئەوان کەوتن / ئەکەون |
| ئەو | هەبو | / ئەبێ | ئەوان هەبون / ئەبن |
| ئەو | لەرزی | / ئەلەرزێ | ئەوان لەرزین / ئەلەرزن |

(١) د . کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦ ، ل ١٠٦

(٢)هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٦

گرفتی ئەم ڕاناوە لەوەدایە کە هاوشێوەی ڕاناوی لکاوی دوەمی کۆیە لە هەمان دەستەداو بۆ جیاکردنەوەیان ئەبێ پەنا ببرێتە بەر ڕەوتی ئاخاوتن و بگەڕێینەوە سەر کەسە بنجیەکە :

ئێوە ترسان / ئەترسێن . ئەوان ترسان / ئەترسێن

ئێوە مردن / ئەمرن . ئەوان مردن / ئەمرن

ئێوە سرەوتن / ئەسرەون . ئەوان سرەوتن / ئەسرەون

**بەندی دوەم - ڕاناوەکانی خاوەنی :-**

ئەم دەستەیەیان ناو نا ڕاناوەکانی ( خاوەنی) ، چونکە سەرباری ڕێککەوین ئەرکی خاوەنیش ئەنجام ئەدەن .

جیاوازی ئەم دەستەیە (ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی) لەگەڵ دەستەی یەکەم ( ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ) لەم خاڵانەدا دەرەکەوێ :-

١- ئەم دەستەیەش کۆمەڵەیەکی داخراوە و لەم (٦) ڕاناوە پێك هاتوە :-

| ژ | کەسەکان | ڕاناوی جیا | ڕاناوەکانی لکاوی خاوەنی |
|---|---|---|---|
| ١ | یەکەمی تاك | من | م |
| ٢ | دوەمی تاك | تۆ | ت |
| ٣ | سێیەمی تاك | ئەو | ی |
| ٤ | یەکەمی کۆ | ئێمە | مان |
| ٥ | دوەمی کۆ | ئێوە | تان |
| ٦ | سێیەمی کۆ | ئەوان | یان |

[ ڕاناوەکانی تملك لە زمانی کوردیدا (م - ت - ی - مان - تان

- یان) ئەم شەشەیە و داخراوە ڕێگا نادەن بە هی تر بێتە ناویانەوە هەر ئەمانەن لای هەموو قسەکەرێکی ئەم (شێوەیە) ][1].

٢- تا بۆیان بلوێ بە ڕەگی کارەوە نالکێن و بەو شتانەوە ئەلکێن کە ئەبنە خاوەنیان . پێکەوە لکانیان لەگەڵ کاردا ترکزەیە (نەچەسپاو) و هەردەم هەوڵ ئەدەن بەرەو فریزی ناویی خاوەندار (بەرکاری ڕاستەوخۆ) بکشێن . واتە دەستەی خاوەنی ڕاناوە لکاوەکان بەپێی کورت و درێژی ڕستە لە ئاستی سەرەوەدا ، بە دواوەی ئەم بەشانەوە ئەلکێن:-

١- *ڕاناوی خۆیی :-*

کارەکەرەکەی ئێوە جلەکانی خۆی لەڕستەکەی ئێمە هەڵنەئەخست (ن) .

٢- *بەرکاری ڕاستەوخۆ :-*

کارەکەرەکەتان جلەکانی[2] لە ڕستەکەمان هەڵنەئەخست (ن)

٣- *ڕاناوێکی تری خاوەنی :-*

لە ڕستەکەمانی هەڵنەئەخستن .

٤- *بەرکاری ناڕاستەوخۆ :-*

لە ڕستەکەی هەڵنەئەخستن .

٥- *ئامرازی پەیوەندی :-*

لێی هەڵنەئەخستن .

٦- *پێشگری یەکەم :-*

هەڵینەئەخستن .

---

(١) د . وریا عمر امین ، تشرین دوەمی ١٩٨٢ ، ل ٨٧

(٢) توفیق وهبی ، ١٩٥٦ ، ص٢٥ - ٢٧ ، لەو باوەڕەدایە ، لەم بارەدا ئەبێ دو (ی) بنوسرێن ، یەکێکی خاوەنی و یەکێکی بکەر ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕاناوەکانی خاوەنی لە ڕابوردوی تێپەڕدا ڕۆڵی خاوەنی و بەرکار ئەبینن .

٧- ئامرازی نەریٚ :-
نەیئەخستن .
٨- مۆرفیمی کاتی ئیٚستا :-
ئەیخستن .
٩- راناوی ریٚککەوتن :-
خستنی .
١٠- مۆرفیمی کاتی رابوردو :-
خستی .

ئەرکی سەرەکی ئەم راناوانە ، نیشاندانی پەیوەندی خاوەنیٚتیە لە نیٚوان بکەری خاوەن و بەرکاری خاوەندارو بە دوای ئەو وشەیەدا ئەلکیٚن کە ئەبنە خاوەنی ، ئەگەر ئەو وشەیە لە ئاستی سەرەوەدا نەما باز ئەدەن بۆ ئەو بەشەی لیٚیەوە نزیکە و بەم جۆرە تا ئەگەنە دوای ئەو راناوی ریٚککەوتنەی نویٚنەری وشەکەیە . تەنانەت لەو رستانەشدا کە بە روالەت بە کارەوە لکاون ، لە بنجدا بە مۆرفیمی سفر (∅) ەوە لکاون کە راناوی ریٚککەوتنە بۆ کەسی سیٚیەمی تاك :-

من شوشەکەم شکاند / شکاند ∅ م / شکاندم .
تۆ نانەکەت خوارد / خوارد ∅ ت / خواردت .
ئەو پارەکەی برد / برد ∅ ی / بردی .

٣- بە کاری تیٚنەپەرەوە نالکیٚن ، چونکە کاری تیٚنەپەر دو پیٚویستی سەرەکی (واتە : دو فریٚزی ناوی - بکەر و بەرکار ) ی نیە ، تاکو ببیٚتە خاوەنی بەرکار :-

لەبانەکەتان کەوتم / کەوتم . لە بانەکەتان ئەکەوم / ئەکەوم .
لە مالەکەمان نوستی / نوستی . لە مالەکەمان ئەنوی / ئەنوی .

بەدوایاندا چو / چو . بە دوایاندا ئەچێ / ئەچێ .
لەسایەتان خەوتین / خەوتین . لە سایە تان ئەخەوین / ئەخەوین .
لە دژمان جەنگین / جەنگین . لە دژمان ئەجەنگن / ئەجەنگن .

٤- بە کاری ڕانەبوردوی تێپەڕەوە ئەلکێن . بەڵام ناکەونە کۆتایی، واتە : دوای ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ، بەڵکو ئەکەونە دوای (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا :-

١- من پێنوسێك ئەکرِم / ئەیکرِم .

٢- ئەو من ئەگرێ / ئەمگرێ .

٣- تۆ زەوی ئەکێلێ / ئەیکێلێ .

هۆیەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجام نەدرانی کارەکە . واتە ، هێشتا بکەر کارەکەی ئەنجام نەداوە و نەبوەتە خاوەنی فرێزە ناویەکە (بەرکار) . بۆ نمونە لە ڕستەی یەکەمدا ، هێشتا ( من پێنوسەکەم نەکرِیوە) و لە دوەمدا ( ئەو منی نەگرتوە ) و لە سێیەمدا ( تۆ زەویەکەت نەکێلاوە) ، واتە لە هیچیان بکەر نەبوەتە خاوەنی ئەنجامدانی کارەکە و پەیوەندی خاوەنێتی لە نێوان بکەر و بەرکار دروست نەبوە .

ئەشێ لە هەندێ باردا پتر هەست بە کاتی ئێستایی ئەنجامدانی کارەکەبکرێ ، بەڵام ڕوداوەکە بەردەوامە و تەواو نەبوە ، وەك :-

تۆ ئێمە ئەبینی / ئەمانبینی .

ئەو دەنگێك ئەبیسێ / ئەیبیسێ .

من خوا ئەناسم / ئەیناسم .

کەچی لە ڕابوردودا بکەر کارەکەی ئەنجام داوە و دەسەڵاتی بەسەر بەرکاردا ڕۆیشتوە خۆی بوەتە خاوەنی ئەنجامدان و فرێزە ناویەکە .

واتە لە ڕانەبوردودا بەرکار خۆی خاوەنی خۆیەتی بەڵام لە ڕابوردودا بکەر ئەبێتە خاوەنی بەرکار ، بۆیە ئەبینین لە کۆتاییدا ڕاناوەکانی خاوەنی بە کۆتایی ڕاناوەکانی ڕێککەوتنەوە ئەلکێن :-

١- من پێنوسێکم کڕی . / کڕی ∅ م / کڕیم

٢- ئەو منی گرت . / گرتمی .

٣- تۆ زەویەکەت کێڵا . / کێڵا∅ت / کێڵات .

٥- ڕاناوە تاکەکانی ئەم دەستەیە (خاوەنی)، هەمویان یەك مۆرفیمین و چەمکی گەس و ژمارەیان تیادا تواوەتەوە ، بەڵام ڕاناوە کۆیەکانی ئەم دەستەیە هەمویان دو مۆرفیمین و پێك هاتون لە ڕاناوە تاکەکان لەگەڵ مۆرفیمی کۆ ( م + ان ← مان ، ت + ان ← تان، ی + ان← یان ) بە ڕیز بۆ کەسی یەکەم و دوەم و سێیەمی کۆ . ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك لە هەردو دەستەکەدا لە ڕوخساردا هاوشێوەن و مۆرفیمی (م)ە . ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی دوەمدا (خاوەنی) ، هاوشێوەی ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاکە لە دەستەی یەکەمدا ( ڕێککەوتن )، کە مۆرفیمی (ی) ە ، ئەمەش بە پێی گەڕانەوە بۆ ناوە سەرەکیەکە یا جۆری کارەکە بە ئاسانی لەیەك جیا ئەکرێنەوە :-

من نانەکەم خوارد / خواردم . من هاتم / هاتم

ئەو پۆشەکەی سوتاند / سوتاندی. تۆ سوتای / سوتای

ئەوەی هەندێ جار گرفت دروست ئەکا ، هاوشێوە بونی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە لە هەردو دەستەکەدا . ئەم دیاردەیەش لە ئەنجامی هاوشێوە بونی دەنگی (ی)ی ناوبڕە لە دەستەی ڕێککەوتن ، لەگەڵ (ی)ی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە

دەستەی خاوەنی ، بۆ نمونە لە دەستەی ڕێککەوتن ئەوترێ : -

من هەمە ، تۆ هەتە ، (ئەو هەیە) ، ...

هەروەکو خۆمە ، هەروەکو خۆتە ، ( هەروەکو خۆیە) ، ...

ئامۆزامە ، ئامۆزاتە ، ( ئامۆزایە) ، ...

ئنجا بۆ چارەسەری ئەم دۆخە و تێکەڵ نەبونی هەردو جۆرەکە ، لە دەستەی دوەمدا ( خاوەنی) ، دو (ی) بەکار هێنراوە ، یەکەمیان ناوبرە و دوەمیان ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ، لەم بارەدا دیسان پێویستی بە ناوبڕێکی ترە ، وەك دەنگی (ت) ، بۆ لەیەك دابڕینی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستاو (ی) ڕاناوی لکاو . دۆخەکە بەم شێوەیە دەرەچێ :-

ئەو هەیەتی

هەروەکو خۆیەتی

ئامۆزایەتی

بەلاّم ئەگەر لە پێش مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا دەنگێکی نیمچە بزوێن هەبو وەك (و) ، ئەتوانرێ بە هەردو شێوە بەکار بێ ، چونکە ئەم جۆرە دەنگانە ئەشێ بە بزوێن یا نەبزوێن دابنرێن :-

نانی خواردوە / خواردویە / خواردویەتی

پارەی بردوە / بردویە / بردویەتی

دزکەی گرتوە / گرتویە / گرتویەتی

لە سەر هەمان ڕێباز ئەوترێ :-

کابرا تینوە / تینویە / تینویەتی[١]

٦- لەکاری ڕابوردوی تێپەڕیشدا ، بکەر هەر ئەو کەسەیە بە

---

(١) لە هەندێ باردا دەنگی (ی)ش هەمان ڕۆڵ ئەبینێ ، وەك (برسیە . برسیەتی ...)

خواست (ارادة)ی خۆی کارەکە ئەنجام ئەدا . ئەوەی بە خواستی خۆی کارەکە ئەنجام نەدا ، ئەگەر کارەکەش جێ بەجێ بکا نابێتە بکەر و ئەبێتە بەرکاری دوەم (یا ناڕاستەوخۆ) :-

١- بە زۆر پێیان کردین .

٢- سوێندیان پێ خواردین .

**بەندی سێیەم - لێکدانی ڕاناوە لکاوەکان :-**

مەبەست لە لێکدانی ڕاناوەکان ، بە داوی یەکدا هاتنی ڕاناوە لکاوەکانی بەرکار و بکەرن لە کۆتایی ڕستەدا . ئەم بە دوای یەکدا هاتنەش لە سەرەتای ئاخاوتندا ڕونادات ، چونکە بکەر و بەکار وەکو کەسێکی سەربەخۆ نەناسروان ، [ لە ڕوی واتاوە شێوەی یەکەمیان پڕە . هەموو پارچەکانی فرێزەکان (نوێ)ن . لە بەر ئەوەی بۆ یەکەم جار دەدرێن بەگوێی گوێگردا ، هیچ شتێکیان لێ نەقرتاوە . هۆی ئەمەشە ئەگەر بێتو لە چواچێوەی قسەشدا نەبێت هەر واتا دەدەن][(١)] ، بەلاّم دوای ناوهێنان و ناسینیان ئەشێ لە بری چەند جارە بونەوەی ناوەکانیان ڕاناوەکان بەکار بێن .

شتێکی ئاساییە تا ژیان چڕو ئالۆزتر بێ و ڕادەی شارستانیەت بەرەو پێشتر بڕوا ، زمانیش بەرەو کورت بڕی و بەفیرۆ نەدانی وزە ئەڕوا لەئاخاوتندا . لە هەمان کاتدا گوێگریش وەکو قسەکەر هەوڵ ئەدا وزەی کەم بە کار بێنێ بۆ تێگەیشتنی مەبەستەکە و ئاخاوتنەکە تاکو ڕونتر بێ و هێماکانی کەمتر ئالۆز بن ئاسانتر تبێ ئەگا ، ئەمەش بوەتە هۆیەکی پاراستنی زمان و سنورێك بۆ خێرایی گۆڕانی

---

(١) وریا عمر امین ، ١٩٨٦ (٢) ، ل ٢٢

زمان دائەنیٚ . بۆیە زۆر جار هەندیٚ ڕستە لای گوێگر پەسەند ناکرێن و بەرچەچ ئەدرێنەوە ، وەك ئەوەی بوتریٚ : ( تۆ بۆت ناردنیت ، من بۆم ناردنیت)[1] . لەگەڵ ئەوەشدا (ڕستەی وا هەیە با تۆزێك لە ڕووی فۆڕمەوە شێواو ببێت بەلاٚم بیسەر بە ئاسانی لە واتاکەی تیٚ ئەگا . بۆ نموونە :- لە بەر کە کراس ، سارد ئەکا رۆژ . ئەم ڕستەیە ئەگەرچی لە ڕووی فۆڕمەوە وەیا بلّێین ستراکچەری ئەو رستەیە شێواوە بەلاٚم بیسەر ئەزانیٚ قسەکەرەکە مەبەستی چییە وەلە مێشکی خۆیدا ستراکچەری ئەو رستەیە چاك ئەکاتەوە)[2] .

ئەمانە هەموی بونەتە هۆی ئەوەی ڕاناوەکان بە دوای یەکدا بەکار بێن ، بەلاٚم یاسایەکی چەسپاوی ئەوتۆ نیە هەمو ناوچەکانی ئەم دیالێکتە بگرێتەوە ، بۆ نمونە گەلیٚ جار ڕستەیەك بە دو فۆڕم یان پتر ئەبیسریٚ :-

ئەو ئێمەی ناسی . (ناسینی ، ناسیمانی) .
من ئەوانم کوشت . ( کوشتنم ، کوشتمن)
ئەوان منیان گرت . (گرتمیان ، گرتیانم)
ئەوان ئێمەیان بینی . ( بینینیان ، بینیانین ، بینمانیان).

لێکدانی ڕاناوە لکاوەکان تەنیا لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕدا ڕێك ئەکەویٚ و لە بنەڕەتدا هەردەم ڕاناوەکانی ڕێککەوتن کە ڕۆڵی بەرکار ئەبینن ئەکەونە پێشەوە و ڕاناوەکانی خاوەنی کە ڕۆڵی بکەر ئەبینن ئەکەونە دواوەیان :-

ئەوان تۆیان بینی - بینیتیان .

---

(١) وریا عمر امین ، ١٩٨٦ (٢) ، ل٢٢

(٢) غازی فاتح وەیس ، کانونی یەکەمی ١٩٨٣ ، ل

تۆ منت گرت - گرتمت .

ئەو ئەوی خوارد - خوارد ∅ی / خواردی .

من (ئێوە / ئەوان) م ناسی - ناسینم .

واتە یاسا گشتیە بنەڕەتیەکە بەم شێوەیە :-

ڕەگی کار+مۆرفیمی کاتی ڕابوردو+ڕاناوی ڕێککەوتن (بەرکار)+ڕاناوی خاوەنی (بکەر)

هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ دو هۆی سەرەکی :-

١- ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی بە گشتی بە دوای ئەو بەشانەوە ئەلکێن کە ئەبنە خاوەنیان ( ئەگەر لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا هەبن). لە ڕابوردوی تێپەڕیشدا بکەر دەسەلاتی بە سەر بەرکاردا ڕۆیشتوە و پەیوەندی خاوەنێتی دروست بوە ، بۆیە کاتێ بکەر و بەکار بە ڕاناو دەرئەبرڕێن ڕاناوەکانی خاوەنی کە ڕۆلی بکەر ئەبینن ئەگەونە دوای ڕاناوەکانی ڕێککەوتن کە ڕۆلی بەرکار ئەبینن :-

کوڕەکەتانم دۆزیەوە ← دۆزیـ ∅ مەوە / دۆزیمەوە .

ئەو ئێمەی ناسی ← ناسیینی .

ئەو (ئێوە / ئەوان)ی ناسی ← ناسینی .

٢- ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن هەمیشە بە کارەوە ئەلکێن[1] و هەرگیز بە بەشەکانی ئاخاوتنەوە نالکێن ، تەنانەت لەو بارانەشدا کە بە بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە ئەلکێن ، لە دیوی ناوەوەدا بە ڕەگی کاری (بو )ەوە لکاون کە لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوتوە :-

مامۆستا ، قوتابی ... ( م / ی / ∅ / ین / ن / ن) .

باش ، خراپ .... ( م / ی / ∅ / ین / ن / ن )

منم ، تۆی ، ئەو∅ە ، ئێمەین ، ئێوەن ، ئەوانن .

(١) د . وریا عمر امین ، ئایاری ، ١٩٨٣ ، ل ٧٠ .

کەواتە ڕاناوەکانی ڕێککەوتن بە کارەوە ئەلکێن و ڕاناوەکانی خاوەنیش بە ڕاناوەکانی ڕێککەوتنەوە ئەلکێن .

کوشتمت / کوشتمتان

کوشتمی / کوشتمیان

خواست ∅ م / خواستم . خواست ∅مان / خواستمان

خست ∅ت / خستت . خست ∅ تان / خستتان

کرێ ∅ ی / کرێی . کرێ ∅ یان / کرێیان

لێکدانی ڕاناوە لکاوەکان دیاردەیەکی زۆر باو نیە لە ئاخاوتندا ، بە تایبەتی لەو فۆڕمانەدا کە گوێگر بە ئاسانی تێیان ناگا . جگە لەمەش لەبەر ئەوەی لە ڕابوردوی تێپەڕدا هەردەم ڕاناوەکانی خاوەنی ڕۆڵی بکەر ئەبینن و ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ڕۆڵی بەرکار ئەبینن زۆر جار قسەکەر یاساکە پێچەوانە ئەکاتەوە و ڕاناوەکانی خاوەنی لە پێشەوە دەرئەبڕێ و ڕاناوەکانی ڕێککەوتن لەدواوە ، بۆ نمونە :-

من ئێوەم ناسی ← ناسینم (ناسیمن) .

ئەوان ئێمەیان بینی ← بینینیان (بینییانین)

ئێمە قسەکانمان بیست ← بیستنمان (بیستمانن)

هەروەها لە بەر ئەوەی ڕاناوی بەرکار ئەکەوێتە پێشەوە و ڕاناوی بکەر ئەکەوێتە دواوە ، چونکە لە ڕابوردوی تێپەڕدا پەیوەندی خاوەنی لە گەڵدا پەیدا ئەکا ، ئیتر هەندێ جار هەردو ڕاناوەکە لە دەستەی خاوەنی هەڵئەبژێررێن ، یەکەمیان بەرکار و دوەم بکەر :-

ئەو تۆی کوشت ← کوشتتی .

ئێوە ئێمەتان ناسی ← ناسیمانتان .

ئەو ئێمەی ناســی ← ناسیمانی

[ وا دەردەکەوێ لە ڕێی (استقراء)ەوە مانەوەی زمانی کوردی بەبێ نووسین بۆ ماوەی هەزاران ساڵ وای کردوە ئەو دەستوورانەی لە یەکدی نزیکن تێکەڵ بە یەکدی ببن و یەکیان لە جێی ئەوی دی بە کار بێ . هەڵبەت ئەمەش شتێکی سەیر نیە بەڵکو ڕوونەدانی سەیرە] [(١)] .

دەرەنجام لە ڕانەبوردوی تێپەڕدا ، ڕاناوەکانی خاوەنی چونکە هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوەو نەبونەتە بکەری ڕستە و هەر خۆیان خاوەنی خۆیانن واتە ، نە خاوەنی کەسی ترن و نە کەس خاوەنیانە و ڕۆڵی بەرکاری ئەبینن . وەکو پیشەی هەمیشەییان چونکە لە ڕانەبوردوداپێشگر - (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا - هەیە ، یەکسەر بە دواوەی پێشگری یەکەمەوە ئەلکێن .

ڕاناوەکانی ڕێککەوتنیش وەکو پیشەی هەمیشەییان بە دواوەی کارەوە ئەلکێن و لە بەر ئەوەی تێپەڕ کارێکی خۆکردە ، ئەبنە بکەری ڕستەکە ، وەك :-

ئەیخوێنمەوە ، ئەماندۆزێ ∅ تەوە / ئەماندۆزێتەوە ، ئەیاننوسین

یاسایەکە بەم شێوەیە ئەبێ :-

مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە) + ڕاناوی خاوەنی (بەرکار) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو(ێ / ە) + ڕاناوی ڕێککەوتن (بکەر)

لە ڕابوردوی تێپەڕدا ، ڕاناوەکانی خاوەنی کارێکیان ئەنجام داوە و بونەتە بکەری ڕستەکە و دەسەڵاتیان بەسەر بەرکاردا پەیدا کردوە و

(١) مەسعود محەمەد ، ١٩٧٤ (٢) ، ل ٤١ - ٤٢

بونەتە خاوەنی . وەکو پێشەی هەمیشەییان بە دوای ئەو بەشانەوە ئەلکێن کە ئەبنە خاوەنیان . لەم بارەدا ئەو کارەی بەسەر دەستەی ڕێککەوتندا هاتوە خۆنەکردە و کارەکە بەپێی خواستی ئەوان نەبوە بۆیە ڕۆڵی بەرکاری ئەبینن ، واتە [ سەیری ڕاناوە لکاوەکە ئەکەین کە دەوری بکەری ی بینیووە لەکامە کۆمەڵە ، بۆ بەرکاری ڕوو لە کۆمەڵەکەی تر ئەکەین)[1] ، لە ئەنجامدا ڕاناوەکانی ڕێککەوتن کە ڕۆڵی بەرکاری ئەبینن ئەکەونە دوای کار و ڕاناوەکانی خاوەنی کە ڕۆڵی بکەری ئەبینن ئەکەونە کۆتایی :

ئێمە خانوەکەمان کڕی ← کڕی ∅ مان

ئێمە خانوەکانمان کڕی ← کڕینمان

ئەگەر هەر پێشگرێك پەیدا بو ڕاناوەکانی خاوەنی بەرەو پێشتر باز ئەدەن :ـ

ئێمە خانوەکانمان ئەکڕی ← ئەمانکڕین

ئەشێ لە هەندێ باردا بە هۆی ڕۆڵی دەنگسازی و گرانی گۆ کردنی هەندێ فۆرم و بە دوا یەکدا هاتنی دو بزوێن ، ئەم یاسایە زۆر پەیڕەو نەکرێ ، وەك :-

ئێوە ئێمەتان هێنا ← هێناینتان* ← هێناتانین .

ئەوان تۆیان بــرد ← بردیتیــان ← بردیانی (ت) .

(١) وریا عمر امين ، ١٩٨٦ (٢) ، ل ١٥

یان لەبەر هەمان هۆ هەندێ جار قسەکەر هەردو ڕاناوەکە لە خاوەنی بەکار ئەهێنێ :-

ئەو تۆی سوتاند ← سوتاندیتی ← سوتاندتی

ئەو ئێمەی نوسی ← نوسیینی ← نوسیمانی

جگە لەمەش لە ئەنجامی گرانی لێك دەرکردن و جیاکردنەوەی بکەر و بەرکار و تێکەڵ بونی فۆرمەکان ، ئەم دۆخانە کەم لە ئاخاوتن بەکار ئەهێنرێن و بە زۆری ئەو فۆرمانە بەکار ئەهێنرێن کە بە ئاسانی هەردو ڕاناوەکە ( بکەر و بەرکار ) لە یەك جیا ئەکرێنەوە ، بەبێ ڕەچاوکردنی پۆلەکان و یاسای ڕیزبونیان .

# ئه‌نجامه‌كان

# (ئەنجامەکان)

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە دو توێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە دەست هاتون ، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆئەبنەوە ، کە بەپێی بەشەکانی نامەکە ڕیز کراون :-

## بەشی دوەم [1]

**بەندی یەکەم - وشە :-**

١- وشەکان هێمان بۆ ئەو شتانەی لە مێشکی قسەکەردا هەن ، هەر شتێك لە مێشکدا ( بونی بەرجەستەیی یان واتایی) نەبێ هێمای نیە ئەگەر لە ئاراشدا هەبێ .

٢- هەمو وشەیەك ئەتوانێ - لەوەلامی پرسدا - ببێتە ڕستە .

٣- هەمو کارێك لە ئاستی وشەسازیدا وشەیەو لە ئاستی ڕستەسازیدا ڕستەیە و کاری سادە لە ئارادا نیە .

٤- لە ئاستی ناوەوەدا (Deep structure ) وشە یا سادەیە یا لێکدراو چونکە لە چەمکێك یا پتر پێك دێ .

**بەندی دوەم - مۆرفیم :-**

٥- مۆرفیم یەکەی پێوانی واتا نیە ، بەڵکو یەکەی هەڵگری واتایە.

٦- ئەگەر ( قاڵبی فیزیاوی) مەرج بێ بۆ بونی مۆرفیم ، لە مۆرفیمی سفردا (∅) نەبونی ئەم قاڵبە بە قاڵب دائەنرێ بۆ مۆرفیمەکە چونکە سفریش ژمارەیەکە .

٧- مۆرفیمی نیمچە سەربەست : ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕوی

---

(١) بەشی یەکەم تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشتر.

فۆرمەوە سەربەخۆن و لە ڕوی واتاوە بەندن .

٨- مۆرفیمی ناوگر لە زمانی کوردیدا هەیە[١] .

٩- هەندێ مۆرفیم چەمکی گشتیان هەیە و بەپێی هەڵوێست چەمکی تایبەتیان لە هەمان چوارچێوەی چەمکی گشتی بۆ دروست ئەبێ[٢] .

**بەندی سێیەم - ناوبڕ :-**

.١- ناوبڕ دەنگێکە ئەکەوێتە نێوان دو دەنگی بزوێن ، یان دو دەنگی هاوشێوە کە گۆکردنیان ئاسان نەبێ . ناوبڕ پێویستیەکی دەنگسازیەو ئەرکی ئاسانی گۆکردنە[٣] . بە زۆری دەنگی (ی) ، (ت) ، (ر) ...هتد لە کوردیدا ئەبنە ناوبڕ .

**بەندی چوارەم - هێز :-**

١١- هێز : گۆڕانکاریەکی تەوژمی دەنگە ئەخرێتە سەر دوا بزوێنی ئەو مۆرفیمەی ئەمانەوێ داکۆکی (تأکید)ی لە سەر بکەین .

**بەشی سێیەم - مۆرفیمەکانی کات :-**

١٢- سێ کاتی بنەڕەتی لە زمانی کوردیدا هەن : ( ڕابوردو ، ئێستاو داهاتو) . دەمکاتەکاتی تر لە ئەنجامی لێکدانی ئەو سێ کاتە دروست ئەبن .

---

(١) وەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە )ئەبژێرم ، ئەنێرم ، ئەنێژم ... هتد) .

(٢) وەك (ب)ی ڕەگی چاوگی (بون) کە چەمکی گشتی (ئارایی) ئەبەخشێ و مۆرفیمەکانی (و ، ی) چەمکی گشتی (دوری) ئەبەخشن و مۆرفیمی (ە) چەمکی نزیکی ئەبەخشێ . بەپێی هەڵوێست واتاکانیان تایبەتی ئەبێ .

(٣) ئامرازی ناساندن پێـك هاتوە لە دو مۆرفیمی نزیکی (ە)و ناوبڕی (ك) .

١٣- هەمو کارێك چەمکی کاتی لە گەڵدایەو ئەرکی ئاوەڵکارەکانی کات پتر دەست نیشان کردنی سنوری کاتی کارەکەیە.

**بەندی یەکەم - مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردو :**

١٤ - کاتی ڕابوردو ئەو کاتەیە کە ئەکەوێتە پێش دەمی ئاخاوتن ،

مۆرفیمەکانی بە لابردنی ڕەگی کارو نونی چاوگ لە هەر چاوگێك دەست نیشان ئەکرێن ، کە بریتین لە ( ت ، د ، ا ، ی ، و) . لەمانەدا ( ا ، ی ، و) ڕەسەن ترن لە ( ت، د) و مۆرفیمی (١) پتر بۆ تێنەپەڕ بەکار دێ .

**بەندی دوەم - کاتی ئێستا :-**

١٥- کاتی ئێستا نزیکترین کاتە و دەمی ئاخاوتنە . بۆیە بە مۆرفیمی نزیکی (ە) هێمای بۆ ئەکرێ وهەندێ جار دەرناکەوێ ئەبێ بە مۆرفیمی سفر (∅) .

١٦- ڕستەی کاتی ئێستا لە زمانی کوردیدا هەیە .

**بەندی سێیەم - مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو :-**

١٧- کاتی داهاتو ، کاتی دوای ئێستایە ( دەمی ئاخاوتن) ، کە بە مۆرفیمی (ێ) هێمای بۆ ئەکرێ و هەندێ جار دەرناکەوێ ئەبێ بە مۆرفیمی سفر (∅) .

١٨- جگە لە دیالێکتی ژورو لە دیالێکتی ناوەڕاستیشدا ، ڕستەمان هەیە لە کاتی داهاتودا[١] .

١٩- کاری فەرماندان ( أمري) ، مۆرفیمی کاتی ئێستا و

---

(١) وەك : بخنکێم ، بسوتێی ، بڕژێ ، یاخوا بشکێن ، بلوێن ..

داهاتوی تێدایە ، بەڵام کاری داخوازی ( نیازداری - طلبي ) ، تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتوی تیادایە .

**بەندی چوارەم - لێکدانی مۆرفیمەکانی کات :-**

٢٠- کاتی ڕانەبوردو پێکهاتوە لە لێکدانی مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)[١] و مۆرفیمی کاتی داهاتو (یٚ / ∅) .

٢١- ڕابوردوی بەردەوام ، لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی (ە) ی مۆرفیمی کاتی ئێستا و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ( ا / د / ت / ی / و ) دروست ئەبێ .

٢٢- ڕابوردوی دور ، لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو یەکیان ( ا / د / ت / ی / و ) لە کاری سەرەکی و یەکیان ( و) لە کاری یاریدەدەری (بو) دروست ئەبێ .

٢٣- ڕابوردوی تەواو ، پێکهاتوە لە ئاوەڵناوی کراو و مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) .

٢٤- ڕابوردوی خۆزگەیی ، لە ئەنجامی ڕێککەوتنی ئەم مۆرفیمانە دروست ئەبێ :-

أ- مۆرفیمی (بـ)ی ڕەگی کاری (بو) کە چەمکی ئارایی ئەدا .

ب- مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ( ا / ت / د / ی / و ) چەمکی ڕابوردو ئەدا .

ج- مۆرفیمێکی تری ڕابوردو (١) کە ڕابوردوی یەکەم ئەکاتەوە ڕابوردو و لە ئەنجامدا چەمکی ڕونەدان دروست ئەبێ .

---

(٢) هەر بزوێنێك کەوتە سەرەتای وشە پێویستی بە هێزێکە بۆ گۆ کردن ، لەبەر ئەوە مۆرفیمی کاتی ئێستا لە بنجدا (ە)یەو (دە) نیە . هێمای (ئـ) ئەو هێزە دەنگیەیە کە بزوێنی سەرەتای پێ گۆ ئەکرێ و پیت نیە لە زمانی کوردیدا .

د- مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا کە بورای کارە ڕابوردوەکە درێژ ئەکاتەوە تا کاتی ئێستا .

## بەشی چوارەم- مۆرفیمەکانی ئەرك :-

٢٥- ڕستە : بریتیە لە کارو پێویستیەکانی . پێویستیەکانی کاریش دو جۆرن : سەرەکی و ناسەرەکی . سەرەکیەکان ئەو بەشانەی ڕستەن کە ناتوانرێ لاببرێن وەك ( بکەرو بەرکار ...).ناسەرەکیەکان ئەو بەشانەن کە ئەتوانرێ لاببرێن ، وەك (ئاوەڵکار، ئاوەڵناو و دیارخەر ...) .

### بەندی یەکەم - تێپەڕان : -

٢٦- هەمو کارێك یەك ڕەگی هەیە و بریتیە لەو مۆرفیمەی کە هێمایە بۆ ڕوداوێك .

٢٧- کاری تێنەپەڕ ، یەك پێویستی سەرەکی هەیە ، یان خۆکردە، ئەو کاتە ئەبێتە بکەر ، یان خۆنەکردە و ئەبێتە بەرکار . واتە ، دو جۆر تێنەپەڕ هەیە (بکەری) و ( بەرکاری) .

٢٨- کاری تێپەڕ دو پێویستی سەرەکی هەیە ، یەکێکیان خۆکردە ئەبێتە بکەر و یەکێکیان خۆنەکردە ئەبێتە بەرکار .

٢٩- ( اندن) کە بە ئامرازی تێپەڕاندن دانراوە ، پێك هاتوە لە (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو لەگەڵ (ن)ی یەکەمی چاوگ کە لە بنجدا ڕۆڵی پێویستی خۆنەکرد ئەبینێ ، لەگەڵ دەنگی ناوبڕی (د) لەگەڵ (ن)ی دوەمی چاوگ کە لە بنجدا ڕۆڵی پێویستی خۆکرد ئەبینێ .

٣٠- مۆرفیمی (ا) جگە لە چەمکی ڕابوردو چەمکی خۆنەکردیشی تێدایە ، واتە بە زۆری مۆرفیمی ڕابوردوی خۆنەکردە .

**بەندی دوەم – دوپاتی :-**

٣١- (ەوە) کە بە ئامرازی دوپاتی دانراوە ، پێك هاتوە لە دو مۆرفیمی نزیکی (ە) . یەکەمیان چەمکی بەستن و دوەمیان چەمکی نزیك کردنەوەی کاری یەکەم ئەبەخشێ . لەگەڵ مۆرفیمی دوری (و) کە هێمایە بۆ جاری یەکەم[١] .

**بەندی سێیەم – ئاوەڵناوی کراو :-**

٣٢- ئاوەڵناوی کراو ، سیمای کارێکە بەسەر توخمێکی دوری دەست نیشان نەکراو هاتوە ، کە بە مۆرفیمی (و)[٢] هێمای بۆ کراوە، بە گشتی ئەم (و)[٣]ە شوێنی (ن)ی چاوگی دیار یان نادیار ئەگرێ .

**بەندی چوارەم – مۆرفیمەکانی پەیوەندی :-**

٣٣- مۆرفیمی (ە)ی نزیکی ئەبێتە مۆرفیمی پەیوەندی (بەستن).

٣٤- مۆرفیمی (ێ)ی[٤] پەیوەندی پێك هاتوە لە دەنگی (ە)ی مۆرفیمی نزیکی و دەنگی (ی) مۆرفیمی دوری .

**بەندی پێنجەم – بکەر نادیار :-**

٣٥- دەنگی (ر) مۆرفیمی بکەر نادیار و دروست کردنی ناوی بکەر[٥] (اسم فاعل)٥ .

---

(١) هەندێ جار دەنگەکانی (و) ، (ە) یەك ئەگرن و ئەبن بە (ۆ) ، وەك : مامۆستا ← مامۆستا ، ئەچینەوە ← ئەچینۆ ، ئەخۆیەوە ← ئەخۆیۆ .

(٢) لە هەندێ ناوچەی ناوەڕاست و ژوورودا مۆرفیمی (ی) لەبری (و) بەکاردێ.

(٣) لە کوردیدا پیتی (وو) مان نیە ، تەنیا لە وشەی (کووڕ) دا پێك هاتوە لە دو پیتی (و) .

(٤) وەك لە : دامێ ، گرتمێ ، خستمێ ..

(٥) وەك : نوسەر ، بینەر ، خوێنەر ...

**بەندی شەشەم - ئارایی (بونایەتی) :-**

٣٦- (بـ) ڕەگی چاوگی (بون)ە و چەمکی (هاتنە ئارایی) ئەبەخشێ و هەندێ جار ( لە دەمکاتی ئێستادا ) ئەبێتە مۆرفیمی سفر (∅) و دەرناکەوێ . واتای (بـ) گشتیە و بەپێی ڕەوتی ڕستەکە واتای تایبەتی ئەبەخشێ .

**بەندی حەوتەم - ناکردن :-**

٣٧- (ن)ی پێشگر بە تەنیا مۆرفیمی ناکردنە . لە هەندێ باردا مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (١)ی ئەچێتە سەر و ئەبێتە (نا) ، بڕیاری ناکردنەکە ئەبێتە ڕابوردو ، یان (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستای ئەچێتە سەر و ئەبێتە (نە) ، بواری ناکردنەکە کاتی ئێستاش ئەگرێتەوە ، یان دەنگی (ی) ئەچێتە سەر و ئەبێتە (نی) کە لە بنجدا ناوبڕەو ڕۆڵی واتایی نیە.

٣٨- ئامرازی نەرێی دابڕ (مە) پێك هاتوە لە مۆرفیمی (م)ی نەرێی دابڕ (نهي) لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا ، بواری ناکردنەکە کاتی ئێستاش ئەگرێتەوە . مۆرفیمی (م)یش پێچەوانەی مۆرفیمی (بـ)ی ئاراییە .

## بەشی پێنجەم - ڕاناوە لکاوەکان :-

٣٩- ڕاناوە لکاوەکان دو دەستەن : دەستەی ڕێککەوتن ( م ، ی ، ∅ ، ین ، ن ، ن ) و دەستەی خاوەنی (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) .

**بەندی یەکەم - ڕاناوەکانی ڕێککەوتن :-**

٤٠- ڕاناوەکانی ڕێککەوتن هەمیشە ئەبنە مۆرفیمی پاشگری

کار، تەنانەت دوای بەشەکانی تری ئاخاوتنیش (ناو ، ڕاناو ، ئاوڵناو .. ) لە بنجدا بونەتە پاشگری ڕەگی چاوگی (بون) کە لەم بارەدا مۆرفیمی سفرە (∅) و لە ئاستی سەرەوەدا Surface structure دەرناکەوێ .

٤١- لە دەستەی ڕێککەوتندا ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك تەنیا مۆرفیمی سفرە (∅)و دەنگی (ا) درێژکراوەی دەنگی (ە)ی کۆتایی ڕەگەکانە و دەنگی (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتوە و دەنگی (ت) لە بنجدا ناوبڕە و لەگەڵ کارەکاندا ماوەتەوە .

**بەندی دوەم - ڕاناوەکانی خاوەنی :-**

٤٢- دەستەی ڕاناوەکانی خاوەنی سەرباری نوێنەریان بۆ کەسەکان ئەرکی خاوەنیش ئەبینن و هەردەم هەوڵ ئەدەن بەو بەشەوە بلکێن کە ئەبنە خاوەنی ، واتە ؛ پەیوەندی نێوان خاوەن و خاوەندار نیشان ئەدەن ، کەبە زۆری بکەر خاوەنە و بەرکار خاوەندار .

٤٣- لەبەر ئەوەی لە کاری تێنەپەڕدا بکەر و بەرکار ( خاوەن و خاوەندار) نیە و کاری تێنەپەڕ تەنیا پێویستیەکی سەرەکی هەیە (بکەر یا بەرکار) ، بۆیە ڕاناوەکانی خاوەنی لەگەڵ بەشە سەرەکیەکانی بە کار نایەن .

٤٤- لە کاری تێپەڕی ڕانەبوردودا ، بکەر هێشتا کارەکەی ئەنجام نەداوە لەبەر ئەوە هێشتا نەبوەتە سەرداری هەڵوێست و خاوەنی بەرکار، بۆیە ڕاناوەکانی خاوەنی ناکەونە دواوەی ئەم کارە .

٤٥- لە کاری تێپەڕی ڕابوردودا ، لەبەر ئەوەی بکەر کارەکەی ئەنجام داوە و بوەتە خاوەنی بەرکار ، بۆیە ڕاناوەکانی خاوەنی لە گەڵدا بەکار دێن و بە بەرکارەوە ئەلکێن .

٤٦- له هەندێ باردا لەبەر هاوشێوە بونی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك له هەردو دەستەدا ، بە هۆی بونی دەنگی (ی) ناوبڕ له دەستەی ڕێککەوتن ، لەگەڵ (ی) ڕاناو له دەستەی خاوەنی ، له ئەنجامدا فۆرمی (یەتی) له دەستەی خاوەنی هاتۆته ئاراوه .

**بەندی سێیەم - لێکدانی مۆرفیمەکان :-**

٤٧- کاتێ پێویستیه سەرەکیەکان ( بکەر و بەرکار) له ڕابوردوی تێپەڕدا به ڕاناوی لکاو دەرەبڕێن ، له بنجدا ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ڕۆڵی بەرکار ئەبینن و به کارەکەوه ئەلکێن و ڕاناوەکانی خاوەنی ڕۆڵی بکەر ئەبینن و به دوایانەوه ئەلکێن .

٤٨- کاتێ هەردو ڕاناوەکه ( له ڕابوردوی تێپەڕدا ) ئەکەونه دوای کار ، جۆر و ڕۆڵی هەر دەستەیەکیان دیاره ، بۆیه هەندێ جار پاش وپێش کراون بێ ئەوەی واتا بگۆڕێ .

٤٩- لەبەر ئەوەی لێکدانی ڕاناوەکان گەلێ جار لێڵ‌واتایی و تێکەڵی دروست ئەکا ، بۆیه ڕادەی بەکارهێنانی له ئاخاوتندا زۆر نیه به تایبەتی له باره ئاڵۆزەکاندا .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## یەکەم - سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :-


١- عەمید **ئەحمەد حەسەن** ، پێشگر و پاشگر ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٣) ، بەشی (١) ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

٢- **احمد حسن احمد** ، *ڕێزمانی کوردی* ، بەرگی (١) ، چاپخانەی دار الجاحظ ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٣- دکتۆر **ئەوڕەحمانی حاجی مارف** ، *زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا* ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٤- د . **ئەوڕەحمانی حاجی مارف** ، *وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا* . ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٥- د . **ئەوڕەحمانی حاجی مارف** ، *ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم - ناو -* ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٩ .

٦- د . **ئەوڕەحمانی حاجی مارف** ، *ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( وشەسازی) بەشی دووەم - جێناو -* ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، زنجیرەی ژمارە (١٥٨) ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

٧- **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** ، *گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، «دەستەی کورد» ، بەرگی (٩) ، بەغدا ، ١٩٨٢ .

٨- دکتور **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** ، *ڕێزمانی کوردی* ، کتێبی خوێندنی بەشی کوردی ، پۆلی یەکەم ، کۆلێجی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٨٣ .

٩- د . **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** ، *ڕێزمانی زمانی کوردی* ، کتێبی خوێندنی بەشی کوردی ، پولی دووەم ، کۆلێجی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٨٣ .

١٠- د. **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** ، *هەندێ بابەت لە سینتاکسی زمانی کوردیدا* ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (١٣) ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ، تشرینی یەکەم ١٩٨٣ .

١١- دکتۆر **ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم** ، *ئامراز لە زمانی کوردیدا* ، چاپی یەکەم ، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ، ورمێ ، ١٣٦٧ی ئێرانی/ ١٩٨٨ ز .

١٢- **بائیز عمر احمد** ، (را) و (ڕا) ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (١٣) ، ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر، تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ .

١٣- **تۆفیق وەهبی** ، *ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، ژمارە (١) ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

١٤- **تەوفیق وەهبی** ، *بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی*، وەرگێڕانی تاها فەیزی زادە ، چاپەمەنی سەییدیان ، ئێران ، مەهاباد ، ١٣٦١ ئێرانی/ ١٩٨٢ ز .

١٥- **جگر خوین** ، *آواو دەستورا زمانی کوردی* ، بەغدا ، ١٩٦١.

١٦- **حەسەنی قزڵجی** ، *لە بارەی هێندێ لە نهێنیەکانی ڕێزمانی کوردی* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٥) ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

١٧- **رؤوف احمد ئالانی** ، *لە دادگای زمانەوانیدا* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە(٦٩) ، بەغدا ، ئاب ١٩٧٨.

١٨- **رؤوف احمد ئالانی** ، *لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە - تێدا* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٧٥) ، بەغدا ، تەمووزی ١٩٧٩ .

١٩- **رؤوف احمد ئالانی** ، *سەرەتایەك لە کێشەکانی ڕێ نووسی کوردی* ، زنجیرە -٣ ، بەشی دووەم ، رۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە (٥٠٠) ، بەغدا ، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ .

٢٠- **رەئووفی ئەحمەد ئالانی** ، *(گەردانی - بوون ..)* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٨٠) ، بەغدا ، مایسی ١٩٨٠ .

٢١- **رەئووف ئەحمەد ئالانی** ، *لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە ، کێشەی نووسینی راناوی لکاو* ، گۆڤاری رۆژی کوردستان ، ژمارە (٦٤) بەغدا ، کانوونی یەکەمی ١١٩٨ .

٢٢- **رؤوف احمد ئالانی** ، *کێشەیەك لە رێزمانی کوردی دا* ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، زنجیرەی زمان (٤) ، دار الحریة للطباعة ، بەغدا ، ١٩٨١ .

٢٣- **رەئووفی ئەحمەد ئالانی** ، *کاری هەبوون* ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٢٩) ، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر ، شوباتی ١٩٨٥ .

٢٤- **سعید صدقی** ، *مختصر صرف و نحوی کوردی* ، جزء (١) ، طبع اول ، لە سر قرای وزارە معارف بو صنف چوارم و پنجم ابتدائی لە چاپ دراوە ، چاپخانەی نجاح ، بغداد ، ١٩٢٨ .

٢٥- **شێخ محەمەدی خاڵ** ، *پێشگر و پاشگر* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٢) ، بەشی (١) ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

٢٦- **صادق بهاء الدین ئامێدی** ، *رێزمانا کوردی* ، چاپا یەکێ ، زانکۆی صلاح الدین ، هەولێر ، ١٩٨٧ .

٢٧- **عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ** ، *ناکردن لە کوردیدا* ، نامەی ماجستێر - لە ڕستەسازی ، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩١ .

٢٨- **عبدالستار كاظم** ، *كتێبی هەندێ ئامرازی سینتاکسی و چەند تێبینیەك* ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە (١٣) ، ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ، تشرینی یەكەمی ١٩٨٣ .

٢٩- **غازی فاتح وەیس** ، *دەنگەكانی (ڵ) ، (ل) وە (ڕ) ، (ر) لە ژێر تیشكی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا* ، گۆڤاری زانكۆ ، بەرگی (٨) ، ژمارە (٢) ، هەولێر ١٩٨٢ .

٣٠- **غازی فاتح وەیس** ، *زمان و پێوەندی بە مێشكی ئادەمیزادەوە*، گۆڤاری رۆشبیری نوێ ، ژمارە (١٠٠) ، بەغدا ، كانونی یەكەمی ١٩٨٣ .

٣١- **غازی فاتح وەیس** ، *جیاوازی نێوان مۆرفیم و ووشە* ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە (٣٨) ، تشرینی دوەمی ١٩٨٥ .

٣٢- **فرانك پاركەر** ، *بەیەكداچوونی دركاندنی ڤاول و كۆنسنانتی وەستاو* ، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە (٦) ، ئەمیندارێتی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر ، ١٩٨٣ .

٣٣- پرۆفیسۆر **ك . ك . كوردۆییف** ، *ڕێزمانی كوردی بە كەرەستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی* ، وەرگێڕانی د.كوردستان موكریانی ، ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان ، زنجیرە (٤) ، هەولێر ١٩٨٤ .

٣٤- **كەوسەر عەزیز ئەحمەد** ، *بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی* ، نامەی ماجستێر - لە وشەسازی، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٠ .

٣٥- د . **کوردستان موکریانی** ، *سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردی دا* ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، زنجیرەی (١٣٣) ، دار الحرية للطباعة بەغدا ، ١٩٨٦ .

٣٦- **کوردستان عەبدولرەحمان لەتیف** ، *دیارخەر و شێوەکانی دەربڕینی پێوەندی یە دیارخەری یەکان لە زمانی کوردی دا ، دیالێکتی سۆرانی* ، کورتەی نامەی دکتۆرا ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ .

٣٧- **لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد** ، *رێزمانی ئاخاوتنی کوردی* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٣) ، بەشی (١) ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

٣٨- **لیژنەی زمانی کوردی کۆری زانیاری عێراق** ، *بەراوردکاری لە نێوان زارە کوردی یەکاندا* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، (دەستەی کورد) ، بەرگی (١٠) ، بەغدا ، ١٩٨٣ .

٣٩- **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە** ، *زمان و ئەدەبی کوردی* ، کتێبی پۆلی سێیەمی ناوەندی ، چاپی هەشتەم ، چاپخانەی ژمارە (٢)ی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ١٩٨٢ .

٤٠- **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە** ، *زمان و ئەدەبی کوردی* ، کتێبی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، چاپی شەشەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٢) ، هەولێر ، ١٩٨٢ .

٤١- **محەمەد ئەمین هەورامانی** ، *سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی ی زمانی کوردی* ، بەڕێوەبەرێتی ی گشتی ی رۆشنبیری ی کوردی، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

٤٢- **محەمەد ئەمین هەورامانی** ، *زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا* ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، زنجیرەی ژمارە (٣) ، بەغدا ، ١٩٨١ .

٤٣- **محەمەد مەعروف فەتاح** ، *خۆیەتی لە زاری سلێمانیدا* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) ، ژمارە (٧) ، بەغدا ، ١٩٨. .

٤٤- **محمد معروف فتاح** ، *زمانەوانی* ، کتێبی خوێندنی بەشی کوردی ، پۆلی چوارەم ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩. .

٤٥- **مصطفى محمد زەنگنە** ، *کار و ئەرکی لە سینتاکسدا* ، نامەی ماجستێر - لە وشەسازی ، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٨٩ .

٤٦- **مەسعود محەمەد** ، سووڕێکی خامە بە دەوری - *راناو - دا* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٢) ، بەشی (١) ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

٤٧- **مەسعود محەمەد** ، وردبونەوە *لە چەند باسێکی رێزمانی کوردی* ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٤ (٢) .

٤٨- **مەسعود محەمەد** ، *چەند حەشارگەییێکی ڕێزمانی کوردی* ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٤٩- **مەسعود محەمەد** ١- *هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەییێکی زمانی کوردی*

٢- *بەسەرداچوونەوە* .

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٥) ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٥٠- **نوری علی أمین** ، *قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف و نەحو)دا* ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی مەعارف ، بەغدا ، ١٩٥٦ .

٥١- **نوری علی أمین** ، *قواعدی زمانی کوردی* ، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ، ١٩٥٨ .

٥٢- **نوری عەلی ئەمین** ، *ڕێزمانی کوردی* ، چاپخانەی کامەڕان ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .

٥٣- **نوری عەلی ئەمین** ، *ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە (ئاخاوتنی کوردی) دا* ، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، زنجیرەی ژمارە (١٤١) ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

٥٤- **نوری عەلی ئەمین** ، *چاووگی ( بوون) و (هەبوون) لە زمانی کوردی دا* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١٠٩)، بەغدا ئاداری ١٩٨٦ .

٥٥- دوكتۆر **نەسرین فەخری** ، *چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردی دا، هۆ و چۆنیەتی بە کار هێنانی لەم زمانەدا* ، مطبعه الاداب في النجف الأشرف ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

٥٦- د . **نەسرین فەخری** ، *وەستانێك لە عاستی هەردوو فرمانی (بوون) و (هەبوون) و (هە) و(هی) دا ، لێکۆڵینەوە و بەراوردی* ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) ، ژمارە (٢٣ و ٢٤) ، بەغدا ، ١٩٩٢ .

٥٧- **هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد** ، *پێشپرتك و پاشپرتك لە زمانی کوردی دا* ، نامەی ماجستێر لە وشەسازی ، بەشی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٣ .

٥٨- دکتۆر **وریا عمر امین** ، *رستەی بکەر نادیار* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٩٥) ، بەغدا ، ئاب و ئەیلولی ١٩٨٢ .

٥٩- **وریا عمر امین** ، *ووشە* ، گۆڤاری نووسەری کورد ، ژمارە (٩)، خولی دووەم ، تشرینی دووەمی ١٩٨٢ .

٦٠- د . **وریا عمر امین** ، *لایەنێکی جیاوازی* ، گۆڤاری زانیاری عێراق ، (دەستەی کورد) ، ژمارە (١٠) ، بەغدا ، ١٩٨٣.

٦١- د. **وريا عمر امين** ، *ريزمانى راناوى لكاو* ،گۆڤارى كاروان ، ژماره (٨) ، ئەميندارێتى گشتى رۆشنبيرى و لاوان، هەولێر ، ئايارى ١٩٨٣ .

٦٢- د . **وريا عمر امين** ، *كات و رەگى فرمان* ، گۆڤارى رۆژى كوردستان ، ژماره (٦٥) ، شوباتى ١٩٨٤ .

٦٣- **وريا عمر امين** ، *ياسايێكى فۆنۆلۆجى* ، گۆڤارى رۆژى كوردستان ، ژماره (٦٦) ، بەغدا ، ئادارى ١٩٨٤ .

٦٤- **وريا عمر امين** ، *تێنەپەر فرمانێكى بكەر ناديارە* ، گۆڤارى رۆشنبيرى نوێ ، ژماره (١.٧) ، ئەيلولى ١٩٨٥ .

٦٥- **وريا عمر امين** ، *ريزمانى راناوى لكاو* ، دەزگاى رۆشنبيرى و بلاْوكردنەوەى كوردى ، زنجيرەى ژماره (١٤٧) ، بەغدا، ١٩٨٦(٢) .

٦٦- د . **وريا عمر امين** ، *پاشبەندەكان* ،گۆڤارى كۆرِى زانيارى عێراق ، (دەستەى كورد) ، ژماره (١٥) ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

٦٧- د . **وريا عمر امين** ، *چەند ياسايێكى مۆرفۆلۆجى دارشتنى فەرمان* ، گۆڤارى رۆشنبيرى نوێ ، ژماره (١.٩)، بەغدا ، ئادارى ٩٨٦ .

٦٨- **وريا عمر امين** ، مردنى ووشه ، گۆڤارى كاروان ، ژماره (٤٥) ، ئەميندارێتى گشتى رۆشنبيرى و لاوان ، هەولێر، حوزەيرانى ١٩٨٦ .

٦٩- د . **وريا عمر امين** ، *( ڕێزمانی ڕاناو) هەندێ شی کردنەوەی مۆرفۆلۆجی* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٥) ، بەغدا ، ئەیلولی ١٩٨٧ .

٧٠- **وريا عمر امين** ، *نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا* ، گۆڤاری کاروان ژمارە (٩٢) ، ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ، سالی نۆیەم ، ١٩٩١ .

٧١- پرۆفیسۆر **وريا عمر امين** ، *هێز و ئاواز* ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١٣٤) ،بەغدا ، ١٩٩٤ .

٧٢- **يوسف شريف سعيد** ، *دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی رستەسازی کوردی* ، نامەی ماجستێر - لە زمانەوانی ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٠ .

## دوەم - سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

٧٣- الدكتور **ابراهيم أنيس** ، *الاصوات اللغوية* ، الطبعة الخامسة مكتبة الانجلو المصرية ، ١٩٧٥ .

٧٤- **توفيق وهبي** ، *قواعد اللغة الكردية* ، الجزء الأول ، الباب الثاني ، بغداد ، ١٩٥٦ .

٧٥- **جون لاينز** ، *علم الدلالة* ، ترجمة عبدالحليم الماشطة ، حليم حسين فالح ، كاظم حسين باقر ، كلية الاداب جامعة البصرة ، ١٩٨١ .

٧٦- **ستيڤن أولمان** ، *دور الكلمة في اللغة* ، ترجمة كمال محمد بشير، مكتبة الشباب ، المنيرة ، ١٩٧٣ .

٧٧- **أف ، أر ، بالمر** ، *علم الدلالة* ، ترجمة مجيد الماشطة ، الجامعة المستنصرية ، بغداد ، ١٩٨٥ .

٧٨- **فرديناند دى سوسير** ، *فصول في علم اللغة* ، ترجمة أحمد نعيم الكراعين ، اسكندرية ، ١٩٨٥ .

٧٩- د . **ميشال زكريا** ، *الألسنية (علم اللغة الحديث) المبادىء والاعلام* ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ، لبنان ، بيروت ، ١٩٨٣ .

٨٠- **نعوم چومسكي** ، *جوانب من نظرية النحو* ، ترجمة مرتضى جواد باقر ، جامعة البصرة ، ١٩٨٥ .

٨١- **نعيم علوية** ، *بحوث لسانية بين نحو اللسان و نحو الفكر* ، المطبعة الأولى ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع ، لبنان ، بيروت ، ١٩٨٤ .

٨٢- **وريا عمر أمين** ، *التفسير الميكانيكى للظاهرة الشمسية والقمرية*، مجلة رؤژى كوردستان - شمس كردستان ، العدد (٧٩) بغداد ، أيار ١٩٩٠ .

## سێیەم - سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :-

83- **Bloom Feld** , Language , Henry Holt , New York , 1933 .

84- **David Crystal** , *LINGUISTICS* , Pelican , Penguin-books , Great Britain , London , 1981 .

85- **DAVID CRYSTAL** , *A DICTIONARY of LINGUISTICS AND PHONETICS* , 2nd EDITION , New York , 1985 .

86- **Ernest N . McCarus** , *A KURDISH GRAMMAR , DESCRIPTIVE ANALYSIS OF THE KURDISH OF SULAIMANIYA* , IRAQ , American Concil of Learned Societies , New York , 1958 .

87- **Fillmore , Charles , J** . *The case for case* , in Emmor Bach and Robert T . Harms , (eds) , Universals in Linguistic Theory , Holt , Rinehart and Winston , New York ,1 968 .

88- **F . R . Palmer** , *Grammar* , Harmonds worth , Middelesex , Pelican , Penguin books , Great Britain , London , 1971 .

89- **Geoffrey Leech** , *Semantics* , a Pelican original , Penguin Books , Great Britain , London , 1974 .

90- **Mohammed Ma,rouf Fatah** , *ON THE STRESS SYSTEM of KURDISH* , ZANCO , The Scientific Journal of Sulaimaniyah University , senes (B) Humanities , Vol - 6- No - 2 - , sep - 1980 .

91- **Waria Omar Amin** , *Some Fundamental Rules of KURDISH SYNTAX STRUCTURE* , London , 1976 .

## چوارەم - سەرچاوەکان بە زمانی فارسی :-

٩٢- دکتر **پرویز ناتل خانلری** ، *تاریخ زبان فارسی* ، جلد اول ، چاپ دوم ، انتشارات بنیاد ، فرهنگ ایران ، (٢٤) ، ١٣٤٩ ایرانی / ١٩٧٠ م .

# ملخص البحث

ليست المورفيمات النحوية للفعل مواد غريبة وهامشية في قواعد اللغة الكردية ، بل هي مواد مهمة ورئيسة لايمكن الاستغناء عنها . فلا يصاغ اي فعل من دون هذه المورفيمات - على الرغم من اختلاف نوع المورفيم في كل حال وحسب الحاجة - وكل فعل يعتبر جملة في اللهجة الوسطى ، لذا بادرت الى كتابة اول اطروحة دكتوراه باللغة الكردية حول هذة المواد الاساسية والمحورية في الجملة الكردية .

ان موضوع كشف المورفيمات وتحديدها يقع ضمن اطار علم الصرف، وتحديد وظائفها النحوية يقع ضمن اطار علم النحو ، لذا تعتبر الدراسة قواعدية ، اي ( صرفية - نحوية Morphosyntactic ) .

لاهمية الموضوع تطرق اغلب اللغويين اليه بشكل متباين ، الا ان هذه الدراسات كانت بحوث عامة غير متكاملة ، تعوزها التخصيص والدقة والتحليل العميق لاكمال النواقص واظهار كافة جوانب الموضوع.

ومما يلحظ على كتابات هؤلاء ، هو انهم درسوا هذه المواد في اطار المعنى العام للكلمات او الادوات من دون تمييز كل مورفيم عن البقية، عدا بضع مورفيمات تطرق اليها عدد من الباحثين في السنوات الاخيرة .

حاولت في هذا البحث المتواضع ، دراسة جميع المورفيمات النحوية للفعل والكشف عن وظائفها الخاصة وتصنيفها .

ولهذا الغرض بادرت الى تقسيم الدراسة الى مقدمة وخمسة فصول:-

ففي الفصل الاول قدمت عرضا لما كتبه بعض اللغويين عن هذه

المواد مع الاشارة الى النقاط التي لم اتفق مع كل منهم ، وفي النهاية قدمت نقدا تحليليا شاملا لجميع الاراء .

وجاء الفصل الثاني ، ليتحدث الباحث فيه عن نظام المورفيمات اللغوية مع عرض الجوانب التي يحتاجها في الفصول اللاحقة وباعتبارها القاعدة الاساسية لهذه الدراسة ، هذا الامر الذي لم يحدده اللغويين القدامى بحسب تحليل المدارس اللغوية الحديثة له . وحاولت التعريف بهذه المواد وفصل كل واحد عن الاخر ، كالكلمة ، المورفيم ، الفاصل (حروف الوقاية) والنبرة .

ولأهمية المورفيمات الدالة على الوقت ولكثرة استعمالها ، ارتأيت دراستها في فصل مستقل ، فصنفتها بحسب الزمان الى ( الماضي ، الحاضر والمستقبل) ومن ثم ذكرت حالات اتحادها والاشتراك معا . وقد خصص الفصل الثالث لذلك .

وتم في الفصل الرابع تناول المورفيمات التي لانستعملها دائما ، بل تستعمل لاغراض محددة ، لذا قمت بجمعها في هذا الفصل وعرضت كلا منها بحسب وظيفتها ، كالتعدي ، التكرار ، اسم المفعول ، الجر ، المبنى للمجهول ، الوجود (الكينونة) ، النفي .

ولان المورفيمات النحوية للفعل تشمل المورفيمات المقيدة ، لذا خصصت الفصل الاخير لدراسة الضمائر المتصلة ، لكون الجملة الكردية لاتصاغ بدونها ، وتم تصنيفها الى نوعين : الضمائر المتصلة (المتوافقة Concord ) والضمائر المتصلة(الملكية Possessive ).

واخيرا قدمت ملخصا لاهم النتائج التي توصل اليها البحث ، اضافة الى الملخص باللغة العربية والانكليزية وقائمة باسماء مصادر البحث ومراجعه .

# Abstract

Syntactic morphemes of the verb are not marginal in building up the Kurdish Language but are essential articles that cannot be done without Linguistic studies . In Kurdish no verb can be formed without one or more of these morphemes , what should be noticed here is that the verb in the Kurdish middle dialect has the value of the sentence .

My thesis , which is the first of its Kind in Kurdish , is devoted to the study of these articles which are axle-like elements in constructing Kurdish sentences .

As the subject presented in this thesis is an important aspect of kurdish Language studies.almost all grammarians have dealt with it to various proportions . But these studies are rather general . They are tackled neither independantly nor precisely . In these studies , the articles have been studied within the framework of there general meaning without distinguishing one morpheme from another excepting a few morphemes which have been dealt with in more detail by the scholars in recent years .

In this work I have done my best to study all these syntactic morohemes of the verb , show their functions and

classify them . The study consists of an intro duction and fiue chapters .

Chapter one is a general review of what has been written about the subject with special emphasis on the aspects with which we disagree . Thus the chapter acts as a comprehensive analytic criticism of Linguists , opinions concerning the subject studied .

Chapter two deals with the system of Linguistic moephemes along with necessary explanations required to handle the subsequent . In this chapter the definitions and sorting out of these terms are also presnted : word , morpheme , intrusive elements and stress .

Chapter three is completely devoted to time morphemes because they are so important and widely used in kurdish . They have been classified according to different tenses : ( past , present , and future) with a reference to the environment where they are unified and share a common function .

Chapter four studies the function of these morphemes. Although each morpheme has its own function , there are some morphemes which are not used in all cases but for certain purposes only. All these morphemes have been surveyed and each one has been studied according to its function like ; transitve , repetition , past participle , preposition , passive voice , verb to be , and negation .

Chapter five deals with the linking prnouns without which kurdish sentences cannot be formed . This is due to the fact that syntactic morphemes of the verb include

bound morphemes only . Linking pronouns are classified into : ( concord) Linkings and ( possessive) ones.

As the survey and the study of morphemes falls within the framework of morphology and the specification of their function within syntax , the study is regarded as a morphosyntactic one .

In the end a summary of what the research has come out with has been presented .

Finally I have presented a summary of the conclusions in Arabic and English followed by a bibliography .

# المورفيمات النحوية للفعل

أطروحة

مقدمة الى مجلس كلية التربية ( ابن رشيد) في جامعة بغداد
وهي جزء من متطلبات درجة الدكتوراة في قواعد اللغة الكردية

من

**عبد الله حسين رسول**

باشراف

**الاستاذة الدكتورة نسرين محمد فخري**

١٤١٦هـ ١٩٩٥م